## ڕەیدار لاشۆن

# ئایدیۆلۆژیی سیاسیی هاوچەرخ

تەرجەمەی لە سوێدییەوە
ئاسۆس شەفیق

Reidar Larsson
Politiska ideologier i vår tid

Femte upplagan
Studentlitteratur, Lund.
© Reidar Larsson och Studentlitteratur 1994.

Translation to Kurdish: Asos Shafeek
First edition: Kitabi – Arzan, Stockholm, Sweden 1999
ISBN 91-88880-94-X

Second edition: Suleymani, Kurdistan 2009

ڕەیدار لاشۆن
ئایدیۆلۆژیی سیاسیی هاوچەرخ
وەشانی پێنجەم، ستیودێنتلیتراتوور، لوند / سوێد 1994

تەرجەمەی لە سوێدییەوە: ئاسۆس شەفیق
وەشانی یەکەم: وەشانخانەی کتێبی هەرزان، ستۆکهۆڵم / سوێد 1999
وەشانی دووەم: بە ڕەزامەندیی «وەشانخانەی کتێبی هەرزان» - سولەیمانی / کوردستان، پاییزی 2009.

لەم وەشانەی دووەمدا سەرلەبەری کتێبەکە بەسەر کراوەتەوە و بەشێک لە زاراوەکان دەستکاری کراون.

نێوەڕۆک

1 - بایەخ و ساختاری ئایدیۆلۆژی: سیاسەت. پەیدابوونی ئایدیۆلۆژی. ئایدیۆلۆژیی سەدەی بیستەم. مەرگی ئایدیۆلۆژی و کۆتابوونی مێژوو. ئایا ئایدیۆلۆژیی سیاسیی پێویستن؟ بەراورد کردنی ئایدیۆلۆژی - چەند شاخاڵێک. شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی- شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. گۆڕنیی وردەوردەی جڤات / گۆڕینی سەرانسەری. گرنگترین یەکەی جڤات. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا - جڤاتی بێگەرد. 5

2 - لیبەڕالیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 27

3 - کۆنەوارەتی: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 47

4 - مارکسیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 67

5 - کۆمیونیزم: پاش 1989. مەرگی لێنینیزم؟ شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 81

6 - سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 105

7 - ئەنارکیزم و سەندیکالیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 119

8 - فاشیزم و نازیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 129

9 - باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانە: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 141

10 - چەپی نوێ: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 157
11 - نوێلیبەڕالیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 167
12 - ئێکۆلۆژیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 181
13 - فێمینیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 191
14 - ئیسلامیزم: شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 207
15 - ناسیۆنالیزم: ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕانە. زمان و سنووری سروشتەکی. ناسیۆنالیزمی پاش 1848. ناسیۆنالیزمی سالارپەرست. ناسیۆنالیزم لە ڕووسیای تسارنشیندا. سلاڤۆفیلی ناشۆڕشگێڕ. ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی فەرمی. ناسیۆنالیزم لە ڕووسیای نوێ. شانرخاندن. مرۆڤنۆڕی. گرنگترین یەکەی جڤات. مێتودی گۆڕینی جڤات. شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. سازمانی ئابووری. ئوتوپیا. 219
16 - پێڕستی ناو 251
17 - لیستی زاراوە کوردییەکان 257

# 1- بایەخ و ساختاری ئایدیۆلۆژی

سیاسەت

سیاسەت ململانێیە لە نێوان گرووپی جیاوازدا لەسەر چۆنیەتیی ڕێک خستنی جڤات. ئەو ململانێیە هەم مێتودی سازدانی بڕیاری سیاسی دەگرێتەوە و هەم ناوەڕۆکی ئەو بڕیارانەش. لەبەر ئەوەی دەسمایەی تەرخان بۆ دابەشین سنووردارە، نێوەڕۆکی بڕیاری سیاسی دەبێتە ناکۆکییەکی بەردەوام.

ململانێی نێوان گەلان لەسەر ناوچە، مەودای دەسڕۆیی و مافی سوود وەرگرتن لە دەسمایەکانی زەریا، سیاسەتە. لە نێو گەلدا، ململانێ لەسەر ڕێژەی باج، جێی کارخانە، مافگەلی وەلاتی و ڕێساگەلی قانوونی لە بواری کاردا، سیاسەتە. گفتوگۆ لە نێوان سازمانی هەمەجۆردا دەربارەی مووچە و مەرجەکانی دامەزراندن، سیاسەتە. ململانێ لەسەر کورسیی سەرەک سازمانێک، سیاسەتە.

شاچەمکی سیاسەت دەسەلاتە. دەسەلات کۆنترۆڵ کردنی کردەوەی خەڵکی دیکەیە لە ڕێی بەکارهێنانی بڕیاری ئایەتی و نایەتییەوە (پۆزەتیڤ و بێگەتیڤەوە)، لە ڕێی «پاداشت و سزا» وە. سەدان ساڵە کۆنترۆڵ کردنی دەزگەی دەوڵەت بووەتە گرنگترین ڕێگە بۆ کۆنترۆڵ و دارماڵ کردن (ڕێک کردن) ی کردەوەی خەڵکی سەرانسەری جڤات. لە جڤاتدا، گرووپی هەمەجۆر خەبات دژ بە یەکتر دەکەن لە پێناو کۆنترۆڵ کردنی دەزگەی دەوڵەتدا. ئامرازی ململانێ لەسەر دەزگەی دەوڵەت فرەن، هەر لە پەیمانی دەمی هەڵبژاردنەوە بگرە هەتا پەلاماری ئەرتەشانە. ئەو گرووپەی دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرێ دەزگەیەکی دەکەوێتە دەست، ڕێگەی پێ دەدا بڕیار دەر بکات و بەسەر گشت جڤاتدا بیسەپێنێ. ئەو دەزگەیە ڕێگەشی دەدات سزای کەسانی لاسار بدات. «دەوڵەت، لە جڤاتدا، ئەو سازمانەیە مۆنۆپۆڵی بەکارهێنانی زەبروزەنگی بۆ خۆی پاوان کردووە». ئەمە ناساندنێکی کلاسیکی ماکس وێبەر Max Weber ـە. ئەوی دەیەوێ ویستی خۆی بەرز بکاتەوە و بیکاتە دەستوور دەبێ کۆنترۆڵی دەوڵەت بگرێتە دەست.

پەیدابوونی ئایدیۆلۆژی

وشەی ئایدیۆلۆژی دوو سەد و خوردەیەک ساڵی پڕ کردۆتەوە. لە ڕۆژگاری شۆڕشی مەزنی فرانسە و پاش شۆڕشەکەوە ئەم وشەیە پەرەی سەند. ئەو دەمە و ئێستەیش بەم واتایە هاتووە: بیروڕاگەلێک دەشێ ببنە ڕێنموو بۆ کردەوەی سیاسی. بیروڕا دەربڕینن دەربارەی هەم شائامانجی سیاسەت و هەم ڕێبازی گەیشتن بەو شائامانجە.

هەڵبەتە بیروڕای وەها لە هەموو زەمانێکدا هەر هەبووە. بەڵام لە ڕووی مێژووەوە، چەمکی ئایدیۆلۆژی خزمایەتی هەیە لەگەڵ ئەو ململانێ سیاسییە سازدراوە تازەیەی بۆ یەکەم جار لە سەدەی هەژدەیەمدا سەری هەڵدا. کاتێک جڤاتی پیشەسازی بڵاوبۆوە دانوستان و خوێندەواری پەرەیان سەند. ڕۆژگارێک بوو ئاڵوگۆڕی تێدا خێرا بوو. لە شار و پاشان لە گوندیش بوارێکی وەها ڕەخسا گرووپی لە ڕووی سیاسییەوە هاوبیر لە سازماندا کۆببنەوە. ئەو سازمانگەلە پاشان ناو نران پارت. لەبەر ئەوەی هەتا دەهات خەڵک پتر تێوە دەگلان و لە ڕووی سیاسییەوە گرنگتر دەبوون، پارتی گەلێر، بە خۆیان و چەند هەزار ئەندام و سازمانی سەرانسەرییانەوە، پەیدا بوون. کەواتە لە جۆرە جڤاتێکی تایبەتدا، پەیدا بوونی پارتی گەلێر و ئایدیۆلۆژیی سیاسی تاڕادەیەک هاوکات بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەر نەبێ لە ئەورووپادا، لە هەموو لایەک پارتی گەلێری وەها هەبوو وابەستەی ئایدیۆلۆژیی سیاسی بێت. ئایدیۆلۆژیی گرنگ ئەمانە بوون: لیبەڕالیزم Liberalism، کۆنەوارەتی (کۆنسێرڤاتیزم) Conservatism و سۆسیالیزم Socialism. بنجی هەر سێکیان دەچێتەوە بۆ ڕۆژگاری شۆڕشی فرانسی.

لیبەڕالیزم (ئازادیخوازی) بەرگری لە مافی «ژیان، ئازادی و موڵکایەتی» ی مرۆڤ دەکرد. واتە لیبەڕالەکان داوایان دەکرد تاکەکەس مافی ئەوەی هەبێ: خۆی ژیانی خۆی ڕێک بخات، لە هزر و دەربڕیندا ئازاد بێت، بۆی هەبێ بەشداری بڕیار دانی سیاسەتی دەوڵەت بێ، بازرگانی و پیشەسازی نەخرێنە ژێر ڕێساگەلی دەوڵەتەوە. بە کورتی ئەمانە بوون پرۆگرامی لیبەڕاڵە شۆڕشگێڕەکانی ئەمەریکای 1776 و فرانسەی 1789.

کۆنەوارتی (کۆنسیرڤاتیزم: ئایدیۆلۆژیی پارێزخوازی) بەرهەمی کەسانی دژەشۆڕش بوون. ئەمانە دەیانویست نرخاندنی جڤاتی کۆن بپارێزن: نەرێتی میللی و شانشینی،

دین و خێزان. وەنەبێ کۆنەواران دژ بە هەموو گۆڕانکاریەک بووبن، بەڵام دژ بە هەموو گۆڕانکاریەکی شۆڕشگێڕانە بوون. لای ئەوان، شۆڕش وەک مێتودێکی گۆڕینی جڤات، ناپەسەند بوو.

سۆسیالیزم («بیری برایەتی» یان «بیری یەکسانی») لە نێو شۆڕشگێڕی ڕادیکاڵدا پەیدا بوو. ئەمانە کاریان لە نێو کرێکار و پیشەزاندا دەکرد. شاخاڵی ئەم بیرە بریتی بوو لە یەکسانیی ئابووری، جڤاکی و سیاسی. واتا سڕینەوەی زۆربەی جیاوازییە ئابوورییەکان، هەموو دابەش کردنێک بەسەر چین و گرووپی جڤاکی و سڕینەوەی زۆربەی ئەو جیاوازیانەی هەبوون لە دەسەڵاتی سیاسیی نێوان خەڵکدا. ڕێبازی هەرە گرنگ ئەوە بوو دەستاوێژی بەرهەم و دەسمایەی ئابووری، بخرێنە دەست یان ژێر کۆنترۆڵی جڤاتەوە. سۆسیالستەکان ئەو دەمەش ڕێک نەبوون لەسەر مێتودی گۆڕینی جڤات. هەبوو دەیویست مێتودی شۆڕشگێڕانە بەکار بێنێ، هەبوو ڕیفۆرمی پلەپلەی لا پەسەند بوو. ئەو جیاوازییە لە سەدەی بیستەمیشدا هەر ما.

## ئایدیۆلۆژیی سەدەی بیستەم

ئایدیۆلۆژی، پاش شەڕی جیهانیی یەکەم، خۆیان لە چێوە (چەمەرە / چوارچێوە) یەکی سیاسیی نوێدا ڕانواند. ئەو دەمە دیکتاتۆریی ئایدیۆلۆژیی تاکپارتی مۆدێرن هەڵنران. ئایدیۆلۆژیی پارتی سەردەست کرایە ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت. ڕێبەری پارتی بووە سەرۆکی بیرمەند، بووە ئەو کەسەی دوا بڕیار دەدا دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو باوەڕەی دەبووە سەرچاوەی هەموو بڕیارێکی سیاسی. ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت بە دەزگەی پڕوپاگەندە و دەزگەی زەبروزەنگ دەپارێزرا، ئەم دەزگەیەش سوودی تەواویان لە دەرفەتەکانی تەکنیکی مۆدێرن وەردەگرت.

یەکەم دیکتاتۆریی ئایدیۆلۆژیی تاکپارت، لەلایەن پارتی کۆمیونیستی سۆڤیەتەوە دامەزرا. ئایدیۆلۆژیی ئەمان جۆرێک بوو لە سۆسیالیزمی مارکسیزم. پاشان دیکتاتۆریی فاشیست و ناسیۆناڵ سۆسیالیست لە ئیتالیا و ئەڵمانیا هاتنە کایەوە.

ئایدیۆلۆژیی ئەمانە لە لایەک کۆن و لە لایەکی دیکەوە تەواو نوێ بوو. لایەنی تێدا بوو سەرچاوەی لە کۆنەوارەتی زووەوە هەڵدەگرت و لایەنی تێدا بوو سەربە ناسیۆنالیزمی سالارپەرست Authoritarian ی دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەیەم. لایەنی نوێ تێیدا بریتی بوو لە دەوڵەتی تۆتالیتار (گشتگیر)، دەوڵەت کۆنترۆڵی هەموو ڕووکارێکی ژیانی خەڵک بکات. پەرستنی «ڕێبەر» ی هەمەتوانیش نوێ بوو. لە سەردەمی فیرعەونەکانەوە کەس هێندەی ڕێبەرانی تاکپارتەکانی سەدەی بیستەم نەبووتە جێی پێدا هەڵگوتن.

پاش شەڕی جیهانی دووەم، دیاردەی پارتی گەلێر و پارتی ئایدیۆلۆژیدار لە هەموو جیهاندا پەرەی سەند. ئەمەش بەشێکە لەوەی لە وەڵاتانی جیهانی سێیەمدا پێی دەگوتری هاوچەرخاندنی سیاسی. ڕوانگەی فرە جیاواز لە ئارادا بوون بەڵام سۆسیالیزم بووبووە ئایدیۆلۆژیی هەرە باو. کۆنترۆڵی سیاسی بەسەر بەرهەم هێناندا بە ڕێگەیەکی پێویست ڕووەو گەشەندی ئابووری Economic Growth دادەنرا. لایەنێکی گرنگی دیکە ئایدیۆلۆژیی پارتە گەلێرەکان، ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ بوو. پارتی یەکیەتیخوازی نوێ لە کۆڕی خەباتی ڕزگاریخوازی میللیدا زان.

بەشێکی زۆری ئەو پارتە گەلێرە نوێیانە لە پێکانی ئامانجدا ژێرکەوتن. لە چەندین وەڵاتدا، دەسەڵاتی ئەرتەشی، وەک تاکە سازمانی سیاسیی کارا، هاتە کایەوە. تەنانەت ئەرتەشیش بووە خاوەن پەیامی ئایدیۆلۆژیدار. ڕژێمی ئەرتەشیی ئەتیوپیا بووە ڕژێمێکی تاکپارتی سۆسیالیستی ڕادیکال.

لە وەڵاتانی دواکەوتوو، تەنانەت ئەرتەشیش، چارەی گرفتە سەرەکییەکانی پێنەکرا. لە هەشتاکانەوە، لە نێزیک هەموو وەڵاتانی ئەفریقا، بزاڤی نوێ هەوڵیان داوە سیستەمی فرەپارتایەتی و مافی وەڵاتی بهێننە کایەوە. دەشێ بڵێین لەوانەیە، لە جیهاندا بیری مافی مرۆڤ گرنگترین ڕانواندنی ئایدیۆلۆژی بووبێت. ئەم بیرە، وەک باسکرا، سەرچاوە لە ئەورووپای سەدەی هەژدەیەمەوە دەگرێ و ساڵی 1945 سەکۆیەکی نوێی پەیدا کرد. لەو ساڵەدا سازمانی وەڵاتە یەکگرتووەکان UN بەیاننامە ناودارەکەی دەربارەی مافی مرۆڤ، مافی وەڵاتی بڵاو کردەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، باوەڕی سەربە مافی مرۆڤ، لە وەڵاتانی دیکتاتۆردا، بووە یەکەمین چەمکی ئایدیۆلۆژی.

ناسیۆنالیزم چەمکێکی دیکە بوو، لەوانەیە هاوهێزی یەکەم بووبێ. لە هەموو جیهاندا بە بەرگی فرەجۆرەوە هاتە پێش. هیندستان ناسیۆنالیزمی هیندۆسی تێدا لەسەر بناخەیەکی دینەکی شین بوو. لە ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا و ڕووسیا، لە سەرەتادا ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیزم بەرەنگاری کۆمیۆنیزم بۆوە. پاش ڕمانی کۆمیۆنیزم، ناسیۆنالیستی سالارپەرست بەرەنگاری شیرازەی نوێی سیاسی و ئابوورەی لیبەڕال بوونەوە. فراژووتنی ئاڵۆزی ئایدیۆلۆژیانەی ناسیۆنالیزم، لە سەدەی نۆزدەیەمەوە هەتا ئەم ڕۆژگارە، لە دوا بەشی ئەم کتێبەدا شی دەکرێتەوە.

سازمانی دینەکیش، ڕاستەوخۆ یان تیان (ناڕاستەوخۆ) لە ململانێی سیاسیدا بەشدار بوون. نموونەی هەرە ناودار کڵێسەی کاتۆلیکە بە خۆی و سازمانی پتەوی بان - میللییەوە.

پاپاکانی ڕۆم، تەنانەت گرووپی دیکەی نێو کڵێسەش، لە زۆر بواردا پەیامی مەسیحایەتییان تەرجەمەی بەرنامەی سیاسی دەکرد. ئێستا کڵێسەی کاتۆلیک پێی وایە شێوازی حوکومڕانیی دێمۆکراتانە، لە ڕوانگەی مەسیحایەتییەوە، باشترین شێوەیە. جگە لەوە شاڕێی بۆ سازمانی ئابووری نێو جڤات و بۆ سیاسەتی جڤاکی دیاری کردووە.

بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبە بۆ پەیامی جڤاکیی کاتۆلیک تەرخانە. لە سکاندیناڤیا، ماوەیەکی درێژە ئەم لایەنە وێڵ و نامۆیە.

لە ئەورووپا و ئەمەریکادا، پارتی سیاسی و سازمانی سەندیکایی کاتۆلیکانە باویان هەیە. تەنانەت لە وەڵاتانی ناکاتۆلیک، بۆ نموونە لە سکاندیناڤیا، گرووپی دینەکی پارتی تایبەتیان سازداوە و تاڕادەیەکیش سەرکەوتووانە بوونەتە ڕکابەری ئایدیۆلۆژیی نەرێتپارێز.

نموونەیەکی دیکەی ئەم ڕێبازە بزاڤی دینیی بنەماگری کۆوەڵاتی ئەمەریکا USA یە. ئەم بزاڤە لە دەمی هەڵبژاردنی سیاسیدا، کاری گۆشاربەری هەیە، بە سوود یان بە دژی ناودێرەکان.

نوێترین نموونەی بەکارهێنانی دین وەک ئایدیۆلۆژیی سیاسی لای ئیسلامە، بەتایبەتی لە شۆڕشی ئێراندا خۆی دەنوێنێ. ئیسلامیزم ئێستا، بەم پەیامە نوێیەی کە دین دەکاتە بنەمای شۆڕش، باڵی بەسەر نێزیکەی هەموو دونیای موسڵماندا کێشاوە.

مەرگی ئایدیۆلۆژی و کۆتابوونی مێژوو؟

لە پەنجاکانی سەدەی بیستەمدا زۆر لە دەوڵەتناسان بڕوایان وا بوو ئایدیۆلۆژیی سیاسی «مردوون» یان هەر نەبێ لە سەرەمەرگ دان. هەڵبەتە ئەم گوتەیە تەنها جڤاتی پیشەسازی ڕۆژئاوای دەگرتەوە. تەژەند Prosperity بووە هۆی هێمن کردنەوە و کوژانەوەی ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییە کۆنەکانی ئەو جڤاتانە. دەگوترا نرخاندنێکی هاوکۆ لە نێوان لیبەڕالیزم، کۆنەوارەتی و سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستدا پەیدا بووە. دێمۆکراسیی سیاسی و سیاسەتی خۆشگوزەرانی بوەتە بەهای هاوکۆ و ئەو خەرەندە ئایدیۆلۆژییە کۆنانەی سەدەی نۆزدەیەمی سڕیوەتەوە. دەسەڵاتی سیاسیی گرووپە سەرپەڕەکان، بەسەر هۆشدا، داکشا. دێمۆکراتیی لیبەڕال ببووە «بان-ئایدیۆلۆژی» ی هاوکۆی ئایدیۆلۆژییەکان. پاش ڕمانی نازیزم و فاشیزم، تەنها کۆمیونیزم ما بوو لە دەرەوەی نرخاندنی هاوکۆ.

لە سوێد Herbert Tingsten باسەکەی وەها ڕادەنواند: «فراژووتنە لە سیاسەتەوە بەرەو کارگێڕی، لە باوەڕەوە بەرەو تەکنیک». ئەو ململانێ کۆن و ناکۆکەی بیروڕا گۆڕدراوە بە ململانێیەک لەسەر وردەکاریی تەکنیکی هەڵبەستنی بونیاتی جڤات، بەڵام هەموو بەگشتی ڕێکن لەسەر پلانە بنەڕەتییەکان.

ساڵی 1989 فرانسیس فوکویاما Francis Fukuyama ی مێژوونووسی ئەمەریکایی وتارێکی نووسی لە ژێر سەردێری «کۆتابوونی مێژوو». ڕژێمە کۆمیونیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕما بوون. ئایە گەیشتووینەتە ئەو «کۆتابوونی مێژوو» ەی زووتر فەیلەسووفانی مێژوو پێشبینییان دەکرد. فەلسەفەی مێژووی ئایدیالیستانەی ئەڵمانی و مارکسیزمیش لە سەدەی نۆزدەیەمدا بڕوایان بە دواقۆناخێکی ڕسکاوی

مێژوو هەبوو. تۆ بڵێی مرۆڤایەتی گەیشتبێتە ئەم دوا قۆناخە و ئەوجا دیمۆکراتیی لیبەڕاڵ و دەوڵەتی خۆشگوزەران پلە ڕسکاوەکەی بن؟

ئەریّ؛ ئەمەیان باوەڕی فۆکویامایە. دیمۆکراتیی لیبەڕاڵ دەشێ ببێتە «دوا قۆناخ لە ڕسکانی ئایدیۆلۆژیی مرۆڤایەتی» ـدا. ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕێک کەوتنێک هەیە لەسەر ئەوەی حوکومڕانیی ڕەوا دیمۆکراتییە. دیمۆکراتی دەشێ دوا شێوازی حوکمڕانی بێت و بەو جۆرەش دەبێتە «کۆتابوونی مێژوو». فوکویاما دەیسەلمێنێ کە تەنانەت دیمۆکراتییە لیبەڕاڵە دامەزراوەکانیش بێگرفت نین، بەڵام لای وایە گرفتەکان دەگەڕێنەوە بۆ کەموکوڕیی شێوەی خستنەکاری بیری ئازادی و یەکسانی، نەک بۆ خودی ئەو بیرانە. فوکویاما دەنووسێ: «لەم دەمەدا کە بەشێکی دەوڵەتان ناتوانن بگەن بە دیمۆکراتیی دامەزراو و بەشێکی دیکە دەکەونە دەست حوکومڕانییەکی ساکاری وەک تیۆکراتی و دیکتاتۆریی ئەرتەشی، ناکرێ بیری دیمۆکراتیی لیبەڕاڵ پێش بخرێ».[1]

فوکویاما کە دەڵێ «کۆتابوونی مێژوو» مەبەستی کۆتابوونی ناکۆکی و ڕووداوی مێژووکرد نییە. لە «مێژوو» مەبەستێکی فرەوانتری هەیە: «یەک پرۆسەی تێک بەستراوی فراژووتنە و ئەزموونی هەموو گەلانی گشت زەمانێک دەگرێتەوە». لەم ڕوانگە بەرفرەوانەدایە، سنووری جیاوازیی سیاسیی ئەم ڕۆژگارە وەها کاڵ دەنوێنێ، بزر دەبێ.

دەشێ بەرانبەر Herbert Tingsten یش هەمان گوتارمان هەبێت. تینگستێن پێی وابوو ئوتوپیا سیاسییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، لە دیمۆکراتییە سەرکەوتووەکانی سەدەی بیستەمدا هێنرانە دی. تینگستێن، شابەرهەمە ئایدیۆلۆژییەکانی سەدەی نۆزدەیەم بەراورد دەکات بە ناکۆکییەکانی ئەم سەردەمە بۆیە پێی وایە ئەمەیان ناکۆکییە لەسەر وردەکاری تەکنیکی لە نێو چێوەیەکی فرەوانی نرخاندنی هاوکۆدا.

بۆ هەڵسەنگاندنی شیمانەی پێشبینییەکەی فوکویاما، دەبێ وردبینەوە لە ڕووداوەکانی ئەم ماوەیە پاش پەنجاکان، ئەو دەمەی بۆ یەکەم جار تیژی مەرگی ئایدیۆلۆژی هێنرایە کایەوە.

[1] ئەم تێکستانەی فوکویاما لەم کتێبەی خۆی وەرگیراون: *Historiens slut och den sista människan*, Stockholm 1992

گریمانەی مەرگی ئایدیۆلۆژی، بەوەی لەو کاتەوە بەردەوام ئایدیۆلۆژیی نوێ سەری هەڵداوە، هەڵدەوەشێتەوە. جۆری نوێ لە ئایدیۆلۆژی کۆنەکانی سەدەی نۆزدەیەم سەریان هەڵدا. لە شێستەکانەوە ئایدیۆلۆژیی بە مردوو دانراو، لە ناکاو بووژێنرانەوە. هەر بۆ نموونە مارکسیزم لە «نوێچەپ» دا بووژایەوە. هاوتەریبێکی ئەوەیان، میراتی بیری کۆنەوارەتی لە «نوێکۆنەوارەتی» دا بووژایەوە. لە هەفتاکاندا «نوێلیبەڕالیزم» یشمان لێ پەیدابۆوە، ئەمیان دەگەڕێتەوە بۆ بیروڕاکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دەربارەی دەسەڵاتێکی دەوڵەتیی یەکجار بەرتەسک[2].

جڤاکی پیشەسازی بۆی نەکرا گرفتی کۆنی وەک هەژاری و دەستکورتیی بەرفرەوان چارە بکات. لە هەفتاکانەوە، لە بزاڤی ژینگەپارێزدا، سیستەمە بیرێک زا (پەیدا بوو)، زۆر چاک دەشێ بە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی دابنرێ. ئێکۆلۆژیزم Ecologism ی نوێ سروشتی هێناوەتە پێش و بەگشتی جڤاتی پیشەساز بە تێکدەری هاوسەنگیی سروشت دادەنێت و بەوەش دەیکاتە دژوەستاوی سەرلەبەرەی ژیان. لەم ڕوانگەیەوە ئێکۆلۆژیزمی نوێ، داوای جڤاتێکی تەواو جیاواز و شێوە گوزەرانێکی نوێ دەکات.

فێمینیزم Feminism یش ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی دیکەیە، بەشێکی بووژێنراوەتەوە و بەشێکی تازەکردی هەفتاکانە. بزاڤی ڕادیکالی ژنان لە لایەک خۆی لە تەک ئێکۆلۆژیزمدا ناساندووە و لە لایەک هەوڵ دەدات وەک بزاڤێکی سەربەخۆی سیاسی خۆ ڕانوێنێ.

نوێچەپ، ئێکۆلۆژیزم و فێمینیزم، هەر یەکە لە بەشێکی تایبەتی ئەم کتێبەدا باس دەکرێن. هەر هەموویان نموونەن بۆ «جیهاننۆڕی-ئایدیۆلۆژی» - ی نوێی لەو بابەتەوە چەندین ساڵ لەمەو بەر بە مردوو دادەنران. بیری ناسیۆنالیزمی نوێش زیندوو کردنەوەیەکی ئاشکرای بیری کۆنترە. ئیسلامیزم بەگشتی تازە بەرهەمێکە لەسەر بنەمایەکی دینەکی هەرە کۆن.

[2] هەتا ساڵی 1968 یش بەرهەمەکەی Stefan Björklund کە کتێبێکی فێرکارییە لە بواری تیۆریی سیاسیدا، بە خشتەیەکی ئایدیۆلۆژییەکان تەواو دەبوو، لەو خشتەیەدا، لە ستوونێکی نێوەندا نیشانەی خاچی تێدابوو، بە واتای «دەڵێن ئالێرەدا ئایدیۆلۆژیکە مرد». لە چاپەکانی دواییدا، هەم خاچ و هەم نەخشەی سەر کێل، لابران.

چ بکەین لەگەڵ ئەم ئایدیۆلۆژی سیاسییە «کۆنانە» ی ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم. ئایا ئەمانە ئەوەندەیان بەبەرەوە ماوە بهێنێت لێیان وردبینەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ ئەم خاڵانە ڕەچاو بگرین:

یەکەم: سێ نهۆمی ئایدیۆلۆژی لە یەک جودا دەکەینەوە:

1 -ئیلهامبەخش و پەندیار.
2 -پارت و بزاڤی سیاسی.
3 -وەڵاتی، دەنگدەر.

دەتوانین بڵێین، هەر نەبێ لە جڤاتی سکاندیناڤیادا، ناکۆکیی نێوان لایەنە هەمەجۆرەکان لەسەر ئاستی ئیلهامبەخش و پەندیار فرەوانترە و هەتا دەگاتە ئاستی هەڵبژاردنی سەربە پارتی جیاواز بەرتەسکتر دەبێتەوە. ئەزموونی سوێد پێشانی دەدا دابەش کردنی نەریتێکی بیروڕا، لە ڕاستەوە بۆ چەپ، لە نێو دەنگدەرانیشدا نموونەی هەیە وەلێ جیاوازیی بیروڕا لە نێو دەنگدەراندا کەمترە لەوەی لە نێو پارتەکاندا هەیە.

ئەو سنوورە دابڕانەی لێرەدا باسیان لێوە دەکرێ بەپلەی یەکەم ئیلهامبەخش و پەندیار دەگرێتەوە. ناکرێ هەروا بە ئاسانی هەمان سنوور بسەپێنین بەسەر تاکەتاکەی ئەو پارتانەی خۆیان بە هەڵگری بیرێکی تایبەت دەزانن.

تێکەڵ کردنی بیری هەمەجۆر پتر لە نێو ئایدیۆلۆژیی پارتەکاندا ڕوو دەدات نەک لە نێو پەندیاراندا. ئەوجا گرنگیی دیاری کردنی ڕێبازە فیکرییەکان، ئەو جۆرەی لە نێو ئیلهامبەخش و پەندیاراندا خۆ دەنوێنێ، بەشێکی بۆ ئەوەیە تێکەڵ کردن و قەرز کردنی هەمەلایەن لە نێو ئایدیۆلۆژیی پارتەکاندا دەست نیشان بکرێن.

دووەم: گۆڕانکاریی نێو ئایدیۆلۆژی ناکاتەوە سڕینەوەی ئایدیۆلۆژی. بەرنامەی پارت گرنگترین دەربڕینە لە ئایدیۆلۆژیی پارتەکە. لە سکاندیناڤیا تێکڕای تەمەنی بەرنامەی پارتەکان دە - پازدە ساڵە. ئەمە وەها ناگەیەنێ پارتەکان ئایدیۆلۆژیی خۆیان وەها زووزوو دەگۆڕن. ئەوان بۆ خۆیان وەهای پێشان دەدەن بیروڕا گشتییەکانی خۆیان لە کێشەی نوێ و دۆخی نوێی زادەی ئەو ماوەیەدا دەخەنە کار. تەنها بە بەراوردێکی ورد دەتوانن بڕیار بدەین ئایا ئایدیۆلۆژیی پارتەکان لە یەک نیزێک دەبنەوە یان نا.

مەیلی فراژووتن لەم سەدەیەی پاش شەڕی جیهانی دووەمەدا، ڕوون نییە. هەم لە نێو تاکەتاکەی پارتەکاندا و هەم لە سەرانسەری جڤاتدا جار هەیە ئایدیۆلۆژی کز دەبێ و جار هەیە گەش دەبێتەوە.

سێیەم: دەبێ هەردەم ئایدیۆلۆژی جودا بکەینەوە لە کردەوەی سیاسیی دۆخێکی کۆنکرێت («سیاسەتی کردەکی»). ئەم جیاوازییە لە هەر سێ نهۆمەکەدا، ئیلهامبەخش، پارت و وەڵاتیاندا، هەیە. ئایدیۆلۆژی، ئەو پرنسیپە گشتیانەی مرۆڤ باوەڕی پێیان هەیە، لە ڕاڤە کردنی کردەوەی سیاسیی کەسێک یان پارتێکدا، دەبنە تەنها یەک هۆکار، با هۆکارێکی گرنگیش بێت. دۆخی پەرلەمانی، بۆ نموونە، لەوانەیە پارتێک ناچاری سازانێک بکات کە بکاتەوە دوور کەوتنەوە لە بەرنامەکەی خۆی. خەرەندێک دەکەوێتە نێوان پرنسیپ و کردەوە و زۆر لە وەڵاتیان بە ناجۆری دادەنێن.

نموونەیەکی گەشی ئەم خەرەندەی نێوان پەندیار و سیاسەتی کارەکی لە تۆژینەوەیەکی Otto Steiger دا پێشان دەدرێ. بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم، سۆسیالیستی ئینگلیز Sidney Webb لە کارنامەیەکی کراوەدا بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی چارە کردنی بێکاری سەردەمی سەختانگ ڕوون کردەوە و تێیدا پەلاماری تیۆرییە ناودارەکەی کەینز J. M. Keynes دا. پێشنیازەکانی وێب لە لایەن Lloyd George ی لیبەڕالیەوە، کە ئەو دەمە وەزیری پەرپرس بوو، ڕەت کرانەوە. لە ماوەی سەختانگی ئابووریی جیهانیی سەرەتای سییەکاندا Lloyd George، ئەم جارەیان لە خانەی بەرهەڵستان بوو، بەرنامەیەکی وەک کۆنەکەی وێب پێشکەش کرد. وەزیری بەرپرس، کە ئەم جارەیان بەرنامەکەی ڕەت کردەوە، وێب خۆی بوو.

لێرەدا هەوڵ نادەین ئەو نۆرەگۆڕکێیەی دۆخی مێژووکرد و پەرلەمانکردەی جۆراوجۆر ڕاڤە بدەین. تەنها جەخت لە سەر ئەوە دەکەین کە دۆزێکی وەها نابێتە هۆی کەم کردنەوەی سەنگی نۆرەی وێب Sidney Webb وەک ئیلهامبەخش لە بوارێکی سیاسی گرنگدا. ئەو پرنسیپە نوێیانەی سیاسەتی ئابووری، هەر کەسێک پێشکەشیان بکات یان ڕەتیان بکاتەوە، لە ڕووی سیاسییەوە هەر گرنگن. ڕەفتاری وێب لە سییەکاندا نابێتە بەڵگەی کزیی ئایدیۆلۆژی.

به کورتی دەشێ بڵێین: جیاوازیی نێوان لیبەڕالیزم و کۆنەوارەتی و سۆسیالیزم، ئەگەر بەراورد بکرێن بە سەدەی نۆزدەیەم، بێگومان کەم بوونەتەوە. گەر وەک تینگستێن و فوکویاما سەدەیەک و دوو سەدەی دیکەش بگەڕێنەوە پاش — یان هەموو مێژووی مرۆڤایەتی ڕەچاو بگرین — ئەوا هەر دەبێ ناکۆکییە فیکرییەکانی نێو دەوڵەتە دیمۆکراتەکان بچووک ڕانوێنین. بۆ چاودێرێکی ئەم ڕۆژگارە، ئەو ناکۆکییانە وا پێ دەچێ بەرێژەی دووجای مەودای زەمان کەم ببنەوە. بەڵام ئەمە وەها ناگەیەنێ کە مەرجە خەڵکی ئەم سەردەمە ناکۆکییەکان بە بچووک و ناگرنگ دابنێن.

تەنانەت لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکتریشدا، گریمانەی تەنکبوونەوەی ئایدیۆلۆژی نابێتە دۆزێکی بەڵگەنەویست. گەر پەنجاکانی «ئایدیۆلۆژی - بەدەر» ی سەدەی بیستەم بەراورد بکەین بە نەوەدەکان، دەبینین هێڵە ئایدیۆلۆژییەکان هەم تیژتر و هەم ئاشکراتر بوونەتەوە. شەپۆلی چەپایەتیی هەفتاکان نوێنەرانی ئایدیۆلۆژیی نەرێتی ناچار کرد بەڵگەی خۆیان توند و تیژ بکەنەوە و سەرلەنوێ دایانڕێژنەوە. نرخاندنی هاوکۆی سەربە دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی بەهێزی، پاش شەڕی جیهانیی دووەم، درزی گەورەی تێکەوت. نوێلیبەڕالیزم، بەو ڕەخنەیەی هەیەتی لە پەلهاوێشتنی دەسەڵاتی دەوڵەت، خۆی دوورخستەوە لەو لیبەڕالیزمە جڤاکییەی هەتا ئەو دەمە ڕەواجی هەبوو. فەیلەسووفان دیسان دەستیان دایە ڕاوێژ کردنی پرسیارە بنگەییەکانی سازمانی دەوڵەت و جڤات. گورجبوونەوەی ئایدیۆلۆژی و هۆشیاری نێو پەندیاران یەکجار بەهێز بوو، هەروەها لە نێو پارت و دەنگدەرانیشدا.

کەواتە ئایدیۆلۆژە کلاسیکەکان تەواوێک لە مەرگەوە دوورن. گەر چەند ساختمانێکی فیکریی سەدەی نۆزدەیەم بووبنەتە کەلاوەیەکی قەوزەگرتوو ئەوا هەیە نۆژەن کراوەتەوە و بەشی دیکەی خراوەتە سەر و هاتۆتە بارێکی مۆدێرن و کارا.

ئایا ئایدیۆلۆژیی سیاسی پێویستن؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ دابەشی ئەو سێ نهۆمە ئایدیۆلۆژییە بکرێتەوە کە باسمان لێوە کرد. لە هەموانیشدا هەر ئەرێیە.

بۆ وەڵاتی، چ تاکەکەس بێ و چ ئەندامی گرووپێک بێ و گەر ئەزموونی دەروونناسی بکەینە پێوەر، ئەوا پێویستییەکی ناچارییە کە دیدی دەرەکی بە (سیاسەتەکانیشیانەوە) لە چێوەیەکی سەرلەبەردا دارماڵ بکات. ئەوجا بە یارمەتی ئەمیان دەتوانێ دیدی نوێ بنرخێنێ و پۆلێنیان بکات. ڕانواندنی وەها دەربارەی دەوروبەر مەرجە بۆ دابین کردنی ناسنامەی هەم مرۆڤ و هەم گرووپ. دیارە لەم نهۆمەدا ئایدیۆلۆژی هەر دەمێنێ.

هەمان گوتە ئایدیۆلۆژیی پارتیش دەگەڕێتەوە. هەتا ئێمە خاوەنی گرووپی سیاسیی سازمانەکی بین ئەم گرووپانەش تێڕوانینی هاوکۆ، ئایدیۆلۆژی، هەڵدەنێن و دەپارێزن. ئایدیۆلۆژی دەستاوێژەیکە بۆ ڕاکێشان و کۆ کردنەوەی گرووپی سیاسی. گەر گرووپێکیش دەسەڵاتی گرتە دەست، ئایدیۆلۆژی دەبێتە پێویستییەک بۆ دروستاندنی کردەوەکانی ئەو گرووپە.

لەسەر ئاستی ئیلهامبەخش و پەندیارانیش هەر هەمان باسە. مارکسیست و بەشێک لە زانستکاران پێیان وایە ئایدیۆلۆژی تێڕوانینێکە لە دونیا زیانبەخش و نادروست، دەبێ بگۆڕدرێ بە «فاکتی زانستانە». بەڵگەی دژ بەم گوتەیەش دەڵێ کردەوەی سیاسی ڕاستە پێویستی بە پێشبینییەک هەیە خاوەن بنەمای توندی زانستی بێ و بۆی ببێتە ژێرخانی زانیار، بەڵام ئەمانە نابنە وەڵامێک بۆ ئەوەی ئایا ئەم ڕووداوەی پێشبینی لێ کراوە پەسەندە یان نا. لێرەدا دەبێ ژێرخانی زانیار لەگەڵ نرخاندندا هاوکار بن. زانستکاران دەتوانن بۆچوونی کەموزۆر دروستیان دەربارەی سوود و مەترسیی ئەم تەکنیکە نوێیە هەبێ. بەڵام پرسیاری ئایە «جڤاتی هێزی ئەتۆم» جڤاتێکە ئێمە هەوڵی بۆ بدەین یان نا؟ دۆزێکە ئەوانیش تێیدا دەمڕاست نین و هەر هێندەی وەڵاتییەکی ئاسایی دەتوانن لێی بدوێن.

ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێ، ئەوا پەندیارانی ئایدیۆلۆژی پارتایەتی و ئایدیۆلۆژیی تاکگەرا، مەرجێکە بۆ هەڵبژاردنی هۆشیارانە لە ئاست جێگری جۆراوجۆردا. ئەگەر

ئەمەمان مەبەست بێت ئەوا پێویستمان بە ئایدیۆلۆژی دەبێ، بەڵام مەرج نییە هەر ئەمانەی ئەمڕۆ بن.

بەراورد کردنی ئایدیۆلۆژی – چەند شاخاڵێک

بۆ ئەوەی ئایدیۆلۆژی لە نێو خۆیاندا بەراورد بکەین، دەبێ بزانین ئایدیۆلۆژی لە وەڵامی پرسیاری هەرە گرنگی سیاسەتدا چ دەڵێن:

1 -جڤات دەبێ بە چ شێوەیەک بەڕێوە ببرێ؟
2 -تا چ ڕادەیەک دەوڵەت بۆی هەیە دەست بخاتە ژیانی خەڵکەوە، تا چ ڕادەیەک کردەوەی خەڵک کۆنترۆڵ بکرێ؟
3 -بە چ شێوەیەک، بە چ دەستاوێژێک دەبێ جڤات بگۆڕین؟
4 -ئابووری و بازاڕی کار چۆن ساز بدرێ؟
5 -«جڤاتی باش»، «جڤاتی نموونە» چۆن دەبینرێ؟

لەمەولا خەریکی ئەم خاڵە گرنگانەی ئایدیۆلۆژییەکان دەبین. لەگشتیاندا شانرخاندنی جۆراوجۆر نۆرەیەکی گرنگی هەیە. هەر لەبەر ئەوەش دەبێ ئێمە لەو شانرخاندنانە ورد بینەوە و برانین چۆن دێنە دروستاندن.

شانرخاندن

سیاسەت ململانێیە لەسەر ئەوەی کام نرخاندن لە بواری سازمانی جڤاکیدا بەرز دابنرێ. گەشەندی ئابووری، هاوشانیی ئابووری، ئازادبوونی تاکەکەس لە زەبروزەنگیی دەرەکی، بەشداربوونی سەرانسەری خەڵک لە بڕیاری سیاسیدا، ئەمانە هەموویان نموونەن لەو نرخاندنانە. ئایدیۆلۆژی سیستەمێکە لەو نرخاندنانە و زۆربەی بەشەکانی جڤات دەگرێتەوە. یەکێک لەو مەرجانەی لە ئایدیۆلۆژیی سیاسی دەگیرێ ئەوەیە کە دەبێ سەرانسەری سازمانی جڤات بخاتە بەر باس. کەواتە بەرنامەیەکی سیاسی گەر تەنها لە لایەنێکی جڤات بدوێ، ناشێ ناوی ئایدیۆلۆژیی سیاسیی لێ بنرێ. نرخاندن بریتییە لەوەی بڵێین ئەم بەهایە دەبێ لەو بەهایە بەرزتر دابنرێ. وەک ئەوەی بگوترێ گەشەندنی ئابووری گرنگترە لە هاوشانیی ئابووری. ڕێنمای وەها پێی دەگوترێ گوتەی پێوەرێکی. ئەم گوتەیە ڕێبازێکی تایبەتی پەیڕەوی کردن دیاری دەکات.

کاتێک مرۆڤ ئایدیۆلۆژیی سیاسی شی دەکاتەوە، دەبێ نەخشی سەنگی بەهاکان بەرانبەر یەک دیاری بکات، ئەمە هەموو شرۆڤەیەکی تێکستی سیاسی دەگرێتەوە. کاتێک سەروتارێک، بەیانێکی سیاسی یان گوتارێکی پەرلەمانی دەخوێنیتەوە، لەسەر پارچە کاخەزێک دوو سەردێڕ بنووسە: بەها و پێشنیاز. ئەم دوو سەردێڕە یارمەتین لە شرۆڤەدا. زۆربەی جار، تاڕادەیەک بە ئاسانی هەموو ناوەڕۆکی تێکستەکە لە چەند شاوشەیەکی ژێر ئەو دوو سەردێڕەدا کۆ دەبنەوە. ئەم مێتودە، بەتایبەتی بۆ دۆزینەوەی سنووری جیاوازیی گفتوگۆی سیاسی، کاریگەرە.

شرۆڤەکە دەشێ هەنگاوێکی دیکەش هەڵنێ. لە نموونەکەی پێشوودا دەتوانین بپرسین: بۆچی گەشەندی ئابووری دەبێ بخرێتە پێش هاوشانیی ئابووری. لە تێکستی باوی سیاسیی ڕۆژانەدا، مەگەر بە دەگمەن دەنا وەڵامی پرسیاری وەها نادرێتەوە، بەڵام لە نووسراوەی بەرزتری ئایدیۆلۆژیدا وا باوە ئەو وەڵامانە پێشکەش بکرێن.

سەدەی پێشوو، وەها باو بوو ئایدیۆلۆژی ئاماژە بۆ دەستووری وەها بکەن کە لە مرۆڤەوە دوورەدەستە و دەکەوێتە دەرەوەی سنووری ویستی مرۆڤەوە. دەگوترا گۆیا، لە سازمانی دونیادا، یان لە مێژووی جیهاندا، پێوەرێکی نرخاندنی ئۆبژەکتیف هەیە، ئەو پێوەرە بڕیار دەدات چ بەهایەک لە سیاسەتدا جێگەیەکی بەرز یان نزم بگرێت.

یان بە کورتی: کام سیاسەت «دروستە» و کامیان «چەوتە». بۆ وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە بە نموونە، دەگوترا هاوشانیی ئابووری بەرانبەر نایەکسانیی «سروشتکرد» ی مرۆڤ یان بەرانبەر «سروشتی مرۆڤایەتی» دژ دەوەستێ. هەبوو دەیگوت گۆیا هاوشانیی ئابووری دژی فەرمانی نێو «تەوجیل» Bibel [تەورات و ئینجیل] ی خودایە یان دەیگوت بەرهەمی ئەو فەرمانەیە.

بەم جۆرە سەپاندنەی نرخاندن دەگوترێ نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە. لەم سەردەمەدا هێشتا چەند ئایدیۆلۆژییەک ماون کە پەیڕەوی نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە دەکەن. بۆ نموونە هەموو ڕێبازێکی کۆمیونیست و مارکسیست، هەروەها ئایدیۆلۆژیی سیاسی دینەکی، بەر لە هەموانیش بیری جڤاکیی کاتۆلیک.

مارکسیست و کۆمیونیست دەڵێن گۆیا مێژوو پەیڕەویی دەستوورگەلێکی فراژووتن دەکات، کە دیاری کراون و زانست دەستنیشانی کردوون. لە قۆناخی نزمەوە بەرەو ژوور هەڵدەکشێ. ئەم قۆناخەی فراژووتن هەر بۆ خۆشیانن دەبنە پێوەری بەها. ئەوەی سەربە قۆناخی بەرزتر بێ «چاکترە» لەوەی قۆناخی نزمتر. بێگومان پێوەری نرخاندن لای کاتۆلیک پەیامی خودایە بەو جۆرەی دەمڕاستانی کڵێسە ڕاڤەی دەدەن. پەیامی خودا، لە ڕێی محەمەدی پێغەمبەرەوە، بۆتە دروستاندنی ئامانجی سیاسیی ئەم سەردەمەی ئیسلامیزمی بنەماگر.

شاڕێبازێکی دیکە هەیە پێی دەگوترێ نرخاندنی سۆبژەکتیڤانە. ئەمیان دەڵێ شتێک نییە لە دەرەوەی خواستی مرۆڤ ببێتە پێوەری «ڕەوا» و «ناڕەوا». لە دەوروبەری بیستەکانی ئەم سەدەیەوە، ئەم ڕێبازە لە بواری زانستی جڤاکی، لە ئەورووپا و ئەمەریکای باکوور باوە. ئەمیان دەڵێ مێتودی زانستانە ناتوانێ بڕیار بدات ئایە گەشەندی ئابووری «باشترە» لە هاوشانیی ئابووری یان نا؟ نرخاندنی سۆبژەکتیڤانە، هەر نەبێ بە ڕواڵەت، کارێکی وەهای کردووە ئایدیۆلۆژی هەرە گرنگەکانی دیکەی ئەم سەردەمەی لاوازتربن بەرانبەر ئایدیۆلۆژیی سەر بە نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە. ئایدیۆلۆژیی سەربە نرخاندنی سۆبژەکتیڤانە ئەو «بنەما توندە» ی نییە کە ئەوانەی دیکە هەیانە. ئەمان هەر ئەوەندەیان پێ دەکرێ ئاماژە بکەن بۆ نەریتی سیاسی و بۆ بیروڕای وەها لە نێو زۆر کەساندا بڵاوە.

کۆنەواران ئاماژە بۆ نەریتی سیاسیی میللەتی خۆیان دەکەن. لیبەڕال ئاماژە بۆ نەریتێکی تەمەن درێژی ئەورووپایی و ئەمەریکایی دەکەن تێیدا ئازادیی تاکەکەس هەرە بەرزە. سۆسیالیستی ڕیفۆرمیست ئاماژە بۆ نەریتێکی ڕادیکالی هاوتەمەنی ئەویان دەکات، ئەمیان دەربارەی «ئازادی، یەکسانی و برایەتی» یە. لە پراکتیکدا جیاوازیی نێوان بەڵگەکاریی نرخاندنی سۆبژەکتیڤانە و نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە یەکجار وەها فرەوان نییە. دەشێ مرۆڤ بڕوای بە مافگەلی مرۆڤایەتی هەبێ و بەڵگەیان بۆ بهێنێتەوە بەبێ ئەوەی دروستایەتیی ڕەهایان «بسەلمێنێ». بەڵگەکاریی پەیرەوانی نرخاندنی سۆبژەکتیڤانە بە جۆرێکە، دەڵێی نرخاندنی نەریتپارێزی خۆیان دروستە. لە ڕاستیدا ئەوان پێیان وایە نرخاندنی خۆیان لای زۆر کەس باوە، بۆیە لەوە دەچێ بەڵگەنەویست و ئاشکرابن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە شرۆڤەی ئایدیۆلۆژییەکاندا، جودا کردنەوەی نرخاندنی ئۆبژەکتیڤیزم و نرخاندنی سۆبژەکتیڤیزم گرنگە.

## مرۆڤنۆڕی - شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

حوکومڕانیی جڤات دەبێ چۆن بێ؟ دەوڵەت تا چ ڕادەیەک دەبێ دەست بخاتە ژیانی وەڵاتیان و کۆنترۆڵیان بکات؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ لە مرۆڤنۆڕیی ئایدیۆلۆژییەکان ورد بینەوە. دەبێ بزانین بۆچوونیان چییە بەرانبەر بەهرەی سیاسیی خەڵک- «مرۆڤی ڕەمەکی»، دەربارەی پەیوەندنی نێوان خەڵک ئەمان چی دەڵێن.

ئەو کەسەی بڕوای بە هەر جۆرە حوکومڕانییەکی گەل هەبێ بێگومان بڕوایشی هەیە بەوەی خەڵک توانایان هەیە و تواناشیان لە تێگەیشتن و هەڵسەگاندنی دۆزی سیاسیدا تاڕادەیەک وەک یەکە. ئەوەی پێی وابێ خەڵک توانای وەهایان نییە، یان هێشتا زۆریان ماوە ببنە خاوەن توانای وەها، وا باشە بچێتە پاڵ ئەوانەی داوای حوکومڕانیی سەرتەڵایەتی دەکەن [سەرتەڵ= ئەلیت، هەڵبژاردە، دەستبژێر]. دیسان ئەوەی پێی وایە جیاوازیی لە توانای خەڵکدا یەکجار بەرفرەوانە، ئەویش هەر سەربە ڕێبازێکە داوای حوکومرانیی سەرتەڵاتی Elitism دەکات.

ئەو کەسەی بڕوای وابێ خەڵک ئاشتیخوازن و ئامادەی هاوکاری و یارمەتی یەکدین، داوا ناکات دەوڵەت هێندە بە توندی دەست بخاتە گوزەرانی خەڵکەوە.

ئەوەی پێی وابێ خەڵک لە ڕاستیدا دڕن، خۆپەرست و شەڕخوازن، داوای دەستووری توند و پۆلیس و ئەرتەشی بەهێز دەکات، واتا داوای ئامرازی بەهێز دەکات بۆ دابین کردنی ئاشتیی نێوان خەڵک.

ئەم خشتەیەی خوارەوە جیاوازیی گۆشەنیگا پەڕگیرەکان ڕوون دەکاتەوە:

| سەروەریی هەموو کەس | خۆکار و دڵخواز، بێ زۆرکاری |
|---|---|
| یەکسانیی سیاسی: مرۆڤی ڕەمەکی توانایەکی بەرزی سیاسیی هەیە | مرۆڤ هاوکار و ئاشتیخوازە - «باشە» |
| نایەکسانیی سیاسی: مرۆڤی ڕەمەکی هیچ توانایەکی سیاسیی نییە | مرۆڤ دڕ و خۆپەرستە - «بەدە» |
| حوکومڕانیی سەرتەڵایەتیی دامەزراو | کۆنترۆڵی توند، ئامرازی زۆرکاری |

## گۆڕینی وردەوردەی جڤات / گۆڕینی سەرانسەری

مرۆڤ داکەوتی سیاسی و ئەزموونی مێژوو هەڵدەسەنگێنێ و لەو هەڵسەنگاندنەوە، لە ئایدیۆلۆژیی جۆراوجۆردا، بڕوا دەهێنێت بەوەی ئایا ڕێگەی ئاسایی و پەسەند بریتییە لە گۆڕینی وردەوردە یان گۆڕینی لەپڕ و سەرانسەری. پەیڕەوانی گۆڕینی لەسەرەخۆ پێیان وایە جڤاتیش تاڕادەیەک وەک درەختە، وردەوردە گەورە دەبێ، چڵ هەیە دەمرێ یان دەبردرێتەوە، چڵ و چرۆی تازە جێگەیان دەگرنەوە. ئەم ڕێبازی بیرە گرێدراوی مێتودێکی ئاشتیخوازانەی بونیاتنانی جڤاتە و لەم سەردەمەدا گرێدراوی سیاسەتی دیمۆکراتانەیە. پەیڕەوانی گۆڕینی توند و سەرانسەری جڤات، جڤات بە ڕووبارێکی بەستراو دەنوێنن. ئەگەر گۆشاری دژ بە بەنداوەکە تەواو بەهێز بوو ئەوا ئەو بەنداوە دەڕمێ و ئاو دەی بات. ڕووبارەکە زاڵ دەبێ بەسەر بونیاتی کۆندا و ڕێچکەی تەواو نوێ دەگرێتە بەر.

ئەم ڕێبازی بیرە، گرێدراوی مێتودی شۆڕشگێرانەیە. دیکتاتۆر، واتە حوکومڕانیی سەرتەڵ (هەڵبژاردە) Elite، زۆر جار بە پێویست دەزانرێ بۆ ئەو ماوەیەی جڤاتی نوێی تێدا بونیات دەنرێ. لە ڕووسیا تەنانەت بەشێکی زۆری دیموکراتەکان، لە بیری دیکتاتۆری کاتەکی نێزیک بوونەوە. ئەمان پێیان وایە تاکە ڕێبازە بۆ ئەوەی ڕادیکالانە خۆ لە میراتی کۆمیونیزم ڕزگار بکەن.

## گرنگترین یەکەی جڤات

بەشێکی زۆری بزاڤەکانی ئەم سەردەمە، سەرخۆبوون و مەزنایەتیی میللەتانی خۆیان، بە یەکەم ئامانجی سیاسی دەزانن. بەلای ئەمانەوە میللەت (نەتەوە) Nation گرنگترین یەکەی سیاسییە. یەکەی دیکەش هەیە لە ئایدیۆلۆژییەکاندا، وەک: تاکەکەس، خێزان، چین، ڕەگەز، گەل.

هەڵبەتە هەڵدانەوەی یەکێک لەو یەکەیانە بەسەر ئەوانەی دیکەدا دەکاتەوە کەم کردنەوەی پایەی لایانەکانی دیکە و ژێردەستییان. گەر میللەت بخەیتە پایەی یەکەم دەکاتەوە ئەوەی تاکەکەس، گرووپ و چین دەبێ سەر فروو بێنن بۆ پێداویستیی میللەت و لە پێناویدا ببنە قوربانی. گەر تاکەکەس پێش بخەیت ئەوا سازمان و هۆگرییەکانی دیکە ژێردەستە دەبن.

سازمانی ئابووری

لە هەموو سەردەمێکدا ئەم دۆزانە لە سیاسەتدا پتر جێی ناکۆکی بوون. لەمانەوە بڕیار لەسەر دەسەڵات دابەش کردن و داهات دابەش کردن دەدرێ. بۆ پێشان دانی بوارە هەمەجۆرەکانی ئەم لایەنە و ڕوون کردنەوەی هەڵوێستی ئایدیۆلۆژییەکان، ئەم خشتەیەی خوارەوە ساز دەکەین:

| حوکمڕانیی سیاسی | جۆری موڵکایەتی | | | |
|---|---|---|---|---|
| | تایبەتمەندیی | کەسەکی | کۆیەکی | دەوڵەتی |
| | ئابووریی بازاڕگێڕ، دوور لە دەستتێوەردانی سیاسی | 1 | 4 | 7 |
| | ئابووریی بازاڕگێڕ، بە دەستتێوەردانی سیاسییەوە | 2 | 5 | 8 |
| | بازاڕ بێدەسەڵاتە، ئەوپەڕی دەستتێوەردانی سیاسی | 3 | 6 | 9 |

ئەم خشتەیە ڕێکخستنی گشتیی جڤات پیشان دەدات. کاتێک باس لە دیمۆکراتیی ئابووری دەکرێت مەبەست لێی ڕێکخستنێکە دەوڵەت تێیدا دەست لە دۆزە گرنگەکانی بەرهەم هێنان و بەرهەم بردن وەر دەدات. ئەمیان مەرجی ئەوەیە کە هەر نەبێ پلەیەکی تایبەتی ئابووری لە ژێر ڕێبەرایەتی سیاسەتدا بێت. کاتێک باس لە دیمۆکراتیی کۆمپانیا دەکرێ مەبەست لێی ڕێکخستنێکە تێیدا کارمەندانی کۆمپانیاکە دەستیان لە بڕیاری کۆمپانیاکەدا هەبێ. گەر تاویان کەم بوو دەبێتە «هاودەسرۆیی» گەر زۆر بوو دەبێتە «مافی خۆبڕیاردان». لە سیستەمێکدا دیمۆکراتیی ئابووریانە و دیمۆکراتیی کۆمپانیایش هەبێ دەبێ سنوورێک بکێشرێ لە نێوان ئەو پرسانەی دەزگەی سیاسی بڕیاریان دەدات و ئەو پرسانەی بۆ کارمەندان دەمێننەوە.

ئوتوپیا - جڤاتی بێگەرد

هەموو ئایدیۆلۆژییەک، کەم و زۆر ئاشکرا «دوا ئامانج» ێکی بۆ سەرانسەری سیاسەتەکەی خۆی هەیە. ئەو دوا ئامانجە پێی دەگوترێ ئوتوپیا Utopia و باس لە دۆخی نموونەیی داهاتوو دەکات. ئەگەرچی دەشێ گومان لەوە بکرێت کە «جڤاتی باش» ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە ڕاستی، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی ئایدیۆلۆژییەکان ڕوونتر دەبنەوە گەر باس لە ئوتوپیاکان بکەین.

دوو لایەن هەیە لەوە دەچێ هاوبەش بن لە ئیدیاڵی دوارۆژی هەموو ئایدیۆلۆژییەکاندا: ئاشتی و نەمانی ناکۆکیی جڤاکی. لەوە دەچێ لە نێو سەرلەبەری خەڵکدا تەمایەک هەبێ ڕووەو هاوئاهەنگیی جڤاکی. ئەو چاوەڕوانییە لە تەوجیلدا هەیە: شمشێر دەتوێنرێتەوە و دەکرێ بە گاسن، گورگ و بەرخ لە تەک یەکدا دەلەوەڕن. گەرچی خەڵک بە گوتە ڕێکن لەسەر دوا ئامانجی سیاسەت، تەواو ناڕێکن لەسەر ئەوەی گوتەکان واتایان چییە و چۆن دەگەینە جڤاتی باش.

ئەم کتێبەی «ئایدیۆلۆژیی سیاسیی هاوچەرخ» هەوڵ دەدات کورتەباسێک ڕوون بکاتەوە دەربارەی بیرە هەرە گرنگەکانی ئەم سەردەمە و پەیوەندییان بە مێژووەوە. ئەمەش مانای وایە ئەم کتێبە هەوڵ دەدات بیرەکانی ئەم سەردەمە ببەستێتەوە بە

نەریتە سیاسییە مەزنەکانەوە. زەمانە گۆڕانکاریی بەسەر ئایدیۆلۆژییەکاندا دەهێنێت، ئەمەش بابەتێکی گرنگە. وەک لە سەردێری کتێبەکەوە دیارە شامەبەست «هاوچەرخ» ـە، واتا بەگشتی سەدەی بیستەم و بەتایبەتی ڕۆژگاری پاش 1945.

ڕێکخستنی کتێبەکە لەسەر ئەو شاخاڵانەی سەرەوە دامەزراوە. مەبەستیش ئەوەیە ئەم ڕێکخستنە کارێک بکات بەراورد کردنی هەر یەک لەو خاڵانە لە نێو ئایدیۆلۆژی هەمەجۆردا هەیە، ئاسان بێت. ئەم جۆرە ڕانواندنە دەکرێ پێی بگوترێ باسێکی شرۆڤەکارانە. مەبەست لێی ئەوە نەبووە ڕێبازی بەرپەرچ دانەوە و ڕەخنەی فیکری بگرێتە بەر، بەڵکوو ساز کردنی بنەمایەکە بۆ گرنگترین بەشی وانەی ئایدیۆلۆژیانە، ئەویش گفتوگۆی ڕەخنەگرانە و ڕوونکارانەیە.

## 2- لیبەڕالیزم

له سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا، لیبەڕالیزم وەک ڕێبازێکی فیکریی سیاسی بە چەند قۆناخێکی گۆڕانکاریدا تێپەڕیوە. لە سەدەی حەڤدەیەمەوە میراتێکی فیکری دەوڵەمەند و فرەوانی بۆ ماوەتەوە. میراتەکەش بریتی بوو لە سەردەمی ڕۆشنگەری Enlightenment و باوەڕی مافی سروشتەکی دەربارەی مافی مرۆڤایەتی: مافی ژیان، ئازادی، موڵکایەتی و مافی بەرەنگاربوونەوەی ستەم. لەوێدا بیری سەروەریی گەل پەیدایە: تەنها ئەو حوکومڕانییە ڕەوایە کە ڕەزامەندیی ژێردەستان دەکاتە سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی. لە ئینگلاند باوەڕی سوودخوازانەی Jeremy Bentham ی فەیلەسووف، ڕێگەی خۆش کرد دنەدانی نوێ پەیدا بێ بۆ مافی گشتی دەنگ دان. تەنها ئەو حوکومڕانییەی تێیدا بەرژەوەندیی تاکەکەسان لە یەک ئاستدا نوێنەرایەتی دەکرێ، دەتوانێ بەختەوەری بۆ هەموان، یان هەر نەبێ بۆ زۆربەی خەڵک، دابین بکات. ئادەم سمیت Adam Smith یش لەلای خۆیەوە بنەمای باوەڕی لیبەڕالیزمی ئابووری دارشت. پاشان ئەم باوەڕە ناو نرا «لێسێ فێر» Laissez Faire (بابڕوا). ئەمەیان دەیگوت ئازادی ئابووریی تاکەکەسان دەبێتە مەرجێک بۆ گەشەندی ئابووری و تەژەندی گشتی. ئازادیی ئابووری واتای ئەوەیە دەوڵەت دەست هەڵگرێ لە بەڕێوە بردنی بازاری ئازاد. بەرفرۆش و خواست (عرض وطلب) دەبا بڕیار بدات.

دەوروبەری ساڵی 1815 جوداوازیی نێوان ڕێبازە هەمەجۆرەکانی لیبەڕالیزم گەیشتبووە ئەوپەری. شۆڕشی فرانسی بووبوو بە دیکتاتۆریی ئەرتەش و شەڕ گشت ئەورووپای گرتبۆوە. شۆڕشی پیشەسازی، کەوا باو بوو لە ماوەی چەند دەساڵێکدا ببێتە مایەی تەژەندی گشتی، وا پێدەچوو بووبێتە مایەی هەژارییەکی بەرفرەوان لەو شارانەدا کە پیشەسازی تێیاندا ڕەوتی تیژڕەو بوو.

ئەوی لەم دەمەدا پێی دەگوترا لیبەڕالیزم شتێک بوو یەکجار جودا لەو دڵگەرمییەی ئازادیی ساڵی 1789. لیبەڕالی ئەم دەمە شۆڕشیان وەک مێتودی سیاسی بە جارێک ڕەت کردەوە. ئەم بۆچوونە پێی وا بوو شۆڕشی فرانسی ئاشکرای کرد کە ناکرێ ڕێ بدرێ یەکسەر حوکومڕانیی دەوڵەت بدرێ بە «خەڵک». ئامانجی سیاسی بزاڤە لیبەڕالەکان ئەم جارەیان تەسک کرایەوە بۆ حوکومڕانییەکی دەستوورەکی. ئەمیان دەبا ببێتە مایەی ئازادیی سیاسی و ئازادیی کرداری تاکەکەس. وەلی مافی دەنگ

دان بۆ کەمایەتییەک مایەوە کە لە ڕووی موڵکایەتی و باسەوادییەوە بە خاوەن توانای سیاسی دادەنران.

لە بواری ئابووریدا Laissez Faire ی ئادەم سمیت هەر وەک ڕێبەر مایەوە. بەڵام پەیامی تاریکیش پەیدا بوو. دوو تیۆریستی بەریتانی پێیان وا بوو بەڵگەیان پێیە کە چ بەرەوپێش چوونێک لە هەلومەرجی گوزەراندا لە ئاسۆدا بەدی ناکرێ. Thomas Malthus و David Ricardo ئاماژەیان بۆ هەڵکشانی ژمارەی خەڵک و کەمیی زەویی کشتوکاڵ دەکرد. ڕستەیەک هەیە لە تیۆریی Ricardo دا ناونراوە «توندە قانوونی موچە» و دەڵێ: «نرخی سروشتەکیی کار ئەوەیە کە بۆ مان و زاووزیی کرێکاران پێویستە بێ ئەوەی ژمارەیان زیاد یان کەم بکات» ئەمەش دەکرا بەوە لێک بدرێتەوە کە نرخی سروشتەکی کار دەبێ ئاستی گوزەرانی هەرە نزم بگرێ.

تاکە لایەنی گەشبینانەی تیۆریی لیبەڕالی ئابووری ئەو دەمە لە باوەڕی بازاڕی ئازاددا بوو. ئەم باوەڕە دەیگوت، ئەگەر بازاڕی ئازاد هەموو وەڵاتان بگرێتەوە ئەوا وەڵاتان و گەلان پەیوەندییەکی ئابووریانەی هێندە بەهێزیان بەیەکەوە دەبێت کە ئاشتی بێتە بەرژەوەندی هاوکۆی بەربڵاو. Richard Cobden ی ئینگلیز ئایدیۆلۆژیستی ڕێبەر بوو لە بواری بازاڕی ئازاددا. ئەم دەیگوت ئەگەر مرۆڤایەتی لە ڕێی بازاڕی ئازادەوە تێکبەستەبێ و بکرێتە یەک خێزانی گەورە، ئیدی هیچ هۆیەک نامێنێ بۆ هەڵنانی «ئیمپڕاتۆریی گەورە، ئەرتەشی مەزن و هێزی زەریاگەڕی زل».

پاش نیو سەدە، دەوروبەری 1870-1860، هەڵوێستی لیبەڕالیزم دەربارەی مافی گشتیی دەنگ دان کەوتە گۆڕانکاری. تیۆریستی ڕێبەر لە کایەی لیبەڕالدا فەیلەسووفی بریتانی میلل John Stuart Mill بوو. هەتا ئەو دەمەش بەشێکی زۆری لیبەڕال لە ئەنجامگەلی مافی گشتی دەنگ دان دەترسان، چونکە زۆربەی خەڵک بێسەواد (نەخوێندەوار) بوون. بەڵام بێسەوادیش بە فێرکاریی گشتیی گەل چارە دەکرا. بارهێنانی سیاسیش ڕێک لە ڕێی پیادە کردنی مافی گشتیی دەنگ دان جێبەجێ دەبوو. لە تەک ئەمەشدا زۆربەی بزاڤە میللییە ئازادیخوازەکانی ئەو دەمە ڕێبازێکی دێمۆکراتانەیان گرتبووە بەر. داخوازیی سەروەریی میللی بە شێوەیەکی سروشتەکی بەستراوە بە داخوازیی مافی گشتیی دەنگ دان و ڕێبەرایەتی گەلێرەوە.

لە ئەورووپا پارتە لیبەڕاڵەکان لە تەک سۆسیالیستەکاندا بوون بە پارتی پێشەنگی مافی دەنگ دان.

لە دەمەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا گۆڕانکارییەکی دیکەی گرنگ ڕووی دا. تیۆریی Laissez Faire، کە بە تەواوی تا ئەو دەمە لە هیچ دەوڵەتێک نەخرابوە کار، نەرمێنرا. لیبەڕالیزم هاتە سەر ئەوەی دەست خستنە بازاڕ و دابەشینی داهات بسەلمێنێ. باج گرتنی سەرکەوتە Progressive taxation، سەندیکا و دەستەبەری جڤاکیی فەرمی هاتنە کایەوە. ئەم شارێبازەی لیبەڕالیزم پێی دەگوترێ لیبەڕالیزمی جڤاکی. هەتا ساڵی 1970 ئەمیان بووە ڕێبازی سەرەکیی لیبەڕالیزمی سەدەی بیستەم. لەوەو دوا نوێلیبەڕالیزم بووە ڕکابەری لیبەڕالیزمی جڤاکی. ئەمیان دەیویست کارکرد (فەنکشن) ەکانی دەوڵەت تەواو کز بکاتەوە و تاڕادەیەکیش داوای گەڕانەوەی دەکرد بۆ تیۆریی Laissez Faire ی ئادەم سمیت.

بە کورتی دەشێ بڵێین گۆڕانکاریی لیبەڕالیزم لە ساڵی 1815 ەوە هەتا ئەمڕۆ بەم شێوەیە بووە:

| جۆر | حوکومڕانیی دەستوور / ئازادیی تاکەکەس | مافی گشتیی دەنگ دان | Laissez Faire |
|---|---|---|---|
| 1815-1860 | ئەرێ | نەخێر | ئەرێ |
| 1860-1900 | ئەرێ | ئەرێ | ئەرێ |
| 1900 – لیبەڕالیزمی جڤاکی | ئەرێ | ئەرێ | نەخێر |
| 1970- نوێلیبەڕالیزم | ئەرێ | ئەرێ | ئەرێ |

بۆ ڕوون کردنەوەی باسەکە لەم کتێبەدا نوێلیبەڕالیزم بەشکی تایبەتی درایە (بڕوانە بەشی یازدەیەم). لێرەدا بەگشتی فراژووتنی بیری لیبەڕالیزمی جڤاکی باس دەکرێ.

شانرخاندن

لیبەڕالیزم یەکەم تێڕوانینی سیاسی بوو کە گشتیتر دوو لایەنی لە یەک جودا کردەوە: فەرمانی داکەوت و فەرمانی نرخاندن، واتا «ئەوەی هەیە» و «ئەوەی دەبا وەها بێ» ی جودا کردەوە. کەواتە لیبەڕالەکان وازیان هێنابوو لەوەی هەوڵ بدرێ پێوەرکانی خۆیان لە داکەوتێکدا بچەسپێنن کە لە دەرەوەی مرۆڤ بێ یان لە مرۆڤ دوورەدەست بێ.

لایەنێکی ئەم گۆڕانکارییە بریتی بوو لە باوەڕی ئاکاری سوودخوازەتی یان باوەڕی سوود.[3]

ئەم باوەڕە لە لایەن لیبەڕالی ئینگلیزەوە Jeremy Bentham ـەوە دەمەو سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم هێنرایە سیاسەتەوە و هەتا ئێستایش شانرخاندنێکی سەرەکیی لیبەڕالیزمە. دروشمی ناوداری: «فرەوانترین بەختەوەریی شیاو بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵکی شیاو» ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاکاری سوود.

پرنسیپی ئەم باوەڕە ئاسانە: ئەوەی هەموو کەسێک هەوڵی بۆ دەدات سوود و بەختەوەرییە. سنووری هەوڵدانی تاکەکەس بە هەوڵدانی کەسانی دیکەی هاوجۆری خۆی دیاری دەکرێ. هەوڵ دانی ئەمیان بۆ سوود و بەختەوەری نابێ دەست درێژی بکاتە سەر سوود و بەختەوەری ئەویان. لە جڤات و سیاسەتدا دەبێ سنوور بۆ داخوازیی هەمەجۆر دابنرێ. پێوەری ئەم سنوور دانانە دەبێتە: «فرەوانترین بەختەوەریی شیاو بۆ زۆرترین ژمارە خەڵکی شیاو». لە پراکتیکدا ئەم دروشمە وەها

[3] لە بواری گفتوگۆی سوێدیدا Ingemar Hedenius لە هەموان پتر بێژەری ئاکاری سوود بوو. بۆ نموونە بڕوانە بەرهەمەکەی: *Om människans moraliska villkor*, Stockholm, 1972

تەرجەمە دەکرێ: زۆرینە بڕیار دەدات بەختەوەری چییە، بە ڕەچاو گرتنی کەمایەتی یان کەمایەتیەکان.

سوود و بەختەوەری دەشێ هەم سوودی ماددی بگریتەوە و هەم فراژووتنی گیانەکی. لە سەرەتادا لیبەڕالیزم دەیگوت فراژووتنی تەژەندی ماددی بۆ زۆرترین ژمارەی شیاو بە باشترین شێوە دێتە دی ئەگەر هەر کەسە بەرپرس بێ لە خۆشگوزەرانیی خۆی. مەوداش لەمیانەوە بۆ بواری سیاسەت بەرین نەبوو. ئەگەر دەزگەی بڕیاری سیاسی بخرێتە ژێر ڕکێفی خواستەکانی تاکەکەسەوە ئەوا دەبێ بڕیارەکان بە شێوەیەک بن زۆرینەی خەڵک بە سوودبەخشی بزانن. بەڵگەی باوەڕی سوود لە ئازادیی بیر، ئازادیی دەربڕین و ئازادیی کردەوە ئەوە بوو دەیگوت ئازادی دەرفەت دەڕخسێنێ بۆ فراژووتنی کەسایەتیی تاکەکەس. پێشکەوتنی ماددی و فەرهەنگی، بە باوەڕی لیبەڕال، لابەرهەمێکی گرنگیی ئازادییە. جڤاتێک ئەم ئازادییەی تێدا نەبێ مرۆڤ تێیدا تێکدەچێ و بۆ خۆیشی مەنگ دەبێ[4].

ئەمیان لە «دەربارەی ئازادی» دا، کە بەرهەمێکی کلاسیکی John Stuart Mill ـە، شامەبەستە.

لە 1970 ەوە دوو فەیلەسووف هاتنە پێش و بەڵگەکاریی لیبەڕالیزمیان گەشە پێ دا[5]. هەردووکیان لە خانەی لیبەڕالیزمی جڤاکیدان، Ronald Dworkin سەرچاوە لە نەریتی سوودخوازەتیی J.S. Mill ەوە دەگرێ. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە فەیلەسووفێکی

---

[4] Karl-Hermann Flach ی ئایدیۆلۆژیستی دیمۆکراتە ئازادەکانی ئەڵمان، هەمان بۆچوون بەم جۆرە دەردەبڕێ: «پێشکەوتنی سیاسی و جڤاکی هەردەم بە لادان لە باوەڕی باو دەست پێ دەکات... کەس نازانێ کام کەمینەیەکی ئەم ڕۆژگارە دەبنە زۆرینەی ئایەندە. ئەوەی مافی کەمینە پێشێل بکات جڤات دەخاتە باریکی مەنگەوە. لەبەر ئەوە ئازادی گیانەکی و پاراستنی کەمینە دۆزێکی یەکجار پێویستە بۆ فراژووتنی جڤات». Ny chans för liberalismen, Stockholm 1971

[5] - بەرهەمەکانی John Rawls ئەمانەن: *A Theory of Justice*, 1971 و *Political Liberalism* ـلەم بەشەدا کە دەربارەی Dworkin و Rawls ـە سوودم لەم دوو بەرهەمە وەرگرتووە:

Håkan Holmberg, *Liberal ideologi*, Stockholm 1986,
Svante Nordin, *Rättvisan och den politiska realismen*. SvD nov. 1993.

دیکە John Rawls بەڵگەکاریی مافی سروشتەکیی گرتۆتە بەر. ئەمیان مێتودی سەدەی هەژدەیەم و شۆڕشی فرانسی هەڵگرتۆتەوە بۆ پشتیوانی لە دیمۆکراتی.

John Rawls لە کتێبی «تیۆرییەک دەربارەی دادگەری» ـدا، لە بیرۆکەی «پەیمانی جڤاکی» دەدوێ، لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا فەیلەسووفان تیۆریی مافی مرۆڤ و سەروەریی گەل — یان دەبردەوە بۆ پەیمانێکی بیرکرد لە نێوان تاکەکەساندا دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی جڤات و چۆنیەتیی دەزگەی فەرمانڕەوا. نموونەی هەرە ناودار پەیمانی جڤاکیی فەیلەسووف جۆن لۆک John Locke ـە. لەمیاندا وا دانراوە تاکەکەسان، دەوڵەت بەو مەبەستە دادەمەزرێنن ببێتە دەستەبەری مافی سروشتەکیی خۆیان. ئەم مافانە بە بۆچوونی لۆک مافی «ژیان، ئازادی و موڵکایەتی» بوون. وەنەبێ Rawls پێی وا بووبێ جڤات لە ڕاستیدا ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر پەیمانی نێوان تاکەکەسان هەڵنرابێ. بەڵکوو ئەم پەیمانە وەک مۆدێلێکی هزری بەکار دەهێنێ: داخوا ئەو پرنسیپانە چی بن لە دۆخێکی بیرکردا چەند تاکەکەسێک «لە پشت پەردەی نەزانینەوە» ڕێک بکەون لەسەری؟ واتە ئەم تاکەکەسانە لەو کاتەدا دوور بن، هەم لە بەرژەوەندی کەسەکی و هەم لە زۆرەملێی دەرەکی. ئەم کەسانە نازانن چ جێیەک، لەو جڤاتەدا کە دایدەمەزرێنن، بەر خۆیان دەکەوێ.

Rawls پێی وایە تاکەکەسان لە دۆخی وەهادا دوو پرنسیپ دەسەلمێنن. یەکەم: هەر هەموو، بێ ئەوەی هیچ دەستەیەک کەمبەش بێ، هەمان ئازادی و مافی بنەڕەتییان هەبێ. دووەم: جیاوازی جڤاکی و ئابووری تەنها ئەگەر لە بەرژەوەندی کەسانی هەرە بێدەرامەتدا بوو ئەوجا دەسەلمێندرێ.

لە بەرهەمێکی درەنگتریدا Rawls بەڵگەکان پتر هەڵدەچنێ. ئەمجارەیان بیر لەوە دەکاتەوە پەیمانێکی جڤاکیی ناوتوێژ (نائاشکرا) Implicit هەبێ دەربارەی تیۆریی دادگەری. Rawls بەمیان دەڵێ: Overlapped Consensus لە جڤاتدا، لە نێوان هەموو «بۆچوونە هۆشەکییەکاندا» بچوکترین بەشی هاوکۆ هەیە. مەرج نییە هەموو ڕێک بن لەسەر دنەدەرە فەلسەفی، ئاکارەکی یان دینیی دادگەری. گرنگ ئەوەیە لە دەراوی هەمووجۆرەوە بتوانن لەسەر ڕێساگەلە فەرمییەکان ڕێک بکەون.

ئەم گوتانە ئەو ڕاوێژی «مەرگی ئایدیۆلۆژی» یەمان دەهێنێتەوە بیر کە لە سەرەتادا باس کرا. Herbert Tingsten ئەو دەمە دەربڕینی وەک «نرخاندنی هاوکۆ» و

«بان ئایدیۆلۆژی» ی بەکار دەهێنا. دیمۆکراتی بووبووە بان-ئایدیۆلۆژیی هاوکۆ لە نێوان ئەو ئایدیۆلۆژیانەی زووتر دژ بەیەک بوون. Overlapped Consensus ی Rawls دەربارەی ماف و دادگەری جۆرێکە لە هەمان بۆچوون. مەبەستی Rawls ئەوە نییە پیشانی بدات کە پرنسیپەکان «دروستن» یان «بەڵگەنەویست» ن. ئەوە لیبەڕالەکانی سەدەی هەژدەمین بوون ئەو لافەیان لێ دەدا. بە بۆچوونی ئەم، ئەو دوو پرنسیپە مادام لەلایەن نێزیکەی هەموانەوە پەسەند بێ، ئەوا بۆ کار پێ کردن دەست دەدەن.

مرۆڤنۆڕی

حوکومڕانیی نوێنەرەکی دان بەوەدا دێنێ کە هەموو کەس بە فەرمی وەک یەک کارامەن لەوەی کار بکەنە سەر سیاسەت. کە کەسانی لیبەڕال دەستیان دایە خەبات لە پێناو مافی گشتیی دەنگ دان، وەها ڕەچاو گیرابوو کە خەڵک کۆ دەبنەوە لە دەوری باوەڕی یەکسانی لە کارامەیی سیاسیدا. ئەم مەرجی یەکسانییە پاش ماوەیەکی کورت نیوەی دیکەی مرۆڤایەتیشی گرتەوە کە ژنە.

میلل John Stuart Mill هەر زوو لە بواری مافگەلی سیاسی و جڤاکیدا داوای یەکسانیی تەواوی ژن و پیاوی کرد[6]. کەسانی لیبەڕال پێشەنگ بوون لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافی ژنان.

هەم لە لیبەڕالیزمی ئابووری و هەم لیبەڕالیزمی جڤاکیدا بڕوایەکی پتەو هەیە بەوەی تاکەکەسان توانایان هەیە بەرژەوەندی خۆیان هەڵسەنگێنن و ئەنجامی ڕێبازی کردەوەی هەمەجۆر بەراورد بکەن. هۆشیاربوونی خەڵک یەکێکە لە شامەرجەکانی سوودخوازەتی. لە سەدەی نۆزدەیەمدا، زۆر لە لیبەڕالەکان ترسیان لەوە بوو

[6] *On the Suebjction of Women*، بڕوانە تەرجەمە سوێدییەکەی: *Quinnans underordnade ställning,* 1869.

هەلومەرج هێشتا لەبار نەبن. میلل خۆشی یەکێک بوو لەوانەی ترسی لە «نەزانین و بەتایبەتی خۆویستی و دڕندەیی ئاپۆڕە» هەبوو. لەبەر ئەوەی داوای سیستەمێکی دەکرد دەنگی سەرباری تێدا بێ بۆ ئەو کەسانەی خاوەن خەسڵەتی تایبەتین، ئەمیان هەنگاوێکی ئاشکرا بوو پشتەو پرنسیپی مافی گشتیی دەنگ دان. وا دیارە، لەو دەمەوە کە مافی گشتیی دەنگ دان جێکەوت، هیچ لیبەڕالێک دەستی لەم داخوازییەوە گیر نەکردووە.

چەمکی یەکسانی، لە دەرەوەی مەودای مافی سیاسی ڕووتیشدا، دەخرێتە کار. Ronald Dworkin ی فەیلەسووف، لە ناساندنی یەکسانیدا دەڵێ: یەکسانی دەکاتەوە مافی هەر تاکەکەسێک کە هەمان ڕێزی ئەوانی دیکەی هەبێ. مرۆڤ دەبێ هەم یەکسان و هەم جیاواز دانرێن. کە دەڵێین مرۆڤ دەبێ یەکسان سەیر بکرێن مانای ئەوە نییە هەردەم وەک یەک مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ. ناوتوێژی ئەو گوتەیە دەڵێ مامەڵەی ڕێک وێکچوو بەرەو جڤاتی کۆنترۆڵداری توندمان دەبات کە تێیدا هیچ کەسێک ناتوانێ «ئاستی گوزەرانی خۆی یان شێوە خەرج کردنی تایبەت بە خۆی هەڵبژێرێ».

وەک لە سەرەوە باسمان کرد، John Rawls باس لەو مەرجانە دەکات کە جیاوازیی ئابووریانە تێیاندا دەشێ پەسەند بکرێ. ئەو پێی وایە جیاوازیی ئابووری بە دوو مەرج بەرپەسەندە. یەکەم: ئەو جیاوازییە گرێدراوی پێگەیەک بێ بۆ هەموان ئاواڵە بێ و خەڵک «دەرفەتی دادگرانەیان وەک یەک بێ» بۆ گەیشتن بەو پێگەیە. مەرجی دووەم ئەوەیە بارودۆخی خەڵکی هەرە لاواز، ئەم جیاوازییە ئابوورییە، چاکتر بێت نەک خراپتر. ئەمانەن ئەو پرنسیپانەی دەبنە سەرچاوەی ڕێسای Rawls کە دەڵێ لە هەموو بارێکی هەڵبژاردندا ئێمە دەبێ ئەو بەدیلە هەڵبژێرین کە ئاستی خەڵکی هەرە لاواز زیاتر چاک دەکات.

Dworkin سەنگێکی گران دەدا بە مافی دەستەبەرکراوی تاکەکەسان. ماف دەبێ وەک «داشەهارەی یاری بێ». دەبێ وەهای لێ بێ کە بڕیاری سیاسی و ئابووری، گەر چاوی لە بەرژەوەندی هەرە لاوازان پۆشی، کارەکەی سەخت، گران یان نەکردە دەرچێ.

## گرنگترین یەکەی جڤات

لیبەڕالیزم وەک بزاڤێک، بە پلەی یەکەم، بۆ ڕزگار کردنی تاکەکەس لە ستەمی دەوڵەتی، هاتە کایەوە. جەخت کردن لەسەر ئەوەی تاکەکەس یەکەم یەکەی جڤاکییە ئێستایش هەر جێگیرە. ئەمە ئەوسا و ئێستایش خۆی لەوەدا دەنوێنێ کە داوای دەستەبەری توند دەکات بۆ ئازادی و مافی تاکەکەس. دەستەبەرەکانیش بە پلەی یەکەم دەبێ دەستووری بن، واتە ئازادی و مافی وەها کە لە دەستووردا تۆمار بن. پێشێل کردنیان بدرێتە دادگە. لەبەر ئەوەشە کەسانی لیبەڕال بەگشتی لایەنگری دادگەی دەستوورین.

لە سەدەی نۆزدەیەم و ماوەیەکی درێژی سەدەی بیستەمدا، کەسانی لیبەڕال فرەوانبوونی هێزی دەوڵەتیان بە یەکەم هەڕەشە دەزانی بەرانبەر ئازادیی تاکەکەس. لەگەڵ ئەوەشدا گومانکارییەکی گشتی لە نێو لیبەڕالاندا هەیە بەرانبەر کۆگەرا Collective و چارەسەری کۆگەرایانە. لەم سەدەیەدا هەتا دەهات پتر بە چاوی ترسەوە دەیاننۆڕییە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی لەو بابەتە، نەک تەنها چڕبوونەوەی دەسەڵات لای سازمانی سیاسی یان دەزگەی دەوڵەتی.

## مێتودی گۆڕینی جڤات

لیبەڕالیزم و سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیست، لە سەدەی بیستەمدا، دەربارەی مێتودی گۆڕینی جڤات، هەڵوێستی تاڕادەیەک وەک یەکیان گرتە بەر. پلەدارەتی Gradualism ی لیبەڕالیزم تەمەندارترە. هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە نوشوستی شۆڕشی فرانسی بووە نموونەی ترسێنەر. سەرەتای شۆڕشەکە ڕەنگی بیروڕای لیبەڕالی زووی پێوە بوو بەڵام بنەتای بە دیکتاتۆریی ئەرتەشی، شەڕ و کۆنەپەرستی گەیشت. شۆڕشی ڕووسی، بۆ ڕیفۆرمیستان بووە نموونەیەکی لەو بابەتە. باشترین داڕشتنی مۆدێرن دەربارەی تیۆریی هەڵنانی پلەدار [هەنگاو بە هەنگاو] ی جڤات، لە ساڵانی 1940 دا، لە لایەن پۆپەر، فەیلەسووفی نەمسایی – ئینگلیز Kar

Raimund Popper ەوە هاتە کایەوە. باوەڕەکانی ئەم بە پلەیەکی بەرز، ڕاستەوخۆ یان تیان، کاری لە لیبەڕالیزم و سۆسیالیستی ڕیفۆرمیستی سەردەمی باش شەڕی جیهانیی دووەم کرد.

پۆپەر پەلاماری پێچەوانەی پلەدارەتی دەدات و ناوی دەنێ «هەڵنانی ئوتوپیای جڤات». ئەمە واتای ئەوەیە مرۆڤ پێشەکی دوائامانجێکی سیاسی دیاری دەکات و بڕیاری ئەو ئامرازانە دەدات کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەکار دێن. پێشەکی نەخشەی «دەوڵەتی نموونە» دەکێشرێ و پاشان دەکەوێتە کار بۆ دامەزراندنی.

پۆپەر پێی وایە یەکەم: ئەم مێتودە ئوتوپیائامێزەی گۆڕینی جڤات داوای «ڕێبەرایەتییەکی سیاسی دەکات کە تەواو لەدەست چەند کەسێکی کەم هەژماردا چڕ بووبێتەوە و ئەمەش بە ئاسانی ڕوو لە دیکتاتۆری دەکات». دژبەڵگەی دووەم ئاماژە دەکات بۆ مەترسیی خەفە کردنی ڕەخنە لە دەمی هەڵنانەکەدا. بەوەش دەرفەتێک نامێنێ بۆ هەڵسەنگاندنی مەبەست: ئەم سیاسەتە ڕووەو نێزیکبوونەوەی ئامانجەکەیە یان نا. بەتایبەتیش کە باس لە ئەنجامی یەکجار دوورەدەست بێ، کە لەوانەیە چەندین نەوە بخایەنێ هەتا پێی دەگەین. ئەوا بەگشتی سەختە مرۆڤ بزانێ ئایا ڕووەو نێزیکبوونەوەی ئەو ئامانجە دەچێت یان نا. خاڵی سێیەم لەوەدایە ئوتوپیزم گۆڕانی بیروڕا و ئیدیال ڕەچاو ناگرێ. «میتۆدی لە پێشدا چەسپاندنی دوائامانجی سیاسی و پاشان کار کردن بۆ ئەو ئامانجە بێنرخ دەمێنێتەوە ئەگەر بسەلمێنرێ کە ئەو ئامانجە، لەو ماوەیەدا کاری بۆ دەکرێ، شایەنی گۆڕینە». خاڵی چوارەم لای پۆپەر دەڵێ هیچ مێتودێکی هۆشەکی نییە هەتاهەتایە یەک ئامانجی سیاسی دیاری بکات: «ئەمەیان وەها دەگەیەنێ کە هەر جیاوازییەکی بیروڕا لە نێو ئوتوپیستاندا — هەڵبەتە ناکۆکیی وەها ناکرێ بە بەڵگەی هۆشەکی چارە بکرێ — دەکاتەوە بەکار هێنانی زمانی هێز لە بری بەڵگەی ئۆبژەکتیڤ، واتە دەبێ درێی بڕیار بچەسپێنێ».

بەرانبەر ئەو گۆڕانکارییە سەرلەبەرەی جڤات، پۆپەر، هەڵنانی پلەداری جڤات دادەنێ. لەمیاندا زۆر چاک دەشێ «وێنەیەکی ڕوون» ی جڤاتی مەبەست ببێتە ڕێنموو نەک دۆخێکی ئیدیالی قاڵەبگرتوو. مەبەستی ئەم مێتودە لەوەدایە کە «بگەڕێ بەدوای گرفتی جڤاکی هەرە گەورە و هەرە لەپێش و چارەیان بکات نەک بە دوای دۆخی نموونەییدا بگەڕێ و خەباتی بۆ بکات». بیرکردنەوەی هۆشەکی و گەیشتن بە

باوەڕێکی هاوکۆ دەربارەی پلانێک بۆ چارە کردنی بارێکی لەنگ گەلێک ئاسانترە لەوەی دەربارەی پلانێک بێت بۆ جڤاتێکی ئیدیال. ئەگەر هەوڵی چارە کردنی گرێیەک ژێرکەوتوو بێ، بەدئەنجامی کەمتر دەبێ لەوەی پلانی گۆڕانکارییەکی سەرلەبەر ژێرکەوتوو بێ. جگە لەوەش چارە کردنی بەدئەنجامەکانیش ئاسانترە.

کەواتە شابەڵگەی پلەداریەتی ڕەخساندنی دەرفەتە بۆ هاوباوەڕی، مێتودی دێمۆکراتانە و گۆڕینی جڤات، بێ بەکارهێنانی دڕیی.

دەبێ بشڵێین کە پۆپەر سنووری بەکارهێنانی مێتودی شۆڕشگێڕانە و دڕیی سیاسی بە ڕوونی دەستنیشان کردووە. ئەمانە پەسەندن گەر لە پێناوی خستنی ڕژێمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی دەزگەی دێمۆکراتیدا بن. ئەوجا کە ئەم مەرجانەی هەڵهێنانی پلەداری جڤات ڕەخسان هەم لیبەڕاڵ و هەم سۆسیالیستی ڕیفۆرمیست دەبنە نەیاری مێتودی شۆڕشگێڕانە.

## شێوازی حوکمڕانیی سیاسی

داکۆکیی کلاسیک لە دێموکراتیی نوێنەرەکی Representative Government ڕیشەی لە بەرەی لیبەڕالدایە و تەمەنی لە سەد ساڵ تێپەڕیوە. بەرهەمەکەی میلل John Stuart Mill کتێبی «چەند تێبینییەک دەربارەی حوکومڕانیی نوێنەرەکی» *Consideration on Representative Government (*1861*)* ئێستایش لە بواری تیۆری دێمۆکراتیدا بە باشترین ڕانواندنی پێوەرەکی دادەنرێ.

میلل و کەسانی لیبەڕال دەیانویست وێنەیەکی سیاسی لە بازاڕی ئابووری هەڵگرنەوە، واتە «بازاڕی سیاسی» پێک بێنن کە هەموو کەسێک تێیدا دەرفەتی هەبێ بازاڕی خۆی گەرم بکات. ئامرازیش لێرەدا مافی گشتیی دەنگ دان بوو. لە سیستەمی «یەک مرۆڤ، یەک دەنگ» دا دەبا بازاڕی سیاسیی تاکەکەسان هاوسەنگ بێ.

میلل پێی وا بوو شێوازی حوکومڕانیی نوێنەرەکی و مافی گشتیی دەنگ دان لەبەر چوار هۆ «باشترین حوکومڕانیی ئیدیالە». ئەمیان لە هەموو شێوازەکانی دیکە پتر دەرفەتی گەشە کردن دەڕەخسێنێ بۆ «خۆڕاستاندن» ی تاکەکەسان و پێشکەوتنی باری ئابووری و ماددیی جڤات. ئەمیان هەستی هاوکۆیی و گیانی وەڵاتی دروست دەکات.

خۆڕاستاندنی تاکەکەس هاوواتایە لەگەڵ فراژووتنی کەسایەتی. گریمان دەسەڵاتێکی سەرتەڵی بافەرهەنگ بەڕاستی لە دروست بوون بێت، حوکومڕانییەک لەوانەی لە هەموان بافەرهەنگتر و زیرەکتر بن، لە مرۆڤی هەرە بەرزی بەخەیاڵدا بێت، ئەنجامەکەی چی دەبێت؟ دەبێتە حوکومڕانیی تاکەکەسی خاوەن توانای بان — مرۆڤانە، کە خەریکی گەلێکی هۆش - پاسیف دەبێت. میلل دەپرسێ: چ جۆرە خەڵکێک لە سایەی ڕژێمی وەهادا پەروەردە دەکرێ؟ نەک هەر زیرەکییان دەخنکێت، لەبەر ئەوەی سوودی لێ وەرناگیرێ، بەڵکوو دونیای هەست و فراژووتنی ئاکارەکیشیان زیانی لێ دەکەوێ. «ئەگەر مرۆڤ بۆی نەبێ هیچ بۆ وەڵاتەکەی خۆی بکات لە ئاست وەڵاتەکەیدا خەمسارد دەبێ». حوکومڕانیی سەرتەڵ، ڕێگەی خەسڵەتی پاسیف خۆش دەکات. حوکومڕانیی گەلێر دەرفەت بۆ کەسایەتیی چالاک و سەربەخۆ خۆش دەکات.

پێشکەوتنی ئابووری و بیرکاری بە بۆچوونی لیبەڕالانەی میلل بەرهەمێک نین لە خزمەتەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە بکەونەوە. ئەمانە بەرهەمی هەوڵدانی خەڵک خۆیانە. بەتایبەتی پێشکەوتنی زانستی و بیرکاری لەو کەسانەوە پەیدا دەبن کە بلیمەتن و خاوەن توانایەکی بیرکارانەی بەرزن و هێز و توانای ئەوەیان هەیە بەرەنگاری بۆچوونی باو ببنەوە. ڕێک لەبەر ئەوەیە میلل وەها بە توندی داکۆکی لە ئازادیی گیانەکی دەکات، لە ئازادیی لادان لە شێوە بیر کردنەوەی جێکەوتە. بەڵام میلل ئەوەش دەڵێ کە بەرزی و فرەوانیی تەژەندی گشتی، پەیوەستی فرەوانی و فرەڕەنگیی ئەو هێزەی مرۆڤە کە ئاڕاستەی خۆش کردنی ئەو تەژەندن.

گیانی وەڵاتی و هەستی هاوکۆ، تەنیا زادەی حوکومڕانیی دێمۆکراتن. ئەمانە تەنها بەوە پەیدا دەبن گەل دەرفەتی بەشداربوونی چالاکی هەبێ. میلل دێمۆکراتیی ناونابوو «فێرگەی گیانی گشتی». کەواتە تەنها ئازادی و مافی گشتیی دەنگ دان نەبوون کە

گرنگ بن. بەشداربوونی چالاکی وەڵاتیانیش پێویست بوو. میلل بە پلەی یەکەم بیری لای خۆفەرمانیی کۆمیونانە بوو، کە هەر زۆر زوو لە ئینگلاند گەشەی سەند. کاتێک مرۆڤ کارێکی فەرمی ئەنجام دەدات دەبێ بەرژەوەندیی دیکە ڕەچاو بگرێ نەک بەرژەوەندی خۆی، دەبێ بەرژەوەندی هەمەجۆر بەیەک بگرێ و هەوڵی چاکەی گشتی بدات.

«ئەو کەسە دەبێ خۆی بە بەشێکی جڤات بزانێ و هەرچی بۆ چاکەی جڤاتە بە چاکەی خۆی دابنێ. گەر ئەم فێرگەیەی گیانی گشتی نەبێ هەستێکی وەها پەیدا نابێ تاکەکەسان بەرانبەر جڤات خۆیان بە خاوەن ئەرک بزانن مەگەر ئەوەندەی گوێڕایەڵی دەستووران بن و سەر بۆ حکوومەت فروو بێنن. هیچ هەستێکی ناخۆویستانەی یەکیەتی لەگەڵ گشتدا پەیدا نابێ. هەموو بیر و هەستێک، هەم لە بواری بەرژەوەند و هەم لە بواری ئەرکدا، جێ بۆ سەروکاری خۆیی و بۆ خێزان چۆڵ دەکەن. مرۆڤ هەرگیز بیر لە شتێک ناکاتەوە لە بەرژەوەندی هاوبەشی جڤاتدا بێ، یان لە کارێکی لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بیکات، بەڵکوو تەنها لە پێشبڕکێدایە لەگەڵ ئەوانەی دیکە و زۆر جاریش دژ بەوان».

میلل بەڵگەیەکی دیکەش بۆ دیمۆکراتی دەهێنێتەوە، ئەمیان دەشیا لە گوتەکانی Bentham ی پێش خۆیشی بهێنرێتەوە: ماف و بەرژەوەندی هەر کەسێک تەنها لە بارێکدا کە ئەو کەسە خۆی توانای هەبێ و بەردەوام ئامادە بێ داکۆکییان لێ بکات، لە پێشێل کردن دەپارێزرێن. میلل ئەم بەڵگەیە بەتایبەتی بۆ بەرگری لە مافی دەنگ دانی کرێکارانی پیشەسازیی ئینگلیز بەکار دەهێنێ.

لە سەدەی بیستەمدا، لە نێوان لیبەڕال، کۆنەواران و سۆسیالیستی ڕیفۆرمیستدا، کێشە لەسەر دیموکراتیی نوێنەرەکی نەما. کێشە زۆربەی جار لەسەر هەلومەرجی بەردەوامبوونی دیمۆکراتیی نوێنەرەکی پەیدا دەبوو، بەتایبەتی لەسەر پەیوەندیی نێوان دیمۆکراتیی نوێنەرەکی و ئابووریی بازاڕ Market Economy بە مافی موڵکایەتیی کەسەکییەوەی.

خەبات لە پێناو ئابووریی بازاڕدا، وەک مەرجێک بۆ بەردەوامبوونی دیمۆکراتی لە لایەن Friedrich Hayek (مردەی ساڵی 1992) هاتە کایەوە. ئەم ئابووریکارێکی نەمسایی بوو، لە ئینگلاند دەژیا. ڕەخنەکانی خۆی بەرانبەر ئابووریی نەخشەدار

Planned Economy ساڵی 1943 لە بەرهەمێکدا بە ناو: «ڕووەو کۆیلەستان» بڵاو کردەوە. Hayek پاشان خەڵاتی نۆبێلی لە ئابووریدا وەرگرت.

ئابووریی نەخشەدار، بە بۆچوونی Hayek، لە سێ ڕووەوە دژ بە دیمۆکراتی بوو:

1 -پلانێکی ئابووری کە هەموو جۆرێکی بگرێتەوە ناکرێ لە پەرلەماندا بخرێتە ژێر تاوی هەڵسەنگاندنێکی سیاسی ئاسایی و چوست. پلانەکە یەکجار ئاڵۆزە، هەموو بەشەکانی ترنجاوی یەکترن. سازان و گۆڕینی لایەنێک لەوانەیە هەموو پلانەکە تێک بدات. هەڵسەنگاندنی پەرلەمان دەبێتە کارێکی ڕواڵەتی بۆ پەسەند کردن یان ڕەت کردنەوەی سەرلەبەری پلانەکە.
2 -دەسەڵاتی ڕاستی لە دەست حکوومەت و بیرۆکراتیدا چڕ دەبێتەوە. فەرمانی بیرۆکراتانە خەسڵەتی دەستوورەکی دەگرنە خۆ.
3 -بەرهەڵستیی ڕێکخراو دژ بە ناوەڕۆکی پلانەکە بەئاسانی لەلایەن فەرمانڕەوایانەوە بە سەبوتاژ (تێکدان) دادەنرێ. لە ڕێی چڕبوونەوەی دەسەڵاتەوە، تاوانبار کردنی بەرهەڵستان، گەر بە فەرمیش نەبێ ئەوا بە کردەوە، ئاسان دەبێ و بەو جۆرەش ئازادیی سیاسی لەناو دەبرێ.

لە سوێد Herbert Tingsten ڕەخنەکانی Hayek ی هەڵگرتەوە. ئەم خۆی پرۆفیسۆری دەوڵەتناسی بوو لە ستۆکهۆلم. تینگستێن بۆ خۆی دەستی لە سۆسیال دیمۆکرات هەڵگرت و بووە لیبەڕاڵ لەبەر ئەو ترسەی هەیبوو لە ئەنجامگەلی ئابووریی نەخشەدار. لە کتێبی «کێشەی دیمۆکراتی» ,Demokratins Problem 1945 دا تێنگستێن بەتایبەتی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە ئابووریی نەخشەداردا چەند ئاسانە ڕۆژنامەی بەرهەڵست دەمکوت کرێن: دابەش کردنی کاخەز لە ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایان دایە.

وەک لە بەشی داهاتوودا دەردەکەوێ لیبەڕالانی ئەم سەردەمە ئێستایش بەڵگەکانی Hayek بە ڕەوا دەزانن. ئەمانە نایسەلمێنن ئابووریی نەخشەدار جێ بە ئابووریی بازاڕ چۆڵ بکات. لە گفتوگۆی لیبەڕالی ئەم بیست ساڵەی ڕابردوودا جەخت لە سەر دوو شاپرنسیپ دەکرێ:

یەکەم: هەوڵ دراوە میکانیزمی بڕیاردانی دیمۆکراتی لەم ڕێیانەوە بێتە گۆڕین: ناسەنترالاندن، یەکەی سیاسیی بچووک، گەلپرسی (ڕیفراندۆم) ی گشتی و فرەواندنی دەرفەتی پەیوەندیی نێوان نوێنەر و دەنگدەر لە ماوەی نێوان دوو هەڵبژاردندا. ئەم ڕێبازە لە سیاسەتی پارتایەتیدا نێونرا «دیمۆکراتیی نێزیک».

دووەم: کەم بوونەوەی بڕوا بەوەی دامودەزگەی فەرمی بتوانێ ئەو کارگێڕییەی وەڵاتیان دەیانەوێ بگرێتە دەست. لەم خاڵەیاندا لیبەڕالیزمی جڤاکی ڕەخنەی نوێلیبەڕالیزمی هەڵگرتەوە. پەیڕەوانی لیبەڕالیزمی جڤاکی داوا دەکەن کارگێڕیی فەرمی بخرێتە ژێر ڕکابەریی نێوان دەزگەی فەرمی و ئەهلییەوە. بەڵگەش لێرەدا ئەوەیە تاکەکەس دەرفەتی هەڵبژاردنی زیاد دەبێ.

## سازمانی ئابووری

وەها باوەڕی ئابووریی لیبەڕالزم بەم لایەنانەوە بناسێنرێ: ئابووری بازاڕ، ئامرازی بەرهەم هێنانی ئەهلی بێت و ڕێ بگیرێ لەوەی بازاڕ بخرێتە ژێر ڕکێفی سیاسەتەوە. وەلێ لە سەدەی بێستەمدا گۆڕانکاریی گرنگ هاتنە کایەوە:

بەرەنگاربوونەوەی دەست تێوەردانی سیاسەت لە ئابووریی بازاڕەوە خەسڵەتێکە لە لیبەڕالیزمی سەدەی بیستەمدا جێگیر بووە، هەر لەم خاڵەشدا لیبەڕالیزم زیاتر گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە. بەر لە هەر شتێک دەبێ جۆرە جیاوازەکانی گۆڕانکاری لەیەک جودا بکەینەوە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پشت کرایە باوەڕی Laissez Faire. لیبەڕالیزمی ئەو دەمە ڕووی خەباتی کردە ڕیفۆرمی جڤاکی و قانوونیی وەها کە چارە بۆ ئەنجامە جڤاکییەکانی ئابووریی بازاڕ بدۆزێتەوە و ڕێیان لێ بگرێ. تێکبەستنی نێو بازاڕی کار (کە دەکاتەوە یەک گرتنی کۆمپانیا گەورە)، گەرچی لە تیۆریی ئابووریدا بە پاوان (مۆنۆپۆڵ) دادەنرا و دەبا قەدەغە بکرێت، لەلایەن لیبەڕالیزمەوە سەلمێندرا.

له بیست و سییه‌کانی سه‌ده‌ی بیسته‌مدا، لیبه‌ڕالی وه‌ک که‌ینز John Maynard Keynes له ئێنگلاند و ئۆلین Bertil Ohlin له سوێد مێتودی تیۆریانه‌یان داڕشت بۆ دارماڵ کردنی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی دۆخی ئابووری واته پێش گرتن له سه‌ختانگی ئابووری.

زووتر لیبه‌ڕالیزم باوه‌ڕی وه‌ها بوو که سه‌ختانگ شێوازێکی «خۆڕسک» ـه بۆ خۆده‌رمان کردنی ئابووری. ئه‌م تیۆرییه نوێیه نۆره‌یه‌کی چالاکی دا به ده‌وڵه‌ت و سیاسه‌تمه‌داران ده‌ستکاری دۆخی ئابووری بکه‌ن. ئه‌میشیان له ڕێی دارماڵ کردنی بڕی پاره‌وه، پارسه‌نگ کردنی بودجه و گه‌یاندنی مووچه‌ی کارمه‌ندانی ده‌زگه‌ی فه‌رمی به ئاستی مووچه‌ی بازاڕ. پاش شه‌ڕی جیهانیی دووه‌م ئه‌م سیاسه‌ته له ئه‌ورووپای ڕۆژاوا و ته‌نانه‌ت له کۆوه‌ڵاتی ئه‌مه‌ریکا USA شدا به‌گشتیی سه‌لمێندرا. واته ده‌زگه‌ی ده‌وڵه‌تی که‌وته به‌رهه‌م هێنانی کارگێڕی و کاڵا، ئه‌و ده‌زگه‌یانه‌ش به پاره‌ی باجی سه‌رکه‌وته ده‌بران به‌ڕێوه.

باجی سه‌رکه‌وته ده‌کاته‌وه ده‌ست تێوه‌ردانێکی فره‌وان له دابه‌شینی ئه‌و داهات و سامانه‌ی بازاڕ ده‌یدات. لیبه‌ڕالان له‌م خاڵه‌دا دووچاری گرفتێکی هه‌ڵبژاردنی دژوار بوون. له‌لایه‌ن نه‌ریتی بیری لیبه‌ڕال، له نێوه‌ڕاستی ساڵانی 1850 وه داوای ده‌کرد تاکه‌که‌سان ده‌رفه‌تی ده‌ست پێکردنیان له ژیاندا تاڕاده‌یه‌ک وه‌ک یه‌ک هه‌موار بێ. مه‌به‌ست له‌مه‌ش ته‌نها لایه‌نی ده‌رفه‌تی خوێندن نییه. هه‌ر زوو میلل ته‌واو نێزیک بوو له‌وه‌ی مافی میرات ڕه‌ت بکاته‌وه. ئه‌و ده‌یگوت مرۆڤ له میراتدا ده‌بێ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی به‌رکه‌وێت خوێندن و گوزه‌رانی هه‌تا ته‌مه‌نی ڕسکان ده‌سته‌به‌ر بکات، نه‌ک زیاتر.

له لایه‌کی دیکه‌وه ده‌شێ بڵێین که‌سانی لیبه‌ڕال گه‌شه‌ندی ئابووری به یه‌که‌م ئامانجی ئابووریی خۆیان داناوه. مه‌رجی گه‌شه‌ندی ئابووری، به دیدی لیبه‌ڕال، له‌وه‌دا بوو که ده‌ست پێشخه‌ری و هه‌وڵدانی ئابووری ده‌بێ خه‌ڵات بکرێ. هه‌تا ئێستایش، بۆ چاره کردنی ئه‌م دووڕیانه ئایدیۆلۆژییه، وا باو بووه گه‌شه‌ندی ئابووری بخرێتر پێش دارماڵ کردنی ئابووری. باج گرتن نابێ هێنده توند بێ زیان به «هێزه

تەژەندهێنەکان» بگەیەنێت[7]. بەڵام لیبەڕالانی جڤاکی لە 1970 کاندا لەوە دەچوو دارماڵ کردنی ئابووری هەڵدەنەوە بەسەر گەشەندی ئابووریدا، بڕوانە ئەم ڕاگواستیەی Karl-Hermann Flach ی ئایدیۆلۆژیستی لیبەڕالی ئەڵمانی:

«هەر بارە و ئەزموونی خۆی دەویَ. ئایا هێزی بزوێنەری چالاکیی ئەهلی هێندە بەنرخە بۆ پێشکەوتنی گشتیی ئابووری کە ناچار ببین، لەبەر ئەوەی چوستە، چاو بپۆشین لەو بێدادییە دەبێتە زادەی ئەو هێزە؟ یان ئایە چڕبوونەوەی موڵکایەتیی ئەهلی هیندە خەتەرناکە کە بەڕاستی دەبیَ مەترسیی لەدەستچوونی بەشێک لەو زەبرە پەسەند بکەین لە پێناوی دابەشینێکی باشتری دەسەڵات و دادەگەریەکی فرەوانتر».
*Ny chans för liberalism.*

ئوتوپیا

لە سەدەی هەژدەم، لەو دەمەی لیبەڕالیزم تێیدا زا باوەڕی پێشکەوتن و گەشبینایەتیی فراژوتنی تاڕادەیەک بێسنوور، باو بوو. بیر کردنەوەی نویَ، زانست و جڤاتناسی دەبا لە باری ماددی، گیانی و سیاسییەوە مرۆڤایەتی بەرەو بێگەردی کێش بکات. یەکێک لە پێشەنگانی ڕۆشنگەری باوەڕی خۆی بە ئایەندە لەم سیَ خاڵەدا کۆ کردەوە: «بنەبڕ کردنی جیاوازیی نێوان میللەتان، پێشکەوتنی یەکسانی لە نێو میللەتدا و بێگەردیی دروستی مرۆڤایەتی»[8]. مرۆڤ بە خۆی و خەسڵەتگەلی

---

[7] Olof Wennas لە بەرهەمێکیدا بە ناوی *Ohlin, Folkpartiet och socialismen*, Stockholm 1970. پێشانی داوە کە ئەم بۆچوونە لیبەڕالیزمی سوێدی دەگرێتەوە.

[8] بڕوانە:
Antoine de Condorcet, *Utkast till en historisk översikt över det mänskliga tänkandets framsteg.*
کۆندۆرسیَ بەر لە 1789 لە ئەکادیمی فرانسەدا سکرتێر بوو، پاشان بووە بێژەری ئەنجومەنی میللی. ساڵی 1793، کاتێک بە بیانووی دوژمنایەتیی شۆڕش ڕاودەنرا، کەوتە نووسین دەربارەی گەشەی ئایەندە. دوابەشی ئەو کتێبە لە ئۆنتۆلۆگییەکی لیدمان S.E. Liedman دا تەرجەمە کراوە، بڕوانە:

جڤاکییەوە ئامادەی «چاکتربوونی بێسنوور» بوو. کۆندۆرسێ پێشبینی «بنەبڕ کردنی تەواو» ی ئەو پێشداوەرانەی دەکرد کە دەبنە هۆی ئەوەی نێر و مێ مافی جیاوازیان هەبێ. «ڕیشەی ئەو جوداوازییە لە بەدبەکار هێنانی هێزدایە. هەر گەڕانێکی دیکە بە دوای هۆی دروستاندنی ئەم پرنسیپە کە بیگەڕێنێتەوە بۆ جوداوازیی ئۆرگانیزمی لەشەکی، توانای بیرکاری یان هەستی ئاکارەکی، دەبێتە گەڕانێکی ناکام. ئەوە ڕیشەی لە بەدبەکار هێنانی هێزدایە».

لە سەدەی بیستەمدا پاراستنی پێشکەوتنی بێسنوور سەختتر بوو. چ لیبەڕالێک نەما بڕوای بە چارەی بێگەرد یان سازمانی جڤاکیی بێگەرد هەبێ. ئاوازێکی دەستەمۆبوون لای Karl-Hermann Flach دەبیستریێ: «وا پێ دەچێ مرۆڤ هێندە نە ڕسکا بێ بتوانێ سیستەمی تەواو لیبەڕالی وەها کە لە پراکتیکیشدا کارا بێ، هەڵنێت». گرفتی نوێی پێشبینی لێ نەکراوە هەردەم سەر هەڵدەدەن. تەنانەت جڤاتی نوێتر و باشتر بەردەوام گرفتی نوێی لێ دەزێتەوە. Flach وەهای دەردەبڕێ: «تەنانەت دیالەکتیکی لیبەڕال ئەوەی کردۆتە دەراو کە تێز Thesis و ئەنتیتێز Antithesis دژ بەیەک دەوەستن، لە سینتێز Synthesis دا یەک دەگرنەوە و بەوەش تێزی نوێ دروست دەکەن و ئەمانیش لەلای خۆیانەوە دەبنە مایەی پەیدابوونی ئەنتیتێزی نوێ. بەڵام بەپێچەوانەی مەتێریالیزمی دیالەکتیکانەی لە ڕێدەرچووی ئەم زەمانە دیالەکتیکی لیبەڕال بێپسانە. بە بۆچوونی لیبەڕال نە چارەی سیاسیی کۆتا هەیە و نە دۆخی جڤاکیی کۆتا. ناکۆکی نە لە ئاستی مرۆڤایەتیدا و نە لە ئاستی جڤاکیدا بنەبڕ نابن. ئەوپەڕەکەی دەبنە جۆرێکی دیکە».

---

Liedman, S.E., *Från Machiavelli till Habermas. Texter i politisk idéhistoria i urval med inledningar och kommentarer.* Stockholm 1992.

3-کۆنەوارەتی

بیریاری هاوچەرخی ئینگلیز Quintin Hogg دەڵێ کۆنەوارەتی پتر دید Attitude ە لە ناخی ئادەمیزاددا وەک لەوەی ئایدیۆلۆژی بێت. «نۆرەی سەرامەد (نەمر) و تەواو بەسوودی کۆنەوارەتی لەوەدایە بە ناوی نەریتەوە دەبێتە ڕەخنەگر و تێکدەری زرەباوەڕی نوێباو»[9].

کۆنەوارەتی وەک دژەئایدیۆلۆژی هەڵکشا. شۆڕشی فرانسی بووە هۆی زانی یەکەم و ڕەنگە هەتا ئێستایش باشترین دەربڕین لە کۆنەوارەتی. Edmund Burke تەنها یەک ساڵ پاش 1789 کتێبی *Reflections on the Revolution in France* ی دەر کرد. ئەم بەرهەمە ڕەخنەیەکی بنەڕەتی و یەکجار ڕەوانبێژ بوو لە شۆڕشەکە وەک مێتودێک بۆ گۆڕینی جڤات. هەتا ئێستایش شابیرۆکەی گەش لە کۆنەوارەتیدا ئەوەیە دەڵێ جڤات دەبێ وردەوردە، لە دەراوی هەم ئەزموونی مێژووکرد و هەم نەریتی سیاسیی میللییەوە، بێتە گۆڕێن.

فراژووتنی بیری کۆنەوارەتی لە ئینگلاند ڕێگەیەکی گرتە بەر جودا لەوەی ئەورووپا. سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە فرانسە و بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، کۆنەوارەتیی سالارپەرست برەوی هەبوو. پاشایەتی و جڤاتی «بەرەدار» لە دەراوی ئەوەی پێ دەگوترێ تیۆری زیندەڵ Organism ـەوە داکۆکیی لێ دەکرا. دەوڵەت بە لەش دادەنرا و بەرە جیاوازەکان، بەشە هەمەجۆرەکانی لەش بوون. بۆ سەرجەمی لەش هەر بەرەیەک کارکردی (فەنکشنی) گرنگی خۆی هەیە، هەڵبەتە بە پلەی جۆراوجۆر. سەری ئەم لەشە بێگومان پاشا بوو، ویستی دەوڵەت لەمدا کۆ دەبۆوە. پاشا لە تەک خۆی بەرەی بەرزەکارمەندانی هەبوو، ئەمان بە نوێنەری بەرژەوەندی دەوڵەت دەزانران.

کۆنەوارەتیی سالارپەرست پشت ئەستوور بوو بەوەی پێی دەگوترێ فەلسەفەی ئایدیالیساتنەی مێژوو. فەلسەفەی ئایدیالیستانە مێژووکردەکی Historicistic یە. شێوەبەندیی جڤات و ڕێڕەوی مێژوو بە بەرهەمی ویستێکی بەرزتر دادەنرا. مێژوو بە چەندین قۆناخدا تێدەپەڕی، لە قۆناخی نزمەوە بەرەو بەرزتر، ڕووەو دۆخێکی بێگەرد، ڕێ دەکات. ناودارترین نوێنەری کۆنەوارەتیی ئایدیالیستانە و سالارپەرست

---

9 Hogg. *The case for Conservatism*, 1959. پاشان کرایە لۆرد و بوو بە Lord Hailsham.

فەیلەسووفی ئەڵمانی هێگل Georg Wilhelm Friedrich Hegel ـە (مردەی ساڵی 1831). بۆچوونەکانی هێگل لە کۆنەوارەتیی ئەڵمانیای سەدەی نۆزدەیەمدا پێشەنگ بوون، پاشانیش ناسیۆنالیزمی سالارپەرست هەڵی گرتنەوە. ئەو هێزە بەرزەی جڵەوی ڕێڕەوی مێژووی بەدەستە هێگل ناوی ناوە «گیانی جیهان» ئەمەش هەر ناوێکی دیکەیە بۆ خودا. ویستی ئەم گیانە لە سەردەمی جیاوازدا لە گەلی تایبەت و لە خەسڵەتگەلی میللی «گیانی گەل» ی ئەو گەلانەدا خۆی دەنوێنێ. کەواتە میللەتان هەڵگری پەیامێکی مێژووکردن. لە نێو میللەتدا دەوڵەتە دەبێتە بەرجەستەکاری ئەو ئەرکە مێژووکردە. دەوڵەت ئەو هێزە سەردەستەیە یەکیەتیی جڤات ڕادەکرێ، جڤاتیش مەیدانی هەم گوزەرانی کەسەکی و هەم بەرژەوەندیی گرووپانە.

ئازادی، بە ناساندنە ناوداره‌کەی هێگل بێ، دەکاتەوە «دەرک کردنی پێویستی». بە بڕوای هێگل دەوڵەت بەرژەوەندێکی ئۆبژەکتیڤی هەیە، پاشا و توێژی بەرزەکارمەندان نوێنەری ئەو بەرژەوەندەن و وەڵاتیان دەبێ خۆخواستانە سەر فرووی وی بن. کەواتە ئایدیالی سیاسیی هێگل هیچی بەسەر دێمۆکراتییەوە نییە:

«ئازادی وەها ڕادەنوێنرێ کە ویستی سۆبژەکتیڤی هەموو تاکەکەسان بەشداری هەموو سەروکارێکی گرنگی دەوڵەت بێ. ویستی سۆبژەکتیڤ لێرەدا بە دابڕ و کۆتا دادەنرێ. بەڵام سروشتی دەوڵەت بریتییە لە یەک گرتنی ویستی ئۆبژەکتیڤ و ویستی گشتی».

ویستی ئۆبژەکتیڤی دەوڵەت لە بواری دادگەریدا ڕەنگ دەداتەوە. چەمکی «دەوڵەتی دەستوورەکی» سەرچاوە لە هێگلەوە دەگرێ. دەوڵەتی نموونە لای هێگل پاشایەتییەکی هاوچەرخێنراوە لە جڤاتی «بەرەدار» دا. هێگل بەرەی کشتوکاڵ، بەرەی کاسبکاران و بەرەی گشتی لە یەک جودا دەکاتەوە. بەرەی گشتی بریتییە لە چینی بەرزەکارمەندان و ئەرکی ئەوەیە ئۆبژەکتیڤانە و بێلایەنانە باری دادگەری بسەپێنێ.

بیرۆکە یەکەمەکانی هاوئەرکەتی Corporatism لە کۆنەوارەتیی زووی سەدەی نۆزدەیەمدا داڕێژرا. هێگل بیری لە سیستەمێک دەکردەوە هاوئەرکی Corporation ی تێدا بێ، واتە دەستەی هاوئەرکی کە بریتی بێ لە هەم سەرکار و هەم کرێکار.

هاوئەرکان دەبا بە یارمەتیی دەوڵەت ڕێسا داڕێژن بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار، دەرفەتی پیشەزانی (فێربوونی پیشە) و دەستەبەر کردنی کۆمەکی جڤاکی.

فەلسەفەی کۆنەوارەتیی هێگل تاڕادەیەک بە تێروتەسەلی ئاماژەی بۆ کراوە چونکە نۆرەیەکی گرنگی لە مێژووی بیردا هەیە. بەڵام لە گفتوگۆی کۆنەوارەتیی ئەم دەمەدا نۆرەیەکی بەرهەستی وەهای نییە. کۆنەوارەتیی ئەم دەمە نێزیکەی تەواوێک گرێدراوی ئەو نەریتە بریتانییەیە کە Burke بناخەی داڕشت.

کۆنەوارەتیی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دژەئایدیۆلۆژییەک بوو بەرانبەر هەم لیبەڕالیزمی سیاسی و هەم لیبەڕالیزمی ئابووری. کۆنەواران یەکجار بە توندی ڕەخنەیان لە بازاڕی ئازاد و Laissez Faire دەگرت، بەتایبەتی لەبەر ئەنجامگەلی جڤاکییان. «هاوئەرکی» ی هێگل دەربڕینێکی زوو بوو لەو سیاسەتی پێی دەگوترێ کۆنەوارەتیی جڤاکی Social Conservatism.

لە نیوی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا جۆرێکی نوێ لە کۆنەوارەتیی جڤاکی پەیدا بوو. هەنگاوی یەکەم ئەوە بوو کۆنەوارەتیی جڤاکی وردەوردە بیرۆکەی مافی گشتیی دەنگ دانیان سەلماند. شابیرۆکەی دووەم سیاسەتی جڤاکیی دەوڵەتیانە بوو. ئامانجی ئەم سیاسیەتە نوێیە ئەوە بوو چینی کرێکار تێهەڵکێشی هاوبەندیی میللی بێت و بەوەش ڕێ لە شڵەژانی جڤاکی و شۆڕش بگیرێ.

ئەڵمانیای قەیسەرنشین، کە ساڵی 1871 دامەزرا، دەشێ بە مۆدێل بۆ دەوڵەتی کۆنەوارەتیی جڤاکی دابنرێ. لەوێدا هەر لە سەرەتاوە مافی گشتیی دەنگ دان بۆ پیاوان خرایە کار. لە ساڵانی 1880 دا کۆنەواران سیستەمێکی فرەوانیان لە دەستبەری جڤاکی دامەزران. «دەوڵەتی جڤاکی» ی کۆنەواری ئەڵمانی بە پێشەنگی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سەدەی بیستەم دادەنرێ.

وێنە بریتانییەکەی کۆنەوارەتی پێی دەگوترێ «دێمۆکراتیی تۆری» Tory Democracy [بە کۆنەوارانی بریتانی دەگوترێ "تۆری Tory"]. کۆنەواران لەتەک لیبەڕالان پێشبرکێیان بوو لەسەر فرەواندنی مافی گشتیی دەنگ دان و هاوکاتیش داوای ڕیفۆرمی جڤاکییان دەکرد. لە 1880 کاندا، لە ئینگلاند، مافی گشتیی دەنگ دان تەواوێک پیادە بووبوو.

له سەدەی بیستەمدا بەرەی کۆنەوار دژ بە سۆسیالیزم و کۆمیونیزم وەرچەخان. پێشان کۆنەوارەتی لایەنگری لایەنگری دەسەڵاتێکی دەوڵەتیی بەهێز بوو، داوای دەکرد دەوڵەت بازاڕ دارماڵ بکات (ڕێک بخات)، ئەمجارە هاتە سەر ئەوەی نەخشێکی بەهێز لە لیبەڕالیزمی ئابووری وەربگرێ. ئەمجا بە بەڵگەی لیبەڕالانەی وەها کە جاران خۆی دژی بوو، کەوتە بەرپەرچ دانەوەی پەلهاویشتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی و سۆسیالیزم. کاتێک نوێلیبەڕالیزم لە دەوروبەری ساڵانی 1970 دا هاتە پێش و میراتی فیکریی سمیت Adam Smith ی هەڵگرتەوە، لای زۆربەی پارتە کۆنەوارەکان سەلمێندرا، بەڵام نەک لای هەموان. لە 1980 کاندا، لە نێو پارتی کۆنەواری بریتانیدا، نەریتی «دێمۆکراتیی تۆری»، واتە کۆنەوارەتیی جڤاکی، بە تەوژمی بیری نوێلیبەڕال پاشەکشەی کرد.

دەشێ سێ شامەیل [مەیل tendency] ی تاڕادەیەک دژ بەیەک لە کۆنەوارەتیی سەدەی بیستەمدا جودا بکەینەوە. مەیلی یەکەم ئەو کۆنەوارەتییەیە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە لیبەڕالە. مەیلی دووەم «کۆنەوارەتیی جڤاکی» یە. مەیلی سێیەم «کۆنەوارەتیی بەها» یە. لە سکاندیناڤیا بەمیان دەگوترێ «کۆنەوارەتیی فەرهەنگی». کۆنەوارەتیی جڤاکی و کۆنەوارەتیی فەرهەنگی زۆر جار یەک دەگرنەوە[10].

پارتە مەسیحی – دێمۆکراتەکانی ئەورووپا لەم بابەتەن، ئەمانە پارتی کۆنەوارن و دیدی بنەڕەتییان بەرانبەر ئاکار و ئاکارناسی مەسیحیانەیە.

«کۆنەوارەتیی بەها» سوورە لەسەر ئەوەی دەوڵەت دەبێ نرخاندنی جڤاکی دیاریکراو و پێوەری ئاکارناسانەی دیاریکراو بپارێزێ. دانانی خێزان بە یەکەی بنەڕەتیی جڤات

---

[10] دوو تۆژکاری سوێدی لەم ڕوانگەیەوە لە پارتی کۆنەواری سوێد وردبوونەتەوە. Jan Hylén پێی وایە بۆچوونەکانی ئەم پارتیە تەواو بوونەتە لیبەڕاڵ. بەڵام Stig-Björn Ljunggren پێی وایە پارتیەکە توانیویەتی تێهەڵکێشێکی کۆنەوارەتیی جڤاکی، لیبەڕالیزم و کۆنەوارەتیی فەرهەنگی پێک بێنێ. کارنامەکەی Hylén بەم ناونیشانەیە:

*Fosterlander främst? Konservatism och liberalism inom högerpartiet 1904- 1985.* Stockholm 1991.

کارنامەکەی Ljunggren بەم ناونیشانەیە:

*Folkhemskapitalismen. Högerns programutveckling under efterkrigstiden.* Stockholm 1992.

نموونەیە لە نرخاندنی جڤاکی. دەوڵەت دەبێ دیدی مەسیحایەتی دەربارەی ماف و ئاکار بپارێزێ. پەرۆشی میراتی فەرهەنگی بێت و ژینگەی فەرهەنگی بپارێزی. لەم بوارانەدا کۆنەوارەتیی بەها داوای دەسەڵاتێکی بەهێزی دەوڵەتی دەکات و داوای دەست تێوەردانی کاریگەری لێ دەکات.

پاش شەڕی جیهانیی دووەم چەند جارێک هەوڵی نوێ کردنەوەی کۆنەوارەتی دراوە و کۆنەوارەتیی بەها لەو هەواڵانەدا نەخشی هەبوو. هەم لە 1950 کاندا و هەم لە 1970 کاندا بەو تەوژمانە دەگوترا «نویکۆنەوارەتی». لە فەرانسە ڕێبازێکی فەلسەفیی تایبەت زا و خۆی ناونا «ڕاسترەوی نوێ la Nouvelle Droite».

لێرەدا سوود لە Peter Viereck و Russell Kirk، وەک دوو نوێنەری شەپۆلی یەکەم، وەردەگرین. ئەمان خۆیان بە میراتگری Edmund Burke ی مامۆستای بیری کۆنەوارەتی دادەنا.

شەپۆلی دووەمی نوێکۆنەوارەتی لە 1970 و 1980 کاندا پەیدا بوو. چەندین نووسەری ئەم نوێکۆنەوارەتییە تەواو سەرگەرمی دژایەتی بزاڤی چەپایەتیی 1960ـەکان بوون. بەشێکیشیان زووتر مارکسیست بوون، وەک Irving Kristol لە کۆوەڵاتی ئەمەریکا. لە ئێنگلاند Roger Scruton ی فەیلەسووف و Lincoln Allison ی دەوڵەتناس هەڵکەوتن. جڤاتناسی ئەمریکیش Roger Scruton[11] نووسەرێکە دەشێ بڵێین سەر بە هەر دوو شەپۆلی نوێکۆنەوارەتییە.

لە نێو ئەم نووسەرانەدا ئادگاری لیبەڕالیزمی ئابووری یان نوێلیبەڕالیزم دیار نییە، مەگەر بە دەگمەن. بە پێچەوانە، زۆربەیان هەوڵ دەدەن ئاوەڕ لە میراتی ئەو بیرە کۆنەوارە بدەنەوە کە ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ Edmund Burke و هەوڵیش دەدەن لە جڤاتی ئەمڕۆدا بیخەنە کار. مەیلی ڕوو لە ژینگەپارێزی لە نێویاندا بەهێزە.

---

[11] لێرەدا سوود لەم تێکستانەی ئەو نووسەرانە وەرگیراوە:

Viereck, *Shame and Glory of the Intellectuals* (1959);
Kirk, *A program for Conservatives* (Chicago 1959);
Scruton, *The meaning of Conservatism* (London 1980);
Allison, *Right Principles* (Oxford 1984);
Nisbet, *The Twilight of Authority* (London 1976).

نوێکۆنەوارانی 1950 کان لەوەدا کە لە ڕوانگەیەکی ژینگەپارێزییەوە ڕەخنە لە جڤاتی پیشەساز بگرن، پێشەنگ بوون.

شانرخاندن

زۆر جار دەگوترێ گۆیا کۆنەوارەتی دەیەوێ باری جێکەوتە بپارێزێ. ئەم دۆزە وەها ساکار نییە. بەشێکی زۆری «جێکەوتە» ی هەم سەدەی نۆزدەیەم و هەم سەدەی بیستەم دژ بە ویستی کۆنەواران هاتۆتە کایەوە. لەم ڕۆژگارەدا، لە زۆر وەڵات، سیاسەتی کۆنەوار دەبێ بکاتەوە داخوازیی گۆڕانکارییەکی گشت لایەنەی ئەوەی جێکەوتەیە.

وێڕای ئەوەش دەشێ بگوترێ کۆنەواران داکەوت دەپارێزن بەڵام بە واتایەکی دیکە. گرنگترین سەرچاوەی پێوەر لای کۆنەوارەتی مێژووە، یان بابڵێین، نەریتی فەرهەنگی و سیاسیی میللیی خۆیەتی. هەڵبەتە نەریت هەم دێتە گۆڕین و هەم نۆژەن دەکرێتەوە، بەڵام لەسەرەخۆ. مێژوو بەلای کۆنەوارەوە جۆرە فیلتەرێکە ڕێ لە بابەتی بێکەڵک دەبەستێ. تەنها ئەوەی بەسوودە، ئەوەی لە ئەزموونی درێژخایەندا خۆی ڕادەگرێ، دەمێنێتەوە. Edmund Burke ی پیری کۆنەوارەتی دەڵێ: «ژیریی کۆکراوەی نەوەکان» بەرجەستە دەکات.

هەر لەو دەمەوە کە Edmund Burke بەرەنگاری شۆڕشی فرانسی بۆوە کۆنەواران کەوتنە گومان لەوەی پرنسیپی ئەبستراکتی ئایدیۆلۆژی لە سیاسەتدا کارا بێ. لە سەرەتادا ڕاگواستەیەکی Quintin Hogg م هێنایەوە دەڵێ کۆنەوارەتی پتر دیدێکی گومانکارە وەک لەوەی ئایدیۆلۆژی بێت.

دژایەتیی ئایدیۆلۆژیی سیاسیی چەپ، ئوتوپیا و پلانی بەرفرەوانی ڕیفۆرمیستان زۆرجار چووەتە شێوەی گومانکارییەکی توند بەرانبەر بەکارهێنانی هۆشەکیەتی لە سیاسەتدا. لە کۆوەڵاتی ئەمەریکادا Russell Kirk زایەڵەیەکی Burke ـە، دەڵێ: «نەریت، پێشداوەری، داب» ڕێزانێکی باشترن لە کتێب و فەلسەفە. کۆنەواران

ڕێکن لەسەر ئەوەی سیاسەت تەواو دووره لەوەی ببێتە گرنگترین نرخاندنی ژیان. جگە لەوەش یەکجار بەگومانن لەوەی سیاسەت تەنانەت دەرفەتی هەبێ پلان بۆ جڤات دابنێ و ڕەنگرێژی بکات.[12]

دین، دینی فەرمی جێکەوتە، سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی پێوەرە لای کۆنەوارەتی. کۆنەوارەتی لە وەلاتانی کاتۆلیک تەواو بەرتینی باوەڕی جڤاتناسیی کلێسەی کاتۆلێک بووە. کشتوکاڵ و دێهات بەهای تایبەتی هەیە لای کۆنەواران. زەوی، کشتوکاڵ و جووتیاران بەهایەکی میللی و مێژووکردی تایبەتن.

Lincoln Allison ی ئینگلیز لە تەک سیاسەتدا چەند نرخاندنێکی گوزەرانی کۆنەوار دیاری دەکات:

– نیشتیمانپەروەری، لەمیاندا مرۆڤ دەبێ خۆشەویستنی نیشتیمان لە خۆشەوستنی دەوڵەت جودا بکاتەوە.

– خۆشوستنی زەوی و شادمانیی بە زەویداری و زەویکاری. ڕووکاری هاوچەرخی ئەم خۆشەویستییە دەبێتە «خەباتی بێوچان لە پێناو پاراستنی زەوی، ڕووەک و بونیاتکاری لە دادۆشین».

– چالاکیی داهێنەرانە. پیشەسازیی مۆدێرن زۆر جار وەها دەکات مرۆڤ شتێکی نەبێت بە بەرهەمی کاری خۆی بزانێت.

– خێرخوازی، نەک بە واتایەکی سۆسیالیستانە بەڵکوو بە واتای ئەوەی کارێک بکەیت بۆ خەڵکی دیکە بێ ئەوەی خەمت بێ ئایە هۆی ئەو کارەت خۆویستییە یان دیکەویستییە Altruistic.

---

[12] Mats Svegfors نووسەرێکی هاوچەرخی سوێدییە و سەر بە کۆنەوارەتیی فەرهەنگییە. Svegfors ئەم گومانکارییە ڕووبەڕووی جڤات هەڵنانی پاش شەڕی جیهانیی دووەم و هونەری ئەندازیارانەی ئەو هەڵنانە دەکاتەوە. زۆرجار ئەنجامی بەرنامەڕێژیی هۆشەکی شتێک دەرچووە تەواو جودا لەوەی چاوەڕێ دەکرا. «وا بۆ سەدەیەک دەچێت ئێمە بونیاتکاری دەکەین لەسەر وەهمی ئەوەی زانینمان دەربارەی جڤاتەکانی خۆمان هێندە مەزنە بتوانین ڕێبەرایەتییان بکەین. ئەوا چەند دەساڵێکە خەریکە دەرکی دەکەین کە ئەوە باوەڕێک بوو بە هۆش تەواو هۆشبەدەر» Mats Svegfors, *Vi dumma svenskar*. Stockholm 1993.

–  خێزانویستی، خرمەت کردنی دایک و باب، منداڵ بەخێو کردن لە دەرکی ئەوەی مرۆڤ خۆی ئاڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی درێژ.
–  پێشبرکێ، بەتایبەتی ئەو جۆرانەی ڕێسای دادپەروەرانەیان هەیە. هەر لەبەر ئەوەش دەبا گەمەی Cricket (لە ئینگلاند) ئیجباری بێت.

## مرۆڤنۆڕی

کۆنەوارەتی ئەو یەکسانییە سیاسییەی سەلماندووە کە مەرجە بۆ مافی گشتیی دەنگ دان. هەروەها یەکسانیی دەستووریشی سەلماندووە کە دەکاتەوە وێکچوون لە ئاست قانووندا. بەڵام لەوە زیاتری بڕ نەکردووە. نۆڕینی کۆنەوار هەمەجۆریی مرۆڤگەل و نایەکسانیی دروست لە بواری زیرەکی، توانای بڕیار دان... هتد کردۆتە دەراو. بەڵام ئەمیان دۆزێک نییە لە نێو ئایدیۆلۆژییەکاندا کێشەی لەسەر بێ. ئەوەندەی لێمان دیار بێ بیرۆکە سەرەتاییەکەی یەکسانیی سەدەی هەژدەیەم، کە دەڵێ مرۆڤگەل لە ڕاستیدا وێکچوون، لە هەموو ڕێبازە سیاسییەکاندا پشت گوێ خراوە. ئەوجا جیاوازییەکی ماوە لەوەدایە ئایە چ و تا چ ڕادەیەک دەرەنجامی جڤاکی و سیاسیی ناوێکچوونی خەڵک و ناوێکچوونی توانایان بسەلمێندرێ. ئەو سیاسەتەی دەرەنجامی ناوێکچوونی خەڵک ناسەلمێنێ، کۆنەواران پێی دەڵێن دارماڵ کردن Leveling.

جیاوازیی داهات و سامان لای کۆنەواران، بەگشتی، پێوانەیە بۆ جیاوازیی کردەیی خەڵک، لە تەک ئەمیشدا کۆنەواران، بەرانبەر سیاسەتی باج گرتن و سیاسەتی جڤاکیی وەها کە مەبەستێکی توندی دارماڵ کردنی هەبێت، دژن. سیناتۆر Barry Goldwater سیاسەتمەدارێکی کۆنەواری بەرچاوە لە کۆوەڵاتی ئەمەریکا. وەک ناودێرێکی سەرۆکایەتی ئەم لە هەموو سیاسەتمەدارانی کۆنەوار زیاتری وێرا. ئەم داوای دەکرد سیاسەتی باجی سەرکەوتە لادرێ چونکە نایەکسانیی سروشتەکی دەشێوێنێ[13]. Gunnar Heckscher ی سیاسەتمەدار و تۆژکاری سوێدی سەربە

---

[13] ئامانجی باجی سەرکەوتە ئەمەیە: «جڤاتی بەرابەر egalité – ئامانجێکی تاوانکارانەیە بەرانبەر دەستوورگەلی هەم دەوڵەت و هەم سروشت. ئێمە هەر هەمووومان لەلای خودا یەکسانین بەڵام لە هیچ ڕوویەکی دیکەوە یەکسان نین. مێتۆدی دەستکرد بۆ بە زۆر سەپاندنی یەکسانی لە نێو خەڵکی نایەکساندا دەبێ وەلانرێ...» *The Conscience of a Conservative,* 1960.

کۆنەوارەتیی جڤاکی بوو (مردەی ساڵی 1987). ئەم ئەرکی سیاسەتی جڤاکی بە «ڕێ بەستن لە نەداری و دەرەنجامەکانی» دەناسێنێ. سیاسەتێکی جڤاکی مەبەستی بێت داهات دابەش بکاتەوە دژ دەوەستێ بەرانبەر ئامانجەکەی خۆی.

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمدا کۆنەواران دەرەبەگی ئەریستۆکرات و بەرەی بەزەکارمەندانیان بە توێژی ڕێبەری جڤات دەزانی. ئەوەی لەم بۆچوونە ماوەتەوە تەنها بڕوایە بە پۆلینێکی «سروشتەکی» وەها کارامەیی، توانا و باسەوادی بنەمای بێ.

تۆژکارێکی سوێدی، Stig-Börn Ljunggren، دەڵێ «بەرەگۆڕکێ» وەڵامی کۆنەوارانە بەرانبەر بیرۆکەی وێکچوونی سۆسیالیستانە. ڕێگەی ڕووەو هەوراز دەبێ بۆ هەر هەموان ئاواڵە بێت.

شابیرۆکەیەکی دیکەی کۆنەوار دەڵێ: «مرۆڤ هەم خێرخواز و هەم شەڕخوازە، مرۆڤ نە بێگەردە و نە دەشێ بێگەرد بێت»[14]. بەوەش کۆنەواران دژ دەوەستن بەرانبەر ئەو دۆگمایەی کە ڕادیکالان هەتا ئەمرۆش هەر لە هەوڵ دان بۆ دامەزراندنی. «سروشتی مرۆڤ»، بەو شێوەیەی لە نەریتی مەسیحایەتی و نەریتی دێرین Antique دا هاتووە، سنووری دیاریکراو دادەنێ بەرانبەر ئەوەی شیاو بێ، ڕیفۆرمی سیاسی بهێنێتە دی. ڕەشبینیی کۆنەواران لە ئاست مرۆڤدا لە داخوازیی «پێوەری نەگۆڕ» دا خۆی دەنوێنێ. ژیریی کۆبۆوەی پشتاوپشت، نەریت و میراتی دینەکی بە پشتیوانییەکی یەکجار گرنگ دادەنرێ بۆ ئەم مرۆڤە لاوازە. ئەمەش شاخاڵە لە نرخاندنی کۆنەوارەتیدا.

[14] بڕوانە: Henry J. Schmandt, *De politiska idéernas historia*. Stockholm 1964.

گرنگترین یەکەی جڤات

لە ئایدیۆلۆژیی کۆنەواردا «میللەت» (نەتەوە - ناسیۆن) یەکەی جڤاکیی یەکەمینە. لەبەر ئەوە بەرژەوەندی میللەت و بەرگری لێی دەبێتە نرخاندنێکی سەنترالّی کۆنەوار. هەر هەموو کۆنەواران، سەر بە هەر ڕێبازێک بن، ڕێکن لەسەر ئەوەی دەبێ بەرگرییەکی ئەرتەشی بەهێز هەبێت بۆ پاراستنی میللەتی خۆیان.

بەرگری لە سەرخۆبوونی میللی دەشێ لە تەک ئامانجی سیاسیی دیکەدا ناکۆک بێ. لەبەر ئەوەشە لە چەندین وەڵاتی ئەورووپادا لە نێو گرووپی کۆنەواراندا بەرهەڵستیی سەری هەڵداوە بەرانبەر تێک بەستنی ئەورووپایی. ئەمانە دەزگەی بڕیاردەری بان-میللی نێو یەکیەتیی ئەورووپایی بە مەترسی دادەنێن بەرانبەر سەروەریی میللی.

خێزان لای کۆنەواران لە جڤاتدا یەکەی بنەڕەتییە. مەبەستیش لە خێزان لێرەدا «خێزانی ناوەکی» یە. سیاسەتیی کۆنەوار لە بواری خێزاندا هەردەم هەوڵی داوە خێزان و بەرپرسیاریەتی خێزان لە بواری بارهێنان و فێرکاریدا بپارێزێ.

لە شابوارەکاندا کۆنەواران داوای سەردەستیی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکەن. ئەمان پێیان وایە هێزی دەوڵەت، هەر نەبێ لە بواری دادگەری و بەرگریدا، دەبێ بەهێز بێت. بەڵام پەلهاویشتنی دەزگەی دەوڵەتی بۆ بواری دیکە، لە نێو کۆنەواراندا — تەنانەت لە نێو نەریتی کۆنەوارەتی جڤاکیشدا، داخوازیەکی بەهێز نییە. لەبەر ئەوە کۆنەواران بۆ شێوە سیاسەتی جڤاکیی وەها دەگەڕێن کە بەشێکی زۆری بکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت.

Irving Kristol دەڵێ نوێکۆنەوارانی کۆوەڵاتی ئەمەریکا نایانەوێ دەوڵەتی خۆشگوزەرانی بسڕنەوە بەڵکوو دەیانەوێ سەرلەنوێ «بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ سروشتی کۆنەوارانەی خەڵکدا» هەڵیبەستنەوە. Kristol هەنگاو بەرەو «دەوڵەتی دەستەبەری جڤاکی» هەڵدەنێ، دەوڵەتێک دڵنیایی ئابووری و جڤاکی دەستەبەر بکات و هاوکاتیش — دەستێوەردانی دەزگەی دەوڵەتی لە مافگەلی تاکەکەسان تەواو کەم بکرێتەوە[15]. Robert Nisbet چارە لە شێوەیەکی نوێی «گاریگەریی تیان» دا

[15] ڕاگواستەیە لە: Mats Johansson, *Frihetens idéer*. Stockholm 1986

دەبینێ (تیان = ناڕاستەوخۆ). ئەم لە ئەڵقەیەک دەگەڕێ بکەویتە نێوان دەوڵەت و تاکەکەسەوە:

«لە ژیانی پەستی جڤاتکاران [جڤاتکاران: کارمەندانی فەرمانگەی کاروباری جڤاکی] و کارگێڕانی فێرگەکاندا چ توونیبابا Labyrinth و چ بیرۆکراتییەکمان بۆ نەدەگەڕایەوە ئەگەر لە سەرەتاوە سیستەمێک دانرابا تێیدا ئەو برە پارە فەرمییەی بۆ بار هێنانی جڤاکی و فێرکاری تەرخانە، دابەش کرابا بەسەر خێزاندا، کە گرووپی جڤاکیی خۆڕسکی ئامادەیە. سازمانی دیکەش، لە هەلومەرجی دروستدا، دەیان توانی ببنە ئامراز و کەناڵی لەو بابەتە بۆ نموونە: فێرگەی ئەهلی (کە لە فێرگەی فەرمی هەرزانتر و چوستترە)، کڵێسە، سەندیکا، سازمانی ناوچەیی و هەرەوەزی».

میتودی گۆڕینی جڤات

کتێبەکەی Edmund Burke دەربارەی شۆڕشی فرانسی ڕەخنەیەکی بنەڕەتی بوو لە میتودی شۆڕشگێڕانەی گۆڕینی جڤات. کەواتە کۆنەواران یەکەم لایەن بوون بە شێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕینی پلەداریان وەک میتودێکی سیاسی بە ڕاست زانیوە. هەڵبەتە نرخاندنی کۆنەواری سەرەتا، نەریت و بەردەوامی، لە سیاسەتدا بە مەرج دەگرن.

لەم ڕۆژگارەدا زۆربەی کۆنەواران ئەو ڕەخنانە دەسەلمێنن کە Karl Popper لە هەڵنانی جڤاتی ئوتوپیائامێزی دەگرێ. وێڕای ئەوەش لە دۆزی بەکارهێنانی میتودی شۆڕشگێڕانەدا جیاوازییەک هەیە لە نێوان کۆنەوارەتی لە لایەک و لیبەڕالیزم و سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیست لە لایەکی دیکە. کۆنەواران میتودی شۆڕشگێڕانە ناسەلمێنن تەنانەت گەر بۆ خستنی دیکتاتۆرێکی دزێویش بێت.

کۆنەواران جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە شۆڕش لە جڤاتی وەهادا هەڵدەگیرسێ کە ڕسکان Evolution، واتە گۆڕینی پلەدار، تێیدا ڕێبەست بێ. لەبەر ئەوەیە سیاسەتی کۆنەوار لە هەموو زەمانێکدا مەبەستی بووە پێشکات ڕێ لە گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە

بگرێت. کەسانی پێشەنگی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ئەمڕۆ، کۆنەواری سەدەی نۆزدەیەم بوون کە دژ بە لیبەڕالی ئەو دەمە توانییان چەند ڕیفۆرمێکی جڤاکی بسەپێنن. ئامانجیشیان ڕێک ئەوە بوو چارەیەکی ئەنجامە نایەتییەکانی پیشەسازەتی بکەن. دروشمی کۆنەوارەتیی جڤاکی دەڵێ: «ڕیفۆرم سازکە و بیپارێزە». ئەمە یەکێکە لە ڕاگواستە هەرە ناسراوەکانی Edmund Burke.

Benjamin Disraeli، سیاسەتمەدارێکی دیکە ئینگلیزی سەربە کۆنەوارەتیی جڤاکییە، ئەم دەڵێ: «لە وەڵاتی پێشڕەوتدا گۆڕانکاری نەگۆڕە»:

«پرسیاری گرنگ ئەوە نییە ئایە مرۆڤ دژ بە گۆڕانکاری بخەبتێ یان نا، خۆ گۆڕانکاری هەر دێتە دی. پرسیار ئەوەیە ئایە گۆڕانکارییەکە بگونجێندرێت لەگەڵ ڕێوڕەسمی میللیدا، لەگەڵ قانوون و نەرێتدا یان بەپێی پرنسیپی ئەبستراکت و باوەڕی گشتیی خۆسەپێن بێت».

## شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

لە سەدەی نۆزدەیەمدا هەڵوێستی کۆنەواران بەرانبەر دێمۆکراتی لە بەربەرەکانێیەکی بەسۆوە گۆڕدرا بە سەلماندنێکی پلەدار. فرەواندنی مافی دەنگ دان لە کۆنەوارەتیی جڤاکیدا بووە شاخاڵ. لە دەمەو نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا زۆر لە کۆنەوارە بەرچاوەکان بۆیان دەرکەوت کە مافی گشتیی دەنگ دان بە هیچ جۆرێ مەرج نییە بە سیاسەتێکی چەپڕەوانەی شۆڕشگێڕ بگات. ئەمانە خەیاڵگیری ئاسۆیەک بوون، تێیدا کۆنەوارەتی ڕیشەی لە نێو ئاپۆرەی خەڵکێکدا بڵاوبێتەوە هێشتا لە مافی دەنگ دان بێبەشە. ئەم سیاسەتە پێویستی بە هیچ باوەڕێکی بنەڕەتی نەبوو بە دێمۆکراتی. دۆزەکە پتر ستراتیژییەکی سیاسیی نەخشەدار بوو، لە تەک دەرک کردنی ئەوەی مافی گشتیی دەنگ دان ناگرێ هەتا هەتایە ڕێ بەست بکرێ. لە ئەڵمانیا و لە

سوێد، کۆنەواران هەوڵیان دا مافی ناودێر کردنی حکوومەت لە دەست پاشادا بهێڵنەوە، دوور لە دەسەڵاتی پەرلەمان.[16]

ئەمڕۆ ئەو بەربەرەکانێیە چوەتە خانە مێژووی سیاسەتەوە. دێمۆکراتیی لیبەڕال هەر زوو تێهەڵکێشی کۆنەوارەتیی کرا. لە ڕێی خەباتی دژ بە نازیزم و کۆمیونیزم دێمۆکراتی بوو بە شانرخاندنێکی کۆنەوار.

لە بری ئەوە نیشانەی کۆنەوارەتیی سەدەی بیستەم بووە هەوڵ دان بۆ پاراستنی نرخاندنی گرنگی کۆنەوارانە لە نێو چێوەی دێمۆکراتیی سیاسیدا. ئەو نرخاندنانەش بریتین لە: بەردەوامی، نەگۆڕی، سیستەمی دادگەری، موڵکایەتی کەسەکی و هەروەها ئۆتۆنۆمیی تاکەکەس و گرووپان بەرانبەر دەسەڵاتی سەنترالّی دەوڵەت.

Quintin Hogg تیۆریستێکی پارتی کۆنەواری ئینگلیزە، دەنووسێ: «کۆنەوارانی مۆدێرن بڕوایان هەیە بە دەوڵەتێکی دێمۆکراتی لیبەڕال لەو جۆرەی وردەوردە و پەیوەست بە نەریتی بریتانییەوە گەشەی کرد... بنەمای کۆنەوارەتیی مۆدێرن بریتییە لە ڕەت کردنەوەی داوای ڕەهای دەوڵەتی سۆسیالیستانەی مۆدێرن».

کۆنەوارێکی خەڵکی نەمسا (ئوتریش)، لە نەوەی لاوتر کە تەواو مۆرێکی خەباتی دژ بە شۆڕشگێڕانی چەپی 1960 ـەکانی پێوەیە، لە یەکێک لە «ڕاسپاردە بۆ کۆنەواران»[17] دا دەڵێ: «سەرماف (ئیمتیاز) ی سەرتەڵێکی خەیاڵکردت لا باشتر نەبێت. دژ بەوانەی بە ناوی «دێمۆکراتاندن» دەیانەوێ دێمۆکراتی لە ناو بەرن، جەخت لەسەر دێمۆکراتی بکە، جەخت لەسەر دێمۆکراتی بۆرژوایانەی ناوزڕاوی

[16] Leif Lewin لە کتێبی *Ideologi och strategi,* Stockholm 1984 ئەم بارەی سوێد پێشان دەدات. مافی گشتی دەنگ دان ساڵی 1909 لەلایەن سەرەکوەزیرانی کۆنەوار Lindman ەوە پیادە کرا. بۆ ئەوەی ڕەنگ دانەوەی ئەو پرۆسەیە (واتە مەترسیی پەیدابوونی زۆرینەیەکی چەپڕەو) کەم بکرێتەوە، سوێد هاوکات، سیستەمی هەڵبژاردنی گۆڕی، لە هەڵبژاردنی زۆرینەوە بۆ هەڵبژاردنی ڕێژەکی Proportional. Lewin ئەوەش بەسەر دەکاتەوە کە چۆن کۆنەواران، ساڵی 1917، ناچار کران دەست لە بەربەرەکانێی سیستەمی پەرلەمانەتی هەڵگرن.

[17] بڕوانە: G.-K. Kaltenbrunner, *Wege der Welt Bewahrung*.Asendorf 1985.

فەرمیی ئەبستراکتی نامۆی سالارپەرستی ناڕسکاوی خەیاڵزادە بکە. چاک بزانە، مرۆڤی کۆنەوار ئەمڕۆ ئەوەیە خەبات بۆ دیمۆکراتی دەکات».

دەستوور ئامرازە بۆ دابین کردنی بەهایی کۆنەوارەتی، دەستوور لە زۆربەی دەوڵەتان بە نەریتی سیاسیی میللی قانوونبەست دادەنرێ. حوکومڕانیی گەلێری سیاسی دەبێ توند پەیوەستی قانوون بێ و دەستڕۆیی دەسەڵاتی دەوڵەت بەرانبەر وەڵاتیان دەبێ لە چێوەیەکی دیاریکراو و بەرتەسکدا داڕێژرێ.

کۆنەواران بەگشتی لایەنگرێکی توندی دادگەی شادەسوورین، ئەمەیش بەتایبەتی لە کۆوەڵاتی ئەمەریکا دیارە، لەوێ دادگەی باڵا دەتوانێ بڕیاری سیاسی هەڵوەشێنێتەوە گەر پێی وابێ لە تەک دەستووردا ناکۆکە.

لە ئەمەریکا، دادگەی باڵا بە جێگرێکی باشی پاشایەتی دادەنرێ. یان وەک Peter Viereck دەڵێ باشترین پارسەنگە لە دیمۆکراتیدا. Viereck دەڵێ ئەو وەڵاتانەی ئەورووپای پاش ئاڵوگۆڕەکانی ساڵی 1918 پاشایەتییان پاراست فراژووتنیان ئاشتییانە بووە. لە جێیەکی پاشایەتی ڕمێنرا بێت، سەرلێشێوان و نائارامی هاتۆتە کایەوە و ئەنجامەکەشی بە ستەمفەرمانییەکی دزێو گەیشتووە.

بێگومان ئەوەی Viereck دەیڵێ گوتەی زۆربەی کۆنەوارانە. پرسیار چی دی ئەوە نییە دەسەڵاتی پاشایەتیی کەسەکی هەبێت بەڵکوو بوونی پاشایەتییەکە ببێتە هێمایەک بۆ یەک گرتنی میللی و ببێتە نەریتهەڵگری «بان-پارتایەتی». لە دەوڵەتانی کۆمارفەرماندا دەسەڵاتێکی بەهێزی سەرۆک کۆمار، کە ژێر دەستەی پەرلەمان نەبێ دەشێ بەچاوی پاشایەتی سەیر بکرێ و دەکرێ ببێتە دەربڕینێک لە یەکیەتی و هێزی میللەت. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارەتیی فرانسە، کە ژەنەڕاڵ de Gaulle ساڵی 1958 لە فرانسە دایمەزراند، ڕێک ئەم ئامانجەی هەبوو.

کۆنەوارانی ئەمەریکا بە توندی جەختیان لەسەر ئەوە کردووە کە دیمۆکراتی دەبێ تیان بێ. ئادگاری چ ڕادیکال و چ دیمۆکراتیی ڕاستەوخۆ لە ئەمەریکادا لای ئەمان ناپەسەندە و بەربەرەکانێی دەکەن. هەڵبژاردنی بنەڕەتی و هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی بەشێکی زۆری بەرزەکارمەند و دادپەرستان لەلایەن گەلەوە بەشێکن لەو ئادگارانە.

نووسەرانی کۆنەواری ئەورووپایی ڕەخنە لە ئەنجامگەلی ڕادیکالاَندنی سالاَنی 1960 و 1970 کان دەگرن. فەیلەسووفی بەریتانی Roger Scruton ئاماژە دەکات بۆ دیاردەی بلاَوبوونەوەی شێوازی دیمۆکراتیی ڕێبەرایەتی لە کایەی سیاسیی ڕووتەوە بەرەو دەزگەی دیکەی وەک زانستگە و کلێسە. ئەنجامی ئەم بلاَوبوونەوەیەش بە ڕای Scruton هەژەندانە بوون. ئەرکێکی دیکەی گرنگ، لای Scruton، هەم پاراستن و هەم دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیی بەشێکی فرەوانی دەزگەکانە بەرانبەر سیاسەت و دەسەلاَتی دەوڵەت.

سازمانی ئابووری

کۆنەوارەتی کارەکت بۆ پاراستنی خاوەنەتیی دەستاویژی بەرهەم هێنان لای تاکەکەس و بەربەرەکانێی دەست تێوەردانی سیاسەت دەکات لە بازاڕی ئابووریدا. بەڵگەکانیش لێرەدا تاڕادەیەک هەر ئەوانەن Friedrich Hayek پێشکەشیان دەکات: ئەمانە مەرجن بۆ شێوازی حوکومڕانیی دیمۆکراتییانە و بۆ ئازادیی کردەوەی تاکەکەسان. ئەمانە دەبنە هۆی گەشەندی ئابووری. ئەمانە دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ ئەوەی «نایەکسانیی سروشتەکی» ی خەڵک ڕەنگ بداتەوە.

هەتا ئێرە دەشی باس لە «کۆنەوارەتییەکی خاوەن دیدی ئابووری لیبەڕال» بکرێ. ئەوجا پرسیار ئەوەیە ئایە «دیمۆکراتیی خاوەنەتی» یان «سەرمایەدارەتیی گەلێر» یش دەچنە هەمان خانەوە؟ ئەم بیرۆکانە لەلایەن کۆنەوارانی بەریتانی و ئەڵمانییەوە و پاشان لەلایەن کۆنەوارانی سکاندیناڤیاوە هێنرانە کایەوە.

دیمۆکراتیی خاوەنەتی جێگرێکی کۆنەوارانە بوو بەرانبەر سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیست، بەرانبەر دەوڵەتاندن یان هەر شێوەیەکی دیکە ئەوەی پتی دەگوترێ دیمۆکراتیی ئابووری. مەبەستیش ئەوە بوو خاوەنەتیی سامانی خۆماڵی و پشک (سەهم) کۆمپانیا بەسەر لایەنێکی فرەوانی خەڵکدا دابەش بکرێ. کارمەندان و کرێکاران دەبا لەو کۆمپانیایەی کاری تێدا دەکەن، هاوپشک بن. سۆسیالیزم ڕووی لە دەوڵەتاندن بوو،

کۆنەوارەتی ڕووی لە خاوەنەتیی گەلێری فرەوان بوو لە مەیدانی کاردا. لە بری دارماڵ کردنی داهات لە ڕێی دەست تێوەرانی سیاسییەوە، کۆنەواران داوای بڵاو کردنەوەی خاوەنەتییان دەکرد. لە بری بنکەبەندی Institutionalization ی دیمۆکراتیی کارگە کۆنەواران داوای هاودەسرۆییان دەکرد لە ڕێی هاوپشکییەوە. لە 1980 کانەوە ئەم سیاسەتە لە زۆر دەوڵەتدا لە ڕێی بە ئەهلی کردنی بەشێکی گەورەی کۆمپانیا دەوڵەتییەکان سەپێنرا.

Gunnar Heckscher دەڵێ لە ڕێی دیمۆکراتیی خاوەنەتییەوە بە کردەوە هەر هەموو دەبنە سەرمایەدار: «هەر هەموو نەک تەنها دەبنە خاوەنی ئەوەی بەکاری دێنن و ئەوەی بەکاری دەبەن بەڵکە وەک تاکەکەسیش دەبنە هاوپشک لە یەکەیەکیی بەرهەمهێنی گەورەتردا، ئەمەش سەرخۆبوونێکی کەسەکییان پێ دەبەخشێ، سەرخۆبوونێکی کەسەکیی هەم ئابووری و هەم ئاکارەکی».[18]

ئەمە دژەئوتوپیای کۆنەواران بوو بەرانبەر سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیست. تۆژکاران ناڕێکن لەسەر ئەوەی ئایە دیمۆکراتیی خاوەنەتی دەچێتە خانەی لیبەڕالیزمی ئابوورییەوە یان تێهەڵکێشێکە لە خاڵی چەند ڕێبازێکی هزریی هەمەجۆر، کە کۆنەوارەتیی بەها یەکێکیانە.[19]

وا باشە ئاماژە بۆ مەیلێکی دیکەی کۆنەوارەتی بکەین. ئەمیان بناخەی لەسەر کۆنەوارەتیی بەها دامەزراوە و ڕەخنەیەکی توندە، نەک لە سەرمایەدارەتی، بەڵکوو لە ئەنجامگەلی جڤاکی و ژینگۆڕکێی پیشەسازەتیی مەزن. پیشەسازەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی شاری مەزن بە خۆی و بە خەڵکی بێڕەگ و بێنەریتەوە. پیشەسازەتی نەخشی فەرهەنگی و نەریت دەڕمێنێ، ئەمانە تەنها لە دێهاتدا دەمێنن. ژینگە تێکدانی پیشەسازەتی هەڕەشەیە لە گەنجینە و دیمەنی فەرهەنگی. ئەم ڕەخنانە، هەر

[18] ڕاگواستەیە لە کارنامەی Ljunggren، لاپەڕە 141

[19] Stig-Björn Ljunggren بە نموونە سوێدییەکەی دیمۆکراتیی خاوەنەتی دەڵێ: «خەونێکە بە دەوڵەتێکی خۆشگوزەرانی سەرمایەدارانەوە»؛ «دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ تێک بەستنی نۆڕینی کۆنەوارەتیی جڤاکی و کۆنەوارەتیی لیبەڕاڵ — و لە دیمۆکراتیی خاوەنەتیدا دەرفەتیش هەیە بۆ ڕازی کردنی بیروڕای کۆنەوارەتیی فەرهەنگی». Jan Hylén و Leif Lewin یش ئادگاری لیبەڕالانەی ئەو ڕێبازە پێشان دەدەن، بڕوانە:
*Planhushållningsdebatten*, Uppsala 1967.

له 1950 کانەوە لەلایەن Russell Kirk ـەوە لە شێوەی بەرنامەیەکدا بۆ کۆنەوارەتییەکی نوێی خەباتکار هاتە کایەوە.

Kirk پێشنیازی «دیسەنترالاندنی پیشەسازی و پەرت کردنەوەی دانیشتوان» ی دەکرد بۆ پاراستن و بووژانەوەی «ژیانێکی خۆڕسکی وەها نەرێت تێیدا بگەشێتەوە». گوزەرانی نێو شاران دەبێ «بێتە مرۆڤدۆستاندن» و خەڵک دەبێ هەستێکی بەردەوامبوون پەیدا بکەن. خانووبەرە و گەڕەکی کۆن و کۆنە نەخشەی شار دەبێ بپارێزرێن.

ئەم ڕەخنانەی کۆنەوارەتیی بەها لە پیشەسازەتی و بازرگانەتی دەگرێ لە ڕەخنەگەلی دێمۆکراتیی خاوەنەتی تێپەڕ دەکات. ئاشکرایە ئەمیان داوای بەرنامەڕێژی و ڕێبەرایەتییەکی تەواو فرەوانتر دەکات لەوەی مۆدێلی سەرمایەدارەتیی گەلێر داوای دەکات.

ئوتوپیا

کۆنەوارەتیش ڕێگەی خۆش کردووە بۆ وێنا Vision ی دۆخێکی جڤاکیی تەماکرد. «سەرمایەدارەتی گەلێر» یان «دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی سەرمایەدارانە» ی سوێدی نموونەیەکە لەو وێناگەلە. ئەم وێناگەلەش هەتا ئێستا بە بەهێزترین دژوێنەی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی سۆسیالیزمی جڤاکی دادەنرێت. ئەمەش خەسڵەتێکی تەواو کۆنەوارانەیە کە دژوێنە، دژەئوتوپیا (کۆنترائوتوپیا)، هەڵدەنێن. تەنانەت نوێکۆنەوارانیش لە خولیای جڤاتی بەرتەسکتر دان، کەمتر بازاڕی و پتر نەرێتدۆست. ئەم وێنەیە ڕیشەی ئاشکرای لە زەمانی ڕابواردوو، لە زەمانی جڤاتی کشتوکاڵ و شارۆچکەدا، هەیە.

لە باسی دۆخێکی بێگەردی جڤاکیی ئایەندەدا، ئیدیال و ئوتوپیا یەک بابەت نین. هەر لە سەرەتاوە هەڵوێستی گومانکارانە و دژەئوتوپیا خەسڵەتێکی ئاشکرای کۆنەوارانە

بووە. بیرۆکەی دۆخی نموونەی بێگەرد بە چەوت و زیانبەخش دانراو. «کۆنەوارەتی سیاسەتێکە بێ وێنەگەلی نموونەیی Politik ohne Wunschbilder»[20]

Gerd-Klaus Kaltenbrunner ی نەمسایی دەڵێ ڕەشبینی هەڵوێستی بنەڕەتیی کۆنەوارەتییە. کۆنەوار پێی وایە بابەتی بێگەرد، «هاوئاهەنگیی سەرپەڕ یان دادپەروەریی ڕەها» لە دەوڵەت و جڤاتدا دەرفەتی پەیدابوونی نییە.
Kaltenbrunner پێی وایە ئێمەی مرۆڤ بەگشتی بۆمان هەیە لە نێوان دوو لایەنی بەددا یەکیان هەڵبژێرین. Russell Kirk ئەم بۆچوونە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: ئایدیۆلۆژیست و سیاسەتمەدار دەشێ تەمایان وەها بێ «کارێک بکەن ژیان بۆ گوزەران بشێت، نەک بیگەیەننە پلەی بێگەردی». مرۆڤ بێگەرد نییە، لەبەر ئەوەیشە بێگەردیی شیاو نییە.

[20] سەردێڕی وتارێکی کۆنەوارانەی Hans Mühlenfeld ـە (1952).


## 4- مارکسیزم

شانرخاندن

مارکسیزم Marxism خۆی بە تیۆرییەکی زانستانەی جڤاکی، بە «سۆسیالیزمی زانستانە» دەناسێنێ. ناوەڕۆکی مارکسیزم خەسڵەتی ئەنجامی تۆژکارانەی چەندین بابەتی هاوچەرخی هەیە، وەک: ئابووریی سیاسی Political Economy، ئابووری بازاڕ Business Economy، مێژووی ئابووری، جڤاتناسی Sociology، سیاسەتناسی Political Science و دەشێ دەروونناسیشی بچێتە پاڵ. ئەم ئەنجامی تۆژکارییە بە بەرهەمگەلێکی «ئۆبژەکتیڤ» ڕادەنوێنرێن، ناوەڕۆکیان زەدەی خەسڵەتگەلی ئەو بابەتەن تۆژکارییان تێدا دەکرێ، واتە زەدەی سەرجەمی جڤاتن، نەک زەدەی دیدی سیاسی یان ڕیشەی جڤاکیی دانەرانیان.

شرۆڤەی جڤاتی دامەزراو سەر دەنێ بە چەند دەستوورێکی مێژووکردەوە. ئەمانیش دەبنە بنەمای پێشبینی لە گۆڕینی جڤات. کارل مارکس Marx لە دیباچەی «سەرمایە» *Das Kapital*,1876 دا دەڵێ ئەو «دەستووره سروشتەکی« یانەم ئاشکرا کردووە کە فراوژووتنی جڤات دەگێڕن. دەڵێن گۆیا ئەو دەستوورانە «بەشێکن لە خودی بەرهەم هێنانی سەرمایەدارانە». کەواتە دروستایەتیی ئەم دەستوورانە پەیوەستی ئەوە نییە ئایا تۆژکار (واتە مارکس) یان خوێنەر دەیانسەلمێنێ یان نا. دروستی و نادروستییان تەنها بە ئەزموون بڕیاریان دەدرێ.

هەتا ئێرە مارکسیزم بە تیۆرییەکی زانستانەی جڤاکیی دوور لە نرخاندن خۆی ڕادەنوێنێ. بەڵام مارکس وەک ئایدیۆلۆژیست و سیاسەتمەدار ئاشکرای دەکات کە ئەوەی دەستوورەکان پێشبینی لێ دەکەن، کە سیستەمی سۆسیالیستانەیە، هەر ئەو سیستەمەیە کە دەبێ مرۆڤ ئاوەتەخوازی بێ. ئەوەی دەبێ ڕوو بدات باشە ڕوو بدات. لەبەر ئەوە پێشبینییەکانی سۆسیالیزمی «زانستانە» دەبنە بەرنامە بۆ بزاڤێکی سیاسیی وەها کە دەبێ کار بکات بۆ ڕاستاندن Realize ی ئەوەی پێشبینیی لێ دەکرێ. گرووپی سیاسیی دیکە دەشێ پێشبینییەکانیان بە دڵ نەبێ و خۆیان ڕێک بخەن بۆ ڕێ بەستن لە ڕاستاندنیان. پەیوەندیی نێوان «زانست» و «سیاسەت» لە مارکسیزمدا دەکرێ لەم خشتەیەدا کۆ بکرێتەوە:




بۆچی، بە دیدی مارکسیستانە، شیرازە Order یەکی جڤاکی هەیە نرخدارترە، «باشترە»، لە یەکێکی دیکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لەوەدایە مارکسیزم مێژووی مرۆڤایەتی دابەش کردووە بەسەر چەند قۆناخێکدا. «بەگشتی دەشێ شێوازی بەرهەم هێنانی ئاسیایی، هی سەردەمی دێرین (ئەنتیک)، هی فیودالانە و هی بۆرژوازیانەی مۆدێرن بە زنجیرەیەکی پێشرەوتانەی چەند سەردەمێکی مێژووی پرۆسەی بەرهەم هێنانی جڤاکی دابنرێن»[21]. بە دیدی مارکس ئەم زنجیرەیە پێشانی دەدات کە مرۆڤایەتی لە قۆناخی نزمەوە بەرو قۆناخی هەورازتر پێش دەکەوێ. ئەو شیرازە جڤاکییەی ئەو پێشبینی لێ دەکات و بۆی دەخەبتێ بە بەرزترین و هەڵبەتە نرخداترین قۆناخ دادەنرێ. کەواتە بنەمای پێوانەی نرخاندنی مارکسیزم بریتییە لە خشتەیەکی گۆڕانکاریی مێژووکردی دەستووربەند کە چەند هەزارساڵێک دەگرێتەوە. لەبەر ئەوەیە ڕەوایە مارکسیزم بە تیۆرییەکی مێژووکردەکی دابنرێ. مۆدێلە فیکرییەکە پێشتر لە فەلسەفەی مێژووی ئایدیالیستانەی ئەڵمانیی سەرەتای سەدەی

[21] لاونامە، تەرجەمەی سوێدی، بە لێدوانی S.E. Liedman ەوە: *Människans frigörelse,* Stockholm, 1965.

نۆزدەیەمدا ئامادە بوو. بەرچاوترین نوێنەریشی هێگل بوو. فەلسەفەی هێگل کاری زۆری لە مارکسیزم کردووە.

لە 1960 ـەکاندا گەڕانەوە بۆ «مارکسی لاو» و ڕەخنە جڤاکییەکانی وی بووە باو. لەو نووسینە زووانەدا گریمانەی نرخاندن زۆر ئاشکراتر خۆ دەنوێنن.

بنەمای ڕەخنەی جڤاکیی مارکس لەو نووسینە زووانەدا ئەوە بوو دەیگوت سەرمایەدارەتی دژ بە سروشتی مرۆڤانە دەوەستێ. مارکس بە ئەمیانی دەگوت «ماکی جۆری مرۆڤ». سەرمایەدارەتی مانای وایە تاکەکەسی بەرهەمهێن چیدی نە خاوەنی کاری خۆیەتی نە کۆنترۆڵیشی دەکات. کالا لە پیشەسازیدا لە دۆخێکی وەهادا (تایبەتکاری، زۆرەملێ) دێتە بەرهەم کە کارەکە بۆ تاکەکەس نابێتە پرۆسەیەکی داهێنەرانە. بەهای مرۆڤایەتیش دەگۆڕدرێ و دەبێتە بەهایەکی بازاڕیی درِ. تاکەکەسان بە چاوی هۆکاری بەرهەم هێنان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرێ و دێنە نرخاندن. ئەمەش نامۆبوون Alienation, Entfremdung یکی لێ دەزێ تەنها لە سایەی شیرازەیەکی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستانەدا دەسرِێتەوە. Gunnar Aspelin ی مێژووناسی بیروڕا پێشانی داوە کە ئەم ڕەخنەیە زۆر جار لە «سەرمایە» ی شابەرهەمی زانستانەی مارکسدا دووپات بۆتەوە. پرنسیپی نرخاندان لای مارکس بیرۆکەی «خۆپێگەیاندنی هەمەلایەنی ئازاد» ی کەسایەتییە. ئەم بیرۆکەیە مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەر لە فەلسەفەی دێرینەوە دێت هەتا ڕێنێسانیش و فەلسەفەی ئایدیالیستانەی ئەڵمانیی سەدەی نۆزدەیەم ڕێ دەکات.[22]

لە مانیفێستی کۆمیونیستانەی 1848 دوائەنجام بەم شێویە باس کراوە:
«لەبری جڤاتی کۆنی بۆرژوازی بە خۆی و چێنگەل و ناکۆکیی چینایەتییەوە یەک گرتنێک دێتە پێش تێدا فراژووتنی ئازادی هەموو کەسێک مەرجە بۆ فراژووتنی ئازادی هەر هەموو».

ئەوەی لە ڕووی سیاسییەوە گرنگ بێت لەم دووبارە دۆزینەوەی نرخاندنی مرۆڤدۆستانەی مارکسدا ئەوە بوو کە بەکار دەهێنرا بۆ ڕەخنەی جڤاکی نەک تەنها

[22] بڕوانە:
G. Aspelin, Karl Marx. Samhällsforskare och samhällskritiker. Stockholm 1969.

لە جڤاتی سەرمایەداری هاوچەرخ بگرە بە هەمان ئەندازە لە جڤاتی سۆسیالیستانەی هاوچەرخیش. ڕەخنەگرانی مارکسیستی 1970 کان پێشانیان دا کە نامۆبوونی مرۆڤ لەم جڤاتانەشدا نەهاتە سڕینەوە.

مرۆڤنۆڕی

ئادەمیزاد لە ژێر تاوی ژینگەی جڤاکیدان. ئەمە خاڵێکی سەرەکییە لە مرۆڤنۆڕیی مارکسیستانەدا. لەمیشەوە ئەم خاڵانە ڕیز دەگرن:

1 -ئەم نایەکسانییەی ئەمڕۆی مرۆڤ پەیوەستی ژینگەی جڤاکیی ئێستایە نەک سروشتێکی نەگۆڕی مرۆڤایەتی.
2 -تەنها لە ژینگەیەکی جڤاکیی نوێدا یەکسانیی نێوان خەڵک دەشێ بونیات بنرێ.

بەڵام، لە جڤاتی سەرمایەداردا، مەیلی گەشە کردن پێشانی دەدەن کە ڕەوتی هەڵکشان ڕووەو دۆخی جڤاتی ئایەندەیە. مارکس لە مانیفێستی کۆمیونیستانەدا ئاماژە دەکات بۆ ئەو وێکچوونەی هەلومەرجی کار و گوزەرانی نێو پرۆلیتاریا کە نیشانەی هەڵوەشاندنەوەی جڤاتی چینداره. هەڵبەتە ئامانجی شۆڕشی کۆمیونیستانە ئەوەیە هەموو هەلومەرجێکی جوداوازیی چینایەتی بسڕێتەوە و بەتایبەتی ئەو نایەکسانییەی ڕیشەی وا لە دابەشینی کار و تایبەتکاری Specialization دا هەیە.

کە دێینە سەر باسی دۆزی توانای سیاسیی خەڵک لە جڤاتی پێش-شۆڕشگێڕیدا، لەوەندەی پەیوەندیی بە پرۆلیتاریاوە هەبێ، مارکس یەکنەواز هەموو تیۆرییەکی سەرتەلایەتی ڕەت دەکاتەوە[23]. «ڕزگار کردنی چینی کرێکار دەبێ بەرهەمی خۆی خۆی بێت». جوداوازییەک هەیە لە نێوان سەرلەبەری پرۆلیتاریا و ئەندامانی پارتی

[23] توانای بەرزی سیاسی، بە بۆچوونی مارکس، دەکاتەوە: «توانای خۆڕسکی پەی بردن بە پێویستیی شۆڕش».

شۆڕشگێر. ئەمیان زووتر لە ئاپۆرەی پرۆلیتاریا، بە پلەی دەرک کردن دەگەن. لەبەر ئەوەیشە نۆرەی پێشەنگیان هەیە بەڵام نەک ڕێبەر. مارکس پێی وا بوو پرۆلیتاریا، لە ڕێی کار تێکردنی ژینگەی جڤاکییەوە، بە شێوەیەکی «غەریزی» دەبێتە کۆمیونیست. بەڵام لە کاتی شۆڕشەکەدا ئەوجا ئاپۆرە بە شێوەیەکی «ئاگادارانە» دەبنە کۆمیونیست. ئەم شۆڕشە، بەلای مارکسەوە، بریتییە لە شەڕێکی نێوخۆی درێژخایەن و »شەڕێکی جیهانیی شۆڕشگێڕانە«.

مارکس، لەچاو چینەکانی دیکەدا، پرۆلیتاریای بەسەرتەڵ داناوە. پرۆلیتاریا چینی هەڵبژاردە و ڕێبەرن. لە نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا مارکس بیری لای دامەزراندنی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بوو لە فرانسە و ئەڵمانیا، گەرچی لەوێ، بە دیدی مارکس خۆیشی، زۆرینەی خەڵک جووتیار بوون. نۆڕینی مارکس لە جووتیار و وردەجووتیار تەواو جودایە لەوەی لینین و ماو -ی پەیڕەوانی درەنگتری خۆی. مارکس پێی وا بوو جووتیاران چینێکی کۆنەپەرستن، چارەیان هەر هەڵوەشاندن و پرۆلیتاریاندنە.

لە ژینگەی جڤاکیی نوێی ئایەندەدا خەسڵەتێکی نوێی باشی جڤاکی لە مرۆڤدا گەشە دەکات. ئەمەش هەر لەو بیرە تەماویەی بەڵام سەرنج ڕاکێشەوە بەدیار دەکەوێ کە دەڵێ جڤاتی ئایەندە لەلایەن وەڵاتیان خۆیانەوە ڕێبەری و خزمەت دەکرێت. بێ دەسەڵاتی زەبروزەنگی دەوڵەت و بێ دەزگەی کارگێڕی ڕاستینە. شیرازەی وەها بنەبڕ کردنی شەڕ و تاوانکاریی بە مەرج گرتووە و هەروەها جڤاتش بە گشتیی تێیدا لە ناکۆکیی گرووپان بەدوورە.[24]

[24] Daniel Tarschys پێشانی داوە کە ئەم بۆچوونە لە نێو سۆسیالیست و ڕادیکالی دیکەی هاوزەمانی مارکس باوبووە. Tarschys لە *Den kommunistiska framtiden,* Stockholm 1974 دا وێنای مارکسیستانە و کۆمیونیستانە، دەربارەی ئایەندە، شی دەکاتەوە.

## گرنگترین یەکەی جڤاکی

«مێژووی هەر هەموو ئەو جڤاتانەی هەتا ئێستا هەبوون بریتییە لە مێژووی خەباتی چینایەتی». ئەمە سەرەتای بەشێکە لە بەشە هەرە ناودارەکانی مانیفێستی کۆمیۆنیستانە. مارکس بەردەوام دەبێ و دەڵێ: تایبەتمەندیی ئەم سەردەمەی ئێمە لەوەدایە ناکۆکی چینایەتی تێیدا ساکار بووە. «هەتا دێ سەرلەبەری جڤات خۆی بەسەر دوو چینی گەورە و نەیار، دوو چینی گەورە و ڕاستەوخۆ دەژەوەستاوی یەک، بۆراوژوا و پرۆلیتاریادا، دابەش دەکات».

چینەکان بەگوێرەی پایەیان لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا دێنە ناساندن. ئەوەی خاوەنی دەستاوێژی بەرهەم هێنان بێ دەچێتە ڕیزی بۆرژوازیەوە (چینی بۆرژوا)، ئەوەی تەنێ خاوەنی هێزی کاری خۆی بێت دەچێتە ڕیزی پرۆلیتاریاوە.

جگە لەو دوو شاچینە مارکسیزم باس لە چەند چین، گرووپ یان توێژی نێوانیان دەکات. بۆ نموونە: پیشەداران، بەشێک لە وردەکاسبی، کرێکاری ئازاد و جووتیاران. لە ڕاگوستەکەی مانیفێستەوە دیارە کە ئەم چینە مامناوەندانە وردەوردە نامێنن. خۆیان بەسەر شاچینەکاندا دابەش دەکەن و وەهایش چاوەڕێ دەکرێ زۆربەیان ببنە پرۆلیتار.

تیۆریی چین لەو بەشانەی مارکسیزمە کە وردەکاریی زانستانەی کەمتر تێدا کراوە. لە «سەرمایە» دا مارکس، لەو بەشەی بۆ چینەکانی جڤاتی تەرخان کردبوو، تەنها یەک لاپەڕەی نووسیوەتەوە. پێشانیشی داوە کە ئاگادارە لەوەی دابەشینی جڤات بەسەر دوو چیندا کارێکی هێڵکاری بووە و چەندین دابەشینی دیکەی گرنگ هەیە. دەبێ ئەوەش ڕەچاو بگرێن کە مارکس لە باسی چینگەری [سەر بەچین بوون] تەرازووی ئۆبژەکتیڤی داناوە. تاکەکەسیش ناساندنی سۆبژەکتیڤی خۆی هەیە بۆ چینگەریی خۆی. ئاشکراشە کە ئەم دوو ناساندنە جودان.

دەیسا تیۆریی چین چ دەرئەنجامێکی هەبوو بۆ مارکسیزم وەک باوەڕێکی سیاسی؟

دەبێ بەر لە هەموان باس لە دیاردەی ئینتەرناسیۆنالیزم Internationalism بکەین. ئەم دەوڵەتە میللی (نەتەویی National) ـیە دامەزراوانە، بە دیدی مارکس،

به هۆی یەک گرتنی ئابووری جیهانی، بەرێوەن بەرەو هەڵوەشاندن. سەرمایەداریەتی دەبێتە سیستەمێک گشت جیهان دەگرێتەوە. هاوکاریی پرۆلیتاریا بە پلەی یەکەم لەگەڵ هاوچینی هەموو وەڵاتان دەبێ نەک لەگەڵ میللەتی خۆی. «کرێکارانی جیهان یەک بگرن!».

ئەوجا سیستەمی ئابووری دەبێتە یەکەی گرنگی جڤاکی. لەم سیستەمەدا ناکۆکیی چینایەتیی دونیاپۆش هەیە. ئەنجامی لۆژیکانەی ئەم دیدەش دەبێتە شۆڕشێکی جیهانی. لە مارکسیزمدا هیچ تیۆرییەک دەربارەی شۆڕشێکی سۆسیالیستانەی سنووردار لە چێوەی دەوڵەتی میللیدا بوونی نییە.

ئەنجامێکی دیکەشی ئەوەیە کە شۆڕش بەگوێرەی تیۆریی مارکسیستانە زۆر چاک دەشێ لە بەشە هەرە دواکەتووەکانی سیستەمەکەدا بەرپا بێت و پاشان هەموو جیهان بگرێتەوە و لە کۆتادا بگاتە نێوەندی سیستەمەکە کە وەڵاتە پیشەسازەکانی ڕۆژاوا و ئەمەریکای باکوورە. ئەم بۆچوونە سەنگێکی مەزنی پەیدا کرد بۆ داڕشتنی تیۆری دەربارەی دەرفەتی شۆڕشێکی سۆسیالیستانە لە ڕووسیا. مارکس بیری لەوە کردبۆوە کە ڕووسیا دەشیا «باز بدات» بەسەر سەرمایەدارەتیدا. شۆڕشێکی ڕووسی دەشیا ببێتە سەرەتایەک بۆ شۆڕشێکی جیهانی.

## مێتودی گۆڕینی جڤات

لە بەشێکی ناوداری «سەرمایە» دا ئەم پێشبینییانە بەرچاو دەکەون:

1- سەرمایەدارەتیی مەزن ژمارەیان ڕوو لە کەمبوونە، سەرمایە چڕ دەبێتەوە.
2- دادۆشێنی ئاپۆرە و هەروەها «سەرگەردانی، کۆیلەیەتی و سەرشکێنی» ی ئاپۆرەش پەرە دەستێنن.
3- ژمارەی ئەندمانی چینی کرێکار هەڵدەکشێ، ئەم چینە دەرس دەدرێ، پتر تێکەڵی یەکتر دەبن و ڕێک دەخرێن.

4- «دەستاوێژی بەرهەم هێنان خڕ دەکرێتەوە، و خەسڵەتی جڤاکیی کار گەشە دەکات تا ئەوەی پرۆسەی بەرهەم هێنان چیدی لە چێوەی سەرمایەداریدا جێی نابێتەوە. ئەمیان شەق دەبات».

مارکس ئالێرەدا مۆدێلی دیالەکتیکانەی گۆڕینی جڤاتی پێشان داوە. ناکۆکی بزوێنەری گۆڕانکارییە. لە دیالەکتیکدا گۆڕانکاریی چەندانە Qualitative و جۆرانە Quantitative لێک جودا دەکرێنەوە. لەو خاڵانەی سەرەوە، یەکەم هەتا سێیەمیان باس لە پرۆسەیەکی پلەدار و وردەوردە دەکەن، دەیان یان سەدان ساڵ دەخایەنێ. گۆڕانکاریی چەندانەی نێو سیستەمەکە کۆ دەبنەوە و لە ئەنجامدا ناکۆکی هێندە بەهێز دەبێت سیستەمەکە شەق دەبات. لە تێکستەکەی مارکسەوە دیارە کە ئەم شەق بردنە ناکاو دەبێ، بە تەقینەوە دەچێ. «باز دانی دیالەکتیانە» ناوێکی دیکەیە بۆ گۆڕانکاری جۆرانە.

مۆدێلی دیالەکتیاکانە ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە گۆڕانکاریی چەندانە بەڕادەیەکی بەرتەسک دەشێ کاریان تێ بکرێت، بۆ نموونە لە ڕێی بڕیاری سیاسییەوە. بەڵام لە ئەنجامدا دەست تێوەردانی وەها بێسوود دەمێننەوە. ئەوپەڕەکەی دەتوانن گۆڕانکاریی جۆرانە دوا بخەن یان پەلەی لێ بکەن. مارکس لە هەمان بەشدا دەنووسێ:
«بەرهەم هێنانی سەرمایەدار بەپێی ناچاریی قانوونی سروشت نایاندن Negation ی خۆی دەهێنێتە پێش».

کەوابوو نۆڕینی ڕیفۆرمیستانە کە داوای گۆڕانکاریی پلەدار دەکات ڕووەو سۆسیالیزم، لە لایەن مارکسەوە ڕەت کراوەتەوە. سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە بە هۆیەکی دیکەش لەگەڵ مۆدێلی دیالەکتیکانە یەک ناگرنەوە. وەک لە ڕاگواستەکەوە دیارە مارکس سیستەمی ئابووری بە یەکەی نەبەش دادەنێ. سەرمایەدارەتی هەر دەمێنێ تا ئەو کاتەی بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوخۆ شەق دەبات. چ دۆخێکی مامناوەند لە سیستەمەکەدا پەیدا نییە. ئەم مۆدێلە دیالەکتیکانەیە گۆڕانکارییەکی سەرانسەریی جڤاتی بە مەرج گرتووە و داوای دەکات: سیستەم گۆڕین سنووری ئاشکرا بێت. سنوورەکەش شۆڕشە.

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

باوەڕی مارکسیزم دەربارەی شێوازی حوکومڕانیی سیاسی دابەشی سێ خاڵە:

1 - جڤاتی سەرمایەدار.
2 - سەردەمی شۆڕش.
3 - جڤاتی ئایەندە، جڤاتی کۆمیونیستانە

بە بۆچوونی مارکسیزم دەسەڵاتی سیاسی لە بنەڕەتدا لەسەر دەسەڵاتی ئابووری بونیات نراوە. ساختاری ئابووری و دابەشینی چینایەتی — کە بەشێکی ساختارەکەیە - «ژێرخان»ـن. دەزگەی دەوڵەت «سەرخان» ێکە ساختاری ئابووری دەپارێزێ و بەهێزی دەکات. ئەو چینەی دەستاوێژی بەرهەم هێنانی لە دەستدایە کۆنترۆڵی دەزگەی دەوڵەت دەکات. بەپێی ئەم ناساندنە دەبێ هەتا سەرمایەدارەتی دەمێنێ، هەموو ڕژێمێک خزمەتی بورژوا بکات.

مارکس بە پلەی یەکەم دوو شێوازی حوکومڕانیی سیاسی بۆ جڤاتی سەرمایەدار دەستنیشان کردووە: کۆماری دێمۆکرات و «ئیمپێریالیزم»، ئەم ناوەش لە قەیسەرنشینیی فرانسی و ئەڵمانیی بەشی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە هاتووە. شێوازی دووەمیان سەرنج ڕاکێشە و زۆر جار لە گفتوگۆی مارکسیستانەی هاوچەرخدا دێتە کایەوە. ئەمیان «بە ڕواڵەت» وەک جۆرە دیکتاتۆرییەک ڕادەنوێنرێ دوور لە دەستی بۆرژوا. ڕژێمەکە گەشە بە سەرمایەدارەتی دەدات و چینی کرێکار دەچەوسێنێتەوە، بەڵام بێ ئەوەی بۆرژوا بتوانێ کۆنترۆڵی بکات. مارکسیستی هاوچەرخ هەوڵیان داوە نازیزم و فاشیزم بە جێگرەوەی ڕژێمە «ئیمپێریالیست»ـەکانی سەدەی نۆزدەیەم دابنێن.

ڕژێمی سیاسیی سەردەمی شۆڕش نێونراوە «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا». بە بۆچوونی مارکس دەبێ هەموو ڕژێمێکی شۆڕشگێڕ دیکتاتۆر بێت، یەکێک لە هۆیەکانیشی ئەو بەرگرییە توندوتیژەی چینەکانی دیکەیە کە هەر دێتە ڕێ. کەواتە ڕژێمەکە بەرانبەر چینە نەیارەکان دیکتاتۆرییە. لە نێو چینی کرێکار و گرووپە جڤاکییە هاوپەیمانەکانی وی مارکس بیری لای دێمۆکراتییەکی ڕادیکاڵ بوو، کە نموونەیەک بێت لە کۆمۆنەی پاریسی شۆڕشگێڕی 1871. هەڵبەتە کۆمۆنەی پاریس زیاتر بەدەست

گرووپانی ئەنارکیستەوە بوو. لە خەسڵەتە تایبەتیەکانی کۆمۆنەی پاریس: مافی گشتیی دەنگ دان لە تەک ڕەوا بوونی کێشانەوەی ماندات، گواستنەوەی ئەرکەکانی حکوومەت بۆ ئەنجومەنی بژاردە، کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی دەزگەی کارگێڕی، کە ئەندمانی مووچەی کرێکاری وەردەگرن. لە کۆمۆنەی پاریسدا پارتی هەمەجۆر نوێنەریان هەبووە. مارکس نە بە چاک نە بە خراپ لەم شیرازەیە نەدواوە.

شێوازی حوکومڕانیی کۆمیونیستانەی ئایەندە هەتا بڵێی بە شێوەیەکی تەماوی وەسف کراوە. کز و لە کۆتاشدا خامۆش دێتە ڕواندن.

Friedrich Engels ی برادەر و هاوکاری مارکس چەمکی ئاماژەبەخشی «پووکانەوەی دەوڵەت» ی داهێنا: «دەست تێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت لە سەروکاری جڤاکیدا، بوارەو بوار، ناپێویست دەمێنێ و هەر لە خۆوە لەنێو دەچێ. لە بری حوکوم کردنی خەڵک، کارگێڕیی کاڵا و ڕێبەرایەتی پرۆسەی بەرهەم هێنان دێتە کایەوە. دەوڵەت لە نێو نابرێ، وردەوردە دەپووکێتەوە».

*Socialismens utveckling från utopi till vetenskap,* 1882

ئەنگیلز پێی وابوو ئەو بارە دەشیا پاش یەک نەوە بێتە دی. مارکسیستی دیکەی هاوزەمانی ئەنگیلز هیوایان بە دێمۆکراتیی ڕاستەوخۆ بوو: لە هەر هەموو دۆزەکاندا، هەموو کەسێکی ڕسکاو دەبا بەشداری بڕیاردان بن. پلێخانۆڤ Georgij Plechanov ی باوکی مارکسیزمی ڕووسی یەکێکە بوو لەوانە.

## سازمانی ئابووری

شێوەی بەرهەم هێنان و گۆڕینەوەی بەرهەم، لای مارکسیزم، بنەمایە بۆ «ساختاری» جڤات. ئەمیان بریتییە لە: شێوازگەلی موڵکایەتی، دابەشینی چینایەتی، ناکۆکی، شێوازی حوکومڕانیی سیاسی و پێوەری جێکەوتە.

بە بۆچوونی مارکس بنەمای سەرمایەدارەتی لە شارە بازرگانییەکانی ئەورووپای سەردەمی ناڤینی درەنگدا دانرا، کەواتە سەرمایەدارەتی وەک دیاردە زۆر کۆنترە لە پیشەسازەتی، ئەمیان لە سەدەی هەژدەیەمدا ئەوجا دامەزرا.

ڕەخنەی مارکس لە سەرمایەدارەتی لە چەند ڕوویەکەوە پەیوەستی کاتە. ئەم پێی وابوو دەسەڵاتی دەوڵەت بەگشتی دەبا سست Passive بێت. پێی وانەبوو دەوڵەت دەبا دەست بخاتە: شێوازی ئەرکی بازاڕەوە، پەیدا کردنی سامان و داهات، یان چارەسەری سیاسی – جڤاکی بەکار بێنێت. بەڵام مارکس و ئەنگیلز فریای ئەوە کەوتن سەرەتاکانی جودابوونەوەی خاوەنتیی کۆمپانیا لە ڕێبەرایەتی کردنی کۆمپانیا ببینن. ئەم فراژووتنە لەم ڕۆژگارەدا پێی دەگوترێ «شۆڕشی بەڕێوەبەران Directors». مارکس و ئەنگیلز تێبینییان ئەوە بوو سەرمایەداری سست لە هی چالاک و کۆمپانیاگێڕ پتر ناپێویستە.

ئەمان شارەخنەیان لە سەرمایەدارەتی ئەوەبوو دەیگوت ئابووریی بازاڕ ناهۆشەکی و ناکاریگەرە. لایەنی دووەمی ڕەخنەکە دەیگوت ئابووریی بازاڕ نەیاری مرۆڤایەتییە، ئەمەیان لە بەشی شانرخاندنی مارکسیزمدا باسی هاتووە. مارکس و ئەنگیلز پێیان وایە ڕاستە سیستەمەکە نایاب و پێشڕەوتە، دونیای لە بنەڕەتەوە گۆڕیوە، بەڵام بازاڕ کارگێڕییەکی ئاگادارانەی نییە، «ئەنارکی» دەیگێڕێ. ماوەماوە سەختانگی ئابووریی دژوارتر ڕوو دەدات. هۆیەکی سەختانگ کەمخەرجیی کرێکاری مووچەخۆرە. چونکە مووچەیان نزمە. سیستەمەکە بێکارییەکی دەوامەداری فرەوانی بە مەرج گرتووە. سیستەمەکە لە سەر ڕکابەرییەکی ڕووخێنەری نێوان خەڵکی بەرهەمهێن و نێوان خەڵک بەگشتی هەڵنراوە.

بەبۆچوونی مارکسیزم نرخی کاڵا بەندی ئەو کاتەیە لە بەرهەم هێنانی کاڵاکەدا سەرف دەکرێ نەک بەرفرۆش و خواستی بازاڕ.[25]

تیۆریی بەها، تیۆریی «زێدەبەها»ی لێ دەزێتەوە. زێدەبەها ئەو بەشەیە لە نرخی کاڵا کە سەرمایەدار بۆ خۆی گل دەداتەوە هەرچەند بۆ خۆی کارەکە ناکات. بەشێکی کاتی کار بۆ بەرهەم هێنانی ئەو بەهایە دەچێ کە بەرانبەر مووچەی کارەکەیە، لە بەشەکەی دیکەی کاتی کاردا کرێکار زێدەبەها بەرهەم دێنێ. ئەم تیۆرییە بەر لە هەر شتێک ڕەخنەیەکی ئاکارەکییە لە سەرمایەدارەتی. لە ڕێی زێدەبەهاوە کرێکار بەشێک لە نرخی دروستی بەرهەمی کارەکەی لێ دەستێندرێ. پەڕینەوە بۆ شیرازەی ئابووریی کۆمیونیستانە دەبێ، بۆ نموونە، ئەم گۆڕانکارییانەی تێدا بێ:

1- خاوەنەتی و کارگێڕیی دەستاوێژی بەرهەم هێنان دەبێت بدرێ بە «سەرلەبەری کۆمەڵگە». لە ماوەی پەڕینەوەدا دەبێتە گەلێراندن Socialization. دەوڵەت دەبێتە خاوەن و بەڕێوبەری پیشەسازی و سازمانی زەوی مەزن. سامانی زەویوزار بە مێتودی پیشەسازانە دەبرێ بەڕێوە.

2- بەرهەم هێنان بۆ تێر کردنی بازاڕ لا دەچێ و ئابووریی نەخشەدار جێی دەگرێتەوە. ئەنجامەکەشی دەبێتە گەشەندێکی ئابووری زۆر خێرا. سەختانگ و بێکاری بنەبڕ دەکرێن.

3- کاری ئەنجامدراو بە «پسوولەی کار» مزەی دەدرێ. «بەم پسووڵەیە کرێکار دەتوانێ بە ئەندازەی نرخی کارەکەی خۆی پێداویستی خۆی لە گەنجینەی جڤاکی وەربگرێ». بەڵام مزی کارەکە هێشتا هەر پەیوەستی کردەییە. لە بری داشکانی زێدەبەهای سەرمایەدارەتی داشکان بۆ لەکار بردن و سەرمایەگوزاری و مزەی جڤاکی و باج دێنە کایەوە.

Marx, *Kritik av Gothaprogrammet*, 1875

---

[25] ڕاستتر وایە بڵێین بڕی کاری «جڤاکیی پێویست» ی خەرجکراو لە بەرهەم هێناندا. مەبەست لە «جڤاکیی پێویست» ئاستی تەکنیکە.

ئوتوپیا

لە هەمان بەرهەمدا باسی دوای پلەی فراژووتنی جڤاکی هاتووە:

«لە پلەیەکی بەرزی جڤاتی کۆمیونیستیدا- کاتێک ژێردەستیی کۆیلەئاسای تاکەکەسان لە ئاست دابەشینی کاردا نامێنێ و بە دوا ئەویشدا ناکۆکیی نێوان کاری گیانەکی و کاری لەشەکی نامێنێ، کاتێک کار لەوە دەردەچێ هەر ڕێگەیەک بێ بۆ بژێو پەیدا کردن و بەس و دەبێتە گرنگترین پێداویستیی ژیان، کاتێک لە تەک فراژووتنی هەمەلایەنەی تاکەکەسان هێزگەلی بەرهەمێنیش هەڵدەکشێ، هەموو سەرچاوەکانی سامانی هەرەوەزی هاوکۆ پتر هەڵدەڕژێن — ئەو دەمە ئەوجا مرۆڤ دەتوانێ باز بدات بە سەر ئاسۆی بەرتەسکی دادی بۆرژوا و جڤات دەتوانێ لەسەر ئالاکانی بنووسێ: "لە هەر کەس بەپێی توانای خۆی، بۆ هەرکەس بەپێی پێداویستی خۆی"».

*Kritik av Gothaprogrammet*

وێنای بەرزترین پلەی کۆمیونیستانە ئەوەی بە مەرج گرتووە کە کەمسامانی بەگشتی نەمێنێ و لەویشەوە گرفتی دابەشین بە شێوەیەکی بنەڕەتیی نوێ چارە بکرێ. کاتێک لێنین پاش چەندین ساڵ لە وێنای ئایەندەی مارکس دوا پێی وا بوو زیادبوونی بەرهەم هێنان «یەکجار مەزن» دەبێ. خەڵکیش دەبا ڕووەو ئەو ئیدیالەی، هەر زوو لە 1845-1846 دا، مارکس نەخشاندبووی، هەڵکشێن:

«لە جڤاتی کۆمیونیستانەدا هیچ کەسێک کارێکی بەرتەسک ناکات بەڵکوو... هەموو کەسێک بۆی هەیە ڕووەو ئەو بوارەی دەیەوێ خۆی پێبگەیەنێ. جڤات بەرهەم هێنان دارماڵ دەکات و ئەوەش دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنێ ئەمڕۆ کارێک بکەم و سبەی کارێکی دیکە. بەیانیان ڕاو بکەم، پاشنیوەڕوان خەریکی ماسی گرتن بم، ئێواران چاودێریی ئاژەڵ بکەم، پاش شێو [خۆراکی شێوان] ڕەخنە بگرم، هەر هەموویشی بە ئارەزووی خۆم، بێ ئەوەی ناچاربم ببمە نێچیروان، ماسیگر، شوان یان ڕەخنەگر».

## 5- کۆمیونیزم

ئایدیۆلۆژیی کۆمیونیستانە لەلایەن لێنین Vladimir Lenin ی ڕێبەری شۆڕشی ڕووسیەوە هەڵنرا. پاش مەرگی لێنین،ساڵی1924، باوەڕەکەی بە فەرمی بووە ئایدیۆلۆژیی دەوڵەت. هەموو بڕیارێکی سیاسیی گرنگ بە پیادە کردنی بیرۆکەکانی لێنین دادەنران. «مارکسیزم – لێنینیزم» بووە ناوێکی فەرمیی ئایدیۆلۆژیکە. ستالین Josef Stalin ی جۆرجی لە سۆڤیەت بووە جێگری لێنین و ڕێبەری پارتی. لە سەردەمی ئەودا سیستەمی سۆڤیەت هەم خۆی گرت و هەم ڕووەو ئەورووپای ڕۆژهەڵات، چین و چەندین وەڵاتی دیکەی ئاسیا ڕێی کرد. پاش مەرگی ستالین ساڵی 1953، پرۆسەی «داماڵینی ستالینیزم» لە سۆڤیەت کەوتە گەڕ. تەرمی وشکێنراوی ستالین، کە لە تەک لێنینەوە لە ئارامگەی مەیدانی سووری مۆسکۆ دانرابوو، لابرا.

بەڵام چین دەستبەرداری میراتی لێنین و ستالین نەبوو. ماو زێدۆنگ Mao Zedong ی ڕێبەری شۆڕشی چین بووە بونیاتنەری ڕێبازێکی نوێی کۆمیونیزم. بۆچوونەکانی ماو زێدۆنگ بۆ سەرلەبەری جیهانی سێیەمی نافراژی کرانە ڕێنوێن. لە هەموو جیهاندا پارتی نوێی سەربە باوەڕی ماو هاتنە دامەزراندن. پاش مەرگی ماو، ساڵی 1976، لە چینیش بادانەوەی ئایدیۆلۆژی دەستی پێ کرد. بەشێکی زۆری ئەو ئایدیۆلۆژییەی مۆرکی ماوی پێوە بوو فڕێ درا. دێنگ سیاوپینگ Deng Xiaoping ی ڕێبەری نوێ دەستی دایە ڕیفۆرمی ئابووری. کۆمیونی گەلێری ماو بوونە یەکەم قوربانی. ئەمانە هەڵوەشێنرانەوە و جووتیاران چوونەوە سەر باری جووتیارەتیی تاکەکەسی.

پارتە کۆمیونیستەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات چەند جارێک پەیوەندیی خۆیان بە کۆمیونیزمی سۆڤیەتەوە پساند. لە ژێر سایەی ڕێبەرایەتیی تیتۆ Tito ی سەرۆک کۆماردا یوگۆسلاڤیا پاش 1948 سیستەمێکی کۆمیونیستانەی تایبەت بە خۆ دارِشت. «تیتۆیزم Titoism» تەواو بەرتاوی سەندیکالیزم Syndicalism بوو. چەمکی «خۆکار» ی کردبووە بنەما و مەبەستیش لە ئەزموونی پیادە کردنی دێمۆکراتیی کۆمپانیا Industrial Democracy بوو لە ئابووری گەلێردا. ساڵی 1968 لە چەکوسلۆڤاکیا «بەهاری پراگ» ڕووی دا. بە ڕێبەرایەتی Alexander Dubček کۆمیونیستانی چەکوسلۆڤاکیا نیازیان بوو «سۆسیالیزمێکی خاوەن ڕوخساری مرۆڤدۆستانە» پیادە بکەن. ئەگەرچی دوبچەک بە ئاشکرا سیستەمی تاکپارتایەتی

دەپاراست بەڵام سوودی نەبوو، ڕیفۆرمی بەهاری پراگ ڕێی لێ بەسترا. «بەرەی وارشۆ» پەلاماری وەڵاتەکەی دا.

هەوڵدانی سێیەم لە پۆڵۆنیا سەری هەڵدا. سەندیکای «سۆلیداریتیٚ» Solidarity (هاوکاری) وەک بزاڤێکی سیاسیی بەرانبەر حیزبەکە وەستا و ساڵی 1989 دەسەڵاتی لێ سەند.

گەورەترین پارتی کۆمیونیست لە ئەورووپای ڕۆژاوا، لە ئیتالیا بوو. لە سەرەتای 1970 کاندا کۆمیونیستانی ئیتالیا لەگەڵ ئیتالیای بورژوا دەستیان دایە «سازانی مێژووکرد». پارتەکە بووە پێشەنگی یۆرۆکۆمیونیزم Eurocommunism. ئەم وشە نوێیە پێشانی دەدا کە کۆمیونیزمی سەربە سۆڤیەت چیدی، نە لە بواری ئابووریدا و نە لە بواری سیاسیدا، ڕێنموو نییە. یۆرۆکۆمیونیزم خۆی لە دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لادا و بە کردەوە پەرلەمانەتیی سەلماند.

پاش 1989

لە 1980 کاندا مۆدێلی سۆڤیەتانەی کۆمیونیزم کەوتە سەختانگێکی دژوارەوە. ئابووریی نەخشەدار چیدی لەباریدا نەما گەشەندی ئابووری هەڵچنێ. پارتەکەش بەشێکی گەورەی سالاری Authority ی سیاسیی خۆی لە دەست دا.

هەوڵ درا، بە تێهەڵکێش کردنی ئادگاری نوێی ئابووریی ئازاد لە ئابووریی نەخشەداردا، چارەیەکی سەختانگەکە بکەن. دەبا کۆمپانیا خۆفەرمانتر ببن. دەبا داوەستان Stagnation و جیرِبوونی سیستەمە کۆنەکە بە سنگفرەوانی و گۆتوبێژی ئازادانە چارە بکرێن. ئەمانە بوون شاخاڵی سیاسەتی سەرۆکی نوێی پارتی کۆرباچۆڤ Mikhail Gorbachev. دروشمە نوێیەکانی گۆرباچۆڤ بریتی بوون لە «پێرێسترۆیکا» (ڕیفۆرمی ئابووری) و «گلاسنۆست» (ئاشکرایی).

هەر زوو بزاڤی ڕیفۆرم لە چین و سۆڤیەت سەریان نا بەخواستی لابردنی سیستەمی تاکپارتایەتی و ئەمیش هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بوو لە مانەوەی ڕژێمی کۆمیونیستانە. بەهاری 1989 بزاڤی سیاسی لە چین وەها ڕاهێزرا دێنگ سیاوپێنگ فەرمانی دایە لەشکر لە بزاڤە دێمۆکراتخوازەکە بدات. ئەنجامیش ئەو کوشتارەی ناوشاری پەکین بوو. ڕێبەرانی سۆڤیەت بڕیاریان دابوو هێزی ئەرتەش بۆ دابین کردنی دەسەڵاتی پارتەکەیان نەخەنە کار. ئەنجامی ئەمیان ئەو ژێربان (سەروبن) کردنەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی 1989 بوو. لە ماوەی چەند مانگێکدا، لە شەش وەڵات: پۆلۆنیا، هەنگاریا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات DDR، چەکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا و بولگاریا سیستەمی کۆمیونیستانە داڕما. «تیتۆیەتی» لە یوگۆسلاڤیاش هەر هەمان چارەنووسی هەبوو. زووتر دەگوترا پارتی کۆمیونیستی تیتۆ ناکۆکییە کۆنەکانی نێوان نەتەوە هەمەجۆرەکانی وەڵاتەکەی چارە کردووە. ئێستا لێمان ئاشکرایە کە وەها نەبوو.

لە یەکیەتیی سۆڤیەت پارتی کۆمیونیست ناچار کرا ئەو بڕگەیەی دەستوورنامە بسڕێتەوە کە «نۆرەی ڕێبەرانە» ی پارتەکەی لە دەوڵەتدا دەستەبەر دەکرد. هاوکات قەدەغە کردنی پارتی دیکە، کە کاتی خۆی لێنین سەپاندبووی، ڕەش کرایەوە. لە چەندین بەشی ناڕووسیی سۆڤیەت خەباتی دژ بە سیستەمی تاکپارتایەتی و خەباتی ڕووەو سەروەریی میللی یەکیان گرتەوە. لە کۆتادا، ساڵی 1991، یەکیەتیی سۆڤیەت هەڵوەشێنرایەوە و هەر هەموو سامانی پارتی کۆمیونیست زەوت کرا.

چین وەک زلهێزێکی کۆمیونیست تەنها مایەوە. ڕێبەرانی دەوڵەت گەڕانەوە بۆ ئەو بیروڕایانەی ماو زیدۆنگ کە لە «دیکتاتۆریی دێمۆکراتانەی گەل» لە ژێر ڕێبەرایەتیی توندی پارتی، دەدوان. هەرچۆنێک بێت دەبێ پارتەکە مەندیی سیاسیی وەڵات بپارێزێ. ئەوەی لە سۆڤیەت ڕووی دا نەدەبا لە چین ڕوو بدا. پارتەکە خۆی کردە تاکە دەستەبەر هەم دژ بە «ئاژاوڵە» Chaos و هەم ڕووەو دەوامەدان بە گەشەندی ئابووری.

لە چین گۆیا هەوڵ دەدرێ بۆ سۆسیالیزمێکی «چینی». ئامانجی یەکەمیشی گەشەندی ئابوورییە. لە نێوەڕاستی سەدەی داهاتوودا دەبێ وەڵاتەکە بە «تەژەندێکی لەبار» بگات. ئەو دەمە چین لە خانەی جیهانی نافراژی دەردەچێ. هەتا ئەو دەمە پارتەکە هەموو ئەندێشەیەک دەربارەی جڤاتی ئایەندەی کۆمیونیستانە وەلا دەنێ.

مەرگی لێنینیزم؟

«ئەوەی دەتپەرست بیسووتێنە و ئەوەی دەتسووتاند بیپەرستە». ئەمە وەسفێکی ئەو بادانەوە ئایدیۆلۆژییەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی پاش 1989 یە. کۆمیونیستان ئەمجا هاتنە سەر باوەڕی «سۆسیالیزمی دیمۆکراتانە» و سیستەمی فرەپارتیایەتی و بازاڕی ئازاد. باوەڕی شۆڕش، دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا و نۆرەی ڕێبەرانەی پارتی بە جارێک لە پرۆگرامە تازەکانی پارتەکاندا ڕەش کرانەوە. بەمەش شابەشی ئایدیۆلۆژیی کۆمیونیستانەی لێنین لادرا. پارتە کۆمیونیستە کۆنەکان ورەدوردە ڕوویان لە بیروڕای سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیست نا. ساڵی 1989، نەوەد ساڵی ڕێک تێپەڕی بوو بەسەر یەکەم جاردا کە بێرنشتاین Eduard Bernstein ی مامۆستای ڕیفۆرمیستان هێرشی بردە سەر باوەڕی شۆڕشی مارکسیزم. پاش ساڵی 1989 وەها دەرکەوت کە بیروڕاکانی بێرنشتاین سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی لێنیندا.

ئایە ڕاستە لێنینیزم وەک ئایدیۆلۆژی لە سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا پاش 1989 مرد؟ هەڵبەتە ناکرێ تەواو لەوە دڵنیابین. ڕاستە باوەڕی لێنین لە هیچ جێیەکی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، پاش ئەوەی دەزگەی دەوڵەتیی لە پشت نەما، لە باریدا نەما لە چەند کەسێک پتر لە خۆی کۆ بکاتەوە. پارتە دەوڵەتگێڕە کۆنەکان، هەر بە نەمانی دەسەڵاتیان، لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا پشتیان لە لێنینیزم کرد. بەڵام پارتەکان خۆیان نەمردوون. بە پێچەوانە، زۆریان بە بەرگی نوێی ڕیفۆرمیستانەوە توانییان نێزیکەی لە سەدا بیستی دەنگ، لە هەڵبژاردنی ئازاددا، وەدەست بێنن. زۆر لەو وەڵاتە تازانەی پاش هەڵوەشانی سۆڤیەت هەڵنران ئێستا سەرتەڵی پارتە کۆنەکان فەرمانڕەواییان دەکەن.

دوور نییە لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات و لە سۆڤیەت ڕژێمی نوێی سالارپەرست سەر هەڵدەنەوە. لەوانەیە سەرلەنوێ لێنین ببێتەوە یەکێک لە مامۆستایان، بەڵام لەوە ناچێ ببێتەوە تاکە مامۆستا. لێمان ڕوون بۆوە کە دەشێ ناسیۆنالیزمی سالارپەرست لەگەڵ چەند لایەنێکی ئایدیۆلۆژیی دەوڵەتیی مارکسیستانە - لێنینیستانە یەک بگرنەوە. لە ڕووسیا بەم ئایدیۆلۆژییە تێکەڵە نوێیە دەگوترێ: «بۆلشەڤیزمی میللی».[26]

[26] بڕوانە بەشی 15.

بەڵام لە جێین مارکسیزم – لێنینیزم هێشتا وەک ئایدیۆلۆژییەکی دەوڵەتی هەر بەردەوامە و هەموو دەسەڵاتی دەزگەی دەوڵەت خەریکی پاراستنیەتی. لەگەڵ ئەوەشدا دەرفەتی ئایدیۆلۆژی لە 1990 کاندا تەواو تەنگ بۆتەوە. هەر لەسەرەتاوە کە دەسەڵات کەوتە دەست کۆمیونیستانی چینەوە ساڵی 1948، سیاسەتی چین ڕەوتێکی توندی پێچەڵپێچەڵی هەبووە، لەمپەڕەوە بۆ ئەوپەڕ. لەبەر ئەوە دوور نییە دیسان بکەوێتە سەر ڕێبازی چەپڕەوانەی شۆڕشگێر. بەڵام ئەمجارەیان ماو زیدۆنگی شاگردی لێنین دەبێتە مامۆستا نەک لێنین خۆی.

لەم بەشەدا، پێشەکی باس لە ئایدیۆلۆژیی مارکسیست - لێنینیست دەکەین بەو شێوەیەی لێنین، ستالین، ماو زیدۆنگ دایانڕشت. Jiang Zemin ی سەرۆکی پارتی کۆمیونیستی چین، 1992[27] لە کۆنگرەی پارتەکەدا سەروتارێکی خوێندەوە، ئەمیان دەکەینە دەراو (سەرشاری) ی باسمان لە ئایدیۆلۆژیی فەرمیی ئێستای کۆمیونیستانی چین. کۆنەکۆمیونیستانی ئیتالیاش بۆ بەراورد دەهێنینەوە. یورۆکۆمیونیزمی جاران، پاش 1989 ڕووەو سۆسیالیزمێکی چەپەڕەوی ڕیفۆرمیست فراژووت. ئەم سیاسەتە تازەیەش تەنانەت بەناویش هیچی هاوکۆی لەگەڵ کۆمیونیزمدا نەماوە. پارتی کۆمیونیستی ئیتالی ناوی خۆی گۆڕیوە بە «پارتی چەپڕەوی دێمۆکرات» PDS.

لە سۆڤیەتی ڕۆژگاری گۆڕباچۆڤیشدا گۆڕانکاریی ڕووەو ڕیفۆرمیستی سەری هەڵدا. یەک ساڵ بەر لە هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت پارتی کۆمیونیست لەوێ پرۆگرامێکی تاڕادەیەک تەواو ڕیفۆرمیستانەی داڕشت.

[27] وتارەکەی یانگ لە کۆنگرەی 14 یەمی پارتیدا خوێندرایەوە و لە Beijing Rundschau ی ژمارە 43 ی ساڵی 1992 بڵاوکراوەتەوە.

شانرخاندن

کۆمیونیزمیش بە هەمان شێوەی مارکسیزم شانرخاندنی خۆی لە سیاسەتدا جێگیر کردووە. باوەڕی کۆمیونیستانە، بە پێوەری ئەو دەستوورە مێژووکردانەی لەلایەن مارکسەوە دۆزرانەتەوە، بە دروست دادەنران. بەڵام کۆمیونیستان ئەرکی داڕشتنی ئایەندەیان پتر دەخستە ئەوستۆی توانای پارتەکەی خۆیان وەک لەوەی بیدەنە پاڵ دەستووری مێژووکرد. ڕێبەری پارت تەرجەمە کردنی ئایدیۆلۆژیکەی بۆ خۆی پاوان کرد. لەبەر ئەوە بەکردەوە ڕێبەرایەتیی پارت هەمیشە توانیویەتی خۆی بڕیار بدات چی «دروستە» و چی «چەوتە» لە سیاسەتدا. بۆ نموونە ئەمانە کێشانەی ماو زیدۆنگ بوون بۆ «دروستی» و «چەوتی» ی لە سیاسەتدا:[28]

بەگشتی ڕەفتار و گوتار دروستن ئەگەر:

1 - گەلانی ئەم میللەتە هەمەجۆرانەی ئێمە یەک بخات.
2 - ڕێگەی بارگۆزاندن Transformation ی سۆسیالیستانە خۆش بکات.
3 - «دیکتاتۆریی دیمۆکراتانەی گەل» بچەسپێنێ.
4 - سەنترالیزمی دیمۆکراتانە بچەسپێنێ.
5 - نۆرەی ڕێبەرانەی پارتی کۆمیونیست ڕاهێزێ.

بە بۆچوونی ماو خاڵی دووەم و پێنجەم لە هەموان گرنگترن. هەڵبەتە مافی تەرجەمە کردنی ئەو خاڵانەش لە باری هەمەجۆردا هەر بە ماو و ڕێبەرانی پارت ڕەوا بوو.

ڕێبەرانی ئێستای پارتی کۆمیونیست لە چین، ئایدیۆلۆژیی دیکتاتۆرانەکەی ماو ڕیسوا دەکەن. جاران دەگوترا: «هەرچی و هەردەم» واتە: ماو هەرچی گوتبێ هەردەم ڕاست بووە. ئێستا پارت لە بری ئەوە دەڵێ: «لە فاکتادا بۆ ڕاستی بگەڕێ».

---

[28] بڕوانە: Om det rätta sättet att lösa motsättningar inom folket, 1957.
لێرەدا خاڵەکانی ماو کەمێک بە کورتکراوەیی پێشان دەدرێن.

«ئاژوڵە» ی نێو ئایدیۆلۆژی لا دەبرێت و «ڕێکوپێکی» جێی دەگرێتەوە. ئێستا خەباتێکی بێوچان لەلایەن پارتەوە پیادە دەکرێت دژ بەو بۆچوونەی دەڵێ خەباتی چینایەتی لە سیاسەتدا شامەبەستە. بە گوتەی Jiang Zemin گەشەندی ئابووری شامەبەستە.

بەڵام ئەگەر سەرنجێکی ئەو خاڵانە بدەین کە پارتی چین جەختیان لەسەر دەکات ئاشکرا دەبێ کە هەر ئەو خاڵانەی ماو زیدۆنگن. «دیکتاتۆریی دێمۆکراتانەی گەل»، «سەنترالّیزمی دێمۆکراتانە» و «نۆرەی ڕێبەرانەی پارتی» دەبێ بچەسپن. ڕاستە ڕەخنە لە تەرجەمە خۆبەخۆیەکانی ماو دەگیرێ بەڵام بە ئاشکرا هەر وابەستەی شاپرنسیپەکانی ئەون. جوداوازیی گەورە لە بەڵگەکاریدایە. چیدی خەباتی چینایەتی ناکەنە بەڵگە بۆ ئەو دەسەڵاتەی پارت هەیەتی بەڵکوو دەڵێن «ڕێکوپێکی» و لەویشەوە فراژووتنی ئابووری دەستەبەر دەکات. دەشێ لەوەش تێپەڕین و بڵێین گەشەندی ئابووریی چین تاکە بەڵگەیە مابێت بۆ دروستاندنی «دیکتاتۆریی دێمۆکراتانە». بەڵگەی نێو مارکسیزم – لێنینیزم چیدی لە گوتاری ئایدیۆلۆژیی فەرمیدا ناوی ناهێنرێت.

لەو پرۆگرامەشدا کە لە سەردەمی گۆرباچۆڤ بۆ پارتی کۆمیونیستی سۆڤیەتی سەلمێنرا لێنینیزم تێیدا بە ئاشکرا هەڵوەشاوەتەوە. لەمیاندا ئامانج بووەتە دامەزراندنی «سۆسیالیزمێکی مرۆڤدۆستانە و دێمۆکرات». دەراوی سیاسەت دەبا «بەهای هاوکۆی مرۆڤایەتی» بێت و پارت پشتی کردە «هەڵوێستی ساکاری چینایەتی». بەم شێوەیە پارت نێزیک بوو پشت بکاتە باوەڕی خەباتی چینایەتی. سیاسەتی «دەوڵەتاندنی سەرلەبەری گوزەرانی جڤاکی» بووە هۆی بێقانوونی و بەدبەکارهێنانی دەسەڵات، ئەمەش لەلایەن پارتەکەوە ڕسوا کرا. «ئەو بۆچوونە ساکارەی دەربارەی موڵکایەتیی سۆسیالیستانە» کە بووە هۆی نامۆبوونی خەڵک لە بازاڕی کاردا، ڕەت کرایەوە. بەمەش پارتەکە ئەو نۆڕینەشی ڕەت کردەوە کە دەربارەی سروشتە و دەڵێ سروشت «بابەتێکە بۆ سەرمایەگوزاریی بێوچان». ئەوجا لە کۆتاشدا نۆڕینی خۆیان لە پارتی سۆسیال دێمۆکرات گۆڕی. گەیشتە ئەوەی بڵێین کار دەکەین بۆ یەک گرتنەوەی بزاڤی ڕیفۆرمیستان و کۆمیونیستان.

پارتەکە چیدی بۆی نەبوو ئاماژە بۆ نووسینەکانی لێنین بکات وەک بنەمایەکی ئایدیۆلۆژیانە. لە بری ئەوە دەیانگوت ئەم بیرە تازەیە دەربڕینێکن «لە گیانی داهێنانەی» نێو ئەو مێتودە شرۆڤەکارییەی لە مارکس و ئەنگیلز و لێنینەوە بە میرات ماوەتەوە.

پارتی نوێی چەپڕەوی ئیتالیا خۆی بە میراتی یورۆکۆمیونیزمەوە دەبەستەوە. ئەم پارتە، ساڵی 1989، هاتە سەر ئەوەی بڵێ دیمۆکراتی دەبێ ببێتە شابەها. گۆڕانکاریی نێو جڤاتەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبێ «دیمۆکراتی وەک بەهایەکی هەمەکی Universal» بسەلمێنێ. Achille Occhetto ی ڕێبەری پارت بەهایەکی دیکەشی هێنایە پێش، ئەمیان هەتا ئەو دەمە لە کۆمیونیستان نامۆ بوو: لاشەڕ (نا-دڕی) Nonviolence. دیمۆکراتی توانیویەتی «دەورانێک لە شۆڕشی مەزنی بێ زەبروزەنگ و لاشەڕ ئاواڵە بکات: سەردەمی ژنان، ژینگە، یەکسانی و ئازادی».[29]

مرۆڤنۆڕی

لێنین تیۆرییەکی ڕوونی سەرتەلایەتی هەڵنا، تیۆرییەک دەربارەی جوداوازیی نێوان چینی کرێکار و پارت. ئەمە یەکەم و گرنگترین گۆرانکاری ئەوە بوو لە مارکسیزمدا. هەر زوو لە 1902 دا، لە بەرهەمە کلاسیکەکەیدا: «چی بکەین؟» لێنین داوای دەکرد پێشەنگ، بەرلەشکر، پێشڕەوان ڕێبەرایەتی چینی کرێکار بکەن. پارت دەبێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی «ئۆبژەکتیف» چینەکە بکات. کرێکاران خۆیان تەنها ئەوەندەیان لەبارە سیاسەتێکی ڕیفۆرمیستانە پیادە بکەن. لێنین ئەم سیاسەتەی ناو نابوو Tradeunionistic مەبەستیش لێی سیاسەتێکە بۆ چاک کردنی بارودۆخ لە نێو چێوەی جڤاتی سەرمایەداردا. لێنین دەیگوت ئایدیۆلۆژیی جڤاتی سەرمایەدار هێندە بەهێز و بەربڵاوە کرێکاران گەر بێ پشتیوان تێیدا بمێنن، لە ئاسیادا دەڕووخێن.

[29] وتاری Occhetto لە کۆنگرەی 1989 دا، لە گۆڤاری ئەوسای پارتیەکەدا The Italian Communists بڵاوکراوەتەوە.

ئەمە بەڵگەیەکی بنجی و تەمەندرێژ بوو بۆ دروستاندنی پێشڕەویی پارتی کۆمیونیست. ئەوجا کە پارت دەسەڵاتی گرتە دەست تیۆریی سەرتەڵایەتییان وەها فرەواند سەرلەبەری جڤات بگریتەوە. پارت خۆی بە تاکە نوێنەری بەرژەوەندی هەر هەموان دادەنا و داوای فەرمانڕەوایی سەرلەبەری جڤاتی دەکرد. لێنین یەکەم کەس بوو سیستەمی مۆدێرنی تاکپارتایەتیی دارِشت.

لێنین و کۆمیونیستانی پاش خۆی سەنگێکی زۆریان دەدایە سەرخانی ئایدیۆلۆژیی جڤاتی سەرمایەدارنە. بەگشتی وەها دانرابوو کە خەڵک ئامادەی وەرگرتنی باوەڕەکانی جڤاتی کۆنن. دژ بەوە: سیستەمێکی تاکپارتایەتی، قەدەغە کردنی سازمانی سەربەخۆ، خۆ دابرِین لە جیهانی دەرەوە و دەرس دانێکی سیاسیی چڕ خرایە گەڕ. لێنین لە بەرهەمی «دەوڵەت و شۆڕش» دا دەنووسێ، کاتێکی درێژخایەنی دەوێ هەتا خەڵک «وردەوردە ڕادێن بە پەیڕەوی کردنی» ڕێساگەلی هاوژینی بێ درِی، بێ زۆرکاری، بێ سەرشۆڕی و بێ ئەو دەزگە زۆرکارییە تایبەیەتەی پێی دەگوترێ دەوڵەت.

لای ماو زیدۆنگ ئەو سەرخانە ئایدیۆلۆژییە لەو ڕادەیەش تێپەڕی دەکرد، ئەگەر تێپەڕبوون لێی شیاو بێ. زووزوو کەمپێنی ئایدیۆلۆژیی مەزنی ساز دەدا بۆ بنەبڕ کردنی هەموو ئەو بیر و کردەوانەی ئەو بە وابەستەی سارمایەدارەتی دادەنان. شۆڕشی فەرهەنگیی دەساڵەی نێوان 1976-1966 خاڵی هەرە ئاشکرایەتی.

جێگرەکانی ماو شۆڕشی فەرهەنگی ڕەت دەکەنەوە بەڵام بە هەموو هێزیان داکۆکی لە ڕێبەرایەتیی پارتەکە دەکەن. بزاڤی ساڵی 1989 ی دیمۆکراتخوازیان بە «ڕاپەڕینی دژەشۆڕش» دانا. تەنانەت ئێستایش هەر لە بیری سازدانی کەمپێنن دژ بە «لیبەرلاندنی بۆرژوایانە». لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکرای دەکەن کە بیری چەپڕەو، واتە بیری سەربە شۆڕشی فەرهەنگیی ماو، لەوەش خەتەرناکترە.

چین یەکێکە لە چەند دەوڵەتێکی کەم کە پەیمانی مافی مرۆڤایەتیی سەربە دەوڵەتە یەکگرتووەکان UN ی مۆر نەکردووە. Li Lanqing ی جێگری سەرەک وەزیران دەڵێ: «ئێستا دەربارەی مافی مرۆڤایەتی بۆچوونمان جودایە». گرنگترین مافی مرۆڤ لە چین گەشەندی ئابووری و بەرز کردنەوەی ڕادەی ئاستی گوزەرانە. بەوەش بەڵگە بۆ «دیکتاتۆریی دیمۆکراتانە» دەهێننەوە گۆیا مەرجە بۆ دابین کردنی مەندی و گەشەند. پێشووتریش ئەمە بەڵگەیەکی باو بوو هەم لە چێن و هەم لە سۆڤیەتیش.

لە دۆکیومێنتە ئایدیۆلۆژییەکانی سۆڤیەتی پاش 1989 وێنەی گەشتر هەیە دەربارەی توانا و بەهرەی سیاسیی خەڵک. چیدی باس لە کۆنترۆڵ و بارهێنان ناکرێ. ئازادیی سیاسی کرانە مەرج بۆ سۆسیالیزم و پێشکەوتنی دیمۆکراتانە. پارتی سۆڤیەتی ئەمجا دەیەوێ «فراژووتنی هەمەلایەنە و گەشەی گیانەکیی کەسایەتی» دابین بکات. ئەو مێتودە کۆنانە ڕەت دەکاتەوە کە ڕێیان لە خەڵک دەبەست «دەرفەت و بەهرەی سروشتەکیی خۆیان بڕاستێنن».

## گرنگترین یەکەی جڤات

سیستەمگەلی ئابووری لە تەک چینەکاندا، هەر زوو، لای مارکس بووبونە گرنگترین یەکەی جڤاکی. لە کۆمیونیزمیشدا هەروەها بوو. هەنگاوێکی گرنگ لە فراژووتنی بیردا ئەو تیۆرییەی لێنین بوو دەربارەی ئیمپێریالیزم. بەرهەمەکەی لێنین «ئیمپێریالیزم بەرزترین ئاستی سەرمایەدارەتییە»، 1917، ناوەڕۆکی تیۆریکە ئاشکرا دەکات. سەرمایەدارەتی لە شێوەی ئیمپێریالیستانەدا لە ڕێی پەلهاویشتنی بۆ بەشەکانی دیکەی جیهان بووەتە سیستەمێکی دونیاپۆش. تیۆری نوێیەکەی لێنین شاخاڵی شۆڕشی جیهانیی گواستەوە بۆ وەڵاتە داگیرکراوەکان. خەباتی دژ بە کۆلۆنیالیزم بووە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی کۆمیونیزم.

دەبا تیۆریی ئیمپێریالیزم ڕاڤەی ئەو پێشکەوتنانەش بکات کە پارتە ڕیفۆرمیستەکان لە وەڵاتانی پیشەسازدا وەدەستیان هێنابوو. لێنین دەڵێ، بەشێک لەو داهاتەی پەڵهاویشتنی ئابووری بۆ سەر کۆلۆنییەکان پەیدای دەکرد دەبووە خەرجی ڕیفۆرمی جڤاکی و «بەرتیل» بۆ ڕێبەرانی پارتی کرێکاران. هەر بەوەی کۆمیونیزم سەرنجی گواستەوە بۆ وەڵاتانی هەژار، ڕاکێشانی خەڵکی دەشتودەر بووە شائەرک. لە ڕووسیا لێنین بە مەبەستی پەیدا کردنی پشتیوانی پەیمانی دا زەوی بە جووتیاری هەژار ببەخشێ. شۆڕشی کۆمیونیستانەی چین بە شەڕی گەریلای گوند خەبتی و سەریشکەوت.

لێنین و ماو زیدۆنگ شۆڕشی جیهانییان بە ئامانج گرتبوو. ئیمپێرایالیزم و سۆسیالیزم دوو تەوەر بوون لە جیهاندا دژ بە یەک خەباتیان دەکرد. دوور بێ یان نێزیک، چار نییە، ناکۆکی توندوتیژ دەکەوێتە نێوانیان. ماو نەی دەسەلماند چەکی ئاتۆمی ببێتە کۆسپێک لە ڕێی شۆڕشی جیهانیدا. چین دەبا دژ بە ئیمپێریالیزم ببێتە نووکەڕمی ڕاپەڕینی جیهانی سێیەم.

بەڵام هەڕەشەی شەڕی چەکی ئاتۆم سۆڤیەتی ناچار کرد بکەوێتە سەر ڕامانێکی نوێ. خرۆچوڤ Nikita Khrushchev ی جێگری ستالین ساڵی 1956 ڕایانگەیاند کە لەمەولا ناشێ شەڕێکی جیهانی بە «ناچارەکی» دابنرێ. هاوکێشەی نوێ بووە «هاوژینی ئاشتیخوازانە». خەباتی نێوان سەرمایەدارەتی و کۆمیونیزم هەر بەردەوامە بەڵام دەچێتە باری کێبڕکێی دوور لە شەڕ. خرۆچۆڤ تەواو دڵنیا بوو لەوەی کۆمیونیزم ئەو کێبڕکێیە دەباتەوە.

سیاسەتی گۆرباچۆڤ لە سۆڤیەت «پەیوەستی نێوان شەڕ و شۆڕش» ی پسان. بە دیدی گۆڕباچۆڤ تەنانەت لە تیۆریشدا نابێ دەرفەتی شەڕی ئاتۆمی بسەلـمێندرێ. بەمەش گۆرباچۆڤ دەیویست ئەو بۆچوونە باوەی 1960 ـەکان ڕەت بکاتەوە کە دەیگوت هاوژینی ئاشتیخوازانە بەردەوامیی خەباتی چینایەتییە. بەمەش، بە شێوەیەکی تیان، پشتی کردە خەباتی چینایەتیی فرەمیللی. دروشمی نوێی گۆرباچۆڤ بووە «کۆ کردنەوەی توانای هەموو جیهان بۆ چارەسەر کردنی گرفتە جیهانگیر Global ـەکانی مرۆڤایەتی».

ڕێبەرانی ئێستای چین. تارادەیەک، هەمان گوتە دووپات دەکەنەوە. هیچ شتێک لەو بڵندنۆڕییەی ماو، دەربارەی ڕێبەرایەتی کردنی ڕاپەڕینی «دەشتودەری جیهان» دژ بە «شارەکانی جیهان»، نەماوە[30]. کۆمیونیستانی چین چاوەڕێی شیرازەیەکی نوێی ئاشتیخوازانەی جیهانین. تاکە ئاوازی ئایدیۆلۆژیانە تێیدا ئەوەیە دەڵێ ئەم شیرازە جیهانییە نوێیە دەبێ بشبێتە شیرازەیەکی ئابووریی نوێ. لەم خاڵەدا چین خۆی بە

[30] Lin Piao باسی شۆڕشی جیهان وەها دەکات کە «دەشتودەری جیهان»، واتە جیهانی سێیەم، گەمارۆی «شارەکانی جیهان»، واتە ئەمەریکای باکوور و ئەورووپای ڕۆژاوا، دەدات. Lin Piao کاتی خۆی ناودێری فەرمی بوو بۆ جێگری ماو و ڕێبەرایەتیی پارتی: *Om folkkriget*, 1965.

پشتیوانی وەڵاتانی دیکەی جیهانی سێیەم دەزانێ، کە خۆیشی بە گوتەی ڕێبەرەکانی خۆی یەکێکە لە وەڵاتانی جیهانی سێیەم.

لای جێگرانی یورۆکۆمیونیزمیش وێنەیەکی نوێی جیهانی پەیدایە. Occhetto ی ڕێبەری پارتی ئیتالیایی دەڵێ: خودی ڕامانی دەوڵەتی میللی ڕووی لە هەڵوەشانە. فرەواندنی دێمۆکراتی دەبێ ببێتە ئامانجی جڤاتی جیهانی نوێ. لە ئەورووپاش ئامانج یەک گرتنی ئەورووپایە، «ئەورووپایەک بۆ دیمۆکراسی».

## مێتودی گۆڕینی جڤات

هەرەسی سەرمایەدارەتی ئەنجامێکی ناچارەکی و زادەی دەستوورگەلی خودی سیستەمەکەیە. ئەمە شاخاڵێکی دیدی مارکس و ئەنگلیز بوو. لە «سەرمایە» دا مارکس ئێنگلاندی بە مۆدێلی فراژووتنی سەرمایەدارەتی داناوە، ئێنگلاند ئەو دەمە پێشکەوتووترین وەڵاتی پیشەساز بوو. باوەڕەکە دەیگوت سەرمایەدارەتی دەبێ بگاتە ئاستێکی یەکجار بەرزی فراژووتن ئەوجا هەرەس دێنێ. ناکۆکی لە جڤاتدا ڕووت و تیژ دەبێتەوە ئەوجا سیستەمی کۆن دەگاتە تەمەنی مەرگ.

بەڵام تێڕوانینێکی دیکەش لە مارکسیزمدا هەبوو. ئەمیان دەیگوت شۆڕشی جیهانی زۆر چاک دەشێ لە وەڵاتانی کەمتر پێشکەوتووی پەراوێزی سیستەمەکەوە بەرپا بێت. ئەم بۆچوونە بۆ لێنین بووە چرا. پاش 1917، کە وەڵاتە هەرە «ڕسکاو»ەکانی ئەورووپا شۆڕشیان تێدا هەڵنەگیرسا، لێنین هەنگاوێکی دیکەی مەزنی نا:

«ئەگەر ئاستێکی فەرهەنگیی تایبەت پێویست بێت بۆ هەڵنانی سۆسیالیزم ”بۆ دەست پێ نەکەین لە ڕێیەکی شۆڕشگێڕانەوە بخەبتین بەرەو هەلومەرجی ئەو ئاستە و ئەوسا، لەسەر بنەمای دەسەڵاتی کرێکار و جووتیار و شیرازەی سۆڤیەتانە، ڕێ بکەین و سوودی دیکە بۆ گەل وەدەست بێنین؟“».

ئەوەی لێنین کردی، هەروەها پاش خۆیشی ستالین و ماو زیدۆنگ کردیان، ئەوە بوو هەلومەرجی گرتنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن کۆمیونیستانەوەی جودا کردەوە لە «گەیشتن»ی جڤات بە شیرازەی بەرهەم هێنانی سۆسیالیستانە. گرتنی دەسەڵاتی سیاسی بووە دۆزی کارامەیی سوود وەرگرتن لە بارودۆخی سیاسی و دەرفەتی مێژووکرد.[31] دەشێ بڵێین کۆمیونیزم ڕوونترین ئاسۆی خۆی لەوەدا دەدی دەسەڵاتی سیاسیی خۆی لە وەڵاتانێک بگرێتە دەست، لە بواری سەرمایەدارەتیدا لە هەموان دواکەوتووتر بن. ئەمەش ڕێک سەرەوژێر کردنەوەی پێشبینییە زانیستییەکەی نێو «سەرمایە» ی مارکسە.

لێنین دەیگوت، بە گوێرەی ئەزموونەکانی ڕووسیا، شەڕی نێوخۆ شێوازێکی ئاساییە بۆ شۆڕشی سیاسیی کۆمیونیستانە. ئەم دیدە لای ماو زیدۆنگ گەرمتریش بوو. شەڕی گەریللا، «شەڕی گەلێر»، ئەو گەلەی ماو پێی دەگوت گەلێ جیهانی سێیەم، کۆمیونیستانی چینی گەیاندە دەسەڵات.

پاش مەرگی ستالین، کۆمیونیزمی سۆڤیەت هێڵێکی مامناوەندی گرتە بەر. ئەم ڕێبازە دەیگوت، دەشێ بێ شەڕی نێوخۆ، لە ڕێی پەرلەمانەوە دەسەڵات بگرینە دەست. ئەم دیدە ناونرا «پەڕینەوەی ئاشتیخوازانە» و بە سیستەمگۆڕکێ دادەنرا. دەسەڵات گرتنە دەست لە ڕێی پەرلەمانەوە دەبووە سەرەتایەک بۆ دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا.

لە 1970 کاندا ڕێبازێکی دیکە لە نێو پارتە کۆمیونیستەکاندا سەری هەڵدا. هەتا دەهات ئامانج ڕووی لەوە دەکرد جێگەیەکی ئاسایی لە حکوومەتێکی پەرلەمانیدا بگرن، با بە هاوکاریی پارتی دیکەش بێت. پارتی کۆمیونیستی ئیتالیا لەلای خۆیەوە هەوڵی دا «سازشێکی مێژووکرد» لە نێوان کۆمیونیستان و مەسیحیی کاتۆلیکی دێمۆکرات، ڕێک بخات. بەم کارەش کۆمیونیستان بۆ گۆڕینی جڤات خۆیان لە مێتودی سۆسیالیستانەی ڕیفۆرمیست نێزیک خستەوە.

ئەم نێزیکبوونەوەیە لە چەمکی «ڕیفۆرمی ساختارەکی» دا خۆی دەنواند. حکوومەتێک زۆرینەی کۆمیونیست بێت دەتوانێ ڕیفۆرم لە چەندین بواری وەک

[31] ماو زیدۆنگ بەمەی دەگوت: «هەلومەرجی کۆنکرێتی زەمان». ئەمە بوو دەرفەتی دا دەوڵەتانی وەک مۆنگۆلیا و چین بتوانن «خۆ لادەن لە ئایەندەیەکی سەرمایەدارانە و یەکسەر پەیوەستی سۆسیالیزم بین» Om motsättningarna, 1937.

بانک، کریدیت، کۆمپانیای پیشەسازدا پیادە بکات. کەواتە ڕیفۆرمی ساختارەکی دەبا زیاتر ڕادیکال بن لەوەی سۆسیال دیمۆکرات داوای دەکات. بەرچاوترین تیوریست بووبێتە نوێنەری ڕیفۆرمی ساختارەکی André Gortz ی فرانسییە. ئەم بە ڕادەیەکی بەرز کاری کردە سەر پارتە چەپڕەوە تازەکانی سۆسیالیست و ئیکۆلۆژیست.

بیرۆکەی «ڕیفۆرمی ساختارەکی» یەکەم هەوڵدان بوون بۆ دۆزینەوەی سازانێک لە نێوان گۆڕانکاریی جڤاکیی سەرلەبەر و هەڵنانی جڤاکیی پلەدار.

ساڵی 1989 سازانی ئایدیۆلۆژی دارشتنێکی نوێی درایە. بە بۆچوونی Achille Occhetto ی ڕێبەری پارتی کۆمیونیستی ئیتالیا: «دیمۆکراتی» وەک ڕێگەیەک ڕووەو سۆسیالیزم، لە تەک پرنسیپی «لاشەڕ» و «ڕیفۆرمی بەهێز» دەبنە سێ بیرۆکەی بنگەیی بۆ دیاری کردنی ناسنامەی نوێ بۆ پارتی کۆنەکۆمیونیستی ئیتالیا.

مەبەست لە «ڕیفۆرمی بەهێز» دەکاتەوە «ڕەپێش خستنی پێشنیازی کۆنکرێت و پلەداری وەها زنجیرەیەک بەرتەک (کاردانەوە) بخاتە گەڕ». Occhetto دەڵی «ئەم ڕیفۆرمە بۆ ئەوە نییە هەموار کردنێکی ساکار پەیدا بکات»، «بەڵکوو گۆڕانکاریی ڕادیکالانە پەیدا بکات». ئەم «ڕیفۆرمی بەهێز» ە زۆر بە «ڕیفۆرمی ساختارەکی» ی 1970 کان دەچوو. جیاوازییەکی لە نێواندا هەبێ لە ناوەرۆکدا بوو نەک شێوە. بە دیدی Occhetto دەزگەی نوێی دیمۆکرات، نەک دەوڵەتاندنی بازاڕ، جڤاتی ئەورووپا دەگۆڕێ.

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

بەوەی لێنین شەڕێ نێوخۆی بە شێوەی ئاسایی شۆڕش دادەنا باوەڕی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریاش بووە نۆرم. بە دیدی لێنین ئەرکی ئەمیان لەوەدا بوو بێبەزەییانە هەموو دوژمنانی شۆڕش لەناو بەرێت. باوەڕی پارتی پێشەنگ گشتێنرا بۆ ئەوەی هەر هەموو جڤات بگرێتەوە. ئەمەش مانای وایە پارتەکە بە تاکە نوێنەری بەرژەوەندیی پرۆلیتاریا و «نیمچە پررۆلیتارتا» (جووتیاری هەژار) دانرا. هەموو پارتەکانی دیکە قەدەغە کران، بە دوژمنی شۆڕش ناسران و لێدران. لەو کاتەوە لە بۆچوونی کۆمیونیستانەدا سیستەمی تاکپارتایەتی بووە نیشانەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا. ئەو پارتانەی دیکەی لە ئەورووپای ڕۆژهەڵات هەبوون و هەتا ئێستاش لە چین هەر ماون، پێیان دەگوترێ پارتی بلۆک و تەواو ملیان بۆ کۆمیونیستان کەچ کردووە. سیستەمی فرەپارتایەتی بە ڕێبەرایەتیی کۆمیونیستان نێو نرا «دێمۆکراتیی گەلێر».

وشەی سۆڤیەت واتە «شوورا». مەبەستیش لێی شوورای کرێکاران و جووتیارانی شۆڕشی ڕووسیایە. سۆڤیەت بریتییە لەو نوێنەرانەی لە جڤینی نێو کۆمپانیا، تیپەکانی ئەرتەش و گوندەکان دێنە هەڵبژاردن. حوکومڕانی لە ڕێی شوورای وەهاوە کرایە دەربڕینێک لە شێوە دێمۆکراتییەکی بەرزتر لە «دێمۆکراتیی بۆرژوایانە» بە خۆی و سیستەمی فرەپارتایەتی و پەرلەمانەتییەوەی. لە ڕێی شووراوە کرێکار و جووتیاری هەژار دەیانتوانی بەشداری سیاسەت ببن. بەڵام هەر هەموو نوێنەرانی دوژمنانی چینایەتی وەلا نران. لێنین حوکومڕانی شوورای بە «دێمۆکراتی بۆ زۆرینەی هەرە زۆر، بۆ هەژاران» دەناساند. بەڵام هەر زوو لێنین دەسەڵاتی پارتی بەسەر شوورادا زاڵ کرد. پاشان ستالین شووراکانی هەر بەجارێک سڕییەوە.

بە نۆڕینی لێنین دێمۆکراتیی پەرلەمانەتیی بۆرژوایانە لە ڕاستیدا دیکتاتۆریی سەرمایەدارانەیە، جا چ پارتێک فەرمانڕەوا بێت گرنگ نییە. لە شابەرهەمەکەی خۆیدا «دەوڵەت و شۆڕش» (1917) لێنین دەنووسێ: «ئازادی لە نێو جڤاتی سەرمایەدارانەدا هەتاهەتایە هەر لەو ئازادییە دەچێت کە لە کۆمارە کۆنەکانی یۆنانستاندا هەبووە: ئازادیی کۆیلەتی. کۆیلەگەلی مووچەخۆران لەم سەردەمەدا، لە سایەی مەرجەکانی دادۆشینی سەرمایەدارانەدا، ئەوندە لە ژێر دەستکورتی و مەینەتیدا دەچەوسێنەوە، ناچارن بیر لە شتی دیکە بکەنەوە، نەک دێمۆکراتی و

سیاسەت. بەوەش زۆرینەی گەل لە باری ئاسایی و ئاشتیدا بۆیان نییە بەشداری گوزەرانی سیاسی و فەرمی ببن».

بەڵگەیەکی دیکەش ئەوە بوو کە دەیگوت کۆنترۆڵ بەسەر دەستاویژی بەرهەمهێناندا خاڵی بڕیاردەرە لە باسی هەلومەرجی دەسەڵاتدا. لە جڤاتێکدا دەستاویژی بەرهەم ئەهلی بێت، بڕیاری سیاسی هەردەم لە خزمەتی بەرژەوەندیی بازاڕدا دەمێنێتەوە. دژ بە خاوەنەتیی ئەهلی ناوەستن.

لە ڕۆژگاری ستالیندا دەگوترا خەفاندنی دوژمنانی چینایەتیی دەبێ هەمیشە تیژ بکرێتەوە. هۆکەشی لەوە دایە هەتا سۆسیالیزم سەرکەوتنی مەزنتر وەدەست بێنێ بەرگری لە دوژمنانەوە توندتر دەبێت.

پاش مەرگی ستالین، 1953، بەشێکی گەورەی دەزگەی تێرۆر هەڵوەشینرایەوە. هاوکات باوەڕی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ئایدیۆلۆژیی سۆڤیەتدا نەرمێندرا. دەوڵەت لەوەولا بووە «دەوڵەتی سەرلەبەری گەل» و پارتی کۆمیونیستیش بووە «پێشەنگی سەرلەبەری گەل». خەفاندنی دوژمنانی ڕژێم لەو ڕادە توندەدا نەما کە ستالین سەپاندبووی. شێوەی «پۆڵایینی ڕاستکردنەوەی ستالینستانە» دەبا، لە زۆر باردا، بگۆڕدرێ بە سەلماندن و بەڵگەکاری.

ماو زی دۆنگ ئەو گۆڕانکارییانەی بە خیانەت لە باوەڕی لینین دانا. بەلایەوە ئەمە بەڵگە بوو بۆ ئەوەی چینی کرێکار لە یەکێتیی سۆڤیەت چیدی فەرمانڕەوا نییە. بەر لە مەرگی ستالین فەرمانڕەوا بوو. پارتی کۆمیونیستی یەکێتیی سۆڤیەت بە دیدی ماو لەوەولا پارتی پرۆلیتاریا نییە، دەزگەیەکی دەسەڵاتە بۆ کارمەندانی دەوڵەت و حیزب.

ماو زیدۆنگ ڕژێمی چینی بەم جۆرە وەسف دەکرد: «دیکتاتۆرییەکی دیمۆکراتە، چینی کرێکار ڕێبەرایەتی دەکات و لەسەر یەک گرتنی نێوان کرێکار و جووتیاران بونیات نراوە». پارتەکە دەبا پەیڕەوی ئەوە بکات کە ماو پێی دەگوت «هێڵی ئاپۆرە»: «پێویستە بڕوایەکی پتەو هەبێت بە زۆرینەی گەل، بەتایبەتی بە زۆرینەی ئاپۆرەی کرێکار و جووتیار. ئێمە دەبێ کارزان بین لەوەی ڕاوێژ لەگەڵ ئاپۆرە بکەین و لە هیچ بارێکدا نابێت خۆمانی لێ دابڕین». بە دیدی ماو «ئاپۆری گەل» 95% گەلی تێدەپەڕاند. ئامانجیش ڕێبەستن بوو لە بۆرژواندنی پارت و وەڵاتەکە. لەبەر

ئەوە پارت بۆی نەبوو ببێتە پارتی کارمەندانی فەرماندەر. لە ڕێی کەمپێنی بەردەوامی ئادیۆلۆژییەوە دەبا ڕێ ببەسترێ لە جێگیربوونی بۆچوونی بۆرژوایانە لە نێو پارت و ئاپۆرەی خەڵکدا.

جڤاتی سۆسیالیستانە، لەویشەوە خەباتی چینایەتی و دیکتاتۆریی پرۆلیتارتا، بە دیدی ماو، ماوەیەکی یەکجار درێژخایەن دەگرێتەوە. لە بەیانامەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی 1964 دا هاتووە: «سەرکەوتن لە سەدەیەکەوە بۆ چەند سەدەیەکی پێویستە». بەمەش ماو مەودای دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای بەرەو زەمانێکی ئاسۆبەدەر فرەواند.

لە سۆڤیەت، لە چەند ساڵێکی کەمخایەنی 1960 ـەکاندا، دۆزی پووکانەوەی دەوڵەت زیندوو کرایەوە. لە پرۆگرامێکی پارتدا «مژدانە» ی ئەوە درا کە وەڵاتیانی سۆڤێتی ئەو دەمە دەبا بە جڤاتی کۆمیونیستدا ڕا بگەن. بێگومان هەر لە ماوەی قۆناخی کۆمیونیستانەدا بوو کە، بە ڕای ئەنگیلز، دەوڵەت دەبا بپووکێتەوە. لە 1960 ـەکاندا دەگوترا بەڕێوەبەرایەتیی دەوڵەت وردەوردە دەگوێزرێتەوە بۆ سەندیکا و سازمانی دیکە. بەڵام هاوکات جەخت لەسەر ئەوە دەکرا کە ئەگەر بەشێکی دەزگەی دەوڵەتیش لابدرێ، دیسان نۆرەی ڕێبەرانەی پارتی کۆمیونیست هەر دەمێنێ.[32]

جێگرەکانی ماو بۆ دروستاندنی «دیکتاتۆریی دێمۆکراتانە» لە ڕووی تیۆرییەوە تەکنیکێک بەکار دەهێنن زۆر لەوەی ماو دەچێت. هەر وەک ماو ئەمانیش دەڵێن ماوەی سۆسیالیستانە هەر نەبێ سەد ساڵ دەخایەنێ. سەرەتای ئەم ماوەیەش لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1948، ساڵی دەسەڵات گرتنەدەست. واتە لە نێوەڕاستی سەدەی بیست و یەکەمدا ئەوجا ماوەی هەڵنانی ئەم بونیاتە کۆتا دەبێ. پاش ئەوەش بۆ ماوەیەک شێوازی حوکمڕانییەکە هەر دەمێنێ. دیسان هەر وەک ماو ئەمانیش دەڵێن هەردەم بەر لەوەی پارت بڕیار بدات دەبێ پرس بە «گەل» بکات.

لە سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی 1980 کاندا باوەڕی لێنینستانەی دەربارەی دەوڵەت زۆر زوو وردوخاش بوو. لە ڕۆژگاری گۆرباچۆڤدا پارتی سۆڤیەتی تیۆری دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریای تەواو وەلا نا. «خواستی سەروەریی گەل» دەبا ببێتە تاکە

[32] بەڵام کۆمیونیستانی یوگۆسلاڤی پێیان وابوو ڕێبەرایەتی هەم پارتی و هەم دەوڵەت دەبێ بگۆڕدرێن بەرەو خۆفەرمانی. بە لابردنی خرۆچۆڤ 1964، هەموو گوتوبێژێک دەربارەی جڤاتی کۆمیونیستانە لە سۆڤیەت خامۆش کرا.

سەرچاوەی دەسەڵات. لە کارنامەی پارتدا نووسراوە: «دەوڵەتیک بۆ سەرلەبەری گەل دەستوورەکی بێت دیکتاتۆریەتیی هەر هەموو چینێک ڕەت دەکاتەوە و لەوەش تێدەپەڕێ و دەسەڵاتی بیرۆکراتی بەڕێوەبەریش ڕەت دەکاتەوە». یەکنەواز لە تەک ئەم خاڵەدا پارتەکە دەست بەرداری داخوازی نۆرەی ڕێبەرانەی نێو جڤاتیش بووە. لەبری ئەوە داوای دەکرد: «بە شێوەیەکی دیمۆکراتانە لێی بسەلمێنرێ ببێتە ڕێبەرێکی سیاسی». مەبەست ئەوە بوو پارتەکە تەنها لە ڕێی ئۆرگانە هەڵبژاردەکانی گەلەوە فەرمانڕەوایی بکات. نەک لەڕێی ئەوەی پارتەکە زاڵ بێت بەسەر دەزگەی دەوڵەتدا».

لە چەکوسلۆڤاکیا، ساڵی 1989، لە ڕێی «نەرمەشۆڕش»ـەوە پارتی کۆمیونیست دەسەڵاتی لە دەست دا. ڕێبەرایەتی نوێی پارتەکە بیرۆکەی سیستەمی فرەپارتایەتی و پلورالیزمی سیاسی تەواو دەسەلماند. تاوانی هەرهەموو ئەوەی ڕوویدابوو خرایە ئەستۆی «شێواندنی ستالینستانە» ی سۆسیالیزم. دەگوترا بیرۆکەی نۆرەی ڕێبەرانەی چینی کرێکار لە جڤاتدا شێوێندرابوو ڕووەو نۆرەی ڕێبەرانەی پارت. بەمەش هەموو میکانیزمی گوتوبێژ و بەرهەڵستی وردوخاش کرابوو. ماکی ستالینایەتی بریتی بوو لە: «شێوازێکی حوکومڕانیی نادیمۆکراتی سەنتارالیست لە ڕێی فەرمانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتییەوە». پاش هەڵگەڕانەوەکە پارتی چەکوسلۆڤاکی لە هەموو دۆزێکی گرنگدا داوای گەلپرسی Referendum ی دەکرد.

هەمان داوای گەلپرسی لە دۆزە گرنگەکاندا لە لایەن پارتی کۆمیونیستی تازەکراوەی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتەوە ڕەپێش خرا. ئەمیان ناوی خۆی گۆڕی بە PDS «پارتی سۆسیالیزمی دیمۆکرات». ئیدیالی سیاسی ئەمیان دەبێتە: «دیمۆکراتی پلورالیستانە، پەرلەمانەتی» لە تەک دەستەبەری پتەو بۆ مافی مرۆڤایەتی هەروەها بۆ هاوفەرمانەتیی سەندیکاش.

## سازمانی ئابووری

ناوەڕۆکی تیۆریی ئابووری کۆمیونیزم بریتی بوو لە سیستەمێکی سۆسیالیستانەی دەوڵەتی. خاوەنەتیی دەستاوێژی بەرهەم هێنان، زەوی و سامانی سروشت دەبا لە دەست دەوڵەتدا بێ. ئابووریی نەخشەدار جێی بازاڕی ئازادی گرتەوە. ئەمەش دەیکردەوە ئەوەی بەرهەم هێنان، نرخ و مووچە دەبا لە ئۆرگانی سیاسیدا بڕیاریان بدرێ. هەموو بەشێکی بازاڕی کار بە گوێرەی پلانێکی ورد دەبرا بەڕێوە.

تەنها یوگۆسلاڤیا زوو ڕێگەیەکی دیکەی گرتە بەر. لەوێ «جڤات» نەک «دەوڵەت» بە خاوەن دانرا. بەشێکی گەورەی چاودێرییش درایە شوورای کرێکاران. «خۆفەرمانی» لە ڕێی شوورای کرێکارانەوە بووە نیشانەی سیستەمی یوگۆسلاڤی. مووچەخۆران لە ڕێی شووراوە بڕیاریان دەدا کێ بکەنە سەرۆک کارگە، و لە سنوورێکی تایبەتیشدا، بڕیاری دابەشینی قازانجیان بە دەست بوو. تا ڕادەیەکی فرەوان پلانڕێژی سەنترالیستانە لادرابوو. بەرهەم هێنان، مووچە و نرخ دەبا بازاڕ و شوورای کرێکاران بیاریان بدات.

تەنانەت کارگێڕیی خۆکاریش پاش ماوەیەک کەوتە بەر گومان. ساڵی 1989 تیۆریستێکی حیزبی یوگۆسلاڤی نووسی، ئەم شیرازەیەی «جڤات» ی کردە خاوەن، گەیشت بەوەی لە ڕاستیدا کەس خاوەن نەبێ، لە بەر ئەوەی کەس بەرپرسایەتیی کۆمپانیای نەگرتە ئەستۆ. پێشنیازی ئەم لەوەدا بوو خاوەنەتی «بدرێتەوە تاکەکەسان». دەبا پشکی کۆمپانیاکان دابەش بکرێن یان بفرۆشرێن[33].

لە پارتی سۆڤییەتدا ڕووگەی ئابووری یەکجار لێڵ بوو. پارتەکە بە ئاشکرا خۆی بە پەیڕەوی میراتی فیکری شۆڕشی ئوکتۆبەری 1917 دادەنا: «دەسەڵات بۆ سۆڤیەتەکان، کارگە بۆ کرێکاران، زەوی بۆ جووتیاران». بەڵام بە شێوەیەکی کۆنکرێت پێشنیاز کرا شێوازی هەمەجۆری خاوەنەتی ببنە هاوشانی یەک. ئابووری دەبا بە «یەک گرتنێکی زیندەڵی پلان و بازاڕ» ببرێت بە ڕێوە. بەڵام پلانەکە نابێ دەست بخاتە وردەکارییەوە. دەبا بکەونە بەکار هێنانی بەڕێوە بردنی ماکرۆئابووری، لە ڕێی نرخ و باج، سوود و کرێدیت (وام / قەرز) ەوە. ئەرکی هاوسەنگاندنی بەرفرۆش

[33] بڕوانە: Bogomir Kovac: *Socialist Thought and Practice*.,

و خواست (عرض وطلب) واز لێ هێنرا بۆ بازاڕ. لەگەڵ ئەوەشدا بازاڕ هەر دەبا ڕێسابەند Regulated بێ. ئەزموونێکی سەر بە دێمۆکراتیی کۆمپانیا Industrial Democracy هەبوو پاش چەند ساڵێکی کەم پشت گوێ خرا. لەویاندا ڕێ درابوو بە مووچەخۆران سەرەک کۆمپانیا هەڵبژێرن.

جگە لە دێمۆکراتیی کۆمپانیا، زۆربەی ڕیفۆرمی ئابووریی نێو «پێرۆسترۆیکا» دەشێ بڵێین سەرچاوەیان لە چینی پاش ماو- ەوە گرتووە. سازانی نێوان ئابووریی نەخشەدار و بازاڕ یەکجار نێزیکە لە ڕیفۆرمی ئابووریی دێنگ سیاوپینگ. بەڵام لە بواری کشتوکاڵدا ڕیفۆرمی چینی لەوەی سۆڤیەتی تێپەڕاند. کۆمیونی گەلێر کە میراتی ماو بوو هەڵوەشێنرانەوە. جووتیار کە بۆیان هەبوو بە کرێ زەوی لە دەوڵەت بگرن، بەرانبەر ئەوە دەبا بەرهەمی خۆیان بدەنە دەوڵەت. بۆیان هەبوو زێدەبەرهەم لە بازاڕدا بفرۆشن. بە بۆچوونی Jiang Zemin ئەم ڕیفۆرمەی کشتوکاڵی چین هەشت سەد ملیۆن مرۆڤی گرتەوە.

کۆمیونیستانی چین لێیان ئاشکرا بوو کە تەنانەت دەوڵەتانی سەرمایەداریش پلانڕێژی دەکەن. ئەوان دەڵێن ئابووریی نەخشەدار و سۆسیالیزم یەک باس نین. لەم سۆسیالیزمە نوێیەدا چین دەیەوێ بەڕێوە بردنی ماکرۆئابووریی دەست دەوڵەت لەگەڵ کۆمپانیای سەربەخۆی نێو بازاڕ کۆ بکاتەوە. پارتی چینی ئێستا وای پێشان دەدا کە دەیەوێ ئابوورییەکی بازاڕی «باشتر» لەوەی وەڵاتانی سەرمایەدار پێک بێنێ. کۆمپانیای دەوڵەتی دەبێ بکرێنە پشکدار و کۆمپانیای بچوکیش بە خەڵک بفرۆشرێ. وەڵاتەکەش لە ڕووی ئابوورییەوە دەروازە بە ڕووی دونیادا بکاتەوە.

گوتەیەکی دێنگ سیاوپینگ هەیە دەڵێ «لە سەرەتادا دەبێ چەند کەسێک دەوڵەمەند ببن». Jiang Zemin یش دەڵێ «هەژاری، سۆسیالیزم نییە». لەبەر ئەوەی ناکرێ بە جارێک تەژەند بۆ هەر هەمووان دابین بکرێ دەبێ لە سەرەتادا بەشێکی خەڵک، بەشێکی وەڵاتەکە، بگەشێتەوە و ئەوانەی دیکە لەگەڵ خۆی ڕاکێشێ.

لە چین گەشەندی ئابووری لە بان هەموانە. لای پارتە کۆنەکۆمیونیستەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا بار وەها نەبوو. ئەوەتا Achille Occhetto ی سەرۆک پارتی کۆمیونیستی ئیتالیا هاتۆتە سەر سەلماندنی ڕەخنەی پاپا و کڵێسەی کاتۆلیک بەرانبەر سیستەمی ئابووریی هەم ڕۆژهەڵات و هەم ڕۆژئاوا. پارتەکە «نە سەرمایەدارەتیی

تاکگەرا و نە کۆگەراییەکی بیرۆکراتانە»[34] دەسەلمێنێ. گرینگترین باس ئەوەیە خودی تێگەیشتن لە گەشەندی ئابووری بێتە گۆڕین. Occhetto ئاماژەی بۆ «سەختانگی ژینگەی جیهان» کردووە و پێی وایە چارەی زاڵبوون بەسەر ئەم سەختانگەدا لە بەڕێوە بردنێکی دێمۆکراتانەی بازاڕدایە. پسپۆڕانی زانست و تەکنیک بە شێوەیەکی نوێ بنەما بۆ بڕیار ساز دەکەن.

وێڕای هەموو جیاوازییەک لێرەشدا هەر بیرۆکەی بەڕێوە بردنی بازاڕ بە ئامرازی سەر بە دەستوور دانان و ماکرۆئابوری - یەوە زاڵە. بە گوتەی Occhetto، پارتی ئیتالیایی ئێستا نەک تەنها پەیرەوی «بەڵکوو ئاڵاهەڵگری یەک تاکە بازاڕی ئەورووپایە». بەڵام بازاڕ نابێ ببێتە «مەیدانی یاریی بێ سەرپشک». Occhetto پێی وایە پەرلەمانی ئەورووپای یەکگرتوو دەبێ ڕاهێزرێ و ببێتە ئەو ئۆرگانەی بازاڕی ئەورووپای نوێ بەڕێوە دەبات.

ئوتوپیا

ئایدیۆلۆژیستە کۆمیونیستەکان شتێکی تازەی وەهایان نەخستە سەر ئەو وێنەیەی مارکس و ئەنگیلز کاتی خۆی بۆ جڤاتی نموونەیان داڕشتبوو. ڕاستاندنی ئوتوپیاکە درابۆیەوە بە ئایەندەیەکی یەکجار دوورەدەست. وێڕای ئەوەش لێنین هەوڵی داوە وێنەیەکی ئایەندەی بەڕێوەبەرایەتی و کارگێڕیی جڤاتی سۆسیالیستانە بنەخشێنێ. لە «دەوڵەت و شۆڕش» ـدا دەڵێ هەتا دێت کارگێڕی دەبێتە کارێکی ڕۆتیناسای ژمێرکاری و ڕێکخستنی مووچەنامە. لەبەر ئەوە کارگێڕی دەوڵەت و بەڕێوە بردن ئەوەندە هاسان دەبێ هەرکەس دەتوانێ ئەنجامی بدات. هەرنەبێ دەکرێ بدرێنە دەست کەسانی تایبەتکاری مووچەنزم:

---

[34] Occhetto ڕاگواستەیک یەکسەر لە بەرنامەی جڤاکی و ئابوورەیی 1987 ی پاپا Johannes Paulus هێناوەتەوە. بڕوانە بەشی نۆیەم.

«بلیمەتێکی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانیی ساڵانی 1870 فەرمانگەی پۆستی کردبووە نموونەی ئابووری سۆسیالیستانە. زۆر چاکیشی بۆچووبوو. ئێستا پۆست نموونەیە لە ئابوورییەک لە شێوەی پاوان (مۆنۆپۆل) ی سەرمایەدارانەی دەوڵەتیدا ڕێک خرابێت. ئیمپێریالیزم وردەوردە گشت ترەست Trust [مەبەست لە ترەست Trust یەک گرتنی کۆمپانیای پاوان (مۆنۆپۆل) ـداره بە مەبەستی ڕێسابەندیی ڕکابەری] ـەکان دەکاتە سازمانی ئەم بابەتە... ئەوسا ئەوەی دەمێنێ میکانیزمێکە خاوەن تەکنیکی بەرز و دوور لە «مشەخۆری». زۆر چاکیش دەکرێ لە لایەن کرێکارانی یەکگرتووەوە بخرێنە گەڕ. لە ڕێی دامەزراندنی تەکنیکزان، چاودێر و ژمێریارەوە، هەموو ئەو کارانەش و بە گشتی کاری هەموو کارمەندانیش بە مووچەی کرێکارانە پاداشت دەدرێن... سەرلەبەری ئابووریی گەلێر وەک پۆست ڕێک دەخرێ، بەگشتیش نابێ مووچەی هیچ کارمەندێک لە مووچەی کرێکار پتر بێت — ئەمە ئامانجی هەرە نێزیکمانە».

لە پرۆگرامی 1990 ی پارتی سۆڤیەتدا وێنەیەکی تەواو جودا دێتە بەرچاو. گەڕانەوە بۆ سۆسیالیزمی زووی مارکسی لاو تێیدا ڕوونە:

«ئایەندە، با مەبەست لەم دە ساڵەی داهاتووش بێت، بە وردی و دروستی نایەتە وێنا کردن. بەڵام یەک خاڵمان لێ ڕوونە: جڤاتێکی جودا پەیدا دەبێت، لە هەلومەرجێکی دیمۆکراتدا، لەسەر بنەمای پێشکەوتنی فەرهەنگی و زانستی و تەکنیکی مەزن، دێتە ڕسکان. بەهای مرۆڤدۆستانەی نێو گەلی وەڵاتەکەی خۆمان و هی نێو گشت مرۆڤایەتی دەبنە بنەمای ئەو ڕسکانە. جڤاتێک پەیدا دەبێت ئاگادار لەوەی ژیار و سروشت یەکەیەک پێک دێنن، جڤاتێک مرۆڤ تێیدا دەبێتە شائامانجی مێژوو. ئەم ئادگارانەی جڤاتی ڕوو لە ڕسکانی ئەمرۆمان ڕەنگدانەوەی خاڵە گرنگەکانی باوەڕی سۆسیالیستانەی بنجین».

وێنای دوارۆژ لای پارتی چینی ئەوەیە «تەژەندێکی لەبار» بۆ دەمەو نێوەڕاستی سەدەی داهاتوو هەڵچنێت. چین دەبێ هەتا ئەو دەمە بە تەواوی قۆناخی وەڵاتی دواکەوتووی جێ هێشتبێ. بێگومان ئەمە وێنایەکی گرنگ و بەرهەستە بۆ زۆر چینی. بەڵام وەک ئوتوپیایەکی کۆمیونیستانە هێشتا هەر بەرتەسکە. Jiang Zemin یش

ئەوە پیشان دەدات کاتێک بە ئاشکرا هەموو بیر کردنەوەیەک لە ڕۆژگاری پاش ئەو سەردەمە ڕەت دەکاتەوە:

«لەوەندەی پێوەندی بە قۆناخەکانی فراژووتنی سۆسیالیزمەوە هەبێ ئێمە ئەو گریمانە زانستیانە ڕەپێش دەخەین کە دەڵێ وەڵاتەکەمان هێشتا لە قۆناخە سەرەتاییەکانی سۆسیالزمدایە. جەختیش لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەم قۆناخە هەنگاوێکی مێژووکردی هەرنەبێ یەک سەدەیی پێویستە. لە مشتوماڵ کردنی گشت ڕێباز و چارە سیاسیەکاندا دەبێ بارودۆخی ئەم وەڵاتە ڕەچاو بگیرێ. نابێ نە خۆمان لە پراکتیک دوور بخەینەوە و نە سنووری ئەم ڕۆژگارەش تێپەڕ بکەین».

# 6- سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانه

مەبەست لە سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە ئایدیۆلۆژییەکی سۆسیالیستانەیە دەڵێ گۆڕانکاریی جڤات، هەر ئەوەندەی هەلومەرجی دێمۆکراتیی پەرلەمانی ڕەخسا، دەبێ ڕێبازێکی پلەداری نا–شۆڕشگێڕانە بگرێتە بەر. لێرەدا وشەی «ڕیفۆرمیستانە Reformistic» لە بری وشەی «بژارخوازانە Revisionistic» بەکار دەهێنم. بژارەتی Revisionism لە سەرەتادا ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستانەی تایبەت بوو لە نێو سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمانیادا گەشەی کرد. بژارخوازان بە پێویستیان زانی بە مارکسیزمدا بچنەوە، «بژار» ی بکەن. بژارخوازی پێشەنگ Eduard Bernstein نێزیکترین هاوکاری ئەنگیلز بوو. لەبەر ئەوەشە واز هێنانی بێرنشتاین لە مارکسیزم، لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تەواو دەنگی دایەوە. هەر لەو دەمەشدا پێداچوونەوەیەکی ئایدیۆلۆژیانە بە ڕێبازێکی ڕیفۆرمیستانە لە نێو نێزیکەی هەموو پارتە سۆسیالیستەکانی ئەورووپادا سەری هەڵدا.

بەڵام لەوەتەی باوەڕی سۆسیالیستانە سەری هەڵداوە سۆسیالیستی ڕیفۆرمیستیش هەبوو. هەر زوو لە 1840 ـەکاندا بەشێکیان خۆیان ناو نا «سۆسیال دێمۆکرات»، ئەمڕۆ ئەمیان ناوێکی باوی بواری سیاسەتی حیزبایەتییە. لە نێو سۆسیالیستانی ڕیفۆرمیستدا جێی چەند سۆسیالیستێکی ئافریقایی دەبێتەوە. نایریری Julius Nyerere ی کۆنە سەرۆکی تانزانیا لەم باسەدا دەکەینە نوێنەریان.

شانرخاندن

«بابای کۆمیونیست هەستی بە خۆ ڕاپەرموونی لەو ئاگایەوەی دێت کە مێژوو لایەنگریەتی و سەرکەوتن پێشەکی بڕیاری دراوە لەلایەن هێزی وەهاوە بەشی گرنگیان دەکەونە دەرەوەی دەرفەتی بەرتاوی خۆی. سەرچاوەی هێزی بابای سۆسیال دێمۆکرات دەچێتەوە بۆ باوەڕ هێنان بەوەی تەنها و تەنها ویستی مرۆڤ و ویژدانی جڤاکی دەتوانن مرۆڤایەتی ڕزگار بکەن لە ڕەوتێکی مێژووکردی وەها گەر دەستی بۆ نەبرێ ڕووەو دادۆشین، کۆیلەتی و شەڕ ڕێ دەکات».

*New Fabian Essays,* 1952

Richard Crossman ی ئایدیۆلۆژیستی پارتی لەیبەر Labour ی ئینگلیز بەو گوتەیەی سەرەوە یەکێک لە جوداوازییە بنجییە زۆرەکانی نێوان کۆمیۆنزم و سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە پێشان دەدات. نرخاندنی کۆمیونیست لەسەر «زانست» و «ڕسکانی جڤاکی» بونیات نراوە ئەدی ئەم «ویژدانی جڤاکی» ـیەی کروسمان لێی دەدوێ لە کوێوە هاتووە، ناوەڕۆکی چیە؟

هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە کێشەی نرخاندن لای بێرنشتاین - ی مامۆستای ڕیفۆرمیزمی هاوچەرخ سەری هەڵدا. بێرشتاین کە پەی برد بەوەی دەستوورگەلی مارکسیزم دەربارەی فراژووتنی جڤات دروست نین ناچار بوو بنەمای دیکە بدۆزێتەوە بۆ دامەزراندنی باوەڕە سۆسیالیستانەکەی خۆی. ئەوەی بۆی دەگەڕا لای کانت Immanuel Kant ی فەیلەسووفی سەدەی هەژدەیەم، دۆزیەوە. کانت دوو ڕێسای گشتیی ئاکارەکی داڕشت و پێی وا بوو، هەر لەبەر ئەوەی مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشەکییە، ڕێساکان هەموو کەس دەگرنەوە. یەکێک لە ڕێساکانی کانت دەڵێ: «با ڕەفتارت بە شێوەیەک بێت کە خۆت ئاواتەخواز بیت پرنسیپی ئەو ڕەفتارەت بکرێتە دەستوورێکی هەمەکی» ڕێساکەی دیکەی جەخت دەکات لەسەر ئەوەی بەهای مرۆڤانە بەهایەکی ڕەسەنە: «هەردەم خەڵک بە ئامانج بزانە، هەرگیز بە دەستاوێژێکی ڕەهایان دامەنێ». ئەم ڕێسایە بۆ ڕیفۆرمیستان گرنگ بوو، وەک بەڵگە دژ بە مێتودی شۆڕشگێڕانە بەکاریان دەهێنا.

ناوەڕۆکی «ویژدانی جڤاکی» ی کروسمان – یش وەک ڕێساکانی کانت بە هەمەکی دانران. هەر هەموو بژارخوازانیش دەبا لایەنگیری دروشمەکانی شۆڕشی فرانسی بوون: «ئازادی، یەکسانی و برایەتی».

لە تانزانیا، نایریری Julius Nyerere لە بۆچوونێکی ڕۆمانتیکانەدا دەربارەی جڤاتی «بنجی» ی ئەفریقایی پێوەرەکانی خۆی ڕیشەچێن دەکات. ئەو جڤاتە بە بڕوای نایریری جێی یەکسانیی ئابووری، هاریکاریی یەکدی و نەبوونی چەمکی مافی خاوەنەتیی تاکەکەس بوو.[35]

[35] بڕوانە: Ujamaa. *Den afrikanska socialismens grundval.* 1964

مرۆڤنۆڕی

سەختە نۆڕینی ڕیفۆرمیزم دەربارەی توانای سیاسیی مرۆڤی ئاسایی جودا بکرێتەوە لە نۆڕینی لیبەڕالیزم. سۆسیالیزم باوەڕی یەکسانییە و خۆی وەها دەناسێنێ کە هەوڵی بەهێز دەدات بۆ پارسەنگ کردنی جوداوازیی سیاسیی خەڵک لە ڕێی فێرکاری و دارماڵ کردنی داهاتەوە.

بەڵام بەرانبەر کۆمیونیزم ئەو سنوورەی نێوانیان ئاشکراترە، چونکە کۆمیونیزم بە هۆی باوەڕی پارتی پێشەنگەوە جوداوازییەکی مەزن دەخاتە نێوان سەرتەڵ و نا — سەرتەڵی سیاسییەوە. ڕیفۆرمیزم هیچ تیۆرییەکی سەرتەڵایەتیی وەهای نییە. لەگەڵ ئەوەشدا لە ماوەی پاش شەڕی جیهانیی دووەمدا تارمایی کەمبوونەوەی بڕوا بە بەهرەی سیاسیی ئاپۆڕە سەری هەڵدا. لە ساڵانی سەرگرتنی دێمۆکراتیی پەرلەمانیدا لە 1920 ـەکاندا بڕوا بە هەستی سیاسیی «خەڵک» برەوی هەبوو. پاش ئەزموونی نازیزم و فاشیزم، کە دیکتاتۆرییەک بوون خاوەن پشتیوانیی گەلێری بەرچاو، ڕەشبینیی ڕیفۆرمیستان زیادی کرد. کروسمان وەها لەم ڕەشبینییە دەدوێ: «ئازادی هەمیشە لە مەترسیدایە و کە لە دەست دەچێ زۆرینەی مرۆڤایەتی بە ئارامی دادەنیشێ، ئەگەر چەند کەسێکی کەمژمار نەبێ ئامادەبن دەست بدەنە خەبات هەم دژ بە سەرمافی کەمینە و هەم دژ بە بێباکیی زۆرینە»
*På väg mot en socialistisk ideologi,* 1952.

لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم گەشبینییەک دەربارەی خەسڵەتی جڤاکیی خەڵک هەیە. بۆچوون هەیە دەڵێ چاک کردنی بارودۆخی جڤاکی چاکتربوونی خەڵکی لێ دەزێ. باوەڕ بەوەی چاکتر کردنی بارودۆخی ماددی دەبێتە هۆی «باشبوون» ی خەڵک ئەو هێزەی نەماوە. ئەزموونێکی دیکەی گرنگ لەوەدایە کە جڤاتی پیشەساز بەردەوام لە گۆڕاندایە و بەردەوام گرفتی جڤاکیی نوێی لێ دەزێ، لەبەر ئەوەیە ڕیفۆرمیستان پێیان وایە پڕۆژەکەیان کۆتابەدەرە. هیچ چارەسەرێکی تەواویش لە ئارادا نییە.

گرنگترین یەکەی جڤات

وەک بزاڤێکی سیاسی، سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە، ڕووی لە کرێکارانە بەڵام چەمکی «چینی کرێکار» لای ئەمان ئەو واتا تیۆرییەی نییە کە لای مارکسیستان و کۆمیونیستان هەیەتی. ئەمان زووتر لە کۆمیونیستان کەوتنە سڕینەوەی چەمکی چینایەتی و چەمکی وەک «ئاپۆرە» یان خستە جێ، ئێستا پتر «گەل» یان «مووچەخۆران» جێگیرە. نایریری هەر بە جارێک بیرۆکەی چینایەتی ڕەت دەکاتەوە چونکە ڕەنگدانەوەیەک نییە لە داکەوتی جڤاتی ئەفریقا:

«بنەما و ئامانجی سۆسیالیزمی ئەفریقایی گەورەخێزانە. سۆسیالیستی ڕەسەنی ئەفریقایی ناشێ چینێکی ئادەمیزاد بە برای خۆی بزانێ و چینێکی دیکە بە دوژمنی سروشتەکی. ناچێ لە تەک «براگەل» ـدا گەلەکۆمەکی بکات بۆ لەناو بردنی «نا-براگەل». لەبری ئەوە هەموو خەڵک بە برای خۆ دەزانێ- بە ئەندامیان دەزانێ لە خێزانێکدا هەمیشە ڕوو لە فرەوانبوونە».

هۆگریی میللی، وێڕای نەریتێکی بەهێزی فرەمیللی، لە مێژە لە نێو ڕیفۆرمیستاندا بەهێزە. دەوڵەتی میللی یەکەی کاری سیاسیی سەلمێندراو بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەورووپای یەکگرتوو لەسەر بیروڕای چەندین سۆسیالیستی ڕیفۆرمیست، بەتایبەتی فرانسی، هەڵنراوە. ڕیفۆرمیستانی ئێستا، ئەورووپای یەکگرتوو بە مەیدانێک دادەنێن بۆ ڕاستاندنی باوەڕە جڤاکییەکانی خۆیان لە یەکەیەکدا فرەوانتر بێ لە دەوڵەتی میللی. Gilles Martinet ی بێژەری سۆسیالست، ئەورووپایەکی یەکگرتوو بە ئوتوپیایەکی ڕیفۆرمیستانەی نوێ دادەنێ. ئەمەیان دەتوانێ ئەو بۆشاییە ئایدیۆلۆژییە پڕ بکاتەوە کە، لەوەتەی کۆمیونیزم وەک ڕکابەرێک لە ئارادا نەماوە، تەنانەت لە نێو سۆسیالیستانیشدا پەیدایە.[36]

[36] ئەم بیرە بە بۆنەی یادی دوو سەد ساڵەی شۆڕشی فرانسی، لە گۆڤاری La nouvelle revue socialiste, 1989 کە گۆڤاری بیری سۆسیالیستانی فرانسییە، بڵاوکرایەوە.

میتودی گۆڕینی جڤات

بەڵگەی هاوکۆ لە نێوان لیبەڕالیزم و سۆسیال دیمۆکراتدا بۆ هەڵنانی پلەدارانەی جڤات لە بەشی لیبەڕالیزمدا باس کران. وەک گوتمان شابەڵگەی هەڵنانی پلەدارانەی جڤات ئەوەیە دەرفەت دەڕەخسێنێ بۆ لەیەکتر گەیشتنی سیاسییانە و میتودی دیمۆکراتانە. مەرجی ئەمەشیان لەوەدایە کە جوداوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان شیکاریی جڤاکیی سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە لە لایەک و هی مارکسیزم و کۆمیونزم لە لایەک.

ڕیفۆرمیستان مۆدێلی دیالەکتیکانەی گۆڕینی جڤات ڕەت دەکەنەوە، مەبەستیش لەو مۆدێلەیە کە بووتە بنەمای سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕانە. ڕیفۆرمیستان نایسەلمێنن کە شێوەبەندیی جڤاکی Social Formation گشتەیەکی نەبەش پێک دێنێ. بەپێچەوانە، هەلومەرجی سیاسەتی ڕیفۆرمیستانە دەبێ لەوەدا بێ لایەنی جۆراوجۆری جڤات، هەر یەک بۆ خۆی، کاری تێ دەکرێ و دەگۆڕدرێ. بۆ نموونە، بە بۆچوونی ڕیفۆرمیستانە، دەشێ سیاسەتێکی سۆسیالیستانە لە بواری فێرکاری و خێزاندا پیادە بکرێ بێ ئەوەی دەستاوێژی بەرهەم هێنان بێتە گەلێراندن. لای مارکسیستان و کۆمیونیستان دەسەڵاتی دەوڵەت لە ڕووی واتاوە هەردەم ئامرازێکی خەفاندنە و لە خزمەتی ئەو چینە جڤاکیەدایە دەسەڵاتی ئابووری هەیە. بە دیدی ڕیفۆرمیزم دەشێ دەسەڵاتی دەوڵەت، لە ئاست ئەوانەی خاوەنی دەستاوێژی بەرهەم هێنانن، سەربەخۆ بێت. دیمۆکراتاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت هەنگاوێکی مەزنە لەو ڕێڕەوەدا. بێرنشتاین ئەم بیرە وەها دەردەبڕێ:

«کاتێک میللەت دەگاتە بارێکی سیاسیی وەها کە مافگەلی کەمینەی زەنگین چیدی نابێتە کۆسپێکی جیددی لە ڕێی پێشکەوتنی جڤاکییدا، کاتێک ئەرکی نایەتیی چالاکیی سیاسی لە ئاست ئایەتییەکاندا پاشەکشە دەکات، ئەو دەمە دنەدان ڕووەو شۆڕشی توندوتیژ دەبێتە گوتەیەکی بێناوەڕۆک. دەکرێ حکوومەتێک یان کەمینەیەکی خاوەن سەرماف بڕووخێنرێ، بەڵام ناکرێ گەلێک بڕووخێنرێ»
*Socialismens förutsättning,* 1899.

ڕیفۆرمیستان لە گونجاندنی مێتودی سیاسیی خۆیاندا، کە دەکاتەوە گۆڕانکاریی خاڵەوخاڵ و پلەبەپلە، لە تەک ئامانجی سۆسیالستانەدا زۆر جار دووچاری دژواری بوون و دانیان پێدا هێناوە. لەبەر ئەوەشە زووزوو لە بەرهەمی ڕیفۆرمیستانەدا دنەدان هەیە دەڵێ «وێنای ئایدیۆلۆژیانە» دەبێ سیاسەتی ڕۆژانە بەرێت بەڕێوە. Ernst Wigforss ی ئایدیۆلۆژیستی ڕیفۆرمیست و سیاسەتمەداری سویدی، چەمکی «ئوتوپیای کاتەکی» دارشت بۆ ئەو ئامانجە ئایدیۆلۆژیانەی دەبا ڕێبەرایەتیی سیاسەتی ڕۆژانە بکەن. بەمەش ڤیگفۆش دەیویست پێشانی بدات کە وێنەی جڤاتی ئایەندە لای ڕیفۆرمیزم وێنەیەکی براوە نییە بەڵکوو ئامادەی گۆڕانە و پێشانیشی بدات کە میتۆدی سیاسی لای ڕیفۆرمیزم ئەزموونەکییە. لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی جوداوازی لە نێوان ڕەخنەی وردەکارانەی Popper، لە مێتودی هەڵنانی جڤاتی ئوتوپیا، لەلایەک و هی ڤیگفۆش لەلایەک، کارێکی سەختە.

مەیلێک هەیە لە سەردەمی پاش شەڕی جیهانیی دووەمدا هەتا دەهات ئاشکراتر دەبوو. ئەو بڕوایەی دەڵێ مەیلەکانی فراژووتن هەر لەخۆوە ڕێ بۆ سۆسیالیزم خۆش دەکەن، لای ڕیفۆرمیستان ڕووی لە کزبوونە. بەپێچەوانە، لە هەموو شوێنێک هەڕەشە لە بەهای سۆسیالیزم پەیدایە. «ویستی سیاسی» یش تاکە هێزە بتوانێ بەسەر هەڕەشەکاندا زاڵ بێ. Crossman دەڵێ: جڤاتی سۆسیالیستانە زادەیەکی ئاسایی فراژووتنی ماددی نییە، بەپێچەوانە، «ڕیزپەڕێکە ویستی مرۆڤکرد و ویژدانی جڤاکی دەیسەپێنن بەسەر جڤاتی نائاکارەکیدا».

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

دێمۆکراتیی نوێنەرەکی Representative Democracy (ئازادیی ڕێکخستنی پارت، مافی گشتیی دەنگ دان و پەرلەمانەتی) لەمێژە لای سۆسیالیستانی ڕیفۆرمیستی ئەورووپایی بووەتە بەرزترین شێوازی حوکومڕانی. لەبەر ئەوەی لە ڕووی باوەڕەوە سۆسیال دێمۆکرات و لیبەڕال و کۆنەواران ڕێکن لەسەر ئەم شێوازە حوکومڕانییە ناکۆکی لە تەک لیبەڕال و کۆنەواران لەسەر ڕووکارێکی دیکەی دێمۆکراتییە.

بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی ئەوەی بڕیاری سیاسی کۆنترۆڵی چەندی جڤات بکات.

ڕیفۆرمیستان هەر زوو و بە توندی بیرۆکەی «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» ی کۆمیونیستانەیان ڕەت کردەوە. Karl Kautsky ی ئایدیۆلۆژیستی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانی لە بەرپەرچدانەوەیەکی ناوداردا ڕووەو لێنین[37] دەڵێ:
«دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا بە بۆچوونی ئێمە هەر دەکاتەوە ئەوەی لە بنەمایەکی دیمۆکراتانەوە، زاڵبوونی پرۆلیتاریا بسەپێنرێت».

سۆسیالیزمی ئەفریقایی هەڵوێستێکی تاڕادەیەک تایبەتی هەڵبژارد بەوەی نوێنەرایەتی سیستەمی تاکپارتایەتی کرد. گۆیا ئەمە پاش ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی کۆلۆنیال، دەربڕینە لە یەکگرتنی بنەڕەتیی وەڵاتەکە. نایریری دەیگوت پارتی یەکگرتن نابێتە پارتێکی سەرتەڵان (ئەلیت، دەستبژێر) لە نموونەی کۆمیونیستانە، بەڵکوو ئاواڵەیە بۆ هەر هەموو بیروڕای هەمەجۆر. لە نێو پارتەکەدا بۆیان هەیە خۆیان سازدەن و ڕکابەریی بکەن و بەشداری هەڵبژاردنی گشتیش ببن. پارتی یەکگرتن بەو جۆرە، بە بۆچوونی بێژەرانی، خەسڵەتی سازمانێکی کۆکەرەوەی میللی وەردەگرێ کە باوەش بۆ ڕێبازی فیکری هەمەجۆر دەکاتەوە. بەم جۆرە سیستەمی تاکپارتایەتی نابێتە هۆی سڕینەوەی دیمۆکراتیی سیاسی.

نایریری پاش ئەوەی دەستی لە سەرۆکایەتیی کۆمار هەڵگرت ڕای گۆڕی و گوتی سیستەمی تاکپارتایەتی هەڵە بوو. بەو جۆرە ئەمیش، لە شێوازی حوکومڕانیدا، چووە پاڵ شارێبازی ئایدیۆلۆژیی ڕیفۆرمیستانەوە.

---

[37] بڕوانە: *Demokrati eller diktatur,* Stockholm 1918

سازمانی ئابووری

لە نێو ڕیفۆرمیزمدا دوو شاڕێباز هەبووە، یەکەمیان داوای گەڵیراندنی بازاڕ یان هەر نەبێ بەشە هەرە گرنگەکانی بازاڕی دەکرد. شاڕێبازی دووەمیان داوای ئابوورییەکی نەخشەداری دەوڵەتی دەکرد، واتە سیاسەت ڕووگەی بازاڕ بگێڕێ. لە تەک ئەمانەدا لاڕێبازێکی کزتری سێیەمیش هەبوو، لە دیمۆکراتیی کۆمپانیا دەدوا، واتە مووچەخۆرانی کۆمپانیا دەبێ دەستەڕۆییەکی ڕاستەوخۆیان هەبێ لە کۆمپانیاکەدا. ئەم سێ ڕێبازە لە گفتوگۆی ڕیفۆرمیستانەدا لە تەک یەکدا هەبوون، هەر سەردەمەی یەکێکیان زاڵتر دەبوو، بەڵام وەهایش بووە تێهەڵکێشی یەکدی ببن.

لای ڕیفۆرمیستە زووەکان، بۆ نموونە بێرنشتاین و کاوتسکی، دوو شاڕێباز یەکدییان گرتبوو. سۆسیالیزم لایان دەیکردەوە هەم دەوڵەتاندن و هەم ئابووریی نەخشەدار. لە ڕاستیشدا دەوڵەتاندن بەلایانەوە دەستاوێژێک بوو بۆ ئابووریی نەخشەدار. ئابووریی نەخشەدار کاتێک دەبێ پیادە بکرێ کە هەرنەبێ لایەنە گرنگەکانی ئابووری، بۆ نموونە بانکەکان، بدەوڵەتێنرێن. ئابووریی نەخشەداریش بۆ خۆی دەستاوێژێک بوو بۆ زاڵ بوون بەسەر بازاڕدا. زۆر کەس لە سۆسیالیستانی ڕیفۆرمیست، بە ڕادەی جۆراوجۆر، پێیان وابووە بازاڕ ناهۆشەکی و ئاکارنەناسە.

سۆسیالیزمی دەوڵەتیی دروست هەر زوو باوی لە نێو ڕیفۆرمیستاندا نەما. چەمکی «ئابووریی تێکەڵ» ـیان هێنایە پێش بۆ ئەوەی پێشانی بدەن کە دەشێ شێوازی خاوەنەتیی هەمەجۆر پێکەوە هەبن. خاوەنەتیی دەوڵەتی، هەرەوەزی و ئەهلی دەکرێ هاوژین بن. لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی ئەوەی دەوڵەت ببێتە خاوەنی بەشێکی گرنگی بازاڕ، گەرم بوو. بۆ نموونە پاش 1945 پارتی لەیبەری بریتانی هەموو چڵەکانی بازاڕی وەک پیشەسازیی خەڵووز و پۆڵا، دەوڵەتاند (خرانە ژێر دەستی دەوڵەتەوە).

تەنانەت لە کۆمپانیای دەوڵەتێنراویشدا گرفتی سەربە دیمۆکراتیی کۆمپانیا، کە ئامانجێکی دیکەی ڕیفۆرمیزم بوو، هەر ما. لە 1920 ـەکاندا گفتوگۆی ڕیفۆرمیستانە کەوتە بەر تاوی سۆسیالیزمی پۆلێر *Guild Socialism* [پۆلێر لە پۆل – ەوە وەگیراوە و لەسەر کێشی گەلێر] ئەمیان پتر بزاڤێکی سەندیکالیستانە بوو، دیمۆکراتیی کۆمپانیای کردبووە شاپرسیار. ئەمانە بە دوای سیستەمێکەوە بوون دەوڵەت

کۆمپانیای تێدا نەگێڕێ، بەڵکوو ئەندامانی کۆمپانیاکە لە ڕێی سازمانگەلی خۆیانەوە بەڕێوەی بەرن.[38]

لە ماوەی نێوان دوو شەڕدا ڕێبازی ئابووریی نەخشەدار لە ڕێبازی گەلێراندنی تێپەڕاند و خۆی پێش خست. ئەمیان ئیلهامی لە تیۆریی کەینز J.M. Keynes وەردەگرت. کەینز لەوە دەدوا چۆن دەوڵەت لە ڕێی دەستاوێژی ڕێبەرایەتیی ماکرۆئابوورییەوە بتوانێت دۆخی ئابووری بگێڕێ. سۆسیال دێمۆکراتی سوێد یەکەم دەستەبوون ئەو تیۆرییەیان لە 1930 ـیەکاندا خستە کار. پێشەنگی ئەم کارەش Ernst Wigforss ی تیۆریستی هەرە لە پێشی ڕیفۆرمیستانی سوێد بوو. ئابووریی نەخشەداری ڤیگفۆش مەبەستی تەنها ئەوە نەبوو دۆخی ئابووری بگێڕێ و ڕێ لە سەختانگ ببەستێ بەڵکوو دەیویست زیادبوونێکی بەرهەم هێنانی ژووڕپەڕ Maximum وەدەست بێنێت. ڕیفۆرمیستانی سوێد دەیانویست پلان دابنێن بۆ لابردنی کەموکووڕییەکانی بازاڕ، بەڵام بێ گەلێراندنی بازاڕ و بێ ڕەش کردنەوەی میکانزمەکانی بازاڕ.

ئەمەیە پێی دەگوترێ دۆزینەوەی مەزنی سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە. ڕیفۆرمیستان جودا کردنەوەی پلانڕێژی و خاوەنەتییان دۆزیەوە. ئامانجی ئەم ئابوورییە نەخشەدارە نوێیە ئەوە نەبوو بەشێکی گەورەی بازاڕ بخاتە ژێر ڕکێفی دەوڵەتەوە، بەڵکوو لەوەدا بوو بازاڕ بە دەستاوێژی سیاسی بەڕێوە بەرێت بێ ئەوەی ناچاری گەلێراندنی کۆمپانیا بێ. وەک باسمان کرد ڕیفۆرمیستان شێوەبەندیی جڤاکی بە گشتەیەکی نەبەش نازانن. هەوڵیان داوە چەمکی «خاوەنەتی» ی هەڵوەشێننەوە بۆ چەند پارچەیەکی وەها هەر یەکەیان بەتەنیا بەرگۆڕ [ئامادەی گۆڕین] بێت. خاوەنەتیی دەستاوێژی بەرهەم هێنان و کۆنترۆڵ کردنیان مەرج نییە یەک شت بن. دەربڕینی مۆدێرن لەم بیرۆکەیە «سۆسیالیزمی کارکردەکی» Functional Socialism ـیە. مافگەلی هەمەجۆر کە لە سەرەتادا وابەستەی مافی خاوەنەتی بوون دەکرێ لە ڕێی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە یان لە ڕێی پەیمانبەستی لەگەڵ سەندیکای مووچەخۆرانەوە بگوێزرێنەوە بۆ لایەنی دیکە. قانوونی دەسترۆیی سەندیکا لە کۆمپانیادا نموونەیەکی ئەو بابەتەیە. بەو جۆرەش ڕیفۆرمیستان هەوڵیان دا بەشێک لە ئامانجەکانی دێمۆکراتیی کۆمپانیا براستێنن.

---

[38] بڕوانە بەشی هەفتەم: ئەنارکیزم و سەندیکالیزم.

له 1970 کاندا گەلێراندن و دیمۆکراتیی کۆمپانیا، تاڕادەیەکیش دیمۆکراتیی پۆلێر، لە نێو سۆسیال دیمۆکراتی سکاندیناڤیادا هاتنە پێش. کۆمپانیا دەبا پارە بخاتە فۆند Fund ەوە، مووچەخۆرانی کۆمپانیا دەست لە بەشێکی سەرمووچە [سەرمووچە: پارەی مووچە زیاد کردن] ی خۆیان هەڵدەگرن، ئەو بەشە پارەیە کۆمپانیا دەیدات بە فۆندەکان ئەم فۆندانەش دەبا پاشان ببنە هۆی ڕاکێشانی پشک بۆ کۆمپانیاکە. بەم جۆرە لە داهاتوودا فۆندەکان دەبا زۆروکەم کۆنترۆڵی هەر نەبێ کۆمپانیا گەورەکان بگرنە دەست.

لە دانمارک بەم پلانە دەگوترا «دیمۆکراتیی ئابووری» ( "ØD") لە سوید نێو نرا «فۆندی مووچەخۆران» بیرۆکەی ئەم فۆندانە لە دوو وێنەی سەرنج ڕاکێشی ئایدیۆلۆژییەوە هاتووە. یەکەمیان بەرتاوی دیمۆکراتیی پۆلێر و سەندیکالیزم بوو. ئەمیان دەیگوت فۆندەکان دەبا بخرێنە ژێر ڕکێفی سەندیکاوە. لە ئاستێکی سەنتەراڵیشدا دەبا دەسەڵاتێکی سەندیکایی دروست بکرێ بۆ بەڕێوە بردنی کۆمپانیا گەورەکان. ئەم دەستڕۆییەش دەکرا لە ئاستێکی نێوچەییدا ڕووەو دیمۆکراتیی کۆمپانیا بەکار بهێنرێ.

لاوێنەی دووەم دەیگوت سەرۆکایەتیی فۆندەکان دەبا لە هەڵبژاردنی گشتیدا ناودێر بکرێن بەوەش جۆرە پەرلەمانێکی بازاڕ دەبووە کارگێڕی فۆندەکان. هیچ کام لەم دوو وێنەیە داوای ڕێسابەستی بازاڕ ناکەن. ئەو کۆمپانیایەی دەبێتە موڵکی دەستمایەکان دەبا لە بازاڕی میللی و فرەمیللیدا بکەوێتە ڕکابەری. هیچ کام لەم پرۆژانە تا سەر نەڕاستێنران، لەبەر ئەوەی دووچاری بەرهەڵستییەکی سیاسیی بەرفرەوان بوون. فۆندەکانی دانمارک و سوید بوونە فۆندی دەوڵەتیی پشکدار. ئەم پشکدارییە دەوڵەتییە دەشێ بە لاڕێیەکی درەنگ و زۆر تەنکی بۆچوونە بنجییەکانی گەلێراندن دابنرێ.[39]

[39] Björn von Sydow پێشانی داوە کە فۆندەکان نەبوونە دەستاوێژێک بۆ زیاد کردنی دەستڕۆیی مووچەخۆران. بەڵام بوونی دەوڵەت بە خاوەن پشک لە کۆمپانیاکاندا لە ڕوویەکی دیکەوە گرنگە. سەرمایە کە خاوەنێکی کۆیەکی هەبوو دەشێ «بەرانبەر ئەو سەرمایە فرەمیللییەی هەتا دێ بزێوتر دەبێ ببێتە پارسەنگێکی ئارامکەرەوە». *Att vara med på riktigt.* Stockholm 1993

ڕیفۆرمیزم لە نێو سیاسەتی جڤاکیدا دەیەوێت، لە ڕێی باجی سەرکەوتە و گواستنەوەی سەرمایەوە، جوداوازیی داهات و سامانی زادەی میکانزمیی بازاڕ و خاوەنەتیی ئەهلی، دارماڵ بکات (ڕێک بخات). سۆسیالستانی بریتانی بیرۆکەی «بنەمووچە [مووچەی بنەمایی]»، «ژینمووچە» ی دەستەبەرکراو – یان هێنایە پێش. ئەمیش دەبا بریتی بێت لە کارگێڕیی جڤاکیی بێمزە و «برە پارەیەکی کەم». مەبەستیش لێی سەرخستنی ئازادی و سەربەخۆیی وەڵاتیان بوو بەرانبەر بازاڕی کار.[40] سەرچاوەی ئەم بیرەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەسڵ Bertrand Russell ی فەیلەسووف کە تەواو بەرتاوی سۆسیالیزمی پۆلێردا بوو. بۆچوونێکی سوێدی هەیە دەڵێ مافی جڤاکی دەبێ لە دەستووردا تۆمار بکرێن. چۆن پێشێل کردنی مافی خاوەنەتی بەرسزایە، «زیان لە خۆشگوزەرانی» ش دەبێ وەها بەرسزا بێت.[41]

لە گفتوگۆی ڕیفۆرمیستانەی 1980 کاندا سەرنج ڕووگەی خۆی لە دەسەڵاتی سەنتەراڵی دەوڵەتییەوە بەرەو شێوەی بڕیاری دیسەنتەراڵ گۆڕیوە. ئاماژە دەکرێ بۆ مەترسیەکانی بیرۆکراتاندن و یەکڕەنگاندن (کە مەبەستی سۆسیالیستەکان نەبووە) و ئەم ڕەخنەیە لە کۆمپانیای مەزنی خۆماڵیکراویش دەگیرێ. لە سیستەمی دیسەنتەراڵی بڕیاردا، کە سەنگی لای ئەمان زیاترە، میکانیزمی بازاڕیش هەیە. گفتوگۆ لەسەر پێویستیی ڕاکێشانی بازاڕە بۆ نێو ئایدیۆلۆژیی ڕیفۆرمیستانە لە ڕێی «تیۆریی بازاڕی سۆسیالیستانە» وە.[42]

لە لایەکی دیکەوە ئابووریی نەخشەداریش، هەم بە گەلێراندن و هەم بێ گەلێراندن، بە بەڵگەی نوێوە خۆی ڕەپێش خستووە. لە لای باڵی چەپڕەوی ڕیفۆرمیستانەی بریتانیا چەندین پرۆژەی نوێی داڕێژراو هەیە بۆ ئابووری نەخشەدار[43]. لەمانەدا هەم ئامانجی گرنگی ئابووریی میللی و ژینگەپارێزیی میللی و هەم داخوازیی دێمۆکراتیی کۆمپانیا ڕەچاو دەگیرێ، تەنانەت لێرەشدا جەخت لەسەر بڕیار دانی دیسەنتەراڵ دەکرێ لە ڕێی «یەکەی بەرهەم هێنانی خۆفەرمان» ـەوە. ئەوەی نوێ بێت لێرەدا

[40] بۆ نموونە بڕوانە *Features of a Viable Socialism,* London 1990.

[41] لە گوتارە سیاسییە ناوبراوەکەی Björn von Sydow دا ئەم بیرە ڕەپێش خراوە.

[42] بۆ نموونە بڕوانە *Fabian Essays in Socialist Thought,* London.

[43] لە *Features of a Viable Socialism* دا باسی چوار پرۆژەی لەو بابەتە دەکرێ.

به پلەی یەکەم لەوەدایە کە ڕەچاو گرتنی ژینگە دەکرێتە بەڵگە بۆ ئابووریی نەخشەدار.

ئوتوپیا

گەر پێویستیی ڕیفۆرم هەمیشەکی بێت و گەر جڤاتی پیشەساز بەردەوام گرفتی نوێ بخاتەوە، ئەوە سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە ناشێ هیوای وا بێ جڤاتی بێگەرد و تەواو ڕسکاو بێنێتە دی. دەبێ خاڵی نێزیکەدەست ڕەپێش بخرێن. دەشێ بڵێین «جڤاتی باش» لای ڕیفۆرمیزم دەکاتەوە: «جڤاتی بێچین، بەوەش دەبێتە جڤاتێکی یەکسانی خاوەن دەسەڵاتێکی دەوڵەتیی بەهێزی ژێر ڕکێفی وەڵاتیان».

«پووکانەوەی دەوڵەت» لای ڕیفۆرمیستان نە بابەتی گفتوگۆیە نە خەون. بەپێچەوانە، ڕیفۆرمیزم، دەوڵەتی بەهێز بە دەزگەیەکی هەمیشەکی دادەنێ بۆ هەڵنانی جڤات. دەسەڵاتی دەوڵەتی میللی، بۆ هونەری ئەندازیارانەی جڤاکی ئامرازێکی گرنگە. بەڵام هەتا دێ ڕیفۆرمیستان زیادتر دەبن لە نێو ئەوانەی ئەورووپای یەکگرتوو EC بە دەرفەتێک دەزانن بۆ جڤات هەڵنانی بان–میللی. Gilles Martinet ی سۆسیالستی فرانسی تاکەکەس نییە ئەورووپای یەکگرتووی نوێ بە ئوتوپیایەکی ڕیفۆرمیستانەی نوێ دەبینێت،

## 7- ئەنارکیزم و سەندیکالیزم

له 1830 ـیەکەنادا بۆ یەکەم جار کرێکارانی پیشەسازی لە ئەورووپادا، وەک هۆکارێکی دەسەڵاتی سیاسی، خۆیان نواند. کرێکارانی چینکاری (نسیج) لە ساڵی 1831 بەشداری شەڕی نێوشار بوون و کرێکارانی پاریس لە شۆڕشی ساڵی 1848 بەشدار بوون. ئەو دەمە بۆ یەکەم جار ئاڵای ڕەش و سوور، وەک هێمایەک بۆ خەباتی کرێکاران، هەڵکرا. پاشان ئاڵای ڕەش بووەماڵی ئەنارکیستان و سوورەکەش بۆ سۆسیالیستان مایەوە.

مارکسیستان و ئەنارکیستان لە «ئەنجومەنی کرێکارانی فرەمیللی» ـدا، کە یەکەم «سۆسیالستی فرەمیللی» (سۆسیالستی ئینتەرناسیۆنال) بوو، یەکیان گرت. پاش کەوتنی «کۆمۆنەی پاریس» 1871 «سۆسیالستی فرەمیللی» دووبەرەکی تێ کەوت. کۆمۆنەی پاریس ڕاپەڕینێک بوو دەیویست فرانسەیەکی سۆسیالیستانە دابمەزرێنێ بریتی بێت لە کۆمیونی خۆفەرمانی شۆڕشگێڕانە.

بزاڤی ئەنارکیستانە لە وەڵاتانی لاتینی وەک فرانسە، ئیتالیا، سپانیا و بەشە لاتینی سویسرا ڕەواجی هەبوو. لەگەڵ جێگیربوونی بیری ئەنارکیزم لە نێو بزاڤی سەندیکای کرێکارانی پیشەسازیدا، «سەندیکالیزم» یان «ئەنارکۆسەندیکالیزم» ی لێ زا. لە ساڵانی بەر لە شەڕی جیهانی یەکەمدا سازمانی گەورەی سەنتەراڵیستی سەندیکایی فرانسە CGT ڕەنگی سەندیکالیستانەی بەهێز بوو. سەنگەرێکی دیکەی سەندیکالیستانە سازمانی CNT ی سپانیا بوو. ئەمیان نۆرەیەکی سیاسیی گرنگی لە سپانیای کۆماردا هەبوو. لە شەڕی نێوخۆی سپانیادا، CNT کەوتە سەخترین ئەزموونێکی بێتە بەردەم ئەنارکیستان. خاڵی هەرە گرنگی باوەڕەکەیان ڕێک ئەوەیە هەرگیز نابێ بەشداری هیچ حکوومەتێک بین بەڵام ئەمان خۆیان بە ناچار زانی بەشداری حکوومەتی کۆمار بن.

سازمانی ئەنارکۆسەندیکالیستی فرەمیللی لە 1922 دا دامەزرێنرا و بەیان کرا کە 3 ملیۆن ئەندامی هەیە. لە 1930 ـیەکاندا لێ درا و ڕما، ڕێبەرانیشی هەڵاتن بۆ ستۆکهۆلم. سازمانی سەنتەراڵی کرێکارانی سوێد SAC بە خۆی و 30 هەزار ئەندامییەوە یەکێکە لە سازمانە سەندیکالیستە مەزنەکان. SAC نوێنەری باڵی ڕیفۆرمیستانەیە لە نێو سەندیکالیزمدا.

لە ڕووسیا بەر لە شۆڕش, بزاڤی ئەنارکیستانە هەبوون و نۆرەی پێشەنگیان لە خەباتی دژ بە تسارەتی Tsarism نواند. تایبەتمەندیی ئەنارکیزمی ڕووسی لەوەدا بوو هاوبەندیی گوند، واتە هاوبەندیی جووتیارانی کردبووە دەراو (سەرشار) و بە یەکەی بنەڕەتیی جڤاتی ئەنارکیستانەی دادەنان. هەر لە ڕووسیاشەوە دوو تیۆریستی پێشەنگی ئەنارکیزم پەیدا بوون Michail Bakunin (مردەی ساڵی 1876) و Peter Kropotkin (مردەی ساڵی 1921).

Pierre – Joseph Proudhon (مردەی ساڵی 1865) گرنگترین ئیلهامبەخشی ئەنارکیزمی فرانسی بوو. Proudhon پتر بە ڕاگواستەیەکی ساڵی 1840 ی ناسراوە، دەڵێ: «موڵکایەتی دزییە!» مەبەستیشی ئەوە بوو کار تەنها شتێکە نرخ دروست بکات. کەواتە وەها باشە سامانی جڤات بدرێتەوە دەست ئەوانەی هێناویانەتە بەرهەم.

شانرخاندن

کرۆپۆتکین Peter Kropotkin زانستکارێکی ڕێزداری جیهانی بوو، بەڵگەی لە سروشتەوە دەهێنایەوە بۆ شاپرنسیپەکانی ئەنارکیزم بەرانبەر جێگرەکانی داروین Darwin، کە پێیان وابوو «پەلەی ژیان» پرنسیپێکی ڕێبەرە لە سروشتدا. کرۆپۆتکین دەیویست پێشانی بدات هاوکاری و هاریکاریی یەکتر لە سروشدا زاڵترە. لە ڕێی هاوکارییە نەک لە ڕێی پەلەی ژیانەوە، جۆرەکانی بوونەوەر بەردەوامیی خۆیان دەستەبەر دەکەن. کرۆپۆتکین پێی وابوو هەمان مەیل لە فراژووتنی جڤاتی ئەو ڕۆژگارەدا دەبینێ. پەیمانی ئازاد، یەکگرتنی ئازاد، ئەنجومەنی بان—میللی، ئەمانە هەموو هەتا دێ نۆرەیان فرەوانتر دەبێ:

«گەر سەرنج لە فراژووتنی ئێستای میللەتە ژیارمەندەکان گیر بکەین، لێمان ئاشکرا دەبێ کە بزاڤێکی ڕوو لە ڕاهێزان هەیە بە مەبەستی تەسک کردنەوەی بازنەی چالاکیی حکوومەتان و فرەواندنی ئازادیی تاکەکەسان. ئەمەیە ڕسکان Evolution ی بەرچاوی ئێستا. ڕاستە دامودەزگەی بەدکاری ئێستا و پێشداوەریی بە میرات جێماو تاڕادەیەک دەبنە کۆسپ لە ڕێی ئەم ڕسکانەدا. وەک هەموو ڕسکانێکی دیکە

ئەمیشیان تەنها چاوەڕێی شۆڕشێکە کەلاوە کۆنانەکانی کە بوونەتە کۆسپ بڕمێنێ و ئەوجا لە جڤاتی نەوزاد (تازە زاو) دا ڕەوتێکی ئازاد وەربگرێ».[44]

لای کرۆپۆتکین «یەکگرتنی ئازادی گرووپان» شێوە سازمانی ئایەندەیە. پەرلەمانەتی نا، بەڵکوو هاوکاریی ئازاد و یەکگرتنی ئازاد دەبنە شێوەیەکی وەها لەگەڵ ئەم ڕۆژگارە ئابوورییە نوێیەی مێژوو کۆک بن.

مرۆڤنۆڕی

ئەنارکیزم لە نێو هەموو ئایدیۆلۆژییە سیاسیەکاندا مرۆڤنۆڕیی هەرە گەش و هەرە ئایەتی (پۆزەتیڤ) ی هەیە، هەر ئەمەشە بناخەی ئوتوپیای ئەنارکیستانە کە بریتییە لە جڤاتێک دوور لە هێزی دەسەڵاتی دەوڵەت، جڤاتێک تەواو لەسەر ڕێککەوتنی ئازادیی گرووپ و تاکەکەسان هەڵنرابێ. مرۆڤ لای ئەمان تەواو جڤاکین، ئامادەی هاوکاریی ئاشتیخوازانە و هاوئاهەنگیی جڤاکین. مرۆڤ لە ڕووی توانای سیاسییەوە تەواو یەکسانن و ڕێک لەبەر ئەمەشە ئەنارکیزم و سەندیکالیزم «دیمۆکراتیی نوێنەرەکی» ڕەت دەکەنەوە و «دیمۆکراتیی ڕاستەوخۆ» لە نێو گرووپی خۆفەرماندا دەکەنە نموونە.

بەڵام ئەم وێنەیەی مرۆڤ تەنها بۆ دۆخێکی خەیاڵکردی پاش شۆڕش دانراوە. ئەنارکیزم و سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕ نۆڕینێکیان هەیە لە ئادەمیزاد زۆر ئاڵۆزترە. باکونین Bakunin ی هاوزێدی لێنین، زۆر زووتر لە لێنین خۆی، تیۆرییەکی دارڕشت دەربارەی پێویستیی پێشەنگێکی شۆڕشگێڕی هۆشیار. باکونین وەک هەموو ئەنارکیستان دەیویست شۆڕش بە پرۆسەیەکی خۆبەخۆ Spontaneous دابنێ، کێشە لەوەدا بوو چۆن پەلاماردانی گەلێری خۆبەخۆ دژ بە شیرازەی دامەزراو ئاڕاستەی ڕووکارێکی دروست بکرێت. باکونین دەنووسێت: «سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر کۆنەپەرستیدا پێویستی هەیە بەوەی لە نێو جەرگەی ئەو ئەنارکییە گەلێرەی کە هەم ژین و هەم سەرلەبەری هێزی شۆڕشەکە پێک دێنێ، ئۆرگانێک هەبێ بۆ

[44] بڕوانە: P. Kropotkin, *Erövringen av brödet,* 1898 تەرجەمەی سوێدی، ساڵی 1908.

یەک خستنی بیر و کرداری شۆڕشگێڕانە». «پێویستە دەستەی پتەوی ڕێبەر و خاوەن بیرۆکەی دروست بۆ بزاڤی گەلێر پێک بینین»[45] لەبەر ئەوەی گەل نە سازمان و نە زانیاری هەیە، باکونین دەیویست شانەی نهێنی وەها دروست بکات کار بکەن بێ ئەوەی دیار بن. ئەنارکیستان دەبا ببنە «ئاژێری نهێنی» [ئاژێر: ڕانەندە، شۆفێر] ئەمانە دەبا «بێ نیشانە، بێ ناونیشان، بێ هیچ مافێکی فەرمی و بێ هەموو جۆرە نیشانەیەکی دەرەکیی دەسەڵات» ئاپۆرە بە نێو دیکتاتۆریدا دەرباز بکەن.

لە نێو سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕدا باوەڕ بە کەمینەی هۆشیار سەنگی هەبوو هەوڵیش دراوە «ڕێنموونی» لە «ڕێبەرایەتی» جودا بکرێتەوە. پێشڕەوانی سەندیکالیست دەبا ببنە ڕێنوێن و چرای خەڵک. مەبەستیش ئەوە بوو، بەم جۆرە سنوورێک بخەنە نێوان دیدی سەندیکالیزم لەلایەک و تیۆریی لێنین دەربارەی نۆرەی ڕێبەرانەی پارتی لەلایەک.

## گرنگترین یەکەی جڤات

لە هەموو تیۆرییەکی ئەنارکیستانە و سەندیکالیستانەدا تاکەکەس بە یەکەی جڤاکیی یەکەم دادەنرێ. لەمەدا و لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی مۆدێرنی دەوڵەتیدا، لە نێوان ئەنارکیزم و لیبەڕالیزمدا خاڵی بەهێزی لێک کەوتن هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەنارکیست و سەندیکالیست لایان وایە تاکەکەس بوونەوەرێکە بە توندی جڤاکییە. تاکەکەس لای ئەمان هەمیشە ئەندامە لە جڤاتێکدا لەسەر هاوبەندیی کار و بەرهەم هێنان هەڵنراوە. گرووپی کار و بەرهەم هێنان وەک تاکەکەسان لای سەندیکالیستان گرنگن، سەندیکاش هەمان نۆرەی هەیە.

بەرچاوترین هێمای ئازادنەبوونی مرۆڤ دەسەڵاتی دەوڵەتیی مۆدێرنی سەنتراڵیستە. ئەنارکیزم و سەندیکالیزم هەڵاوێردنی گرنگی تیۆرییانەی نێوان دەوڵەت و جڤات دەکەنە بناخە. ئامانجی ئەنارکیزم و سەندیکالیزم جڤاتێکی خۆفەرمانە بەبێ دەزگەی دەوڵەتی. جڤات بریتییە لە تاکەکەسان، گرووپی جڤاکی یەکەی سروشتەکی و گرنگ

[45] ڕاگواستەیە لە D. Guerin، بڕوانە: *Anarkism. Från lära till handling,* Stockholm 1978

پێک دێنن. بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتی میللی دەپەڕێتەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەوەی میللەت ببێتە یەکەیەکی جڤاکی. ئەنارکیزم و سەندیکالیزم تەواو ڕوویان لە دیاردەی فرەمیللیە.

میتودی گۆڕینی جڤات

میتودی سیاسییانە تەواو ڕوو لە پرۆسەیەکە دەوڵەت هەڵوەشێنێتەوە. ئەمەش دەکاتەوە نەیاریی ڕەها بەرانبەر بەشداربوون لە ئۆرگانی سیاسیی دەسەڵاتی دەوڵەتی دامەزراودا، بە ئەنجومەنی پەرلەمانیشیەوە. هەر لە زمانی Proudhon ـەوە پەیڕەوی لە ڕێساکەی ئەو دەکرێ کە دژ بە بەشداربوونی هەڵبژاردنی گشتی و پەرلەمانە: «نە نوێنەر، نە ناودێر» لە بری ئەوە داوای «تەک Action ی ڕاستەوخۆ» ی دژ بە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەکرێ. شێوەی ئەم تەکە ڕاستەوخۆیەش بەپێی دۆخ و زەمان گۆڕاوە. هەر لە تەکی تیرۆری تاکەکەسییەوە هەتا مان گرتنی شۆڕشگێڕانەی سەرانسەری، مان گرتنی مەزن، «شۆڕشی کەسانی ئامادە»، لە تیۆریی سەندیکالیستانەدا ئەو تەکەیە دەبێتە هۆی ڕمانی دەسەڵاتی دەوڵەت. بەلای سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕەوە تەکی مان گرتن بۆ دەستکەوتی ئابووری یان سیاسی نییە، بەڵکوو ڕێ خۆش کردنە بۆ دوا زۆرانی دابڕ. نرخی مان گرتنیش لەو دەستکەوتە ئابوورییانەدا نییە کە لەوانەیە بستێندرێن بەڵکوو لەوەدایە چینی کرێکار، لە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی دوژمندا، هەم توانای ململانێ و هەم ویستی خەباتی لا تیژ دەبێتەوە.

شێوە خەباتێکی بووبێتە خەسڵەتێکی تایبەت بە ئەنارکیزم، پەلاماری سیاسییە، یان وەک لە تیۆریی ئەنارکیستانەدا پێی دەڵێن «تیرۆری تاکەکەسی» یە. لە دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەیەمدا چەندین پەلاماری سیاسی لەلایەن ئەنارکیستانەوە بەجێ هێنران. تسار ئەلیکساندەری دووەم Tsar Alexander II ساڵی 1881 لە پەلاماردانێکی سیاسیی ناوداردا لەلایەن ئەندامێکی سازمانی ئەنارکیستانەی Narodnaja Volja «ویستی گەل» ـەوە کوژرا. لە ساڵانی پاش 1968 ـەوە دەستە خەباتی وەها کە ئیلهامی ئەنارکیستانەیان هەبوو هەڵنران. ئەمانەش تیرۆری تاکەکەسییان بەکار دەهێنا، بۆ نموونە باڵی ئەرتەشی سوور «دەستەی بادەر –

ماینهۆف Baader – Meinhof» له ئەڵمانیای ڕۆژاوا و پۆله سوورەکانی ئیتالیا. ئەمانه له ڕووی تیۆرییەوه به جۆرێک له «تەکی ڕاستەوخۆ» دادەنران که هاوکات «پڕوپاگەندەی کردار» یش بوون. مەبەستیش ئەوه بوو ئەم تەکی تێرۆره ئاپۆره هان بدات بۆ کردار. له تیۆریی ئەنارکیستانەی ڕووسیدا بەمه دەگوترا تێرۆری «وروووژێنەر» Excitative. ڕاڤەیەکیش هەیه بۆ ئەم تێرۆری ئەنارکیستانه دەڵێ ئەمانه لەلایەن کەسان و سازمانگەلی وەهاوه ئەنجام دەدرێن خۆیان به پێشڕەوی ئاپۆره دەزانن بەڵام له ڕاستیدا له ئاپۆره دابراون.

چڵێکی درەختی بیری ئەنارکیسیانه ڕووکارێکی ڕێک پێچەوانەی گرته بەر. نووسەری مەزنی ڕووسیا تۆلیستۆی Leo Tolstoj هەموو باوەڕە گرنگه سیاسییەکانی ئەنارکیزمی پەسەند بوو یەکیان نەبێ. ئەم بڕوای به شۆڕشێکی ئاکارەکی هەبوو. هەموو جۆره دڕییەکی ڕەت دەکردەوه. دروستترین ڕێبازی خەباتی دژ به دەسەڵاتی دەوڵەت ئەوه بوو لاساریی له ئاستدا بکرێ، سەربازی بۆ نەکرێ، باجی نەدرێتێ. ئەم ئەنارکیزمه لاشەڕانەی تۆڵستۆی تەواو کاری له مەهاتما گاندی Mahatma Gandhi ی ڕێبەری ئازادیخوازایی هیندستان کردبوو. گاندی لاساریی کردبوه مێتودی هەره گرنگی نوێ له خەباتی سیاسیدا. گاندی ئەم پرنسیپی «نا–دڕییه» ی به زمانی هیندی ناونا Ahimsa.

## شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

ئەو «ئەنارکیستی فرەمیللی» (ئینتەرناسیۆنال ئەنارکیست) یەی پاش دووبەرەکیی نێوان مارکسیستان و ئەنارکیستان ساڵی 1871 دامەزرا، ئەم خاڵانەی جێگیر کرد:

1- یەکەم ئەرکی پڕۆلیتاریا ڕووخاندنی هەموو دەسەڵاتێکی سیاسییه.
2- دامەزراندنی هەر جۆره دەسەڵاتێکی سیاسیی گۆیا کاتەکی و شۆڕشگێڕانه بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ڕووخاندنه تەنها دەکاتەوه فێڵێکی دیکه و بۆ پرۆلیتاریا دەبێتەوه مایەی ئەو مەترسییەی لەم ڕژێمه دامەزراوانەی ئێستا دەزێتەوه.

بەم جۆرە گرنگترین پرنسیپی جوداکەرەوەی دابڕی ئەنارکیستان داڕێژرا. ڕێ بەسترا لەوەی بە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی نوێی دەوڵەتی جڤاتێکی بێدەوڵەت بسازێنرێ. باکونین بە توندی بەرپەرچی باوەڕی مارکسیستانەی دیکتاتۆریی پرۆلیتاریای دەدایەوە. جڤاتی مارکسیستانەی ئایەندە، بە دیدی ئەم، دەبووە حوکومڕانییەکی سالارپەرست لە بەرگێکی نوێدا:

«دوور نییە چی دی چینێکی خاوەن سەرمافی لەو بابەتە نەمێنێ، بەڵام حکوومەتێک هەر دەمێنێ و دەبێتە، ڕێم بدەن ئەمەیان جەخت بکەم، حوکومڕانییەکی یەکجار ئاڵۆزی وەها ڕازی نەبێت، وەک هەموو حکوومەتێکی ئەم سەردەمە، تەنها لە ڕووی سیاسییەوە حوکومڕانی و بەڕێوەبەراتیی ئاپۆرە بکات، بەڵکوو لە ڕووی ئابووریشەوە ئەم لایەنانە لە دەست خۆیدا چڕ دەکاتەوە: بەرهەم هێنان و دابەشینی «دادپەروەرانە» ی داهات، کشتوکاڵ، دامەزراندنی فابریکی نوێ، سازمانی بازاڕ و بەر لە هەموان تەرخان کردنی سەرمایەی بەرهەم هێنان بەوەش دەوڵەت دەبێتە تاکە بانک… حکوومەتەکە دەبێتە دەوڵەتی بیرکارانی زانستکار، لە هەموو ڕژێمان پتر ئەریستۆکراتانە، ستەمکارانە و فیزن دەبێ. چینێکی نوێ دێتە کایەوە، هەرەمێکی نوێی زانستکارانی ڕاست و دەوڵەمەند هەڵدەنرێ و دونیا دابەش دەبێ بەسەر کەمینەیەک کە بە ناوی زانستەوە حوکومڕانی دەکات و زۆرینەیەکی بێسەواد».

جڤاتی ئایەندە لای ئەنارکیستان و ئەنارکۆسەندیکالیستان بریتیە لە کۆمیونی خۆفەرمان و لە ڕێی ئەوانیشەوە، یەکەی خۆکاری بەرهەم هێنان. پاشان دەکرێ کۆمیونەکان لە فیدراسیون Federation دا یەک بگرنەوە، بەڵام بە پاراستنی تەواوی خۆفرمانییان. لای ئەنارکۆسەندیکالیزم یەکگرتنی سەندیکاکانە کۆمیون و فیدراسیۆن پێک دێنن. تاکە شێوەیەکی دەسەڵاتدارییەتی کە تارمایی هەبێ لە سەروو ئەمانەوە جۆرە فەرمانگەیەکی ئاماری هاوکۆیە یارمەتی فیدراسیۆن و کۆمیونەکان دەدات بۆ کۆک کردنی بەرهەمیان.

بەم جۆرە سەندیکالیزم دەکاتەوە ئەوەی سەندیکا لە سازمانی هاوبەرژەوەند و خەباتەوە بگۆڕدرێ بە ئۆرگانی کارگێڕ. بەم مۆدێلی حوکومڕانییە دەگوترێ هاوئەرکەتی Corporatism. وێنەیەکی سەرنج ڕاکێشی هاوئەرکەتی لە ئینگلاند لە سالآنی پێش شەڕی جیهانیی یەکەمدا فراژووت. لاوێنەی سەندیکالیزمی بریتانی

ناونرا سۆسیالیزمی پۆلێر Guild Socialism. ئەمیان پتر بزاڤێکی ڕیفۆرمیستانە بوو. G.D.H. Cole (مردەی ساڵی 1959) ی ئابووریناس تیۆریستێکی هەرە لەپێشی بزاڤەکە بوو. شابیرۆکەی ئەم بزاڤە دەیویست سیستەمی پەرلەمانەتی بگۆردرێ بە «نوێنەرایەتیی کارکردەکی» Functional Representation و بەرژەوەندە هەمەجۆرەکانی تاکەکەس لە جڤاتدا. تاکەکەس چەند نۆرە و بەرژەوەندی لە جڤاتدا هەیە دەبا ئەوەندەش نوێنەری هەبێ. تاکەکەسان بۆ نموونە لە یەک کاتدا هەم بەرهەمێهێن و هەم بەرهەمبەرن هەردوو نۆرەکەش چەند بەرژەوەندێکی دیکەیان لێ دەبێتەوە، کە هەر یەکەیان دەبێ نوێنەرایەتیی خۆی هەبێ. Cole ئەم سیستەمەی ناو نابوو «نوێنەرایەتیی کارکردەکی».

سیستەمی خۆفرمانەتیی یوگۆسلاڤیی زەمانی تیتۆ هەوڵی دا دیمۆکراتیی کۆمپانیا لەگەڵ ئۆرگانی دیکەی خۆفەرماندا تێهەڵکێش بکات بە ڕێنموونی دابەشینی کارکردانەی سۆسیالیزمی پۆلێر.

سازمانی ئابووری

لە ئەنارکیزم و سەندیکالیزمدا سازمانی ئابووری و سیاسی جودا ناکرێنەوە. سازمانی ئابووریی داهاتوو هەر خۆیەتی دەبێتە شێوازی حوکومڕانیی سیاسی. خۆفەرمانیی ئەنارکیستانە ڕێک لە گرووپانی بەرهەم هێناندا پیادە دەکرێ. ئامانجی Proudhon ئەوە بوو دەسەڵاتی دەوڵەتی بگۆڕێت بە یەک گرتنی ئازاد، ئەمانیشی ناونابوو فیدراسیۆن. لە بری یەک سازمانی دەوڵەتی، سازمانی ئازادی جڤاتی پێکهاتوو لە گرووپانی سروشتەکی، دانا. گرووپی سروشتەکیی هەرە لە پێشیش یەک گرتنی بەرهەم هێنانە هەم لە نێو پیشەسازی و هەم لە نێو کشتوکاڵدا. ئەمانەن بەردی بناخەی ساختمانی جڤاکیی فیدرالیستانە. لە نێو خۆیاندا پەیمان دەربارەی بەرهەم هێنان و کاڵا گۆڕینەوە دەبەستن و بەوەش ڕکابەریی نێوانیان دەکوژێتەوە.

جیاوازیی نێوان ئەنارکیزمی زوو لەگەڵ ئەنارکۆسەندیکالیزم لەوەدا بوو ئەمەی دووەمیان سازمانگەلی سەندیکای بە هەناوی جڤاتی ئایەندە دادەنا. ئەمانە دەبایە

بەرهەم هێنان ڕێک بخەن و ببەن بەڕێوە و ببنە چێوەی پەیمانبەستنی بەرهەم هێنان و ئاڵوگۆڕیی نێوانیان.

خاڵێکی ناکۆک لەوەدا بوو ئایا مزەی کار بەپێی کردەیی بێت، وەک Proudhon داوای دەکرد، یان بە پێی پێداویستی بێت لە شێوەی پێکهاتنی نێو جڤاتدا. لەوە دەچێ ئەم پرنسیپە کۆمیونیستانەیەی دووەم، لە سایەی کرۆپۆتکینەوە ڕەواجی پەیدا کردبێ.

ئوتوپیا

ئەنارکیزم و سەندیکالیزم لە هەموو ئایدیۆلۆژییەکی دیکە بەهێزتر جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی خەڵک خۆی لە شۆڕشدا جڤاتی ئایەندە بونیات دەنێن. لەبەر ئەوەشە ناشێ پێشبینی لە چۆنیەتیی ئەو جڤاتە نوێیە بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئادگاری سەرەکیی ئوتوپیای ئەنارکیستانە هەر زوو لە لایەن Proudhon ـەوە دارێژران. لە یەکگرتنی ئازاددا هەم دیمۆکراتیی ڕاستەوخۆ دەچەسپێ و هەم ڕێگەی کێشانەوەی دەمودەستی هەموو دەسەڵاتێکی سپاردە Delegate ئاواڵەیە.

«لە بری قانوون ئێمە پەیمان بەستن دادەنێین. هیچ قانوونێک نامێنێ زۆرینە دەنگی بۆ دابێ، با سەرلەبەری دەنگیشی هێنابێ. هەموو وەڵاتییەک، هەموو شارێک، هەموو یەکگرتنێکی پیشەسازانە قانوونی خۆی دادەڕێژێ».

فیدرالیزمی Proudhon سنووری میللەت دەبڕێ. هەڵوەشانی دەوڵەتی میللی و جێگرتنی لەلایەن فیدراسیۆنی پیشەسازییەوە دوا ئامانجە. لەم فیدراسیۆنەدا هەموو گرووپ و کەمینەیەک ئۆتۆنۆمیی تەواوی خۆی دەپارێزێ. لە سەندیکالیزمدا، بە هەمان شێوە بیر لە دروست کردنی فیدراسیۆنێکی دونیاپۆش دەکرایەوە، سەندیکاکان بگرێتە خۆ.

# 8- فاشیزم و نازیزم

گرتنی دەسەڵات لە لایەن فاشیزم و سۆسیالیزمی میللییەوە، پاش شەڕی جیهانیی دووەم، بووە بەهێزترین بەڵگەی سەختانگی دیمۆکراتی. ئەم بزاڤە نوێیانە دەوڵەتی دیمۆکراتی ئەو سەردەمەیان ڕماند و «دیکتاتۆریی میللی» یان دامەزراند. ئەمانە نوێنەری ئایدیۆلۆژییەکی پەڕگیری ناسیۆنالیستانە بوون و بە باوەڕ دژەدیمۆکرات، دژەسۆسیالیست، دژەکۆمیونیست و دژەلیبەڕال بوون.

فاشیزمی ئیتالی پێشەنگ بوو. پاش چەندین ساڵ پەلاماردنی چەکدارانەی دژ بە سۆسیالیست و کۆمیونیستان، ساڵی 1922، بە ڕێبەرایەتی بەنیتۆ موسولینی Benito Mussolini دەسەڵاتیان گرتە دەست. پاش چەند ساڵێک دەسەڵاتی تاکپارتایەتی دامەزرێنرا. پارتی نازیستان ساڵی 1933 بە هاوپەیمانیی پارتیگەلی ناسیۆنالیستی سالارپەرست هاتە سەر حوکم. پاش سووتانی کۆشکی پەرلەمان ساڵی 1934، پارتی نازی دەسەڵاتی ڕەهای لە پەرلەمان وەرگرت، پارتە بۆرژوازییەکانی ناچار کرد خۆیان هەڵوەشێننەوە، پارتی کۆمیونیست و سۆسیال دیمۆکراتی قەدەغە کرد و بە قانوونێکی تایبەت دامەزراندنی پارتی نوێ قەدەغە کرا.

پارتییە نازیست و فاشیستەکان بە هێزی دەرەکی نەبایە نەدەخران. لە شەڕی جیهانیی دووەمدا شکان و کەوتن. کاتێک هاوپەیمانان ئیتالیایان داگیر کرد، موسولینی ساڵی 1943 لە باکووری ئیتالیا، کۆمارێکی فاشیستانەی ڕادیکاڵتری دامەزراند. ئەمیان تەنها ساڵێکی خایاند و موسولینیش بە دەستی پارتیزانانی ئیتالیا کوژرا. نازیستەکانی ئەڵمانیا پێیان وا بوو دەوڵەتی هەزارساڵەیان دامەزراندووە بەڵام یازدە ساڵی پتر نەخایاند، مای (مایس) ی 1945 کۆتا بوو.

پاش شەڕ، پارتی نازیستانە و فاشیستانەی ئەڵمانیا و ئیتالیا قەدەغە کران. بەڵام بزاڤی نازیستانە و فاشیستانە لەو دوو وەڵاتە و لە وەڵاتانی دیکەش سەریان هەڵدا.

لە هەموان سەرکەوتووتر نوێفاشیستانی ئیتالیا بوون[46]. ئەم پارتە خۆی ناو نا «بزاڤی جڤاکیی ئیتالی MSI». لە ساڵی 1994 ەوە خۆی ناو ناوە «هاوپەیمانیی میللی». لە چەند هەڵبژاردنێکی سەردەمی پاش شەڕدا هەتا 8% دەنگیان هێناوە و لە

46 بڕوانە Piero Ignazi، بەشی: The changing profile of the Italian social movement لە بەرگی Encounters with the Contemporary Radical Right. Boulder & Oxford 1993.

هەڵبژاردنی 1994 زیاتریشیان هێنا و نێزیکەی سەد هەزار ئەندامی هەبوو. زەحمەتە ئەم پارتە بە پارتێکی فاشیست دابنێین. ڕێبەری هاوپەیمانیی میللی خۆی پارتەکە بە «پۆست - فاشیستانە» دادەنێ.

دامەزرێنەرانی ئەم پارتە، لە کۆمارە فاشیستانەکەی باکووری ئیتالیادا، هاوکاری موسولینی بوون. لەبەر ئەو قەدەغەیەی لەسەریانە ناچارن خۆیان بە پارتێکی دیمۆکرات ڕانوێنن.

فراژووتنی ئایدیۆلۆژیی ئەم پارتە ناکۆک بووە. لە 1970 کاندا باڵێکی بەهێزی فاشیستانەی چەپڕەو هەبوو. ئەمیان خۆی بە دژەسەرمایەدارانە، دژ بە «دەسەڵاتی پارەکاری»، دژ بە جڤاتی بەرهەمبەر و دژ بە «یەکسانیی درۆزنانە» دادەنا. بە توندی دژە ئەمەریکا بوون و لایەنگیرییان لە فەلەستینی و جیهانی سێیەم دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا ئایدیۆلۆژیی سەردەست ڕێبازێکی دیکەی هەبوو. بزاڤەکە هەر لە سەرەتاوە نوێنەرایەتیی ناسیۆنالیزمێکی سالارپەرستی دەکرد. هەتا گەییشتە ئەم ڕۆژگارە پارتەکە بووە پارتێکی ڕاستڕەو و خۆی بە پەیڕەوی Gaullism دادەنێ [واتە پەیڕەوانی سەرۆک دی گۆل Charles de Gaulle]. کەواتە خۆی بە دیمۆکرات دادەنێ. داوای ڕێبەرایەتییەکی بەهێزی دەوڵەتی دەکات کە سیاسەتێکی جڤاکی و سیاسەتێکی مەزنایەتیی میللی و خۆجەختاندن Self-Assertion بگرێتە بەر.

لە سکاندیناڤیا نازیزم و فاشیزم هەرگیز نەبوونە بزاڤێکی بەهێز. لە فینلاند بزاڤی Lappo ی دژەکۆمیونیستانە لە 1930 یەکاندا ئادگاری فاشیستانەی تێدا فراژووت و تەنانەت هەوڵێکی لاوازی کودەتایشی دا. لە نۆرویژ پارتێکی نازیستانە بە ناوی «ئەنجومەنی میللی» Nasjonal Samling بە ڕێبەرایەتی Vidkun Quisling پەیدا بوو. لە ساڵانی شەڕدا لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکەری ئەڵمانییەوە کویسلینگ کرا بە ڕێبەر («Fører»)ی وەڵات. لە سوێد گرووپە نازیست و فاشیستەکان هەرگیز نەیان توانی لە پارتێکدا خۆیان بگرنەوە. هەرگیز پتر لە 1% دەنگیان لە هەڵبژاردنی گشتیدا نەهێناوە. لە ساڵانی پاش شەڕ، «بزاڤی نوێ سوێدی» Nysvenska rörelsen ی هەم بە ئەژمار و هەم بە سیاسەت بێسەنگ، خۆی کردبووە نوێنەری هاوئەرکەتیی فاشیزم. ئەو گرووپانە دژەبیانین و بە زمانی ڕۆژانە

پێیان دەگوترێ «نوێنازیزم» بە گوێرەی تۆژینەوەی بەردەست، ڕامانی ئایدیۆلۆژییان ئەوەندە تەماوییە ئەو ناوەیان لێ ڕەوا نایەت.

لەم بەشەدا ئەو شێوە ئایدیۆلۆژییە دەوڵەتییە فاشیستانە و نازیستانەیە دەخرێتە بەر باس کە سەرۆک پارتەکان خۆیان دایانڕشتوون. شابەرهەمی ئایدیۆلۆژیی نازیزم «خەباتی من» *Mein Kampf* ی ئادۆلف هیتلەر Adolf Hitler ـە[47]. هیتلەر ئەم کتێبەی ساڵی 1925، پاش کودەتایەکی نەزۆک، لە زینداندا نووسی. فاشیزمی ئیتالیا ماوەیەکی درێژخایەن بێبەش بوو لە دۆکیومێنتێکی فەرمیی ئایدیۆلۆژیانە. لە ساڵانی 1930 دا ئەوجا هەوڵ درا باوەڕی ناکۆکی فاشیزم لە سیستەمێکدا کۆ بکرێنەوە. موسولینی پەنای بردە بەر جیوڤاننی Giovanni Gentile ی فەیلەسووف. بە هاوکاری جیوڤاننی، موسولینی ساڵی 1932 نامیلکەی «باوەڕی فاشیزم» ی نووسیەوە.

شانرخاندن

فاشیست [ی ئیتالیا] و سۆسیالیستانی میللی [ی ئەڵمانیا]، هەردوو داخوازی دەسەڵاتی ڕەها بوون بەڵام داخوازییەکەیان لەسەر بنەمای جودا هەڵنرا بوون. فاشیستان خۆیان بە نوێنەری ئەو ویستە دەزانی کە لە دەوڵەتدا هەیە ڕووەو مەزنایەتی پەلهاویشتن. نازیستان خۆیان کردبووە نوێنەری هەوڵدانی ڕەگەزی باڵا بۆ دەوڵەتی باڵا و بۆ ویستی نێو گەلی ئەڵمانی ڕووەو بەرجەستاندنی ڕەگەزی باڵا. لە هەردوو باردا چەمکی دەوڵەت، ڕەگەز و گەل بە چەمکی مێژووکردی زیندە و کردەی خاوەن ویست خۆ ڕادەنوێنران. پارتەکانیش خۆیان بە نوێنەر و تەرجومانی ئەم ویستە بەرزە دەزانی. باوەڕیش لە هەردوو باردا پەیوەستێکی یەکجار توندی هەبوو بە «داروینیزمی جڤاکی» Social Darwinism یەوە، کە دەیگوت مان تەنها بۆ ئەوانەیە هەرە بەهێز و هەرە بێپەروان.

---

[47] دوا تەرجەمەی *Mein Kampf* بە سوێدی ساڵی 1993 بڵاوکرایەوە.

به بۆچوونی Alfredo Rocco ی بیریاری فاشیست، دەوڵەت ئۆرگانیزمێکی کۆگەرایە، بەرانبەر دەوڵەتانی دیکە، لە خەباتێکی بێبەزەییانەدایە بۆ مانی خۆی. هەڵبژاردنی سروشتەکی دەوڵەتی هەرە باشی، ئەوەی پتر شایەنی ژیانە، لە بێژنگ داوە. ئەوا جیهان چووەتە سەردەمی ئیمپێریالیستانەوە: «پێشبڕکێی ئاواڵەی نێوان دەسەڵاتی ئیمپێریالیستانە بووەتە قانوونێکی پۆڵایین و هەر میللەتێک مەبەستی بێ بژی، نابێ پشتگوێی بخات... ئەم ڕاستییە بنەڕەتییە تاکە پێوانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو نرخاندنێکی سیاسی».

بە دیدی هیتلەر مێژوو ململانێیە لە نێوان ڕەگەزی جیاوازدا. لە ئەنجامی ئەم ململانێیەدا ئارییەکان (پاشان چەمکی «ڕەگەزی باکووری» Nordic race بەکار هێنرا) پێشانیان داوە کە لە هەموان باڵاترن لە بواری فەرهەنگسازی و سەر فروو هێنان بە گەلانی دیکە. هەموو ڕووداوەکانی مێژووی جیهان تەنها دەربڕینە، چ بە چاک چ بە خەراپ، لە غەریزەی خۆپارێزی ڕەگەز. نەمانی فەرهەنگ و مەزنەدەوڵەتی بەر لە مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵبوونی ڕەگەزی ئاری و گەلانی ملکەچ. «دەوڵەتێک لە سەردەمی ژەهراندنی ڕەگەزدا خۆی خەریک بکات بە پاراستنی ڕیشاڵە هەرە باشەکانی ڕەگەزەکەی خۆی ڕۆژێک دێت ببێتە گەورەی هەر هەموو جیهان».

هەردوو ڕێبازەکە خۆیان بە بزاڤی ویست و تەک Action دادەنا. هەست و ژان خرانە پێش بیرکاری و تیۆرییەوە. ویستی سیاسی بە کردەوە دەردەبڕا نەک بە گوتە و بیرکردنەوەی ئەبستراکت. پێوانەی «ڕاستی» بووە پێشکەوتن و هێزی هەست نەک زانینی ئەزموونەکی.

پاشخانی ئەم دژەبیرکارەتی Anti-Intellectualism یەی نازیزم و فاشیزم دەگەڕێتەوە بۆ تۆژینەوەکانی دەروونناسی دەربارەی ئاستی «ئاگای ون» Subconscious لە ژیانی گیانەکی ئادەمیزاددا، واتە دەربارەی سەنگی هەست و غەریزە بەرانبەر بیر کردنەوەی هۆشەکی. بەشێکی دیکەی ئەو پاشخانە بریتی بوو لە چەند تیۆریی فەلسەفیی کردەوە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا هەبوون (Bergson و d' Annunzio). یەکێک لەوانەی فاشیستەکان زۆر پەنای بۆ دەبەن جڤاتناسی فرانسی Sorel Georgson (مردەی ساڵی 1922) بوو، کە ماوەیەک

خۆی بە سەندیکالیست دەناساند. لە «ڕامانێک لە دژی» Réflection sur la violence (1908) دا سۆرێل بە بەرەنگاربوونەوەی سیاسی و درێدا هەڵدەدا، ئەمانە «چرکەی نایاب» ی وەها دروست دەکەن مرۆڤ دەگۆڕن. شابیر لای سۆرێل تیۆرییەکی خۆیەتی دەڵێ لە گۆڕانکاریی جڤاکیدا ئەفسانەی جڤاکی هێزی بزوێنەریان هەیە. سۆرێل بەو بۆچوونانەی گرووپی جڤاکییان ڕووەو کردەوەی سیاسی دەورووژاند، دەگوت «ئەفسانە«. بەهای ئەفسانەکان لە ناوەڕۆکیاندا نەبوو بەڵکوو لەو کردەوانەدا بوو کە زادەی ئەو ئەفسانانەن – ڕاستی و ناڕاستییان گرنگ نییە، دەرئەنجامیان مەبەستە.

مرۆڤنۆڕی

«فاشیزم خەباتی دژ بە کۆبیری دیمۆکراتانە دەکات. هەم گریمانە تیۆرییەکانی ڕەت دەکاتەوە و هەم ڕاستاندنە کردەکییەکانی. فاشیزم ئەوە ڕەت دەکاتەوە زۆرینە، تەنها لەبەر ئەوەی زۆرینەیە، بۆی هەبێ ببێتە فەرمانڕەوای جڤاتی مرۆڤایەتی. ئەوە ڕەت دەکاتەوە زۆرینە لە ڕێی ئەوەی ماوەماوە پرسی پێ بکرێ حوکومڕانی بکات. فاشیزم دەیسەلمێنێ کە جوداوازیی بەپیت و خێرخواز و ناچارەکی هەیە لە نێو خەڵکدا هەرگیز بە پرۆسەیەکی میکانیکانەی وەک مافی گشتیی دەنگ دان، دارماڵ ناکرێ».

ئەم ڕاگواستەیە لە ڕانواندنەکەی «باوەڕی فاشیزم» (1936) – ی موسولینی و Gentile وەرگیراوە. ئادۆلف هیتلەریش باوەڕی سەرتەلایەتیی وەهای هەبوو. لە سیاسەتدا، هەر وەک لە بازرگانی و زانست و هونەردا، دەبێ «مێشکە هەرە باشەکان» بێنە پێشەوە. ئەمانەش بە بڕیاری زۆرینە ناودێر ناکرێن. «بلیمەتیی نایاب هیچ سەنگێک بۆ مرۆڤایەتیی ئاسایی دانانێ». دەبا پرنسیپی کەسایەتی، واتە پرنسیپی ڕێبەرایەتی، لە سەرلەبەری جڤاتدا ڕاستێنرێ: «هەموو ڕێبەرێک دەبێ ڕووەو ژێر دەسەڵاتدار و ڕووەو ژوور بەرپرسیار بێ».

فاشیستەکان بۆ پاس دانی تیۆریی سەرتەڵایەتیی خۆیان پەنایان دەبردە بەر چەند گەورەناوێکی ئەو دەمەی جڤاتناسی، وەک:Vilfredo Pareto و Robert Michels. پەرێتۆ (مردەی ساڵی 1923) ناوداریکی بواری ئابووریی بوو، جگە لەوەش سەرگەرمی ئەوە بوو چۆن سەرتەڵی جودا لە مێژوودا جێی یەکتریان گرتۆتەوە. بەکورتی تیۆریکەی ئەم دەربارەی خولی سەرتەڵایەتی دەیگوت هەموو جۆرەکانی جڤات لەلایەن سەرتەڵی ئاشکرا و شاراوەوە دەبرێن بەرێوە. ئەمە تەنانەت دەوڵەتی دیمۆکراتیش دەگرێتەوە. «لە ڕاستیدا مافی گشتیی دەنگ دان هەبێ یان نەبێ، هەر ئۆلیگارکی Oligarchy حوکومڕانە و شایانەی ئەوەیە ببێتە دەربڕین لە «ویستی گەل» کە کەمینەیەک ئاواتەخوازیەتی» Robert Michels (مردەی ساڵی 1936) جڤاتناسێکی سۆسیالیستی چەپڕەو بوو، لە سەندیکا و پارتی سۆسیال دیمۆکراتی ئەڵمانیای دەکۆڵییەوە. ئەم بە دەستووری «ئۆلیگارکیی پۆڵایین» ناوی دەرکرد، مەبەستیش لێی ئەوەیە هەموو سازمانێک، تەنانەت هەرە دیمۆکراتەکانیش، لە ڕێی چەندین میکانیزمی چەسپیوی سازمانەکی دەچێتەوە بۆ ئەوەی سەرتەڵ فەرمانڕەوایی بکات. ڕاگواستەیەکی ناوداری Michels هەیە دەڵێ «سازمان دەکاتەوە ئۆلیگارکی». هەم Pareto و هەم Michels هاوسۆزییان بەرانبەر فاشیزم پێشان دا.

گرنگترین یەکەی جڤات

وەک باسمان کرد دەوڵەت، میللەت (نەتەوە)، گەل و ڕەگەز یەکەی سەرەکی بوون لە باوەڕی فاشیستانە و نازیستانەدا. چین و سازمانی هاوبەرژەوەند، گرووپ و تاک هەر هەموو دەبێ سەر فرووی دەوڵەت و یەکیەتیی میللی بن و شیرازەی بسەلمێنن. ئامانجیش ئەوەیە هەموو دەستەکان لە یەک یەکەدا کۆ بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەرانبەر میللەتی دیکەدا ئەوپەڕی هێزی فراژووتنی پەیدا بێ.

فاشیستەکانی ئیتالیاش بوون چەمکی «دەوڵەتی گشتگیر - تۆتالیتار Totalitarian» یان دروست کرد، مەبەستیش دەوڵەتێک بوو کۆنترۆڵی تەواوی هەبێ بەسەر گشت لایەنەکانی جڤاتدا. لە «باوەڕی فاشیزم» ـدا هاتووە: «لە دەرەوەی دەوڵەت، نە تاکەکەس نە گرووپ (پارتی سیاسی، سەندیکا، چین) بوونیان نییە». پەیوەندیی تاکەکەس بە دەوڵەتەوە وەها باس دەکرێ:

«له دەوڵەتی فاشیستانەدا تاکەکەس سەرشکێن ناکرێ بگرە چەندپات دەکرێتەوە، چۆن سەرباز لە تیپدا داناهێزرێ بەڵکوو لە ڕێی ژمارەی هەڤاڵەکانییەوە گەورەتر دەبێ. دەوڵەتی فاشیستانە میللەت ڕێک دەخات بەڵام مەودایەکی هەمواریش بۆ تاکەکەس جێ دەهێڵێ. ئازادیی ناپێویست و زیانبەخش سنووربەست دەکات و گرنگەکان دەپارێزێ. بڕیاری ئەم دۆزانە لای دەوڵەتە نەک لای تاکەکەس».

باوەڕی ڕەگەز لای نازیزم ئاماژە بۆ ڕەگەزی باڵادەست Superior و ڕەگەزی فرووەدەست Inferior دەکات. ئاشکرایە جوو لای نازیستەکان بە یەکەم «ڕەگەز»ی نەیار دادەنران. لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە دەگوترا جوو کۆنترۆڵی هەردوو سیستەمی جڤاکی دەکەن کە نازیست دژی بوون: هەم کۆمیونیزم و هەم دێمۆکراتیی ڕۆژاوا. سیستەمە دێمۆکراتەکان بە دیدی نازیستەکان بریتی بوون لە پلوتۆکراتی Plutocracy (زەنگینسالاری)، کە لە ڕاستیدا لەلایەن پارەکارانی مەزنەوە، واتا جوو، دەبران بەڕێوە. لە *Mein Kampf* دا پێشەکییەک هەیە بۆ ئەو پلانانەی پاشان لە شەڕی جیهانیی دووەمدا لە ئۆردوگاکانی بنەبڕیدا دژ بە گەلی جوو پیادە کران. هیتلەر لەوێدا ئەو بیرۆکەیەی ڕەپێش خستووە کە دەڵێ ئەگەر «ئەو گازە ژەهرینەی لە بەرەی شەڕدا کرا بەسەر سەدان هەزار کرێکاری هەرە باشی ئەڵمانیی خۆماندا، کرابایە بەسەر دوازدە - پازدە هەزار عیبریی مرۆڤشێوێندا» دەکرا لە شەڕی جیهانیی یەکەمدا ڕێگە لە شکانی ئەڵمانیا بگیرێ.

## مێتودی گۆڕینی جڤات

لە دەراوی دیدی داروینایەتیی جڤاکییەوە سیاسەت بووە پەلەیەکی بێبەزەییانەی ژیان کە هەرە بەهێز تێیدا سەرکەوتووە. ئەوەی بڕیاردەر بێ لەم ململانێیەدا درێی سیاسییە. لە ململانێی نێو دەوڵەتان شەڕ بڕیاردەرە. بە بۆچوونی نازیستەکان ڕێبەری باڵاش ئەو کەسەیە لە ململانێی هێزدا سەردەکەوێت و جێی خۆی دەگرێ. درێی سیاسی و شەڕ بە باڵاترین و ڕێزبەخشترین کردەوەی سیاسی دادەنران. موسولینی لە ڕاڤە دانی «باوەڕی فاشیزم» ـدا دەنووسێ: «تەنها شەڕ سەرلەبەری وزەی مرۆڤایەتی ڕووەو بەرزترین گرژی هەڵدەکشێنێ و نیشانەی بەگزادانە دەداتە ئەو گەلانەی دەوێرن بەرەنگاری ببنەوە».

هەر دوو بزاڤەکە شۆڕشگێڕ بوون، مێتودی ڕیفۆرمیستانە و پەرلەمانەتییانەیان تەواو دەدزاند و بە سیستەمی سیاسیی بێهێز و لاوازییان دادەنان. هیتلەر لە *Mein Kampf* دا دەنووسێ، بەشداربوونی نازیستان لە دامودەزگەی پەرلەمانەتیدا تەنها هەنگاوێکە بۆ «هەڵوەشاندن و ڕماندنی ئەو بنگەیەی دەبێ بە گەورەترین دەردەنیشانە Symptom ی دارِزانی مرۆڤایەتی دابنرێ». ڕاستە هەر دوو بزاڤەکە لە ڕێی پەرلەمانەوە هاتنە سەر حوکم، بەڵام بە دەستاوێژی پەستانی پەرلەمانبەدەر، بە هاوکاریی چەکدارانی پارتی خۆیان. هەر زووش کە پارتەکانیان جێی خۆیان لە دەسەڵاتدا گرت هەم ئیتالیا و هەم ئەڵمانیا کرانە دەوڵەتی تاکپارتی.

## شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

شێوازی حوکومڕانیی لە هەردوو وەڵاتدا بریتی بوو لە دیکتاتۆریی پارتی سەرتەڵ و دەستەڵاتیش تەواو لە دەست ڕێبەردا چڕ کرابۆوە، ڕێبەریش بە کەس پەرستن Personality cult یکی خەست دەورەی درابوو. ناونیشانی موسولینی وەک سەرۆکی پارتی و حکوومەت Il Duce «ڕێبەر» بوو (لەگەڵ ئەوەشدا سەرۆکی دەوڵەت نەبوو چونکە ئیتالیا پاش شۆڕشی فاشیستانەش پاشایەتی هەر هێشتەوە). ناونیشانی هیتلەر، Der Führer، لە بنەڕەتدا دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی سەرۆکی پارتی بوو. کاتێکیش پایەی سەرۆک وەڵات لابرا Führer بووە سەرۆک دەوڵەت. نیشانەی دەسەڵاتی ڕەهای هیتلەر ئەوە بوو هەموو گوتەیەکی ڕێبەر، بەپێی قانوونی دەوڵەتیی سەردەمی نازیستەکان، هێزی قانوونی هەبوو.

پاش ئەوەی سیستەمی تاکپارتایەتی دامەزرا پارت و دەزگەی دەوڵەت ئاوێتەی یەکدی کران چونکە بە کردەوە کارمەندانی دەوڵەت ناچار کران ببنە ئەندامی حیزب. کاتێک ژمارەی ئەندامانی حیزب زۆر زیادی کرد، خەسڵەتی ئایدیۆلۆژیی حیزبی سەرتەڵ تێیدا کەوتە بەر هەڕەشە. لە پارتی نازیستی ئەڵمانیادا NSDAP سازمانی ململانێی SS نۆرەی «سەرتەڵی نێوەکی» دەبینی. بەڕێوەبەرایەتیی «ئۆردوگاکانی کۆکردنەوە» ش هەر بەوان سپێردرا، لەم ئۆردوگایانەدا، دوژمنانی ڕژێم (لە ساڵانی 1930 دا) دەرس دەدران و پاشان (لە ساڵانی شەردا) تاکبڕ کران. گێستاپۆ Gestapo ی پۆلیسی سیاسیی چوستیش هەر لە ژێر کۆنترۆڵی SS دا بوو.

بۆ پاراستنی ڕژێم جگە لە تیرۆری دژ بە بەرهەڵستان، پڕوپاگەندەی چڕ و چوست، لە ڕێی بەکارهێنانی تەکنیکی مۆدێرنی دەروونناسیی ئاپۆرە و ڕیکلامەوە، خرانە کار. فێرکاری، تۆژینەوە، فەرهەنگ و ئاگاداری Information لە ڕێی سیاسیەتێکی پێی دەگوترا «هاوڕێبازی» یەوە کۆنترۆڵ دەکران. ئامانجیش ئەوە بوو سەرلەبەری خەڵک سیاسەتی ڕژێم بسەلمێنن. هەڵبژاردن و گەلپرسی بە مەبەستی پێشاندانی هاودەنگیی میللەت و پارتی دەخرانە کار.

سازمانی ئابووری

هاوئەرکەتی (کۆرپۆراتیزم Corporatism)، لای فاشیزم و نازیزم، بیرۆکەی ئابووری – جڤاکیی هەرە لەپێش بوو. هاوئەرکەتی ئیلهامی لە سەندیکالیزمی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەردەگرت. ئەمیان دەیویست فەرمانڕەوایی و نوێنەرایەتیی سەرلەبەری جڤات لە سەر بنەمای سەندیکا و سازمانی هاوپیشە و سازمانی هاوبەرژەوەند بونیات بنێ. وێنەی ئەم تیۆرییە لای فاشیزم بووە ئەوەی خاوەن کار و کرێکار لە یەک سازماندا کۆببنەوە و سازمانەکە ببێتە دەستاوێژێک بۆ سڕینەوەی خەباتی چینایەتی ڕووەو بەرژەوەندی میلیی هاوکۆ. ئەم پلانە هەرگیز تاسەر نەخرایە گەڕ. سازمانگەلی خاوەن کار و کرێکاران تەنها لە سەر ئاستی هەرە بەرز، لە ڕێبەرایەتیی میللیدا، یەکیان دەگرتەوە. بەڵام لە ئەڵمانیا ئەم تێهەڵکێشانە لە ڕێی «بەرەی کار» ەوە جێبەجێ کرا. ڕۆژی یەکی مای – یش ناونرا «ڕۆژی میلیی کار» و کرا بە جەژنی فەرمی. لە هەردوو وەڵاتدا، مان گرتن و کارخانە بەستن Lockout قەدەغە بوون. هاوئەرکەتی لە کردەوەدا بووە ئامرازێک هەم بۆ لەناو بردنی سازمانگەلی سەندیکای سەربەخۆ و هەم بۆ ئەوەی بازاڕی ئەهلی بخرێتە ژێر ڕکێفی ئابووریی میللییەوە.

باوەڕی «کایەی ژیان» تیۆرییەک بوو دەیگوت گەل بۆ فراژووتنی خۆی پێویستی بە ناوچەیەکی جیوگرافیی دیاریکراو هەیە. ئەم تیۆرییە لایەکی ڕیشەی دەگەڕایەوە بۆ دەوڵەتناسیی سوێد. Rudolf Kjellén ی پرۆفیسۆریی زانستگەی شاری ئوپسالا لە ڕامانی «جیوپۆلیتیک» ـەوە ئەم تیۆرییەی هەڵنا. لامەبەستێکی ئەم تیۆرییە ئەوە بوو پێویستیی گەلی ڕووس بۆ پەلهاویشتن ڕووەو ڕۆژاوا ڕاڤە بکات. لە وێنەی نازیستانەدا

جیۆپۆلیتیک بووە ئامرازێک بۆ پەلهاویشتنی ئەڵمانیا بە مەبەستی زاڵ بوون بەسەر کایەی سروشتەکیی ژیانی خۆی کە پتر دەیکردەوە ئەورووپای ڕۆژهەڵات.

ئامانجێکی دیکەی ئابووری، گەیشتن بوو بە پلەی خۆتەیاری [ئۆتارکی Autarky] Self-Sufficiency. ئۆتارکی، لە هەموو بوارێکی گرنگدا و بەوەش لە ئاست وەڵاتانی دیکەدا سەربەخۆ بێ. لە پرۆگرامی نازیستانەی 1920 دا هاتووە: «زەوی و زار (کۆلۆنی) بۆ گوزەرانی گەلەکەمان و نیشتەجێبوونی گەلەکەمان». ئەم پرۆگرامە مۆرکی جۆرە ڕادیکالیزمێکی جڤاکی پێوە بوو، بەتایبەتی ڕووی لە خاوەن کۆمپانیای بچووک و جووتیار و دەستەی دیکە بوو، ئەمانەی خۆیان بە بەرهەرەشەی کۆمپانیای مەزن دەزانی. ئەمەش چەند خاڵێکی دیکەی ئەو پرۆگرامەیە:

ئەرکی یەکەمی هەموو وەڵاتییەک ئەوەیە کاری گیانی یان لەشی بکات. چالاکیی تاکەکەس نابێت لە ئاست بەرژەوەندی گشتیدا ناکۆک بێ. بەڵکوو دەبێ بکەوێتە چێوەی گشتیەوە و بۆ سوودی هەموان بێ. لە بەر ئەوە داوا دەکەین:

- هەر داهاتێک لە کار و ڕەنجەوە نەهاتبێ، نەمێنێ. کۆیلەتیی فاییز نەمێنێ... هیچ جۆرە شەڕەقازانجێک نەمێنێ.
- کۆمپانیا یەکگرتووەکان، ترەست Trust ـەکان، بدەوڵەتێنرێن (بکرێنە ماڵی دەوڵەت).
- خزمەتگوزاریی تەمەنداران تەواو فرەوان بکرێ.
- میانچینێکی ژێر دروست بکرێ و گوزەرانی دامەزراو بێ. کۆگە مەزنەکان بکرێنە موڵکی کۆمیون و بە مەرجی ئاسان بدرێن بە کرێ بە خاوەن کۆمپانیای بچووک.
- ڕیفۆرمێکی زەویی وەها بسەپێنرێ هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ پێداویستیی میللیمان. قانوونی زەوت کردنی زەوی دابنرێت بۆ ئامانجی سوودی گشتی، فاییزی زەوی نەمێنێ و هەموو جۆرە زرەبازرگانی Speculation یەکی زەوی ڕێ بەست بکرێ.

ئوتوپیا

ئەو دیدەی فاشیزم و نازیزم کە دەیگوت سیاسەت و مێژوو پەلەیەکی بێبەزەییانەی ژیانە وەهای دانابوو ئەو خەباتە هەتاهەتایە هەر بەردەوام دەبێ. بە پێچەوانەی هەر هەموو ئایدیۆلۆژییەکانی دیکە ئەمان بیرۆکەی ئەوەی لە داهاتوودا هاوئاهەنگییەکی جڤاکی پەیدا دەبێ، ڕەت دەکەنەوە. بە بۆچوونی موسولینی و Gentile فاشیزم پێی وا نییە «بەختەوەری» لەسەر زەوی شیاو بێ و «هەموو تیۆرییەکی ئامانجناسی Teleological ی دەڵێ مرۆڤایەتی دەشێ لە سەردەمێکی مێژووکردی تایبەتدا بگاتە دۆخێکی مەندی تەواو»، ڕەت دەکاتەوە.

هەمان بیرۆکە لای ئادۆلف هیتلەریش هەیە. بە پێشبینی هیتلەر کاتێک دەسەڵاتی گەلی مەزن سەرلەبەری جیهان دەگرێتەوە ئەوجا پەلەی ژیان لە دەرەوەی سنووری گۆی زەوی بەردەوام دەبێ:

«فەلسەفەی ژیانی میللی دەربڕینە لە ویستی هەرە ناخەکیی سروشت، لەبەر ئەوەی ئەمیان گەمەی ئازادی ئەو هێزگەلە دادەمەزرێنێتەوە کە دەبێ ڕووی لەوە بێ خەسڵەتە میراتییەکانی چاکتر بکات، هەتا ئەوەی هەرە باشی نێو ئادەمیزاد لە جیهاندا سەردەست دەبێ و مەودای بۆ ئازاد دەبێ چالاکی خۆی بنوێنێ لە بواری وەهادا کە بەشێکی دەکەوێتە ئەم جیهانەوە و بەشێکی دەکەوێتە دەرەوەی جیهان. ئێمە هەموومان هەستێکمان هەیە بەوەی لە ئایەندەیەکی دوورەدەستدا مرۆڤایەتی دووچاری گرفتی وەها دێ تەنها ڕەگەزی هەرە بەرز، پاش ئەوەی بووەتە گەلی مەزن و دەرفەت و توانای سەرلەبەری جیهانی لەدەست دەبێ، لە باریدا دەبێ چارەیان بکات».

# 9- باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانە

کڵێسەی کاتۆلیک سازمانێکی سیاسی نییە لەگەڵ ئەوەشدا هەڵوێستی وی لە دۆزە جڤاکی و سیاسییەکاندا، لە زۆر بەشی ئەم جیهانەدا، سەنگێکی زۆری هەیە. لە 1980 کاندا کڵێسە 785 ملیۆن ئەندامی هەبوو. لە ئەورووپادا وەڵاتی پۆلۆنیا گەشترین نموونەی سەنگی سیاسیی کڵێسەی کاتۆلیکە. لەوێ کڵێسە سەرکەوتووانە سەرخۆبوونی خۆی بەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەتیی کۆمیونیستانە پاراست و بووە هێزی پێشەنگی خەبات دژ بە سیستەمی تاکپارتایەتی. یەکەم پاپای نائیتالیش، لە سەردەمی مۆدێرندا، خەڵکی پۆلۆنیایە. کاردیناڵ Karol Wojtylaساڵی 1978 بە پاپا هەڵبژێردرا و ناونرا Johannes Paulus II.

کڵێسەی کاتۆلیک نەک هەر نێزیکەی دوو هەزار ساڵ تەمەنی هەیە، بگرە لەو ماوەیەشدا بە هەمان پرنسیپ براوە بەڕێوە. پاپا لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە (کۆڕی کاردینال) دێتە هەڵبژاردن و بەوەش دەبێتە گەورەی بێڕکابەری سەرلەبەری سازمانی کڵێسە لە سەرانسەری جیهاندا. لە 1960 ـەکاندا بۆچوونی هەڵەبەدەریی پاپا لە بواری باوەڕدا چەسپێنرا. بەڵام هەڵەبەدەری تەنها بۆ کاتێکە پاپا گوتەبێژی کڵێسە بێ – لە کورسیی پاپایەتییەوە بدوێ.

لە 1960 ـەکاندا سالاریی پاپا بە ئەنجومەن، کە گەورە کۆڕی ئەسقەفگەلی کاتۆلیکە، پڕ کرایەوە. هەتا ئێستا دوو ئەنجومەنی گرنگ گیراوە، ئەنجومەنی یەکەم و دووەمی ڤاتیکان. ئەمانەش، لە بوای باوەڕی سەربە دۆزە جڤاکییەکانی کڵێسە، بە نوێکارییەکی گرنگ دادەنرێن و دەرفەتیان ڕەخساندووە بۆ نێزیکبوونەوە لە کڵێسە مەسیحییەکانی دیکە.

کورسیی پاپا، کە بە فەرمی پێی دەگوترێ کورسیی پیرۆز، لە 120 دەوڵەت دیپلۆماتی خۆی هەیە. باڵوێزی پاپا پێی دەگوترێ Nuncio، کە دەکاتەوە ڕاسپاردە.

لەم دەیان ساڵەی ڕابورد ڕادیکالیزمی سیاسیی دینەکی، وەک بزاڤی ئازادیخوازی خوداناسی ئەمریکای باشوور، بوونە ڕکابەری باوەڕی فەرمیی کڵێسە. ئەمانە توانییان قەشەی ڕادیکاڵ ڕاپێچی خەباتی سەربە بزاڤی پارتیزانی وەها بکەن کە نوێنەری خەڵکی هەژار بوون. خوداناسیی ئازادیخواز، مارکسیزم و کاتۆلیکایەتیی ڕادیکالی کۆ کردبۆوە. ئەمانە پێیان وا بوو خەباتی هەژاران دەگات بە دامەزراندنی جڤاتێکی نوێ ئەویش وەڵاتی خودایە لەسەر زەوی.

لەم بەشەدا لە باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانەی فەرمیی سەدەی بیستەم دەدوێین، بە پلەی یەکەم ئەو شێوەیەی لە نامەی دەوری Circular Letter، پەخشنامەی پاپا Encyclic دا هاتووە دەخرێتە بەرباس. پەخشنامەکانی پاپا بە شاوشەی تێکستە لاتینییە ڕەسەنەکە ناو دەبەین. لە تەک ئەم دۆکیومێنتە فەرمییانەش، تێکستی فەیلەسووفی فرانسیی کاتۆلیک Jacques Maritain (مردەی ساڵی 1973) دەخرێتە بەرباس. ئەم بە توندی بەڵگەی دەهێنایەوە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونەی دەڵێ شێوازی حوکومڕانیی دیمۆکرات تاکە شێوازە کۆک بێ لەگەڵ باوەڕی دەستووری و ڕەوشتی مەسیحیدا، ئەو باوەڕەی لە لایەن Thomas ab Aquino ی ناودارترین بیریاری کڵێسەی کاتۆلیکی ناڤین داڕێژرا. ئەم ڕێبازە فەلسەفییەی Maritain پێی دەگوترێ نوێ تۆماسیزم neo-Thomism.

شانرخاندن

بە دیدی خوداناسەکانی کاتۆلیک باوەڕی جڤاکی پێگەیەکی جودای هەیە لە باوەڕی دینیی ڕەسەن. لەوەی پەیوەندی بە خودی دۆزەکانی باوەڕەوە هەبێ کڵێسەی کاتۆلیک خۆی بە خاوەن ڕاستیی ڕەها و سەرامەد (نەمر) دەزانێ. بەڵام باوەڕی جڤاکی ڕیشەی لە دەستووری سروشتەکیی کاتۆلیکدایە. مەبەست لە دەستووری سروشتەکی ئەوەیە کە هۆشی مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە لەبەر تیشکی هەم باوەڕی کڵێسە و هەم ئەوەی خودا لە ئافراندنەوە لە سروشتی مرۆڤدا چاندوویەتی.
«دەستووری سروشتەکی بەم جۆرە دەکاتەوە ئەنجامی گشت بەهای ئاکارناسی و ئەو پێوەرانەی مرۆڤ بە هۆشی ڕوونی خۆی — نەک لە ڕێی خویابوونی خوداکردەوە - دەگاتە دەرک کردنیان»[48].

بە بۆچوونی ئەو نووسەرە کاتۆلیکانەی لێرەدا لێیان ڕادەگوێزرێ، ئەم خاڵانە چەسپێنراون: زانست و گفتوگۆ مەودایەکی فرەوانتری هەیە، باوەڕی جڤاکیش بە

[48] بڕوانە: E. Bischofberger- M. Zaremba. *Arbete före kapital. Den katolska kyrkans sociallära*. Stockholm, 1985.

گوێرەی زەمان دێتە گۆڕین. باوەڕەکە خۆی پتر ڕووی لە پرنسیپی گشتییە نەک لە ڕاستاندنی کردەکی. بۆ نموونە دان بەوەدا دەهێنرێ کە کڵێسە لە بواری سیاسەتی ئابووریدا ئەو کارامەیە نییە گوتەی سالارانەی هەبێ. لەم بارانەدا دەبێ مرۆڤی کاتۆلیک خاڵە گشتییەکان بکاتە ڕێنمووی کردەوەکانی خۆی.

کەواتە بە ئاشکرا دەستووری سروشتەکی کاتۆلیکانە مەودایەک ئاواڵە دەکات کەسان و گرووپانی جودا ئەو باوەڕە لێک بدەنەوە. دەیسا چ سنوورێک هەیە بۆ ئازادیی لێک دانەوە؟

پاپا یوهاننەس پاولۆسی دووەم سنووری تەواو دیاریکراوی دارشتووە. لە بەیانێکی نوێی 1993 دا، پاپا ڕوونی دەکاتەوە کە باوەڕی کڵێسە هەڕەشەی جیددی لێ دەکرێ، بەتایبەتی لە نێوخۆوە، لەلایەن دیدی نوێی ڕێژەکی Relativistic ـیەوە دەربارەی ماف و ئاکار[49]. بە کورتی مەبەست لەوەیە تاکەکەسان داوا دەکەن هەڵوێستی خۆیان هەبێ لە ئاست دۆزگەلی ئاکارەکییدا. «کەسانێک هەن هەم دەستووری سروشتەکیی نەریتی ڕەت دەکەنەوە و هەم ڕەوایەتیی یەکەمینایەتی هەمکییانەی ئەو دەستوورە». پاپا جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە فەرمانی کڵێسە و دەستووری سروشتەکی دەبێ بچنە خانەی ڕاستییەوە.

شاهێڵەکانی پاپا بە پلەی یەکەم ڕوویان لە دۆزی ئاکارەکییە، بۆ نموونە: مارەبڕین، لەبار بردن و دەستاوێژی مایەنەگیری (ڕێ گرتن لە مایەگیری و دووگیانی). ئەمەش ناکاتەوە گۆڕانکارییەک لە خودی باوەڕی جڤاکیدا. بەڵام بە دیدی پاپا گومانکاری لە ڕاستبوونی پێوەری کڵێسە مەترسیی جیددی پەیدا دەکات بۆ گوزەرانی جڤاکی.

Jacques Maritain ی فەیلەسووف پەنای دەبردە بەر هەم لێکدانەوەی خوداکرد و هەم لێکدانەوەی خۆی لە دەستووری سروشتەکی و مێژووی جیهانی بۆ پشتیوانی شێوازی حوکومڕانیی دێمۆکراتانە. بە دیدی Maritain خودا ئامانجێکی بۆ مێژوو دیاری کردووە و مێژوو «ڕووەو ڕووکارێکی دیاریکراو دەبزوێ». مێژوو، تەنانەت لە دۆزی شێوەگەلی جڤاکیدا، لە ئاستی نزمەوە بەرەو هەورازتر، هەتا دامەزراندنی

---

[49] Veritatis Splendor (تیشکی ڕاستی [حەقیقەت])، ئەم تێکستە لە Catholic International ی 1993 ـەوە تەرجەمەی ئینگلیزی کراوە.

دەوڵەتی خودا، ڕێ دەکات. بەلای ئەمەوە دیمۆکراتی- ئەو شێوازەی حوکمڕانییەی خۆی پێی وابوو لە تەک دەستووری سروشتەکیی کاتۆلیکانەدا کۆکە - دونده (لووتکە) لەو مێژووە جیهانییەی جڵەوی لە دوا پلەدا بە دەست خودایە. لەبەر ئەوەش مەسیحایەتی دەبێ نۆرەیەکی دابڕی لەو پرۆسەیەدا هەبێ. وێڕای ئەوەش Maritain دەیسەلمێنێ کە خەباتگێڕانی پێشڕەوی دیمۆکراتی بەرهەڵستی مەسیحایەتی بوون و دەشی سەلمێنێ کە داروەدەستەی سەنگینی مەسیحایەتی پتر لە سەد ساڵ بە ناوی دینەوە دژ بە دیمۆکراتی کارا بوون. وێڕای هەموو ئەمانەش Maritain دەڵێ هزر و هەوڵدانی دیمۆکراتانە هەردەم ئیلهامیان لە بیرە بنەڕەتییەکانی مەسیحایەتییەوە وەرگرتووە: «کاریگەریی شاراوەی ئینجیلباوەڕانە Evangelical لە مێژوو» سەرچاوەی دیمۆکراتییە.

مرۆڤنۆڕی

دەستووری سروشتەکیی کاتۆلیکانە، ئادەمیزاد بە بوونەوەرێکی جڤاکی و هۆشەکی دەناسێنێ. گوتەی «ئادەمیزاد بوونەوەرێکی جڤاکییە» دەکاتەوە ئەوەی هاوبەندیی جڤاکی شتێکی سروشتەکی و زگماک بێت. کاتێک کاتۆلیک, تاکگەرایی Individualism ی لیبەڕالی سەدەی نۆزدەهەم ڕەت دەکەنەوە پەنا بۆ ئەو بۆچوونە دەبەن. کە گوتراش ئادەمیزاد بوونەوەرێکی هۆشەکییە دەکاتەوە ئەوەی توانای هەیە سەربەخۆ دۆزگەلی جڤاکی و سیاسی هەڵسەنگێنێت. بەڵام بڕوایش بە ژیریی مرۆڤ بێسنوور نییە. ڕاستە مرۆڤ لە «وێنەی خودادا ئافرێنراوە» بەڵام هاوکات مۆرکی تاوانەکەی پێوەیە، ئەو تاوانەی «ژیری مرۆڤ کول دەکات، ویستی دادەهێزێ، هەستەکانی کز دەکات و هەوڵی گیانەکیی تێیدا دەچەپێنێ» (چەپاندن = خەفاندن). مرۆڤنۆڕیی کاتۆلیکانە لەم خاڵەدا بە کۆنەوارەتیی سیاسی دەچێ. ئادەمیزادی شلک پێویستی بە پشتیوانیی سالاری و پێوەری چەسپیوی کڵێسە هەیە.

جگە لەوە دەستووری سروشتەکی بۆ دروستاندنی یەکسانی یان هەر نەبێ هاونرخیی خەڵکیش بەکار دەهێنرا. Jacques Maritain لە 1930 یەکاندا بەو شێوەیە ڕیشەی دیمۆکراتیی دەبردەوە سەر دەستووری سروشتەکی. لە هەموو سەدەی نۆزدەهەمدا کڵێسە لەسەر باوەڕێکی دیکە بوون، دەیگوت خەڵک لە ڕووی توانای جڤاکی و

سیاسییەوە نایەکسانن بەڵام وێڕای ئەوەش هاونرخن. ئەوە سەردەمێک بوو پاپا بە هەموو هێزیان دژ بوون بەرانبەر دەستووری سروشتەکیی سێکولاری ناکاتۆلیکانە، ئەو دەستوورەی بووە بناخەی شۆڕشی ئەمریکی و فرانسی. بێگومان گشت خەڵک لە ڕووی بنەچە، لە ڕووی سروشت و دوائامانجەوە یەکسانن، پاپا Leo XIII دەنووسێ:

«لەبەر ئەوەی بەهرەی هەر هەموومان ناشێ وەک یەک بێت، لەبەر ئەوەی ئەمیان، لەبارەی هێزی گیانەکی و لەشەکییەوە، لەویان ناکات، و لەبەر ئەوەی ئاکار، ویست و سامانی گیانەکی گەورەترین جوداوازی بەدەر دەخەن ئەوا دژ بە هەموو ژیرییەکە گەر هەموو لایەنێک بخرێنە باوەشی چەمکی یەکسانییەوە و ئەم یەکسانییە سەرلەبەرە بکرێتە بناخەی دەزگەی دەوڵەتی».[50]

Leo XIII بۆ سەلماندنی هاونرخیی خەڵک وێڕای نایەکسانییان، بەڵگەی لە بیری زیندەڵ (ئۆرگانیزم Organism) دەهێنایەوە، ئەمیشیان لە کۆنەواریەتیی ئەورووپای سەدەی نۆزدەیەمدا بەرچاو بوو. Leo XIII دەوڵەتی بە لەش، بە زیندەڵ، دادەنا. تێیدا بەشی جودا، کارکرد (فەنکشن) ی جودای هەیە. وێکڕا یەکەیەکی هاوئاهەنگ پێک دێنن. «بەڵام گەر هەموان یەکسان بن و هەر یەکە بە ئارەزووی خۆی بکات ئەوا بواری دەوڵەتی دەبێتە شتێکی نەشیاو».

لەوەتەی کڵێسە بە فەرمی خۆی سەرگەرمی دیمۆکراتی کردووە بیروڕای وەها جێیان نەماوە. دیدی ئێستای کڵێسە دەڵێ خەڵک جودان بەڵام هەر لەبەر ئەوەی جودان نابنە نایەکسان و خاوەن بەهای جودا. گوتەیەکی دیکەی ئەنجومەنی ڤاتیکان دەڵێ:

«ڕاستە، گەر لایەنی توانای فیزیکیی جودا و هێزی بیرکاری و ئاکارەکیی هەمەجۆری خەڵک ڕەچاو بگرین، ناشێ هەموو خەڵک وێکچوو بن. بەڵام لە ڕووی جڤاکی و فەرهەنگییەوە هەموو جوداکارییەک لە دۆزی مافی بنەڕەتیی تاکەکەساندا، لەسەر هەر بنەمایەک بێت: زایەند، ڕەگەز، مەرجگەلی جڤاکی، زمان یان دین، دەبێ ڕەش بکرێنەوە و بەسەریاندا زاڵ بین، چونکە هەموو ئەمانە دژ بە مەبەستی خودان».

---

[50] پەخشنامەی پاپایانە: Humanum genus «گەلی ئادەمیزاد»، ئەم ڕاگواستەیە لە Grundlagen der katholischen Staatslehre. München ,J.Steininger وەرگیراوە. Leo XIII لە 1878 هەتا-1903 پاپا بووە.

گرنگترین یەکەی جڤاکی

پێگەی کڵێسە لە نێوان سازمانگەلی مرۆڤانەدا لە هەموان بەرزتر بوو، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەبەر ئامانجی بەرزی بە «یەک گرتنی بێگەرد» دادەنرا. پاش کڵێسە دەوڵەت دێت، دەوڵەتیش لای باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانە کردەی خودایە بۆ چاک کردنی ئاکاری مرۆڤ لە بواری دونیایەکیدا. کڵێسە بە باوەڕی کاتۆلیکانە دەبێ لە ئاست دەوڵەتدا هەردەم سەربەخۆ بێ. لایەنێکی دیکەی ئەم سەرخۆبوونە لەوەدایە کە کەشیشانی کڵێسەی کاتۆلیک بۆیان نییە خۆیان سەرگەرمی بزاڤی سیاسی بکەن. هەڵبەتە ئەم قەدەغەیە خەڵکی ئاسایی، ئەندامانی ئاسایی کڵێسە ناگرێتەوە.

ڕێنموو لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی دەوڵەت، گرووپ و تاکەکەسان «پرنسیپی کۆمەک» Subsidize ی دەوڵەتییە، ئەمیان یەکێکە لە لایەنە هەرە گرنگەکانی باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانە. «پرنسیپی کۆمەک» دەڵێ بونیاتی جڤات دەبێ لە ژێرەوە بەرەو ژوور بڕوات. تاکەکەس، خێزان، گرووپ و جڤات دەبێ بە دەستاوێژی خۆیان و سەربەخۆ ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. کەواتە لە مەودای خۆیاندا، لە ئاست دەوڵەتدا، مافی ئۆتۆنۆمی و خۆفەرمانییان هەیە. بەگوێرەی «پرنسیپی کۆمەک» دەبێ هەدەم یەکەی جڤاکیی هەرە لە ژێر کە توانای ئەنجام دانی ئەرکەکەی هەبێت، ئەو ئەرکە ئەنجام بدات. ئەگەر یەکەی جڤاکیی گەورەتر و بەتایبەتی دەسەڵاتی دەوڵەت دەست بخاتە کارەکەوە دەبێ بە مەبەستی کۆمەک کردنی ئەو یەکە جڤاکییە بچووکە بێت و یارمەتی بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکە. ئەمەش نابێ ببێتە هۆی ئەوەی یەکەی باڵاتر دەست بەسەر ئەرک و بەرپرسایەتیی یەکە بچووکەکەدا بگرێ.

پرنسیپی کۆمەک بەم جۆرە دەبێتە ڕێسا ڕووەو دیسەنتەراڵاندن Decentralization و ئۆتۆنۆمی بۆ یەکەی لەژێر. لە پەیمانی ماستریش Maastricht ی 1991، دەربارەی یەکیەتیی ئەورووپایی، پرنسیپی کۆمەک هەر بەو شێوەیە وەرگیرا. پارتە مەسیحی - دێمۆکراتەکانی ئەورووپا ئەم پرنسیپەیان لە پرۆگرامەکانی خۆیاندا تۆمار کردووە و جگە لەوەش لە دەستووری حوکومرانیی ئەڵمانیای توند فیدراڵدا تۆمارە. بەداخەوە لە زمانی سوێدیی فەرمیدا تەرجەمەکراوە بۆ Närhetsprincipen کە زۆر ورد نییە.

کڵێسه بۆ داکۆکی له سەرخۆبوون و بەرپرسایەتیی خێزان له دۆزی منداڵدا پەنا دەباته بەر «پرنسیپی کۆمەک». کاتێک دەوڵەت خوێندنی فێرگه دەگرێته ئەستۆ نابێ ببێته هۆی ئەوەی دەوڵەت مافی بڕیاردانی بارهێنانی منداڵ له خێزان زەوت بکات. جگه لەوه پرنسیپی کۆمەک بووەته بناخەیەکی ئایدیۆلۆژیانەی کڵێسەی کاتۆلیک بۆ بەرهەڵست کردنی داوای دەوڵەتاندنی گشتگیر (تۆتالیتار) لەوەی کۆنترۆڵی سەرلەبەری جڤات بگرنه دەست. پرنسیپی کۆمەک دەبێته داوایەک بۆ فرەتایەتی (پلووراليزم) Pluralism ی سیاسی و جڤاکی.

Jacques Maritain ی فەیلەسووف ئیدیالی جڤاکیی کاتۆلیکانەی خۆی به سێ گوتەی ئابڕوومەند دیاری کردووە:

1 -جڤات دەبێ مرۆڤبین Personalistic بێ (Maritain نەیدەویست وشەی «تاکگەرایانه Individualistic» بەکار بێنێ)، به واتای ئەوەی جڤات بریتیه له کەسانێک نرخ و بایەخیان ڕەسەنتره له نرخ و بایەخی جڤات.
2 -لەوەش بترازێ جڤات دەبێ ناوچەکی Municipal یانه بێت (هاوبەندیی پێوه دیار بێت)، لەبەر ئەوەی تاکەکەسان به شێوەیەکی سروشتەکی له جڤاتدا هەوڵی هاوبەندی دەدەن و لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی گشتی بەرزتره له بەرژەوەندی تاک.
3 -جڤات دەبێ فرەتایانه Pluralistic بێ، لەبەر ئەوەی فراژووتنی کەسایەتیی تاکەکەسان داوای پەیوەستی سەربەخۆی هەمەجۆر دەکات که خاوەنی مافی خۆیان و ڕێبەرایەتیی خۆیان بن. بەشێک لەم پەیوەستانە، بۆ نموونه خێزان، پایەی له ژێر دەوڵەتەوەیە، یەکەی دیکه هەیه له ژووتره. بێگومان مەبەستی یەکەمی Maritain لەمیاندا کڵێسه بوو بەڵام سازمانی دەوڵەته یەکگرتووەکان UN یش دەگرێتەوە، که پێش کۆتابوونی شەڕ جیهانیی دووەم ئاواتی ئەوەی لێ دەکرا ببێته هۆی سەپاندنی ئاشتی و مافی مرۆڤایەتی.

میتودی گۆڕینی جڤات

باوەڕی جڤاکیی کاتۆلیکانە دەوڵەت بە شیرازەیەکی خوداکرد دادەنێ. ئەمەش ئەرکێکی گشتی دەخاتە ئەستۆی خەڵکی کاتۆلیک کە گوێڕایەڵی فەرمانی دەوڵەت بن. بەڵام ئەم ئەرکی گوێڕایەڵییە سنووری هەیە. ئەم پەیوەندییەش بە دوو ڕاگواستەی تەوجیل Bible کورت دەکرێتەوە: مرۆڤی مەسیحی دەبێ «ماڵی قەیسەر بداتەوە قەیسەر و ماڵی خودا بداتەوە خودا» (Matt.22:21) و دەبێ «پتر گوێڕایەڵی خودا بن نەک هی ئادەمیزاد» (Apg.5:29). گەر حوکمێک لەگەڵ فەرمانی خودادا ناکۆک بوو ئەوا نافەرمانیی کەسانی کاتۆلیک نەک مافە بگرە ئەرکیشە.

بەڵام نافەرمانی ناکاتەوە ڕاپەڕین. لێرەدا نەریتێک هەیە. ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەهیدانی مەسیحی، دەڵێ نافەرمانی ئەرکە بەڵام بەرگریی چالاک و ڕاپەڕین ڕێی پێ نادرێ. لە 1960 ـەکاندا ئەم دۆزە زیندوو کرایەوە کاتێک کڵێسە بەرەنگاری بزاڤی ئازادیخوازی جیهانی سێیەم بۆوە پاپا Paulus VI نووسی:

«ڕاستە باری وەها هەیە ستەم تێیدا زریکەی دەگاتە ئاسمان. ئەگەر سەرلەبەری گەل سەرگەردانی نەبوونیی لایەنە هەرە پێویستەکان بێت و ڕژێمی بیانی ڕێی لێ بگرێ بە دەستپێشخەری خۆی چالاکی بنوێنێ، پلەی زانینی خۆی بەرز بکاتەوە و بەشداری گوزەرانی جڤاکی و سیاسی بێت، ئەو دەمە تاسەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژ، دژ بەو بێدادییەی لە بەهای مرۆڤایەتی دەکرێ، بەهێز دەبێ. بەڵام هەموو شۆڕشێک بێدادیی نوێی لێ دەزێتەوە و وێرانکاری نوێ ڕەپێش دەخات (ڕیزپەڕ لێرەدا ڕژێمێکە بە ئاشکرا و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن درِ بێت و بە توندی مافگەلی بنەڕەتیی تاکەکەسان پێشێل بکات و زیانی گەورە لە بەرژەوەندیی هاوکۆی وەڵاتەکە بدات). ناکرێ خراپەیەکی لە ئارادایە بە خراپەیەکی گەورەتر چارە بکرێ»[51].

پاپاکان ئەو بارە ڕیزپەڕانەیان وردتر دیاری نەکردووە کە بە بۆچوونی Paulus VI ڕەوایەتی دەدەن بە میتودی شۆڕشگێڕانە. لێکدانەوەیەک هەیە دەڵێ باری ڕێزپەڕ ئەوەیە شۆڕش تێیدا نەبێتە هۆی خراپتر کردنی ئەو هەلومەرجەی پێشتر هەبوو.

[51] «پێشکەوتنی گەلان» *Populorum progression*, 1968.

Paulus VI پاشان پاشەکشەی لێ کرد و گوتی لە پراکتیکدا باری وەها کە شۆڕشی تێدا ڕەوا بێت پەیدا نییە و بە ڕوونی دژ بە هەموو دڕییەکی سیاسی وەستا:

«کڵێسە دڕی ناسەلمێنێ، بەتایبەتی هێزی چەک کە بەکارهێنانی کۆنترۆڵبەدەرە، کوشتنی کەسیش وەک مێتودێکی ڕزگاریخوازانە ناسەلمێنێ، لەبەر ئەوەی کڵێسە دەزانێ کە بەکارهێنانی دڕی هەردەم دڕی لێ دەزێتەوە و بە ناچاری دەبێتە هۆی پەیدا بوونی شێوازی نوێی چەوساندنەوە و کۆیلەتی، کە زۆر جار چەوسێنترە لەو بارەی خەڵک تەمای بوو لێی ڕزگار بێ»[52].

کڵێسەی کاتۆلیک بە فەرمی لایەنگری مێتودی ڕیفۆرمیستانەیە. ڕیفۆرمیش نابێ تەنها ڕووکەش بن بەڵکوو دەبێ ببنە «هەوڵ دان و نوێکاریی دلێرانەی ڕووەو ناخ». ڕەت کردنەوەی دڕیی سیاسی لەلایەن ئەنجومەنی دووەمی ڤاتیکانەوە فرەوانتر کرا هەتا ئەوەی بووە ڕسوا کردنی هەموو شەڕێک. بەمەش کڵێسە باوەڕە کۆنەکەی خۆی ڕەت کردەوە کە دەیگوت شەڕ هەیە ڕەوایە و جاروبار، دوای تاقی کردنەوەی هەموو ڕێگەیەکی دیکە بە «دوا چارەسەر» دادەنرێ. بە بۆچوونی Johannes XXIII هۆی ئەم دیدە تازەیە لە شەڕ دەگەڕێتەوە بۆ پەیدابوونی چەکی کۆکوژ. لە سەردەمی ئاتۆمدا «سەلماندنی شەڕ وەک دەستاوێژێکی سوودبەخش بۆ چارەی کردنی پێشێل کردنی ماف کارێکی شێتانەیە». پاپا و ئەنجومەن، لە بەڵگەیەکی ساڵی 1971 دا پێشنیازی ستراتیژێکی لاشەڕ دەکەن لەبری شەڕ. داوای سازمانێکی بان-دەوڵەتیی فرەمیللی (فەرمانگەیەکی فەرمی جیهانی) دەکەن بۆ پاراستنی ئاشتی.

[52] بڕوانە Evangelii nuntiandi, 1975

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

لە بەشێکی بەرفرەوانی سەدەی نۆزدەیەمدا کڵێسەی کاتۆلیک پێی وەها بوو پاشایەتی باشترین دەستەبەرە بۆ هەم سەرخۆبوونی کڵێسە و هەم پایەی باوەڕی مەسیحایەتی. لیبەڕالیزم و دیمۆکراتی بە خودانەناسی (ئەتییزم) Atheism و دژەمەسیحایەتی دادەنران. بەتایبەتی لە ماوەی کۆماری فرانسی سێیەمدا (پاش 1875) ململانێی توند لە نێوان ڕادیکال و قەشەخواز Cleric اندا لەسەر سێکولارەتیی دەوڵەت بەرپا بوو. شەڕ بوو لەسەر جودا کردنەوەی کڵێسە لە دەوڵەت، لەسەر مارەبڕینی مەدەنی و سیستەمی فێر کردنی زۆرەملێی نادینەکی. ململانێیەکی فەرهەنگیی وەهایش لە قەیسەرنشینیی نوێی ئەڵمانیا، لە نێوان Otto von Bismarck ی سەرۆک دەوڵەتی کۆنەوار و کورسیی پاپایەتییدا بوو.

گۆڕانکارییەکە لە سەردەمی پاپایەتیی Leo XIII، 1878-1930 ـەوە دەستی پێ کرد. Leo XIII نەهات پێشنیازی شێوازی حوکومڕانیی دیمۆکرات بکات. بەڵام گوتی کڵێسە نایەوێت هیچ شێوازێکی حوکومڕانیی دیاریکراو بە بێگەرد دابنێ. سەلماندی دیمۆکراتی هەڵە نییە «بە مەرجێک باوەڕی کاتۆلیکانە، دەربارەی هەم سەرچاوەی دەسەڵات و هەم حوکومڕانی، بپارێزێ». ئەمەیان هەتا 1960 ـەکان شارێبازی کڵێسە بوو. گرێیەکی خوداناسانەش هەبوو لە کۆک کردنی ئەو باوەڕەی دیمۆکراتی کە دەڵێ گەل سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە لەگەڵ دیدی کڵێسە کە دەیگوت خودا سەرچاوەی دەسەڵاتی دەوڵەتە.

ساڵی 1937 پاپا Pius XI ڕژێمە تۆتالیتارەکانی کۆمیونیزم، فاشیزم و سۆسیالیزمی میللی ڕیسوا کرد. لەوەدا پاپا دژی دەسەڵاتێکی دەوڵەتی ستەمکارانە وەستا کە لە پێناوی «ڕەگەز یان دەوڵەت یان میللەت یان سیستەمێکی جڤاکیی تایبەت» ئاکاری کەسەکی، وەک بەهای هەرە بەرز، ڕەش دەکاتەوە. جێگرەکەی ئەو، Pius XII هەنگاوێکی دیکەشی هەڵنا بەوەی ساڵی 1944 گوتی گەر دەسەڵاتی دەوڵەتان لە ژێر کۆنترۆڵی گەلەکانییان بایە دەشیا ڕێ لە هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی ببەسترێ. بەم گوتەیەش لایەنگیریی خۆی دەربڕی. بەڵام هەتا ئەو دەمەش پاپا نەیدەسلماند کڵێسە گرێدراوی شێوازێکی تایبەتی حوکومڕانی بێ. هەر ئەوەندەی دووبارە دەکردەوە کە هەڵە نییە گەر کاتۆلیک ببنە لایەنگیری شێوازی دەوڵەتی دیمۆکراتی «مامناوەند».

کاتۆلیکی سەنگین زۆر بوون بیانەوێ زیاتر بڕۆن. Jacques Maritain ی فەیلەسووفی کاتۆلیک، کە لە ماوەیەکدا باڵوێزی فرەنسی بوو لای پاپا، دەستووری سروشتەکیی کاتۆلیکانەی وەها لێک دایەوە بە سوودی دێمۆکراتی و دژ بە هەموو دیکتاتۆریەک بێت.

Maritain دەنووسێ، ڕاستە دەشێ مرۆڤ بڕوای بە فەلسەفەی سیاسیی دیکەی جودا لە دێمۆکراتی هەبێ و لەگەڵ ئەوەشدا هەر مەسیحی و بەخشراویش بێت. دوا ئامانجی مەسیحایەتی ڕووی لەم دونیایە نییە. لەگەڵ ئەوەشدا مەرجێکی دیاریکراو هەیە. مرۆڤی مەسیحی نابێ لایەنگیری ڕژێمێکی سیاسی وەها بێت کە ڕەفتاری دژ بە دەستووری سروشتەکی و دەستووری خوداکرد بێ.

دەستووری خوداکرد فەرمانی یەکسانیی سروشتەکیی خەڵکی داوە (لەبەر ئەوەی هەموو هەر زارۆی خودان)، فەرمانی پێشێل نەکردنی ویژدان و خۆشویستنی ئەوەی دیکەی داوە. دەستووری سروشت (دەستووری سروشتەکی) یش دەڵێ سەرچاوەی مافی ڕێبەرایەتیی خەڵک کە دراوە بە فەرمانڕەوایان هەم خودایە و هەم ڕەزامەندیی گەل. لەبەر ئەوەیە Maritain دەڵێ دیکتاتۆریەتی دژی دەستووری سروشتەکییە:

«خەڵک یەک خێزانن و لە بەرانبەر خودا و مەرگدا یەکسانن، کاری دژ بە سروشت ئەوەیە بە دەست دەسەڵاتی سیاسییەوە ببنە ئامرازی ڕووت، ئامراز بە دەست دیکتاتۆرێکەوە ببێتە تاکە بوونەوەری مرۆڤاسا لە نێو ڕەوێک کۆیلەی ڕێکخراودا، یان بە دەست سەرۆکێکی باوکسالارانەی تاکە گەورەی نێو پۆلی منداڵان».

بۆ یەکەم جار لە ساڵانی 1960 دا کڵێسەی کاتۆلیک گوتەی دابڕانەی بە سوودی شێوازی حوکومڕانیی دێمۆکرات بڵاو کردەوە. لە پەخشنامەی «ئاشتی لەسەر زەوی» Pacem in terris دا پاپا Johannes XXIII داوای کرد بەلای کەمەوە شیرازەیەکی دەستووری هەبێ دەسەڵاتی تێدا دابەش بێ بە شێوەیەک بۆ وەڵاتیان «ببێتە پەرژینێکی ڕێکوپێک بۆ پاراستنی هەم مافیان و هەم جێبەجێ کردنی ئەرکیان». شێوازی حوکومڕانی دەبێ کۆک بێ لە تەک «نرخی مرۆڤایەتی کە خاوەن بەهرەی هۆش و ئازادییە و وێڕای ئەوەش توانای هەبێ هەردووکیان بەکار بهێنێ». پاپا دەنووسێ:

«ئەو ڕاستییەی دەڵێ خودا سەرچاوەی سالارییە نابێتە هۆی ئاکامگیرییەکی بڵێ: خەڵک مافیان نییە فەرمانڕەوایانی دەوڵەت هەڵبژێرن، بڕیاری شێوازی دەوڵەت بدەن، بڕیاری شێوە و فرەوانیی مەودای حوکومڕانی بدەن. ئەم باوەڕەی ئێمە ڕەپێشمان خست لە گشت لایەکەوە هاوئاوازی هەموو شێوازێکی حوکومڕانیی دێمۆکراتیی دروستە».

پاپای ئەم ڕۆژگارە Johannes Paulus II پاش ڕمانی کۆمیونیزم، بێ پێوەری و ڕێژەکیی ئاکار بە مەترسیی هەرە مەزن دادەنێ بەرانبەر دێمۆکراتی. گەر «ڕاستییەکی هەرە بەرز» ی ڕێنوێن بوونی نەمێنێ ئەوسا دەکرێ بیروڕا بۆ سوودی دەسەڵات دەستکاری بکرێت. Johannes Paulus لە «تیشکی ڕاستی» دا دەنووسێت: «مێژوو سەلماندوویەتی کە دێمۆکراتییەک پێوەری نەبێ بە ئاسانی دەبێتە تۆتالیتاریزمێکی یان ڕووت یان تەنکپۆش».

پاپا چەند پێوەرێک بۆ سیاسەتی باش دیاری دەکات: فەرمانڕەوایان دەبێ بەرانبەر ژێردەستانیان ڕاستگۆ بن، لە کارگێڕیدا کراوەیی و بێلایەنی هەبێ و ڕێز لە مافی نەیارە سیاسییەکان بگیرێ. خاڵێکی دیکەش دەخاتە پاڵیان کە لەوە دەچێ بەتایبەتی پەیوەندی بە گوزەرانی سیاسیی ئیتالیاوە هەبێ: «بەکارهێنانی دادپەروەرانە و ڕاستگۆیانەی دەستاوێژی فەرمی، خۆ لادان لە ئامرازی بەرگومان و نادروست لە پێناوی پەیدا کردن و پاراستن و زیاد کردنی دەسەڵات بە هەر نرخێک بێت».

سازمانی ئابووری

پاپا Leo XIII ناوداره بەوەی هەڵوێستی سیاسیی جڤاکی هەبوو تا ئەوەی ناو نراوە «پاپی کرێکار». لای Leo ڕەت کردنەوەی دوو سەری «سەرپەڕەکان» دەهێنێتە کایەوە، ئەمەیش لەو دەمەوە بووەتە خەسڵەتێکی کاتۆلیکایەتی لە بواری ئابووری و جڤاکیدا. لە سەرێکەوە داکۆکی لە مافی موڵکایەتیی کەسەکی دەکرێ و بە نرخدار دادەنرێ و سۆسیالیزمی دەوڵەتی ڕەت دەکرێتەوە. لە سەرێکی دیکەوە ڕەخنە لە بەدبەکارهێنانی مافی موڵکایەتی و ئازادیی پەیمان بەستن دەگیرێ. وەهایش پێشنیاز دەکرێ دەوڵەت لایەنی لاواز بپارێزێ.

ساڵی 1931، لە دەمی سەختانگی ئابووریی جیهانیدا، پەخشنامەیەکی نوێ لە لایەن ڤاتیکانەوە دەرچوو. ئەمیان ناونرا *Quadragesimo anno* (چواردەمین ساڵی پاش پەخشنامەی Leo XIII). پاپای ئەو سەردەمە، Pius XI، داوای دەستێوەردانی بەهێزی دەوڵەتی دەکرد، بۆ نموونە قانوونی دژ بە مووچەی هەم زۆر بەرز و هەم زۆر نزم. جگە لەوەش Pius XI کار کردن بە منداڵ و کاری ژنیش لە پیشەسازیدا ڕسوا دەکات.

*Quadragesimo anno* پتر بەوە ناوداره پێشنیازی سازمانی پیشەیی کردووە بەو مەبەستەی بکەونە نێوان تاکەکەس و دەوڵەتەوە، جگە لەوەش کرێکار و خاوەن کار کۆ بکاتەوە. هاوڕایی و هاوکاری دەبا جێی ناکۆکی و خەباتی چینایەتی بگرنەوە. ئەمیان لەو دەمەدا بەوە لێک درایەوە گۆیا سەلماندنێکی تیان (ناڕاستەوخۆ) ی هاوئەرکەتی (کۆرپۆراتیزم) Corporatism ی ئەو دەمەی ئیتالیای فاشیستە. پەیمانێک لە نێوان کڵێسە و دەوڵەتی ئیتالیادا بەسترا بۆ دەستەبەر کردنی ماف و دەستڕۆیی کڵێسە. ئەمەش بووە هۆی خاوبوونەوەی گرژیی نێوان فاشیزم و کاتۆلیکایەتی.

ئەنجومەنەکانی ڤاتیکان تەواو سەرگەرمی ئەوە بوون دیدی کڵێسە بەرانبەر ئابووری، کار و مافی موڵکایەتی دیاری بکەن، بەتایبەتی لەو وەڵاتانەی ئابوورییان دواکەوتووە. هەتا ئێستایش لای کڵێسەی کاتۆلیک مافی موڵکایەتیی کەسەکی لە پێش هەموانە، لەگەڵ ئەوەشدا لە جاران پتر جەخت لەسەر بەرپرسایەتیی جڤاکی و ئاکارەکی دەکات کە زادەی موڵکایەتین. کار لە سەرمایە گرنگترە. پاپای ئەم سەردەمە

Johannes Paulus II به توندی ئەوە ڕسوا دەکات کە خۆی پێی دەڵێ «گوناهی جڤاکی» و «ئابوورایەتی» Economism، واتە ئەوەی کاری مرۆڤ تەنها لە ڕوانگەیەکی سوودی ئابوورییەوە سەیر بکرێ و خەڵکیش تەنها بە چاوی هێزی کار سەیر بکرێن. لە دوا پەخشنامەیدا، ساڵی 1987، Johannes Paulus II لە «ساختاری گوناهـ» دەدوێ کە ڕیشەی لە تەمای سوودی ناڕەوا و تەمای دەسەڵاتدایە. ئەمەش ئاماژەیە بۆ بارودۆخی وەڵاتە هەژارەکان و بۆ ئەوە هەڕەشەیەی لە ژینگە دەکرێ.

کڵێسە هاتۆتە سەر ئەوەی گەلێراندنی دەستاویژی بەرهەم هێنان بسەلمێنێ بە مەرجی ئەوەی «لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بێت» و بژاردنی لەباری بەرانبەر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەگوترێ گۆڕینی خاوەنەتی مەرج نییە ببێتە هۆی پەیدابوونی هەلومەرجی هەموارتر. کڵێسە پتر خەریکی دۆزینەوەی چارەسەرە لە شێوازی مامناوەندا بە مەبەستی کوژاندنەوەی ناکۆکیی نێوان کار و سەرمایە. Johannes Paulus II باس لە «خاوەنەتیی هاوپشک» دەکات لە بری «خاوەنەتیی دەوڵەتی»، مەبەستیش لێی ئەوەیە کارمەندان لە ڕێبەرایەتیی کۆمپانیادا بەشدار ببن و سیستەمی پشکی سوود و خاوەنەتیی پشک بۆ کارمەندان هەبێ.

ئوتوپیا

بە دیدی کڵێسە سەرگەردانیی ئێستای جیهان دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی خەڵک بەرانبەر بە دەستووری خودا. مرۆڤ لە وێنەی خودا ئافرێنراوە و خودا ڕێی پێ داوە لەسەر زەوی نیشتەجێ بێ و «هەم بیچێنێ و هەم بیپارێزێ». پاپا Johannes Paulus II لە پەخشنامە جڤاکییە تازەکەیدا دەنووسێ: گەر مرۆڤ بەرانبەر ئەرکی خۆی پەیمانشکێنی بکات و خودا ڕەت بکاتەوە ئەوا سروشتیش لێی ڕادەپەڕێ.[53]. لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوانگەیەکی بەرینترەوە کڵێسە و نەریتی کڵێسە گەشبینانەیە. لای پیرانی کڵێسە دیدێکی گەشبینانە دەربارەی مێژوو پەیدایە. لە ڕێی عیسای مەسیح و

[53] بڕوانە «چاودێریی جڤاکی» *Sollicitudo rei socialis*, 1978

ڕزگاربەخشین Redemption ـەکەیەوە گوناهـ دەکوژێتەوە، کار و پشتیوانیی نێوخۆ واتای قووڵتر وەردەگرن. لەم ڕوانگەیەوە پاپا دەڕوانێتە دەرەوەی دۆخی ئێستای جیهان و لە «پێشکەوتنی بێسنوور» دەدوێ:

«… خەونی پێشکەوتنی بێسنوور دیسان ڕەپێش خرا، ئەم جارەیان لە سایەی ئەم ڕوانگە نوێیەی باوەڕی مەسیحایەتی ئاواڵەی دەکات تەواو هاتۆتە گۆڕین. لەبەر ئەوەی ئێمە لە جەرگەی ئەو تاریکستانەوە هەوڵ دەدەین کە ژێر- فراژووتن و بان- فراژووتن دەیسەپێنن دەکرێ بڵێین ڕۆژێک دێ بەرمەرگ (ئەوەی مردنی لە ڕێیە) دەچێتە بەرگی سەرامەدی (نەمری) ـیەوە و گشت بەرهەم و کردەوەیەکی شایانی مرۆڤ بێگەرد دەبن».

## 10- چەپی نوێ

چەپی نوێ لە 1960 ـەکاندا وەک ڕێبازێکی نوێی نوێمارکسیزم سەری هەڵدا. سەنگەری هەرە بەهێزی خۆی لە زانستگەکانی ئەمەریکا و ئەورووپای ڕۆژاوادا بەست و ئەوجا لە نێو بەشێک لە بزاڤی سەندیکادا بڵاوبۆوە. ڕاپەڕینی پاریسی 1968، کە تێیدا مان گرتن، خۆپێشاندان و شەڕی سەرجادە ماوەیەک وەها پێ دەچوو هەڕەشە لە مانی کۆماری پێنجەم بکات، بووە دوندی سیاسیی چەپی نوێ. ئەم بزاڤە شۆڕشگێڕە، 1968، لە هەڵبژاردنی پەرلەمان (ئەنجومەنی میللی) ـدا، دۆڕا و بەوەش لە ڕووی سیاسییەوە شکا.

چەپی نوێ سەرچاوەی لە نووسراوەی «لاونامە» ی مارکسەوە دەگرت و داخوازیی سەرەکییان بووە «دیمۆکراتیی کۆمپانیا» ی ڕادیکال. لەمەیاندا و تەنانەت لە بواری مێتودی خەباتدا، ئەنارکیزم و سەندیکالیزم بووەتە ئیلهامبەخشی چەپی نوێ. فرەبەرەکیی ئایدیۆلۆژیانە لە نێو دەستەی جۆراوجۆردا بووە خەسڵەتی چەپی نوێ. پاش 1968 دەکرا بەشێکی هەرە گەورەی بزاڤەکە بە ماویستانە دابنرێ. ئەمیان خۆی بە لایەنگری کۆمیونیزمی ئەو دەمەی چین دەزانی کە بە توندی ڕووی هەم لە وەڵاتانی دواکەوتوو و هەم لە شۆڕشی ئایدیۆلۆژیانە (شۆڕشی فەرهەنگی) بوو.

لەم بەشەدا باس لە قۆناخی یەکەم و تیرڕەنگی ئایدیۆلۆژیی فراژووتنی چەپی نوێ دەکەین. Herbert Marcuse ی فەیلەسووفی ئەڵمانی – ئەمریکی ئەو دەمە بەرچاوترین بیریاری چەپی نوێ بوو. لە بواری سیاسەتدا Daniel Cohn-Bendit بووە نوێنەری بۆچوونەکانی ڕاپەڕینەکە، ئەمیان لەگەڵ Gabriel ی برایدا لە نێوەندی بزوتنەوەکەدا بوون. لێرەدا برایانی Cohn-Bendit دەبنە نوێنەری ئەو باڵەی چەپی نوێ کە سەرچاوەی لە ئەنارکیزم و سەندیکالیزمەوە دەگرت. ئەمانە ساڵی 1968 کتێبێکیان دەربارەی بەسەرهاتەکانی ڕاپەڕینی پاریس دەرکرد بە ناوی:
«چەپی ڕادیکاڵ – چارەسەرە دژ بە کۆمیونیزمی خڵەفاو»
*Le Gauchisme, remède à la maladie sénile du communisme*
ناوی کتێبەکە ئاماژەی تێدایە بۆ کتێبێکی ناوداری لینین: «ڕادیکالیزمی چەپڕەو- نەخۆشیی منداڵانەی کۆمیونیزمە». شابەرهەمی سیاسی- ئایدیۆلۆژیی مارکویس Marcuse ساڵێک درەنگتر بە ناوی *An Essay on Liberation* دەرچوو.

شانرخاندن

کارل مارکس لە نووسینەکانی ساڵانی 1843-1844، لە بواری ئابووری- سیاسیدا، بەڵگەی شۆڕشی ئایەندە لە فراژووتنی ئابووریی جڤاتدا نەدەدی، «سروشتی مرۆڤ» و Gattungswesen «ماکی جۆر» ی مرۆڤی ڕەپێش دەخست. کاتێک ژینگەی جڤاکیی دژ بە سروشتی مرۆڤ ڕادەوەستێ، وەک ئەوەی بە ڕای مارکس لە سەردەمی سەرمایەدارەتیدا ڕوویداوە، ئەو دەمە مرۆڤ نامۆ دەبێ.

مارکویس هەمان دیباچە Premise دەکاتە دەراو و هەوڵیش دەدات، بە دیاری کردنی سروشتی ڕاستی مرۆڤ، لە مارکسیشی تێپەڕێنێت. بە بۆچوونی مارکویس مرۆڤ بزوێنی جوانیناسی تێدایە کە دەستی هەم لە دونیای سۆز و هەم لە داهێنانی هونەرمەندانەدا هەیە. لەوەی پەیوەندیی بە دونیای سۆزەوە هەبێ مارکویس گوتەکانی مارکس بە ئادگاری دەررووناناسانەی فرۆید Sigmund Freud پڕ دەکاتەوە، بەتایبەتی دەربارەی گرنگیی بزوێنی ئێرۆتیکانە Erotic. کاتێک دێتە سەر باسی بزوێنی جوانیناسی – هونەرمەندانە مارکویس وشەی وەک «گەمە»، «بەجۆش» و «خەیاڵ» ی بۆ بەکار دێنێ. ئامانجی چەپی نوێ «ئازاد کردنی مرۆڤە»، مەبەستیش لێی نەهێشتنی کۆسپی جڤاکی، فەرهەنگی و ئایدیۆلۆژییە لە بەردەم دەربڕینی سروشتی دروستی مرۆڤ.

چەپی نوێش لافی زانستیەتی لێ دەدات. ناساندنی زانست لای ئەمان تەواو بەرتاوی هێگل Hegel و مارکسی لاوە کە نووسیبووی هەتا ئێستا ئەرکی زانست لەوەدا بوو جیهان ڕاڤە بکات بەڵام لەمەولا ئەرکی لەوەدایە جیهان بگۆڕێت. چەپی نوێ بە توندی ڕەخنە دەگرێ لەوەی پێی دەگوترێ زانستی جڤاکیی پۆزەتیڤیستانە Positivistic، کە داوای ئازادیی نرخاندن، کاراندن و بەرپێواندن Measurability دەکات. بەرانبەر بەمە چەپی نوێ داخوازی زانستێکی «ڕەخنەگرانە» یە کە بە ئاشکرا پێوەرەکی Normative بێت، واتە باس لەوە بکات هەلومەرجی جڤاکی چۆن بێت باشە. ئەرکی زانستی جڤاکیی ڕەخنەگر ئەوەیە ڕێگەی شیاو ڕووەو ئازادبوونی مرۆڤ پێشان بدات. گشتە Entirety و ساختار، نەک پەیوەستی نێوان بەش یان وردەبەشەکانی جڤات، شرۆڤە بکات.

دیدی زانستانەی چەپی نوێ پێی دەگوترێ «فێرگەی فرانکفۆرت»، مارکویس و دوو تۆژکاری دیکەی تەواو بەرتاوی هێگل، جڤاتناسان Jürgen Habermas و Theodor Adorno سەر بەم فێرگەیەن. کەواتە فێرگەی فرانکفۆرت هەمدیس ئۆبژەکتیڤیزمی نرخاندنی هێنایەوە نێو زانستی جڤاکی و چەپی نوێش ئایدیۆلۆژییەکی سیاسیی سەربە نرخاندنی ئۆبژەکتیڤیزمە.

مرۆڤنۆڕی

مارکویس و چەپی نوێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی وێنەیەکی سروشتی مرۆڤ دەکەنە دەروا و جەخت لەسەر ئەوەش دەکەن کە ئەو سروشتە لە ماوەی هەموو ئەو شێوازە جڤاکییانەی هەتا ئێستا باویان بووە، بەتایبەتی لە جڤاتی خۆشگوزەران و کەلەڕێژی سەرمایەدارانەدا، شێوێنراوە. بزوێنە ڕەسەنەکان هەڵدەکشێن ڕووەو بەرهەم بردنی (خەرج کردنی) کاڵای کەلەڕێژ و کۆفەرهەنگی نزم. سەرناوی بەرهەمێکی مارکویس لە بواری ڕەخنەی جڤاکیدا تەواو ئاشکرایە: «مرۆڤی تاکەڕەهەند» *One-Dimensional Man,* 1964.

لایەنی نوێی مرۆڤنۆڕیی چەپی نوێ لەوەدایە دەڵێ ژینگەی جڤاکی پەیوەستێکی وەها بە سیستەمی دامەزراوەوە پەیدا دەکات زۆر قووڵترە لە پەیوەستێکی دەرس دانی سیاسی پێکی دەهێنێ. نوێنەرانی چەپی نوێ بەتایبەتی جەختیان لەسەر جڤاتاندن Socialization دەکرد، مەبەستیش لێی مرۆڤ گونجاندنە لەگەڵ ڕەفتار و پێوەری جێکەوتەی لە تەمەنێکی زووی منداڵییەوە دەست پێ دەکات. مارکویس دەنووسێ، هەر زوو کە بۆچوونێکی ئاکارەکیی تایبەت وەک پێوەر بۆ ڕەفتاری جڤاکی جێ دەکەوێ «ئەوا نەک تەنها تێچێن دەبێ بەڵکوو دەشبێتە پێوەرێکی «زیندەڵ Organic» ی ڕەفتار: ئۆرگانیزم ئەو دنەدەر Stimulus انە «دەسەلمێنێ» کە لەگەڵ ئاکاری تێچێنراودا دەگونجێن و لەگەڵیان دەکەوێتە کار، دنەدەری دیکەی نەگونجاو لەگەڵ ئاکاری تێچێنراودا «ناسەلمێنێ» و ڕەتیان دەکاتەوە. مارکویس دەڵێ

بەم جۆرە «سروشتێکی دیکە» لە مرۆڤدا دروست دەبێ. پێوەرەکان وەها بە ناخی ساختاری غەریرەی مرۆڤدا ڕۆ دەچن، دەبنە بەشێک لە «بایۆلۆژی» ی مرۆڤ.

مارکویس دەڵێ جڤاتی دامەزراو و سیستەمە سیاسییەکەی لەلایەن زۆرینەی هەرە زۆری گەلی وەڵاتانەوە پشتیوانی لێ دەکرێ. چینی کرێکار، چینی شۆڕشگێڕی نەریتیی مارکسیزم، لێرەدا ڕێزپەڕ نییە. لەم زەمانەدا کرێکاران بەشێکی دانەبڕاوی جڤاتن. جگە لەوەش هەم ژمارەیان و هەم سەنگیان بە هۆی شۆڕشی تەکنیکییەوە کەم دەبێتەوە. ئەنجامەکەشی دەکاتەوە ئەوەی سیستەمی جڤاکی «لە ڕێی دەرس دان و تێهەڵکێشان دەکەوێتە بەرهەم هێنانی زۆرینەیەکی کۆنەواری خۆفەرمان Self-perpetuate» و «زۆرینەش دەکەوێتە بەرهەم هێنانی سیستەمەکە». کەواتە ئاپۆرەی گەل لایەنێک نییە پشتی پێ ببسترێ بۆ گۆڕانکاریی شۆڕشگێڕانە. لە بری ئەوان ئەو توێژە دێتە پێش کە مارکویس پێی دەڵێ «سەرتەڵی بیرکار Intellectual».

گرنگترین یەکەی جڤات

مارکویس وێنەیەکی جڤات ڕەنگڕێژ دەکات تێیدا چێن بە واتای مارکسیستانە چیدی نابنە یەکەی بنەڕەتیی جڤات. ڕاستە مارکویس دان بەوەدا دەنێ کە جڤاتی ئێستا جڤاتی چینێکی شۆڕشگێڕ نییە. لە بری ئەوە پشت دەکرێتە زۆرینەی مەزنی کۆنەوار و ڕووو لە دەستەی لابەلای ژێرەوەی جڤات دەنرێ، لەوانەی لە مارکسیزمی نەریتەکیدا پێیان دەگوترێ «شرەپرۆلیتاریا»، «بەڵام لە ژێر ئەم بناخە گەلێرە کۆنەوارە دەوەنێک هەیە لە خەڵکی وەلاوەنراو و پەراوێزخراو، چەوساوە و ڕاونراوانی ڕەگەزی دیکە، بێکاران و ئەوانەی توانای کاریان نییە. ئەمانە لە دەرەوەی پرۆسەی دێمۆکراتی دەژین، گوزەرانیان بوەتە دروستترین و نێزیکترین پێویستیی کۆتا هێنان بە دامودەزگە و هەلومەرجی ناپەسەند. لەبەر ئەوە بەرهەڵستیی ئەمانە شۆڕشگێڕانەیە گەرچی هۆشیارییان وەهایش نەبێ».
*One-Dimensional Man.*

له بواری فرەمیللیدا جیهانی سێیەم، بەرانبەر وەڵاتانی پیشەساز، بە چەوساوە و خەباتکار دادەنرێ. بە کەمێک دوودڵییەوە مارکویس سۆڤیەتیش بە یەکێک لەو وەڵاتانە دادەنێ.

میتودی گۆڕینی جڤات

هەڵبەتە ئاشکرایە کە چەپی نوێ سۆسیالیزمی ڕیفۆرمیستانە و بەگشتیش پلەدارەتی Gradualism ڕەت دەکاتەوە. مارکویس و پەیڕەوانی وی بڕوایان بە مۆدێلی دیالەکتیکانەی جڤاکی هەیە کە داوای گۆڕانکاریی سەرلەبەر دەکات، داوای سیستەمگۆڕیی هاوکاتی گشت بەشەکانی جڤات دەکات. بە زمانی دیالەکتیکانە دەڵێن کاتی گۆڕانکاریی جۆرایەتی Qualitative هاتووە. شۆڕش دەبێ بگاتە ئەوەی مارکویس ناوی نابوو ژێرخان Infrastructure ی مرۆڤ و مەبەستیش لێی گۆڕینی سروشتی مرۆڤە، یان چاکتر وایە بڵێین لەنێو بردنی «سروشتی دیکە» مرۆڤە و مەبەستیش لێی گۆڕینی سروشتە ڕەسەنە دروستەکەیەتی. مارکویس دەڵێ، ئەم کارە دەکرێت ئەگەر:

«ڕێبازێکی سیاسیی وەها بگرینە بەر بکاتەوە نایاندن Negation و دوور کەوتنەوە لە شیرازە و سەرکردایەتیی دامەزراو و ئامانجیش ئەوە بێ ڕادیکالانە هەرچی بەها هەیە سەرلەنوێ بخرێنەوە بەر نرخاندن. بیستن، هەست کردن و تێگەیشتن هەتا ئەوەی ئۆرگانیزمەکە ئامادە دەبێ بۆ وەرگرتنی ئەو شێوانەی بوونی هێزەکی Potential یان هەیە لە دونیایەکی لاشەڕ و نا-دادۆشدا».
*An Essay on Liberation.*

مارکویس پێی وایە پرۆسەی دێمۆکراتی ڕەوتی زۆر خاوە. بۆ نموونە گەر مەبەست بێ لە ڕێی هەڵبژاردنی گشتییەوە پێکهاتەی کۆنگرەسی کۆوەڵاتی ئەمەریکا USA بە شێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕین ئەوا سەد ساڵ دەخایێنێ. «لە هەلومەرجی وەهادا هەوڵ دان بۆ چاک کردنی دێمۆکراتیی دامەزراو دەکاتەوە دوا خستنی هەتاهەتایەی

هەڵنانی جڤاتی ئازاد». هەڵوێست لە دیمۆکراتیی نوێنەرەکیی بۆرژوایانە دەبێ سەر لەنوێ بدرێتەوە بەر هەڵسەنگاندن.

«ئەم پرۆسە نیمچە دیمۆکراتە بە ناچاری دژ بە گۆڕانکاریی ڕادیکال دەوەستێتەوە لەبەر ئەوەی بووەتە هەم بەرهەمهێنی زۆرینەیەکی گەلێر کە بیروڕای لەلایەن بەرژەوەندی دامەزراوی سەردەستەوە دێتە داڕشتن، هەم پارێزەری ئەو زۆرینەیەیە. هەتا ئەم هەلومەرجەش لە ئارادا بێت دەشێ بڵێین ویستی گشتی هەردەم هەڵەیە-هەڵەیە بەوەی ئۆبژەکتیڤانە دژ بە گۆڕانکاریی شیاوی جڤات دەوەستێت...». لەبەر ئەوەی ئەم دیمۆکراتییەی ئێستا زرە-Pseudo دیمۆکراتییە «خەبات لە پێناو دیمۆکراتیدا شێوەی دژەدیمۆکراتی» دەگرێتە خۆ و دەبێتە پەرلەمانبەدەر.

چەپی نوێ مێتودی ئەنارکیستان بە تایبەت هی سەندیکالیزمی شۆڕشگێڕ دەبووژێنێتەوە، مێتودی وەک: »تەکی ڕاستەوخۆ»، شۆڕش، مارکویس و جووتەبرای Cohn- Bendit پێیان وایە فێرخواز (خوێندکار) بەو تەکە ڕاستەوخۆیە، هەر نەبێ بۆ ماوەیەک، توانییان کرێکارانی ڕێکخراو لە فرانسە هۆشیار بکەنەوە و «چەپاندنی بیری بزاڤی کرێکارانی ڕێکخراو هەڵبڕنەوە».

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

نە مارکویس نە برایانی Cohn-Bendit بۆ ناونانی ئەو ڕژێمە کاتەکییەی پاش سەرکەوتنی شۆڕش دێتە دامەزراندن، زاراوەی دیکتاتۆریی پرۆلیتار بەکار ناهێنن. بریانی Cohn-Bendit ڕایان وابوو دەسەڵات دەبێ لە دەست ئەنجومەنی کرێکاراندا بێت، لە نموونەی ماوەی یەکەمی شۆڕشی ڕووسی و شۆڕشی هەنگاریای 1956 دا. تەنانەت هەر لەوەش ناچێ ئەمانە داوای حکوومەتێکی سەنتەراڵ بکەن. ڕێبازی ئەنارکیستانەیان لەو داخوازییەشدا دەردەکەوێ کە دەڵێ: «دەبێ تیۆریی ڕێبەر و بەڕێوەبراوان لە نێو گشت سازمانەکاندا لابدرێ، هەم لە نێو جڤاتدا و هەم لە نێو بزاڤە شۆڕشگێڕەکەشدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە گیانی ئەنارکیستانەوە جەخت لەسەر

گرنگیی نۆرەی کەمینەی شۆڕشگێڕ «کەمینەی کردە» دەکەن. بەردەوامی و ئایەندەی بزاڤێک لە ساتی کردەوەیەکی تایبەتدا- بەندە بە بوونی دەستەی شۆڕشگێڕی هۆشیار کە بتوانێ دابڕانێک لە سیستەمەکە ڕەپێش بخات، هەم سەرلەبەر و هەم ناچارەکی».

مارکویس حکوومەتی پەڕینەوە بە ڕێبەرایەتیی «سەرتەڵێکی خۆبژاردە -Self elected»، واتە دەستەیەکی بیرکار Intellectual ی شۆڕشگێڕ، دادەنێ. مارکویس ئەم حوکومڕانییە بەوە دەدروستێنێ کە گۆیا دیمۆکراتیی بۆرژوایانەش حوکومڕانیی سەرتەڵانەیە. کەواتە حوکومڕانیی شۆڕشگێڕ هەر دەکاتەوە گۆڕینی ڕێبەرایەتییەکی سەرتەڵانە بە یەکێکی دیکە. ئەم ڕێبەرایەتییە سەرتەڵانەیە لە سەرەتادا پشتیوانیی زۆرینەی گەلی نابێ، بەڵام مارکویس پێی وایە زۆرینە دەکەوێتە «دۆخێکەوە بەردەوام لە گۆڕاندا بێ». بە ڕزگاربوون لە دەستڕۆیی ڕژێمی پێشوو، زۆرینە «ئازاد دەبێت و لە دەراوی بەرژەوەندی هاوکۆی نوێوە هەڵوێست لە حکوومەتی نوێ وەردەگرێت».

«ڕاستە هێشتا ئەمە لە هیچ شۆڕشێکدا ڕووی نەداوە، بەڵام بەو ئەندازەیەش هەر ڕاستە کە هەرگیز شۆڕشێک بەرپا نەبووە ئەم سەرکەوتنی تەکنیکی و پڕبەرهەمییەی ئەم سەردەمەی لە دەستدا بووبێت. هەڵبەتە دەشێ ئەمانە چالاکانە بخرێنە کار بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێی کۆنترۆڵکاری چەپێن، بەڵام سەرلەبەری ئەم گفتوگۆیەمان ئەوەی کردووەتە سەرچاوە کە شۆڕش تەنها ئەگەر لەلایەن هێزی دژە-چەپێن Anti-repressive چالاکی نێو جڤاتی دامەزراو بەرپا بوو ئەوسا دەبێتە ڕزگاریبەخش. گریمانەکە تەنها ئاوات خواستنە، نە زیاد نەکەم».

سڕینەوەی نامۆیی لای چەپی نوێ بەر لە هەر شتێک دەکاتەوە دیمۆکراتیی کۆمپانیا، کۆنترۆڵی بەرهەمهێنەرانە بەسەر بەرهەم هێنان و بەسەر بەرهەمی کاری خۆیاندا. لە تەک ئەمەشدا ڕەخنە هەیە لە بەرهەم هێنانی کاڵای جڤاتی بەرهەمبەر، کە بە دیدی ئەمان، پێویستییەک دادەمرکێنێ دەستکردە و زادەی ڕێکلامە (ڕێکلام Advertising).

بەدیدی برایانی Cohn-Bendit ئەنجومەنی کرێکاران ئامرازێکە بۆ کرێکاران ڕووەو خۆفەرمانی و کۆنترۆڵی بەرهەم هێنان. مارکویس پتر نەرێتی باس لە ئەنجومەنی کرێکاران دەکات: «خاوەنەتیی کۆگەرا Collective، کۆنترۆڵ و پلانڕێژیی کۆگەرای هەم دەستاوێژی بەرهەم و هەم ئاڵوگۆڕی بەرهەم». وشەی «کۆگەرا Collective» پێشانی دەدات کە سیستەمی ئابووریی سۆڤیەت نابێتە ڕێنموو. مارکویس لەم بوارەدا خۆی لە بەکارهێنانی وشەی «دەوڵەتەکی» لا دەدا، بەڵام خۆی لەوەش لا دەدا کە وردتر بچێتە باسی شێوەکانی خاوەنەتی، کۆنترۆڵ و پلانڕێژییەوە.

بەرهەم هێنان دەبێ ڕێبازێکی نوێ وەربگرێ. لە وەڵاتە کۆمیونیستەکاندا شتێک هەبوو بە ناوی هەنگاوی سەرەتا، یان ماوەیەکی کورت، تێیدا «شێوەیەکی بیرۆکراتی سالارپەرست لە فراژووتنی هێزی بەرهەمهێن» پەسەندە. ئەمە نابێ پەسەند بێ. هەژاری و «زێدە بەرهەمی و زێدە خەرجیی بەدڕەوشتانە» ی سەرمایەدارەتی دەبێ نەمێنن. پاش ئەوە سەردەمێکی نوێ دەست پێ دەکات، تێیدا «پرنسیپی جوانیپەسەندانە Aesthetic» جێی پرنسیپی سوود و کردەیی Performance دەگرێتەوە. ئەوسا پارک و باخچە لە بری شارێ، ئۆتۆبان و وێستگەی ئۆتۆمبێل ساز دەکرێن. مارکویس جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە مەبەستی نییە پێشکەوتنی تەکنیکی بوەستێنێ، مەبەستی ئەوەیە ئەم پێشکەوتنە بەکار نەهێنرێ بۆ بەرهەم هێنانی کاڵای زیاتر بەڵکوو چەندی دەکرێ بۆ ڕزگار کردنی مرۆڤ بێت لە کار کردن. مارکویس و برایانی Cohn-Bendit لە توندەئاکاری جڤاتی پیشەساز ڕادەپەڕن. مارکویس پێی وایە دنەدەری نوێ بۆ کار پەیدا دەبن و لەسەر بنەمای «پرنسیپی بەختەوەری» هەڵ دەنرێن. ئەمان دەیانویست هەر زوو لە ڕۆژگاری خەباتی شۆڕشگێڕانەدا «تاسەی سەربە جوولەکایەتی – مەسیحایەتیی وەک قوربانی

و خۆ بێبەش کردن»، واتە ئەوەی پێی دەگوترێ ئاکاری پیوریتانی Puritanic ی کار، قەدەغە بکرێ. «دەبێ پەی بەرین بەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانە تەنها گەمەیەکە هەموو کەس دەیەوێ تێیدا بەشدار بێ و بەس».

ئوتوپیا

هاوئاهەنگیی جڤاکی لە جڤاتی سۆسیالیستانەی چەپی نوێدا لە لایەن مارکویسەوە بە هاوکارییەکی «بایۆلۆژییانە» باس دەکرێ کە کار و ئامانج دەگرێتە خۆ. دەبێ «هاوئاهەنگییەکی دروست لە نێوان پێداویست و ئامانجی جڤاکی و تاکەکی، لە نێوان ناچارەکیی سەلمێنراو و فراژووتنی ئازاددا» هەبێ. مارکویس ئەم دۆخە ناو دەنێ «هاوکاریی نوێ». لەمیاندا پێویست ناکات پرنسیپی بەختەوەری چیدی پێشێل بکرێ. خودی غەریزەی ژیان دەبنە هۆی پەیدابوونی دنەدەری کار و ڕێگەی پێشکەوتن خۆش دەکەن. مارکویس لێرەدا دەچێتەوە سەر وانەکانی دەروونناسیی فرۆید کە دەڵێن تەنانەت غەریزەی ئێرۆتیکانەش غەریزەی کارن، «کار بۆ پێکهێنانی دەورووبەرێکی دڵگیر».

«دەربڕینی جڤاکی لە غەریزەی کاری ئازادکراو دەبێتە هاوکاری. ئەم هاوکارییە لە سەر پشتیوانی بونیات دەنرێ و لە دونیای ناچارەکییەوە ڕێبەرایەتی سازمانگەل دەکات و لە دونیای ئازادییەوە ڕێبەرایەتی فراژووتن دەکات. تەنها یەک وەڵامیش هەیە بۆ ئەو پرسیارەی خەڵکێکی زۆر لە نیازپاکییەوە ململانێی لەگەڵ دەکەن: خەڵک لە جڤاتی ئازاددا چی بکات؟ وەڵامێک کە پێم وایە خۆی لە ناخی پرسیارەکە داوە، وەڵامی کیژێکی جەوانی پێسترەش بوو، گوتی: "بۆ یەکەم جار لە ژیاندا وەها ئازاد دەبین دەرفەتمان دەبێت بیر لەوە بکەینەوە چی بکەین"».
*An Essay on Liberation.*

# 11- نوێلیبەڕالیزم

له سەرەتای 1970 کاندا جۆرێکی نوێ له لیبەڕالیزم سەری هەڵدا. ئەمیان هێرشی دەبردە سەر هەم ئایدیۆلۆژیی لیبەڕالی جڤاکیی پەرەسەندوو، هەم ئەو دەسەڵاتە دەوڵەتییەی پاش شەڕی جیهانیی دووەم پەلی بۆ چەندین لایەنی نوێ دەهاویشت. سەرەتا هێرش ڕووی له سیاسەتی ئابووریی کەینز Keynes انە بوو کە گۆیا له سەختانگی وەڵاتانی پیشەسازدا پەککەوتە دەرچوو. له بری ئەو مەنیتاریزم Monetarism وەک تیۆرییەکی ئابووریی ڕکابەر ڕەپێش خرا. ناودارترین نوێنەری مەنیتاریزم Milton Friedman [54] ی وەرگری خەڵاتی نۆبێله.

به دیدی فریدمان ئۆباڵی ئاوسان Inflation دەکەوێتە ئەستۆی ئەو سیاسەتەی پاش شەڕی جیهانیی دووەم ئابووری دەبرد بەڕێوە. سیاسەتی خۆش کردنی دۆخی ئابووری تەنها بۆ ماوەیەکی کورت چارەی بێکاری دەکات. فریدمان و مەنیتاریستەکانی دیکە دەیانویست نۆرەی ئابووری دەوڵەت تەواو سنووربەست بکەن. دەوڵەت به پلەی یەکەم دەبێ به ڕێسابەستی بڕی پارە چارەی ئاوسان بکات، جگە لەوە دەبێ خۆی سنووربەست بکات بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ هێزەکانی بازاڕ بڕەخسێ کار بکەن.

وەلێ نوێلیبەڕالیزم و باوەڕی ئابووریی مەنیتاریزم یەک شت نین. نوێلیبەڕالیزم سەرچاوەش له تۆژینەوەی ئابووری و سیاسەتناسیی فێرگەی ئەمریکیی Public Choice ـەوە گرتووە. لێرە دەگوترا گەورەبوونی لابەشی حکوومەتی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرژەوەندییە خۆویستەی بیرۆکراتی هەیەتی نەک بۆ خواستی وەڵاتیان[55]. جگە لەوە تۆژکاران گومانیان لەوەش هەبوو میکانیزمی بڕیاردانی سیاسی توانای هەبێ ببێتە ڕەنگدانەوەی خواستگەل Preference ی تاکەکەسان.

سێیەم سەرچاوەی ئیلهام بۆ نوێلیبەڕالیزم فەلسەفەی سیاسی بوو. هەمدیس فەیلەسووفان کەوتنە سەر باسی سنووری نێوان مافگەلی تاکەکەسان و مەودای

---

[54] Milton Friedman به هاوکاریی هاوسەرەکەی خۆی Rose Friedman بەرهەمی ئایدیۆلۆژی – سیاسیی نووسیوە. لێرەدا ئاماژە دەکرێ بۆ: 1962 *Capitalism and Freedom* تەرجەمەی سوێدی هەیە به ناوی *Kapitalism och frihet*. جگە لەوەش *Free to Choose* تەرجەمەی سوێدی هەیە بەناوی Frihet att välja (1981).

[55] Leif Lewin لە: *Det gemensamma bästa. Om egenintresset och allmanintresset i västerländsk politik*, 1988 بنەماگەلی ئەزموونەکی ئەم تیۆرییە شیتەڵ دەکاتەوە و دەیانخاتە بەر پرسیار.

ڕەوای چالاکیی دەسەڵاتی دەوڵەت. نۆزیک Robert Nozick[56]-ی فەیلەسووفی زانکۆی هارڤەرد Harvard ناوی هەرە دیاری لایەنی نوێلیبەڕالە لەم گفتوگۆیەدا. ناوی ئەم گرێدراوی بزاڤی ئازادیخوازی ئەمەریکایە، کە دەخەبتێ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕادیکالانە دەسەڵاتی دەوڵەت سنووربەست بکات.

لوێپاژ Henri Lepage ی فرانسی سەرلەبەری ساختمانی نوێ تیۆریکەی داڕشتووە. کتێبەکەی Lepage «سەرمایەدارەتیی سبەی» *Demain le Capitalisme (1978)* [57]بووەتە بەربڵاوترین پارێزنامە لە ئایدیۆلۆژیی نوێلیبەڕال.

شانرخاندن

نوێلیبەڕالیزم نرخاندنی خۆی لە دوو نەریتدا ڕیشەچێن دەکات، هەردوو سەربە لیبەڕالیزمی کۆنترن. باوەڕی مافگەلی مرۆڤایەتی، کە بە مافگەلی نەشکێن و نەفرۆش [لە شکان، بەزاندن و فرۆشتن نەهاتوو] ی تاکەکەس لێک دەدرێتەوە، سەرچاوەی لە فەلسەفەی لیبەڕالی سەدەی حەڤدەیەم وەرگرتووە کە دژ بە دەسەڵاتی ڕەهای دەوڵەتی ئەو سەردەمە بوون. هەر ئەو چەکەی جاران دژ بە میری تاکفەرمان تیژ دەکرایەوە، ئەمجا نوێلیبەڕالیزم دژ بە دەوڵەتی خۆشگوزار خستییە کار.

لە سەردەمی ڕۆشنگەری Enlightenment دا فەیلەسووفان مافی سرووشتەکییان، واتە مافی ژین، ئازادی و موڵکایەتی، دەبردەوە بۆ دۆخێکی خیاڵکرد هێشتا تاکەکەس تێیدا نەگەیشتبوە ئەوەی لە جڤاتدا کۆببێتەوە و دەوڵەت دامەزرێنێ. فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری بە خەیاڵ ڕێکەوتنێک - پەیمانێکی جڤاکی - یان داڕشتبوو گۆیا لە نێوان تاکەکەساندا هاتۆتە بەستن و مافگەلی مرۆڤایەتی لەو پەیمانەدا نەخشێنراون.

---

[56] بڕوانە: R. Nozick, *Anarchy, State and Utopia,* 1974، تەرجەمەی سوێدی هەیە: *Anarki, stat och utopi*

[57] ساڵی 1980 تەرجەمەی سوێدی کراوە بە ناوی *I morgon kapitalism*.

نوێنەرانی فەلسەفەی نوێلیبەڕالیزم، بۆ نموونە Robert Nozick ی ئەمریکایی، ئەم ڕێبازی بیرەیان گرتە بەر. نۆزێک دەگەڕێتەوە بۆ لۆک John Locke ی سەدەی حەڤدەیەم، کە یەکەم فەیلەسووف بوو بەڵگەکاریی تیۆرییانە بۆ داخوازیی ئازادیی لیبەڕالانە دارِشت. نۆزیکیش، وەک لۆک، پێی وایە تاکە خاڵ بۆ دروستاندنی دەسەلاتی دەوڵەت دەست بدات هەر دابین کردنی مافگەلی تاکەکەسانە. لەبەر ئەوەی هەموو جۆرە ڕێکخستنێکی سیاسی هەر دەکاتەوە پێشێل کردنی مافی خۆبڕیاردانی سروشتەکیی تاکەکەسان، نۆزێک، دەگاتە هەڵسەنگاندنێک، خۆی ناوی ناوە دەوڵەتی ژێرپەڕ Minimum. مەبەستیش لێی بچووکترین ڕێکخستنی سیاسیی دەسەلاتدارە کە بتوانێ مافگەلی تاکەکەسان بپارێزێ.

نۆزیک لە دۆزێکی دیکەشدا پەیڕەوی لۆک دەکات ئەویش داکۆکییە لە موڵکایەتیی تاکەکەس و وەک مافێکی سروشتەکی و پیرۆز – نابێت پێشێل بکرێت. مەرجی وەدەستهێنانێکی دادپەروەرانەی موڵکایەتیی ئەوەیە مافگەلی کەس نەشکێنرێ و هیچ نارەواییەک ڕوو نەدات. دیسان لە ژێر مەرجی وەهادا گواستنەوەی هەمان موڵکایەتی ڕەوایە. لەبەر ئەوە مافی ئەو موڵکایەتییە مافێکی پیرۆزە - نابێ پێشێل بکرێت. ئەم «گواستنەوە ڕەوا» یە بەڵگەی نۆزیک – ـە دژ بە بیرۆکەی «دادپەروەریی دابەش»، واتە دژ بە دابەشینەوەی موڵکایەتی کە بەڵگەی سەربە سۆسیالیزم یان سەربە لیبەڕالی جڤاکی بە دواوەیە. بیرۆکەی «دادپەروەریی دابەش» داکۆکییەکی ڕووپۆشراوە لە بێدادی، لەبەر ئەوەی دەست درێژی دەکاتە سەر مافی تاکەکەس لە موڵکایەتییەک پەیدا کردنی ڕەوا بووە.

باوەڕی مافگەلی سروشتەکی باوەڕێکە سەربە نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە. نۆزیک و نوێلیبەڕالانی دیکە نایەن ئاشکرا Explicit لافی ئەوە لێ بدەن کە نرخاندنی خۆیان لە ڕووی ئۆبژەکتیڤەوە دروستە، بەڵام داکۆکی دەکەن لەوەی مرۆڤ دەبێ ڕەفتاری بە جۆرێک بێت، بوونی مافگەلی سروشتەکی بۆ تاکەکەس بسەلمێنێت.

بەڵگەی دووەم سەرچاوەی لە لیبەڕالیزمی ئابووریی کلاسیک، بەتایبەتی ئادەم سمیت Adam Smith ـەوە، گرتووە. لە ڕووی تیۆرییەوە وردەکاریی کەمترە بەڵام بە کورتی دەڵێ مرۆڤ دەبێ دەرفەتی هەبێ، بێ کۆسپ، ژیانی خۆی دارِێژێ و ئاواتگەلی خۆی بێنێتە دی. بازاڕ، یان سەرمایەداریەتی، ئەو دەرفەتە دەڕەخسێنێ. Henri Lepage

دەنووسێ: «لیبەڕالیزم ئەوەی کردووەتە ئامانج کە زۆرترین ژمارەی شیاو لە خەڵک زۆرترین دەرفەتی شیاویان بۆ بڕەخسێ شێوەی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن». ئەمەی گوترا دێتە دی گەر:

1 - هەموو ئەندامانی جڤات بیسەلمێنن کە سامان سنووردارە؛
2 - دەرفەت هەبێ هەر مرۆڤێک خواستگەلی تایبەت بە خۆی هەبێ؛
3 - خواستگەلی تاکەکەس و گرووپان، لەوەی ئازادانە شێوەژیانی خۆیان هەڵبژێرن - بەو مەرجەی نەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافی تاکەکەس و گرووپانی دیکە — بە ڕیسوا کردنی ئاکارەکی ڕێبەست نەکرێن.

سەرمایەدارەتی لای Lepage ئامرازێکی بێلایەنە بۆ ڕاستاندنی نرخاندن و ئاواتگەلی خەڵک. جگە لەوەش سەرمایەدارەتی پێوەری نرخاندنی تەواو نوێشی لەلا نامۆ نییە. لیبەڕالان بۆ داکۆکی لە ئایدیۆلۆژیی خۆیان دەبێ دەست هەڵگرن لە ئاماژە کردن بە چوستی Efficiency ی ماددیی سەرمایەدارەتی. ئێستا نرخاندنی ماددیی هەتا دێ پێشەمییان دادەبەزێ. «کەواتە گرنگە ڕوونی بکەینەوە کە خەڵک هەر ئامانج و خواستگەلێکیان هەبێ، ماددیی بن یا دونیابەدەر، پارەکی Pecuniary یان ...هتد تەنها سیستەمی سەرمایەدارانەیە دەتوانێ بە کەمترین مەسرەف دەرفەتی ڕاستاندنی شێوە ژیان بڕەخسێنێ بۆ گەورەترین ژمارەی شیاوی خەڵک».

Lepage دەڵێ، چەمکی «بەرژەوەندی گشتی» بۆ خۆی بێناوەڕۆکە و نایەتە ناساندن. ئەوەی بوونی هەیە تەنها بۆچوونی جودایە دەربارەی ماکی بەرژەوەندی گشتی. تاکە بەرژەوەندێکی گشتی گەر هەبێ ئامانجی دۆخێکە میکانیزمی تەواو دروستی ئاڵوگوڕ تێیدا کارا بن. کەواتە باشترین شێوەی پاراستنی بەرژەوەندی گشتی لەوەدایە هەوڵ بدەین ئەوەندەی دەکرێ میکانیزمی ئاڵوگۆڕ بدەینەوە بە جڤات، هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەزانین کە ناکرێ بگەینە پلەی بێگەردی.

بەڵگەی سەربە سوودخوازەتی کە دەڵێ: «زۆرترین بەختەوەریی شیاو بۆ زۆرترین ژمارەی شیاوی خەڵک» لە بەرهەمی نوێلیبەڕالدا بەکار نایەت. لەوە دەچێ هۆی ئەم بەکار نەهێنانە لەوەدابێ سوودخوازەتی بە ئاشکرا لەگەڵ لیبەڕالیزمی جڤاکیدا خۆی گونجاندبێ. نوێلیبەڕالان سەرگەرمی دەرفەتن بۆ هەموو تاکەکەسێک ئاواتگەلی خۆی

تێدا بڕاستێنێ، نەک بۆچوونی سوودخوازەتی کە دەڵێ بەختەوەریی تاکەکەسان و گرووپان دەبێ بەرانبەر یەک بێتە هەڵسەنگاندن.

مرۆڤنۆڕی

نوێلیبەڕالیزم دەگەڕێتەوە بۆ لیبەڕالیزمی کۆنتر کە دەڵێ مرۆڤ بوونەوەرێکی هۆشەکییە، توانایەکی یەکجار باشی هەیە بەرژەوەندی خۆی هەڵسەنگێنێ و کاری خۆی لە بازاڕدا هەڵسووڕێنێ. لەم ڕووەوە خەڵک بە یەکسان دادەنرێن.

بەڵام بناخەی مرۆڤنۆڕیی نوێلیبەڕالیزم ئەوەیە دەڵێ مرۆڤ لە هەموو لایەنێکەوە جودان و وەهایش باشە هەر وا جودا بن. بە دیدی نوێلیبەڕالان مەزنایەتیی مۆدێلی بازاڕ لەو خاڵەدایە. ئەمیانە دەبێتە ئەو سیستەمەی خەڵک دەتوانن جوداوازیی خۆیانی تێدا بڕاستێنن. وەک Robert Nozick جەختی لەسەر دەکات، هیچ هۆیەک نییە وەهامان لێ بکات بڕوا بهێنین نە بەوەی فڵانە جڤات دەشێ بکرێتە نموونە بۆ هەر هەموو، نە بەوەی ئیدیالێک هەیە لای هەموان هاوکۆ بێت.

نوێلیبەڕالیزم خەم لەوە ناخوات ئەنجامی میکانیزمی بازاڕ بۆ تاکەکەسان وێکچوو نییە. وەک لە سەرەوە باسمان کرد نۆزێک بەڵگەی سەربە مافی سروشتەکی دەهێنێتەوە دژ بەوەی دەوڵەت بکەوێتە دابەشینەوەیەک لە نێوان تاکەکەساندا. مێتودی دابەشینەوەکە مەرجن. گەرچی پارەکە لەلایەن دەوڵەتەوە دێتە دابەشینەوە دەبێ مەبەستی ئەو هەنگاوانە بۆ ڕاهێزانی میکانیزمی بازاڕ بێت.

لایەکی دیکەی مرۆڤنۆڕی بریتییە لە باسی ئەوەی ئایا دنەدەری ڕەفتاری خەڵک چییە. Milton Friedman پێی وایە بەرژەوەندی خۆ یەکەم بزوێنە، بەڵام ئەمە نابێ بە «خۆپەرستی کورتبینانە Myopic» لێک بدرێتەوە. فریدمان لای ناجۆرە کە وێنەی «مرۆڤی ئابووری» ی نێو باوەڕی ئابووریی سیاسی بشێوێنرێ بەوەی مرۆڤ ببێتە «کەمێک زیاترە لە ماشێنێکی ژمێریار کە تەنها بە دنەدەری پارەکی دەبزوێ». بەرژەوەندی خۆ، بە دیدی فریدمان، دەکاتەوە گشت بەرژەوەند و نرخاندنێکی خەڵک مەبەستیانە گەشە بکات. زانستکار، موژدەکار یان مرۆڤدۆست هەر یەکەیان

بەرژەوەندی جودا دەیان بزوێنێ. فریدمانیش وەک Lepage بە توندی جەخت دەکات لەسەر ئەوەی گشت بەرژەوەند و نرخاندنێک دەبێ دەرفەتی دەربڕین و ڕاستاندنیان هەبێ. ئەمەش لە جڤاتێکدا باش سەردەگرێ کەمترین ڕێساکاری و دەست تێوەردانی دەوڵەتی تێدا بێ. بەگشتی فریدمان خۆی تەواو بێلایەن دەگرێ لە نێوان نرخاندن و بەرژەوەندی جودای بزوێنەری خەڵک.

## گرینگترین یەکەی جڤات

ناکۆکیی سەرەکی لە نێوان تاک و دەوڵەتدایە. ئازادیی ڕەفتار و ئازادیی هەڵبژاردنی تاکەکەسان دەبێ لە هەموو بارێکدا ڕێگەی بۆ ساز بکرێ. دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی مۆدێرن، بە خۆی و بە بێرۆکراتی و ڕێساکاریی خۆیەوە، لە هەموو بارێکدا دەبێ خەباتی دژ بکرێ. نوێلیبەڕالیزم مۆرکی دوژمنایەتیی سازمانگەلی هاوبەرژەوەند و جڤاتی دیکەی پێوەیە. سازمانگەلی هاوبەرژەوەند یەکسەر دەبرێنەوە بۆ دەوڵەتی هاوچەرخی هاوئەرکەتییانە، کە بووتە هۆی دروست بوونی چینێکی خاوەن سەرماف لە سیاسەتمەدار و کارمەندانی لایەنی فەرمی. Lepage دەڵێ زیادبوونی دەسترۆیی دەوڵەت بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیک هاوئەرکەتی زیاد دەکات. «دیاردەی دەسەڵاتی دەوڵەتیی سەردەست و بەهێز دەبێتە هۆی پەیدابوونی دۆخێکی وەها بەرژەوەندی وەڵاتیان لەوەدا بێ خۆیان بەسەر دەوڵەتدا زاڵ بکەن لە بری ئەوەی هەوڵ بدەن پەیوەندی خۆیان لەسەر بناخەی ئاڵوگۆڕی هاوسەنگ هەڵنێن کە زێدەنرخی بۆ گشت لا تێدایە».

## مێتودی گۆڕینی جڤات

نوێلیبەڕالیزم دەیەوێ بە پلەی یەکەم شاقانوون، دەستوور، بەکار بهێنێ بۆ ڕاهێزانی پاراستنی تاکەکەس بەرانبەر دەسەڵاتی دەوڵەت. پێڕەوی کردنی دەستوور دەبێ بخرێتە ژێر چاودێریی دادگەیەکی دەستوورەکیی بەهێز بێلایەنەوە. ئەوجا Milton Friedman دەیەوێ خاڵە گرنگەکانی ئابووری مەنیتارستانە لە دەستووردا بچەسپێنێ.

«مافگەلی ئابووری» بە ڕادەی کەتەلۆگی «مافگەلی وەڵاتی» گرنگە. لەم پێشنیازی دەستووری ئابووریی فریدماندا هاتووە: بنەبان (ئاستی هەرە بەرز) ی باج دیاری بکرێ، باج گرتنی سەرکەوتە قەدەغە بێ، باج گرتنی taxation ی کۆمپانیا قەدەغە بکرێ، سنووربەستنی هەڵکشانی بڕی پارە (کە شاخاڵە لە باوەڕی مەنیتاریزمدا)، گومرگ و ڕێسابەستی هاوردن Import قەدەغە بکرێ، ڕێسابەستی نرخ و مووچە قەدەغە بکرێ.

Lepage دەنووسێ، ئەگەر ئێمە ئێستا سیاسەتێکی لیبەڕالی دروست لە فرنسەدا پیادە بکەین «ئەوا دەبێتە هۆێ یان بەرپابوونی شۆڕش یان ناچاربوونی دیکتاتۆریەتی». لەبەر ئەوە نوێلیبەڕالان دەبێ ستراتیژێکی دووربیانانە و ڕیفۆرمیستانەیان هەبێ. «بووژانەوەی سەرمایەدارەتی تەنها یەک ڕێگەی هەیە ئەویش فراژووتنێکی خۆڕسکی بیرکردنەوە و هەڵوێستی خەڵکە». ئامانجی نوێلیبەڕالان تەنها پلەپلە لە ڕێی ڕۆشن کردنەوەی سیستەمبەندەوە دێتە دی. یەکسەر گەڕانە بۆ Laissez Faire کارێکی داکەوتنەبین (ناوقیعی) و دژەجڤاکییە. «مەبەست ئەوەیە کاری وەها بکرێت کە جڤات خۆی وردە وردە داخوازیی خۆی لە چارەسەر کردنی دەوڵەتی کەم بکاتەوە».

## شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

سیستەمی نوێنەرەکی لە دێمۆکراتیی ڕۆژاوادا لەسەر ئەم مۆدێلە ساکارەی خوارەوە بونیات نراوە. دەنگدەران لە هەڵبژاردنی گشتیدا خواستگەل Preference ی خۆیان دەردەبڕن، ئەم خواستگەلەش پاشان لەلایەن نوێنەرانی گەل و لەلایەن حکوومەتەوە دەکرێتە بڕیار. ئەوجا سەرەی سازمانی کارگێڕە بڕیارە سیاسییەکان وەها پیادە بکات ئەنجامەکەی لە تەک خواستی دەنگدەراندا یەکانگیر بن.

نوێلیبەڕالیزم هەموو تاکە باڵێکی مۆدێلی دێمۆکراتیی نموونە دەخاتە بەرگومان و لە زۆر دۆزیشدا سەرلەبەری مۆدێلەکەش دەخاتە بەرگومان. زۆربەی بەڵگەشیان کە

سەرچاوە لە فێرگەی *Public choice* ەوە دەگرن، دەڵێن بازاڕ لە سیستەمی سیاسی چاکتر دەتوانێ ئاواتی تاکەکەسی ڕەچاو بگرێ[58]. ئەو ڕەخنانەی لە دەزگەی بڕیاردانی سیاسی دەگیرێ لەم سێ خاڵەدا کۆ دەبنەوە:

1- لە هەڵبژاردنی گشتیدا، دەنگدەران هەڵوێست تەنها لە سەرلەبەری پاکەتی بڕیار (پرۆگرامی حیزبی) دەگرن. دەنگدەران ناتوانن کار لە ناوەڕۆکی پاکەتەکە بکەن. ئەو دەنگدەرانەی سەربە زۆرینەی سیاسی نین خواستگەلیان ڕەچاو ناگیرێ.

2- دەشێ باری پەرلەمانی و پرۆسەی دەنگ دانی پەرلەمانی سەر بنێن بە بڕیاری وەهاوە ڕێک نەکەوێت لەگەڵ ئامانجی دەنگدەراندا (تەنانەت هی زۆرینەش). لێرەدا نوێلیبەڕالیزم پەنا دەباتە بەر ڕەخنەی فێرگەی *Public choice* لە ڕێساگەلی ئێستای دەنگ دان و پەناش دەباتە بەر ئەوەی پێی دەگوترێ پارادۆکس Paradox ی دەنگ دان-ی Kenneth Arrow، کە دەڵێ هیچ سیستەمێک جێی دڵنیابوون نییە لەوەی بتوانێ خواستگەلی تاکەکەسان تەرجەمەی بڕیاری کۆگەرا بکات.[59].

3- بۆچونێکی دەڵێ کارگێڕی فەرمی بڕیاری ئۆرگانی فەرمی جێبەجێ دەکەن، ناکرێتە دەرەوە. بەر لە هەر شتێک، لەبەر ئەوەی فەرمانگەکان پاواندارن (مۆنۆپۆلدارن)، بەر ڕکابەری ناکەون. فێرگەی *Public choice* بە پشتیوانی William A. Niskanen ی ئابووریناسی ئەمریکایی، دەڵێ کارگێڕیش وەک هەموو سازمانگەلێکی دیکە لەلایەن بەرژەوەندی خۆیەکیی ئەندامانیەوە دەبرێ بەڕێوە. کۆمپانیای نێو بازاڕ ئامانجی ئەوەیە قازانج بگەیەنێتە ژووریەڕ، فەرمانگەی فەرمیش ئامانجی ئەوەیە بودجە بگەیەنێتە ژووریەڕ. بەرژەوەندی خۆیەکی کارمەندان (پێگە، مووچە، مەودای بەرز بوونەوە) وەها دەخوازێ سازمانەکە گەشە بکات، واتە بودجەی زیاد بکات.

---

[58] بۆچوونەکانی فێرگەی *Public Choice* لەلایەن Gordon Tullock ەوە، لە شێوەیەکی گەلێردا، لە کتێبی *Den Politiska marknaden* (تەرجەمەی سوێدی، 1982) بڵاو کردەوە.

[59] گریمان سێ بەدیلی ڕکابەری یەک هەن بۆ بڕیار دان: x, y, z. پارادۆکسی دەنگ دان، بۆ نموونە دەڵێ تەنانەت ئەگەر بڕیاری x زۆرینەی دەنگی هەبێ بەسەر بڕیاری y دا و y زۆرینەی دەنگی هەبێ بەسەر بڕیاری z، ئەمە بۆ خۆی نابێتە هۆی ئەوەی بڕیاری x زۆرینەی هەبێ بەسەر بڕیاری z دا.

بەڵگەی سێیەم دەڵێ: پێشنیازی ڕیفۆرمیستانە، کە دەخرێنە بەردەم هەڵبژاردن دەنگیان لەسەر بدەن، لایەنی کارگێڕی دارێژەریتی. لەبەر ئەوە زۆر چاک دەشێ بڵێین نموونە مۆدێلی دیمۆکراتی ڕێگەیەکی پێچەوانەی گرتووەتە بەر: لایەنی کارگێڕی پێشنیازی ڕیفۆرمیستانە ڕەپێش دەخات، ئەم پێشنیازگەلە لە پارتی و سازمانە سیاسییەکاندا ڕیشەچین دەکرێن و پاشان ئەمان بازاڕی ئەم پێشنیازانە لای دەنگدەران گەرم دەکەن.

هاوسەران Milton و Rose Friedman لەم بەراوردەی خوارەوەدا، لە نێوان دەنگدەر و باری بەرهەمبەردا سیستەمی بڕیاری سیاسی بەرەنگاری میکانیزمی بازاڕ دەکەنەوە:

«حوکومڕانیی زۆرینە شیرازەیەکە هەم پێویست و هەم جێی تەما. بەڵام ئەمیان تەواو جودایە لەو ئازادییەی هەتە لە کاتی کڕیندا. ساڵی جارێک کە دەچیتە ژووری دەنگ دانەوە بەگشتی دەنگ بۆ پاکەتێک دەدەیت نەک بۆ دۆزێکی بەرجەستەی تایبەت. ئەگەر سەربە زۆرینە بیت ئەوا لە باشترین باردا دەسکەوتت بریتیە هەم لەوەی پەسەندە بەلاتەوە و هەم لەوەی ناپەسەندە بەڵام پێت وەها بووە کەمسەنگترە. بەگشتی ئەنجامەکەی دەبێتە شتێکی جودا لەوەی پێت وابوو دەنگت بۆ داوە. خۆ ئەگەر سەربە کەمینە بیت ئەوا ناچاری دیدی زۆرینە بسەلمێنی و چاوەڕوانی ڕۆژێکی دیکە بیت بەخت تێیدا یار بێت. بەڵام لە بازاڕکاریدا ڕێک ئەوت دەسکەوت دەبێ کە دەنگی بۆ دەدەیت، بۆ خەڵک دیکەش هەر وەهایە. سندووقی دەنگ دان وێکچوون Conformity ی بێ ڕێککەوتن Unanimous دەهێنێتە کایەوە. بازاڕ ڕێککەوتنی بێ وێکچوون دەهێنێتە کایەوە. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی ئەوەی سندووقی دەنگ دان هەتا دەکرێ دەبێ بۆ دۆزی وەها بخرێتە کار کە وێکچوونی تێدا پێویستە».

دەرئەنجامیش لێرەدا ئەوەیە میکانیزمی بڕیاری سیاسی بە پلەی یەکەم دەبێ لە سنووری سێ بوارە کلاسیکەکەی دەسەڵاتی سیاسیدا بمێنێتەوە: بواری دادگەری، ئاسایش و بەرگری. لە بوارەکانی دیکەدا میکانیزمی بازاڕ بخرێتە کار لەبەر ئەوەی لەبارترن بۆ هێنانە دی خواستگەلی تاکەکەسان. ئەمەش مانای ئەوە نییە نوێلیبەڕالیزم مەبەستیەتی دەوڵەتی «شەوپاسەوان» ی کۆنەلیبەڕال تازە بکاتەوە.

مەبەست ئەوەیە ئەو برە پارە فەرمییەی بۆ لایەنی کارگێرِیی فەرمی تەرخان دەکرێ بگوێزێتەوە بۆ بەرهەمبەران.

سازمانی ئابووری

ئامانجی نوێلیبەرالیزم هەڵوەشاندنەوەی رێسادانانە، کەساندنی [ئەهلی کردنی] چالاکی فەرمییە و هەروەها سەپاندنی مێتودی بازاراسایە لەو بەشە فەرمییانەی دەمێنن.

هاوسەرانی Friedman، سەرچاوە لە Adam Smith ەوە دەگرن و چوار بواری رەوا بۆ چالاکی دەوڵەت دیاری دەکەن.

1 -یەکەمیان ئاسایشی کەسەکییە لە نێو وەڵاتەکەدا و بەرگرییە لە ئاست پەلاماردانی وەڵاتی دیکە.
2 -دووەمیان سەپاندنی شیرازەی دادگەری و رێساگەلی سەرەکیی هەڵکردنی نێو جڤاتە.
3 -بواری سێیەم بریتییە لەو چالاکییانەی بۆ سەرانسەری جڤات بەسوودن بەڵام بۆ تاکەکەس سوودی بازارییان نییە تا بیانگرێتە ئەستۆ.
4 -بواری چوارەم پاراستنی ئەو کەسانەیە کە ناتوانن خۆیان بپارێزن، بۆ نموونە منداڵ.

بە بۆچوونی هاوسەرانی فریدمان پێوانەی جودا کردنەوەی ئەرکەکانی دەوڵەت لە هی بازار لێرەدا پەیدان.

باشترین نموونە بۆ سیاسەتی نوێلیبەرالانە لە یەکێک لەو بوارانەی رەوایە دەوڵەت بیگرێتە ئەستۆ پێشنیازەکەی Milton Friedman ـە دەربارەی کۆپۆنگی خوێندن. لە رێی سیستەمی کۆپۆنگی خوێندنەوە هەموو کەسێک برێک پارەی بۆ تەرخان دەکرێ بۆ خوێندن. ئەوجا دەکرێ ئەم کۆپۆنگانە لەو فێرگەیە ورد بکرێنەوە و بەکاربهێنرێن کە خوێندکار و خێزان پێیان باشە. ئەم شێوەیە بە پارەی باج مەسرەفی بازارێکی

خوێندن دەکرێ کە ڕکابەری تێدایە. ڕکابەرییەکەش لێی چاوەڕێ دەکرێ ببێتە مایەی هەم بەرز کردنەوەی ئاستی خوێندنەکە و هەم ئازادیی هەڵبژاردن بۆ بەرهەمبەران. گەر مەبەستیش ئەوە بێ لە ڕێی سیاسەتەوە جۆرە ژێرپەڕ Minimum یێک دابین بکرێ، ئەوا جۆرە کۆنترۆڵێکی فەرمی فێرگەکان دەشێ پەسەند بکرێ. لیبەڕالی دیکە هەیە، بۆ بواری وەک ساخڵەمی (تەندروستی)، پێشنیازی سیستەمیان کردووە لە بابەتی کۆپۆنگ و پێی دەگوترێ «مافی ڕاکێشان».

پێشنیازی سێیەم، کە Lepage ئاماژەی بۆ دەکات، دروست کردنی «مافگەلی موڵکایەتی» ی نوێیە و لەویشەوە بازاڕی نوێیە، بە نموونە بۆ ژینگەپارێزی. لە بری ڕێسابەست دەشێ دەوڵەت «بڕێکی کەسەکی لە هەوا پیس کردن» دابەش بکات بەسەر هەموو کەسێکدا، ئەمانەش دەکرا پاشان بێنە کڕین و فرۆشتن. ئەوجا، لە بری ئەوەی «کارمەندان یان دەستەی گوشاربەر لە پێتەخت» بڕیار بدات، هێزی بازاڕ کارێکی دەکرد جۆری هەوای هەر ناوچەیەک بە گوێرەی خواستی خەڵکی ناوچەکە بێت.

ئوتوپیا

میکانیزمی بازاڕ بە دیدی نوێلیبەڕالیزم دەزگەیەکی تەواو بێلایەنە لە ئاست خواستگەلی تاکەکەساندا، هەرچییەک دەبن با ببن. کەواتە بازاڕ بە چێوەیەکی ڕووت دادەنرێ. پڕ کردنەوەی ئەم چێوەیە بە ناوەڕۆک ئەرکی تاکەکەسانە. کەواتە ئوتوپیای نوێلیبەڕالیزم بەوە دێتە دی دەوڵەت پاشەکشە بکات و دەرفەت بۆ بازاڕی بڕەخسێنێت.

Henri Lepage دەڵێ، سەرمایەدارەتی تاکە سیستەمە بتوانێ لە نێوان داخوازییەکانی تاکەکەساندا باشترین ڕێگە بدات بەدەستەوە. بەوەش Lepage ئوتوپیای نوێلیبەڕالیزم بە سەرمایەدارەتییەکی ڕیفۆرمکراو دیاری دەکات کە دەرفەت

دەرەخسێنێ بۆ ئەوەی «ژمارەیەکی ژوورپەڕ لە خەڵک برێکی ژوورپەڕ لە خواستگەلیان براستێنن بە ڕادەیەکی ژێرپەڕ لە خەرجی و کاری زۆرەملێ».

Robert Nozick هەنگاوێکی دیکەش ئەم بۆچوونە سەر دەخات. «دەوڵەتی ژێرپەڕ» کە بە دیدی ئەم لەگەڵ مافگەلی تاکەکەساندا یەک دەگرنەوە، دەبا ببێتە چێوەیەک بۆ ئەزموونگەیەکی مەزن، ئەزموونگەیەک گشت ئوتوپیا سیاسی و جڤاکییەکانی تێدا بەکردەوە بخرێنە ژێر ئەزموونەوە. «وێنادار و خەیاڵباز، شێت و فریشتە، ڕاهب و هەوەسباز، سەرمایەدار، کۆمیونیست و سۆسیال دێمۆکرات» و گشت گرووپانی دیکە دەرفەتیان بۆ بڕەخسێ وێنای خۆیان براستێنن و نموونەیەکی سەرنج ڕاکێش هەڵبنێن. جڤات بەو جۆرە دەبێتە ئەزموونگەی پیادە و چاک کردنی وێنای بیر سیاسی.

«بەشێکیان پشت گوێ دەخرێن، بەشێکیان بەردەوام دەکۆشن، بەشێکی دیکە دیسان لەتلەت دەبن، بەشێکیان دەگەشێنەوە، ئەندام پەیدا دەکەن و لە جێگەی دیکە کۆپی دەکرێن. هەموو کۆڕێک دەبێ پشتیوانیی خۆکارانەی ئەندامەکانی ڕابکێشێ و بپارێزێ. هیچ نەخشێک بە زۆر بەسەر کەسدا ناسەپێندرێ و ئەنجامیش دەبێتە یەک نەخشە، ئەگەر و تەنها ئەگەر، هەموو لایەک خۆکارانە ئەو گوزەرانە بسەلمێنن».

# 12- ئێکۆلۆژیزم Ecologism

ئێکۆلۆژیزم (ژینگەناسی) ئێستا لە ئاستی فرەمیللیدا زاراوەیەکە بیرورِا و بزاڤی وەها دەگریتەوە بە ناوی خەباتی ژینگەپارێزیەوە داوای رێکخستنەوەیەکی رادیکالانەی جڤاتی پیشەسازیی رۆژاوا دەکات. ئێکۆلۆژیزم خۆی پێی وایە رەهەند Dimension ی نوێی وەهای بە سیاسەت بەخشیوە لەگەڵ پێوەری «راست و چەپ» ی باوی ئێستا ناگونجێ. ئەم گوتەیە لەلایەن تۆژکارانی سیاسەتناسییەوە سەلمێنراوە. داخوازیی ئەم رەهەندە نوێیە، بە پێچەوانەی هەوڵی جڤاتی پیشەساز کە مەبەستی گەشەندە، بە پلەی یەکەم بریتییە لە داخوازیی هاوسەنگیی ژینگەناسانە. زۆر جاریش دەگوترێ دیسەنتەراڵاندن وەک رەهەندێکی نوێی سیاسی زادەی ئێکۆلۆژیزمە. ئەم گوتەیەش لەوەوە هاتووە کە هەموو ئایدیۆلۆژی سیاسییەکانی دیکە، لە چەپەوە بۆ راست، روویان لە پیشەسازی مەزن، گەشەندی ئابووری و دەسەڵاتی سەنتەراڵی دەوڵەتە.

روانگەی سیاسەت- مێژووی بیر ئەمە بە رەهەندێکی نوێ دانانێت. وا چاکە بگوترێ داخوازیی هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیستانە بووەتە شابەڵگەیەکی دیکە بۆ دیسەنتەراڵاندن، دێمۆکراتیی کۆمپانیا و خۆفەرمانی لە یەکەی جڤاکیی بچووکدا، ئەمەش داخوازیەکە زووتر لە نێو ئەنارکیزم، سەندیکالیزم، سۆسیالیزمی پۆلێر Guild Socialism و تەنانەت لە نێو چەپی نوێشدا هەبووە.

کاریگەریی چەپی نوێ لێرەدا بەرهەستە، تەنانەت بەشێکی گەورەی بەرنامەی فێمینیستانەش تێکهەڵکێشی ئێکۆلۆژیزم کراوە، هەر نەبێ لەو دەمەوە کە ئەم بزووتنەوانە لە 1970 کاندا هاتنە مەیدانی کاری پەرلەمانییەوە. لێرەدا چەند رێچکە بیرێکی نوێنەرەکیی نێو ئێکۆلۆژیزم دەخرێنە بەر باس، نموونەکانیش لەلایەک لە فەیلەسووفی نۆروێژی ئارنە نێس Arne Naess و لەلایەک لە پرۆگرامی پارتی ئێکۆلۆژیستانەی ئەڵمانییەوە وەرگیراون. ئارنە نێس سیستەمێکی فەلسەفی سەرلەبەری دارِشتووە و ناوی ناوە ئێکۆسۆفی Ekosofi.

لە سوێد Per Gahrton ی جڤاتناس یەکەم هەنگاوی جیددی هەڵنا بۆ دارِشتنی ئایدیۆلۆژیایەکی حیزبییانەی ئێکۆلۆژیستانەی سوێد[60].

---

[60] ئێکۆسۆفیی ئارنە نێس ساڵی 1973 لە کتێبێکدا کۆکرایەوە بە ناوی *Økologi, samfund* og livsstil، تەرجەمەشی هەیە بە سوێدی *Ekologi, samhälle och Livsstil. Utkast till en ekosofi* (1981). ناوی کتێبەکەی گارتۆن ئەمەیە: *Vad vill de gröna?*

له نێو پارتگەلی ئێکۆلۆژیستاندا Die Grünen «کەسکەکان» ی ئەڵمانی جێی سیاسیی هەرە بەهێزیان گرتووە. لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیادا، کەسکەکان، لە پەرلەماندا داهێزران، لەبەر ئەوەی ئەمان دژی یەکگرتنەوەکە وەستان و ئومێدیان وابوو بیروڕای ئێکۆلۆژیستانە لە DDR ێکی نوێدا جێی خۆی بکاتەوە.

لە فرانسە ئێستا دوو پارتی ڕکابەری ئێکۆلۆژیستانە هەیە. لە سکاندیناڤیا پارتی De gröna «کەسکەکان» ی فینلاند، لە هەموان زووتر جێی خۆی لە پەرلەماندا کردەوە. لە نۆرویژ و دانمارک پارتە چەپە سۆسیالیستەکان بەرنامەی ئێکۆلۆژیستانەیان هەڵگرتەوە.

گەیشتن بە مەیدانی پەرلەمانی بووە هۆی پەیدا بوونی گرژیی سیاسی – تاکتیکی. لە نێو Die Grünen دا دوو ڕێبازی دژ بە یەک دەکۆشن. یەکیان لای وایە پاراستنی ئەمانەتی پرنسیب لە پێشترە و لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێ بنەماگران Fundos. ڕێبازەکەی دیکە، کە بە خۆیان دەڵێن داکەوتبین (واقعی) Realos سیاسەتی ئەنجامبەخش و هاوکاری لە تەک پارتەکانی دیکە دەسەلمێنن.

شانرخاندن

باوەڕی هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیستانە بنەمای ئێکۆلۆژیزمە. ئەمیان چەمکێکی سیاسییە نەک زانستی، لە ماوەیەکی زووتری دەمی گفتوگۆی ژینگەپارێزیدا سەری هەڵدا. مەبەستیش لە هاوسەنگیی ئێکۆلۆژیستانە دۆخی سروشتێکە مرۆڤ دەستی لێ نەداوە. بە دیدی ئێکۆلۆژیزم جڤاتی پیشەسازیی مۆدێرن ئەم هاوسەنگییەی تەواو شێواندووە. دەست تێوەردانی مرۆڤ هێند مەزن بووە شیرازەی سروشت خۆی هاتۆتە دەست. بڕوانە سامانی سروشت، کە بە دیدی ئێکۆلۆژیزم خەریکە نابوود دەبێ، بڕوانە ژینگە و بڕوانە سەرلەبەری شێوازی گوزەرانی مرۆڤ. ئەو جڤاتەی دەبێ جێی جڤاتی پیشەساز بگرێتەوە ئارنە نێس ناوی دەنێ جڤاتی هاوسەنگ. لە پرۆگرامی ئێکۆلۆژیستانی ئەڵمانیدا هاتووە. «مرۆڤ گەورەی سروشت نییە، بگرە دەبێ

سەرلەنوێ خۆی بە بەشێک لە سروشت بزانێ». ڕەچاو گرتنی ژینگە و ساخڵەمی «ڕەچاو گرتنی ژینی گیانەوەر و ڕووەک» لە بازاڕ، لە شیرازەی گوزەران و بەرهەمبەریی جڤاتی ئێکۆلۆژاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئارنە نێس شتێکی دیکەشی دەخاتە سەر و دەنووسێ. «ڕێز گرتنی سەرلەبەری ژیان، لە ڕووی پرنیسیپەوە هاومافیی فراژووتن بۆ گشت ژینێک، هاوشانەتی Egalitarianism لە دونیای ژینداراندا» دەستەبەر دەکات. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە مرۆڤ هیچ مافێکی تایبەتی نییە ببێتە گەورەی ژیانی بوونەوەر، ڕووەک و ئۆرگانیزمی دیکە.

لە بورای گوزەرانی جڤاکیدا گوناهی لاسەنگیی دەخرێتە ئەستۆی نە تەنها پیشەسازیی مەزن بگرە «ئابووریی ڕکابەر» و «چڕ کردنەوەی دەسەڵاتی ئابووری» یشەوە. لێرەدا ئیلهام لە سۆسیالیزمەوە ئاشکرایە، بە نموونە ئێکۆلۆژیستەکانی ئەڵمانیا دەڵێن: دادۆشینی مرۆڤ و بەدبەکارهێنانی یەکدی، لەگەڵ سیاسەتی ئێکۆلۆژیانەدا یەک ناگرنەوە.

لە سوێد، پێر گارتۆن Per Gahrton، گوتەبێژی ئایدیۆلۆژیی کەسکەکانە. ئەم ئەوەشی دەخاتە سەر کە جڤاتی پیشەسازی ئەمرۆ بێ پێوەری Anomy، واتە هەڵوەشانی جڤاکیشی بەدەمەوەیە. جڤاتێک لە خەمی گەشەندنا بێت ناکرێ خۆی لادا لەوەی مەودای نێوان ئامانجی بەختەوەربوونی خەڵک و دەستاوێژی بۆیان ڕەخساوە، فرەوان بێت. «ئاشکرایە کە تەژەند دەبێتە هۆی ئەوەی بەردەوام، ئامانج دوورتر بخرێتەوە و لە کۆشەشی پێڕاگەیشتن بەو ئامانجانە بە ناچاری خەرەندی جڤاکی، هەراسانی Frustration، دارزان، ناڕازیبوونی درێژخایەن و پەیدابوونی ”دۆڕاوان“ ی لێ دەزێتەوە. هەتا گەشەندی ماددی تیژڕەوتر بێ هەڵوەشانی جڤاکی زیاتر بەرهەستە».

تیۆریی جڤاکی دەربارەی جڤاتی پیشەساز سەرچاوەی ئەم ڕەخنانەن. ئەمانە پشتیوانی دەکەن لەو هەوڵەی ئێکۆلۆژیزم دەیدات بۆ دروست کردنەوەی ئەو داوەستان Stagnation و ئاسوودەبوونەی گۆیا لە جڤاتی بەر لە پیشەسازیدا هەبووە.

وەها باشە ئێکۆلۆژیزم بە ئایدیۆلۆژییەکی سەربە نرخاندنی ئۆبژەکتیف دابنرێ. چونکە لای وایە چەمکی هاوسەنگیی ئێکۆلۆژییانە ڕیشەی لە دۆخێکدا هەیە زانست سەلماندوویەتی و نایەتە گۆڕین. چەمکی هاوسەنگی دەبێ لە دۆخی هەمەجۆردا

لێکبدرێتەوە و براستێنرێ لەبەر ئەوە پتر خەسڵەتی دروشمی وەرگرتووە، تاڕادەیەک وەک ئەوەی «ئازادی» ی نێو لیبەڕالیزم و «یەکسانی» ی نێو سۆسیالیزمی دیمۆکرات.

گرنگترین یەکەی جڤات

ئێکۆلۆژیزم بەگشتی ئایدیۆلۆژییەکی فرەمیللیە. ئەم باوەڕە دەڵێ ڕکابەریی نێو بازاڕی جیهانی بۆ گەشەندی ئابووریی جیهانی ڕۆژاوا، جیهانی هەژاری سێیەمی کردۆتە یەکەم قوربانی. کاتێک مرۆڤ و مرۆڤایەتی بە پلەی یەکەم بە هاوژینی سروشت سەیر بکرێن ئیدی پلەی یەکەی «میللەت - ناسیۆن Nation» دادەبەزێ. سەختانگی ژینگە بە سەختانگێکی هەمەپۆش Global و دونیاپۆش دادەنرێ. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئێکۆلۆژیستان بۆ چارە کردنی سەختانگی ژینگە بە توندی پشتی خۆفەرمانیی میللی دەگرن دژ بە هێزگەلی بازاڕی جیهانی. لە نێو دەوڵەتدا دەسەڵاتی دەوڵەت دەبێتە گرنگترین ئامراز بۆ سەپاندنی قانوونی ڕژد (توند) دەربارەی ژینگە و ڕێسای ئابووری وەک پەرژینێک بەرانبەر کار تێکردنی بازاڕی جیهانی.

لە ئێکۆلۆژیزمدا چەمکی چینایەتی مارکسیستانە بەکار ناهێنرێ. لە بری ئەوە پێکهاتنی دەستەی جڤاکیی سروشتکرد بە یەکەی گرنگتر دادەنرێن. هەر ئەمانەشن دەبنە بنەمای سیاسەتی ئێستای بزاڤەکە و دیدی وی دەربارەی جڤاتی ئایەندە. جێی کار و هاوبەندیی کار نموونەن لە یەکەی سەرەکی. ناوچە، ئاوایی (بەشەشار، گەڕەک، شارۆچکە، شارەدێ و گوند) نموونەی دیکەن. پێر گارتۆن پەنا دەباتە بەر Émile Durkheim کە یەکێکە لە تیۆریستانی کلاسیکی جڤاتناسی. ئەم دەیویست بە لایەنە باشەکانی وێنەیەکی مۆدێرن لە کۆنە جڤاتی جووتیارەتی، بە جێگرێکی خێزانی گەورە، کۆڕی زەویداران، کاسبکاران و کۆڕی کڵێسە - چارەیەکی داوەشانی نێو جڤاتی پیشەساز بکات. گارتۆن ئەم جێگرە لە «جڤاتێکی نێوچەیی بەهێز» دا دەبینێ. ئارنە نێس دەنووسێ: «پەیوەندی مرۆڤانەی نێزیک کە مایەی ئاسودەیی و گەرمی بێت تەنها لە نێو دەستەی تاڕادەیەک بچووکدا پەیدایە». ئێکۆلۆژیزمی ئەڵمانی تیۆرییەکی

دەربارەی «تۆڕی بچووکی جڤاکی» ی داڕشتووە و لە سیاسەتی خۆیدا جێگەیەکی گرنگی داوەتێ. ئەم پێکهێنانەی «دەستەی بچووک» بووەتە سەرشار بۆ «دیمۆکراتیی بنەما» کە ئامانجێکی دیمۆکراتیانەی ڕادیکالی ئێکۆلۆژیزمە.

میتودی گۆڕینی جڤات

ئارنە نێس پاش هەڵسەنگاندنێکی وردی نێوان ڕیفۆرم و شۆڕش دەگات بەوەی کە «جێگر (بەدیل) ی داکەوتبین (واقیعی - ڕیالیست) ڕێگەیەکە بە ڕیفۆرمی سەرانسەریدا تێپەڕ دەبێ». دوور نییە «ڕیفۆرمی سەرانسەری» ئیلهامی لە «ڕیفۆرمی ساختارەکی» ی کۆمیونیزمی ئەورووپی و سۆسیالیزمی چەپڕەوەوە گرتبێ. نێس ئەم گریمانەیەی خوارەوەی داڕشتووە گەرچی مەبەستیشی تەنها جڤاتی خۆشگوزەرانی سکاندیناڤیایە:

«چالاکیی ڕیفۆرمیستانەی پلەداری هەتا دێ قووڵتر و بەرینتر، کە هەموو ئامانجێکی تێیدا پلەپلە ڕاوێژی لەسەر کرا بێت، دەرفەتی لە شۆڕش زیاترە دامەزراو بگۆڕێ بە جێگرێکی تەواو باشتر. پێوانەی "باشتر" یش، بە کورتی، دەکاتەوە ژیانی خۆش».

هەروەها ئێکۆلۆژیستانی ئەڵمانیش لایەنی سیاسەتی پلەدار دەگرن، هەڵبەتە بەو مەرجەی گۆڕانکاریی سەرانسەریی نێو سازمانی هەم ئابووری و هەم سیاسی ڕووی لە جڤاتێک بێت لە جۆرێکی نوێ. ئەمانە بەتەماش نین ڕیفۆرمەکانیان لە ڕێی ئاسایی پەرلەمانییەوە جێبەجێ بکەن. کەسکەکان وەک سەندیکالیست و چەپی نوێ لایەنگری «تەکی ڕاستەوخۆ» ن. شێوازی ڕێکخستن و خەباتی لەو بابەتە دەخرێنە پێش کاری پەلەمانییەوە. دەستەی تەک، بایکۆت، پرۆژەی جێگر (بەدیل)، خۆ سازدان و خۆ یاریدەر لە نێو «گرووپانی بێدەرەتان» دا، مانگرتن و داگیر کردنی کۆمپانیا. کاری پەرلەمانەتی لای کەسکەکان دەستاوێژێکە بۆ ئەوەی ویستی دەستەی تەک ببرێنە نێو پەرلەمانەوە.

ئەوجا لای کەسکەکان مەرجێکی گرنگ هەیە بۆ تەک و گرووپی تەک: دەبێ پەیڕەوی بیرۆکەی نا- دڕی بکرێ، وەک ئەوەی لە نێو بزاڤی وەڵاتیی ئەمریکاییدا پەیڕەوی دەکرا. ئارنە نێس بەتایبەتی ورد بۆتەوە لە سیاسەتی لاشەڕ (نا-دڕی) Nonviolence ی گاندی Gandhi کە لە خەباتی سەرخۆبوونی هیندستاندا پەیڕەوی دەکرا و دەگاتە ئەوەی: «تەکی ڕاستەوخۆ ئەگەر تاڕادەیەکی بەرز لاشەڕ نەبێ ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژخایەن سەرکەوتوو بێ».

شێوازی حوکومڕانیی سیاسی

«دیمۆکراتیی بنەما» ی کەسکەکان دەکاتەوە سەپاندنێکی قووڵی دیمۆکراتیی ڕاستەوخۆ لە یەکەی بچووکدا. لە سەر ئاستی میللی، دیمۆکراتیی نوێنەرەکی ڕەت ناکرێتەوە بەڵام دەبێ بە گەلپرسی تەواو بکرێ. گەلپرسی دەبێ بڕیاردەر بێ و دەبێ بە دەستپێشخەری گەل بێ، واتە ژمارەیەکی دیاریکراوی وەڵاتیان بۆیان هەبێ گەلپرسی بسەپێنن. داخوازیی سێیەم دەڵێ گەل دەبێ بتوانێ هەر کاتێک بێ لە دەمی منداتی نوێنەراندا، نوێنەری هەڵبژاردە لە نوێنەرایەتی بخات، ئەمەش هەر داخوازییەکی کلاسیکی دیمۆکراتی ڕادیکالانەیە.

سازمانی جڤات دەبێ بگونجێنرێ لەگەڵ شێوازی بڕیارەکانیدا، بە شێوەیەکی وەها کە لە سوودی یەکەی بچووکدا بێ و ژمارەیان زیاد بکات. لەبەر ئەوە دیسەنتەراڵاندن Decentralization دەستاوێژێکی یەکجار گرنگی ژینگەپارێزییە.

جگە لەوە ئێکۆلۆژیستانی ئەڵمانی داخوازییەکی ڕادیکالانەی فێمێنیزمیش دەسەلمێنن کە دەڵێ لە هەموو جێی کار و خوێندندا دەبێ جێی تەرخان بۆ ژن هەبێ. ژنان «دەبێ لە گشت بوار و گشت ئاستێکدا» پێشەمییان بدرێتێ هەتا ئەو دەمەی ڕێژەیان بەلای کەمەوە دەگاتە سەدی پەنجا.

تەنانەت بازاڕیش دەبێ سەر بۆ «دیمۆکراتیی بنەما» فروو بێنێ. کە لەم بوارەدا پێی دەگوترێ خۆکاری.

«زەوی، سامانی سروشتەکی، دەستاوێژی بەرهەم هێنان و بانک دەبێ بگوێزرێنەوە بۆ شێوازی موڵکایەتیی جڤاکیی نوێ. ئێمە ئەو شێوازانەی دەوڵەتاندن کە هەتا ئێستا باو بوون ڕەت دەکەینەوە، چونکە دەرفەت نارەخسێنن بۆ کۆنترۆڵی سەربە دیمۆکراتیی بنەما. مۆدێل و جێگری ڕووەو مافی سەرپەرشتیی خۆکارانەی ئازادی نا-دەوڵەتی تەنها لە لایەن کەسانی پەیوەندیدارەوە هەڵدەنرێ».

ئێکۆلۆژیستانی ئەڵمانی بەم شێوەیەی سەرەوە بەرنامەی خۆیان بۆ داڕشتنەوەی گوزەرانی ئابووری کورت دەکەنەوە. جگە لەوەش یەکەی گەورە دەبێ دابەش بکرێ بەسەر یەکەی بەرکۆنترۆڵ و دیاردا. «کەسانی پەیوەندیدار» بە هاوکاریی بەرهەمبەران دەبێ بڕیاری ئەوە بدەن «چی دێتە بەرهەم، چۆن و لە کوێ دێتە بەرهەم». بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە بازاڕ تەواو ڕەش بکرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو سامانێکی لە تازە کردنەوە نەیەت دەبێ لە دەست بازاڕ دەربهێنرێ. بۆ ئایەندەی دوور، کەسکەکان، نیازیان وایە «داڕشتنی چێوەپلانی دیمۆکراتیانە» بسەپێنن. بە توندیش جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی ئەمیان چ پێوەندییەکی نییە لەگەڵ ئابووریی نەخشەداری سەنتەراڵی کۆمیونیزمدا. ئەم پلانەیان دەبێ لە ئەنجامی ڕاوێژێکی دیمۆکراتانەی بەریندا بڕیاری بدرێ.

کەسکەکان لایان وایە بازاڕی خۆفەرمان و ڕزگاربوو لە ساختاری هەرەمی دەبێتە دەستەبەر بۆ ڕێز گرتن لە ئامانجی جڤاکی و ئێکۆلۆژیانە. مێتودێکی دیکە ئەوەیە بازاری خۆفەرمان هێندە وابەستەی بازاڕی جیهانی نەبێت. بەشی هەرە زۆری تاوانی ئەو ڕێبازی بەرهەم هێنانەی بووتە هۆی شێواندنی هاوسەنگیی ئێکۆلۆژی دەخرێتە ئەستۆی ڕکابەریی بازاڕی جیهانیەوە. لەبەر ئەوە ئێکۆلۆژیستان داوای ئاوتارکی Autarky یەکی سنووربەست دەکەن، مەبەستیش لە ئاوتارکی خۆتەیار کردنی میللییە. ئەمیان دەبێ بەلایەنی کەمەوە خۆراک و بەرهەمی سەرەکیی لەو بابەتە بگرێتەوە.

هەڵبەتە ئەم شیرازە نوێیە ڕێبازێکی نوێی بەرهەم هێنان دەگرێتەوە: هێزی ئاتۆمی دەبێ دەمودەست لە کار بخرێ، «نەرمە تەکنیک» جێی بۆ خۆش بکرێ، بەرهەمی خۆڕاگر، بەکارهێنانەوە، دنەدانی کاری دەستی و بەرهەمی نێوچەیی.

ئوتوپیا

ئێکۆلۆژیزم وشەی «جۆرایەتیی ژیان» ی کردۆتە مۆر بۆ جڤاتی ئایەندەی خۆی. بۆ نموونە ئارنە نێس دەنووسێ: «خۆڕاستاندن نێزیکە لە جۆرایەتیی ژیانەوە. ئەم دوو چەمکە نایسەلمێنن ئاستی گوزەرانی ماددی ببێتە نیشانەی گوزەرانی هەرە بەرز».

ئوتوپیای ئێکۆلۆژیستانی ئەڵمانی تاڕادەیەکی بەرز لە وێنای ئایەندەی مارکسیزم و چەپی نوێوە نێزیکە. کەسانی بەرهەمهێن لە نێو سیستەمێکی هاوسەنگی ئێکۆلۆژی و جڤاکیدا کۆنترۆڵیان هەیە بەسەر بەرهەمی کاری خۆیان و بەو شێوەیە گەورەترین بەشی کاری نامۆبەخش نامێنی (ئەوەی دەمێنێ بە هاوپشکی بەسەر هەمواندا دابەش دەکرێ). کاتی کار کردن تەواو کورت دەکرێتەوە. «لە کاتی ئازاددا دەشێ چالاکییەکی ئازادی وەها گەشە بکات هەر خۆیشی ئامانج بێت». بیرۆکەیەک هەیە زووزوو ڕەپێش دەخرێ دەڵێ بەرهەمی دروستی کاڵا دەبێ لە سنووری پێداویستییە بنەڕەتییەکاندا بمێنێتەوە، ئەوجا پێداویستی تاکەکەسی لە دەرەوەی ئەو سنوورە لە ڕێی کاری ئەو کەسەوە دابین دەکرێ کە لە ماڵ یان لە کارگەی گەڕەکدا ئەنجام دەدرێ. بە نموونە گوتراوە دەبێ کاتی کار بیست سەعات بێ لە هەفتەیەکدا بۆ ئەوەی دەرفەت بڕەخسێ بۆ بەرهەمێکی خۆیەکیی وەها فراژووتنی بە دەمەوە بێ.

ئارنە نێس لە «ئێکۆسۆفی» ـیەکەی خۆیدا چەند ڕستەیەکی سیستەمبەند کردووە، وێنەیەکی پتر سەرلەبەر دەدەن دەربارەی ئوتوپیای ئێکۆلۆژیانە. ئەمەش کورتەی ڕستەکانە:

- خۆڕاستاندنی ژووڕپەڕ Maximum
- خۆڕاستاندنی تاکەکەس بەستەگی هەیە بە خۆراستاندنی هەموانەوە.

- خۆڕاستاندنی ژوورپەڕ داوای هاوژینی Symbiosis ی ژوورپەڕ دەکات.
- فرەواندنی فرەڕەنگی دەرفەت دەدات بە فرەواندنی خۆڕاستاندن.
- فرەڕەنگی، فرەفەرهەنگ، فرەمەیدانی ژوورپەڕ!
- خۆڕاستاندنی ژوورپەڕ داوای خۆفەرمانیی ژوورپەڕ دەکات.
- خۆڕاستاندنی ژوورپەڕ داوای فرەڕەنگیی ژوورپەڕ دەکات.
- سامانی ژوورپەڕی جۆرایەتی.

## 13- فێمینیزم

فێمینیزم Feminism وەک بزاڤێکی بیرکارانە Intellectual و سیاسەتکارانە لە پێناو ئازاد کردنی ژن لە ڕووی جڤاکی و سیاسییەوە، لە شێوەی جۆراوجۆردا، لە سەدەی هەژدەیەمەوە هەیە. Mary Wollstonecraft بە کتێبی «داکۆکی لە مافی ژنان» *A Vindication of the Rights of Women* (1792) بووە یەکەم نووسەری ژنی فێمینیست. ئامانجی Wollstonecraft بریتی بوو لەوەی «جوداوازیی زایەندەکی بە تەواوی لە جڤاتی خۆماندا بسڕینەوە، مەگەر لەو بارانەدا کە خۆشەویستی ڕەفتار بگێڕێت». لای Wollstonecraft ئامرازی گەیشتن بە جڤاتی زایەندیەکسان بریتییە لە بارهێنان و فێرکاریی وەک یەکی کوڕ و کیژ.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا نووسەری فێمینیستی ژن و پیاو لە هەموو ڕێبازە سیاسییەکاندا هەبووە، لە لیبەڕالیزمەوە بگرە هەتا چەپ. لە نێو لیبەڕالاندا دەبێ ئاماژەی تایبەت بە میلل John Stuart Mill بکرێ. بەرهەمەکەی میلل *The Subjection of Women (1869)* ئێستایش شابەرهەمە. میلل وەها باس لە دۆخی ئەو دەمە دەکات: «لە جڤاتی نارۆشناکدا ڕەنگی پێست، ڕەگەز، دین، یان لە وەڵاتی ژێردەستەدا سەربە نەتەوەبوون چی دەگەیەنێت، ژنبوون هەمان شت دەگەیەنێت بۆ هەموو ژنان: "هەتاهەتایە دوورخستنەوە لە هەموو پیشەیەکی بەرز"» وێڕای بێدادیی دژ بە ژن و کۆسپ خستنە ڕێی فراژووتنی کەسایەتییانەوە، ئەم داگرتنی پێگەیەی ژنان دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە لە سەرلەبەری جڤات. لە سیاسەتدا جڤات چەندین بەهرەداری لە کیس دەچێ وێڕای کاریگەری ئەو خێرخوازییەی بەرهەمی خەسڵەتگەلی تایبەتی ژنانە. کەواتە میلل وەک سوودخوازێک دەیویست بەڵگەی مافگەلی سیاسی ژنان لەوەدا پێشان بدات کە سوودی هەیە بۆ جڤات: جڤات سەدی پەنجای ئەو توانایەی خۆی لە کیس دەچێ کە دەشیان بۆ چاک کردنی جڤات بخرێنە کار.

خەبات لە پێناوی مافی دەنگ دانی ژنان لە ئەورووپای ڕۆژاوا و کۆوەڵاتی ئەمەریکا USA بە خەسڵەتی لیبەڕالانەوە پیادە کرا. هەڵبەتە سوفراگێت Suffragette ـەکان: ئەندامە چالاکە دەستوەشێنەکان، ناچاربوون پەنا بەرنە بەر مێتودی پەلەمانبەدەر بۆ سەرخستنی کەمپێنەکانی خۆیان. سوفراگێتەکان بەڵگەی میلل – یان توندتر دەکرد و دەیان گوت ژنان خاوەنی خەسڵەتی ئاکارەکیی بەرزترن. ئەم خەسڵەتانە، پاش پیادە کردنی مافی دەنگ دانی ژنان، دەبنە هۆی گۆڕینی جڤات. Elizabeth Cady

Stanton تیۆریستی هەرە گرنگی بزاڤی سوفراگێت بوو، دەیگوت هۆکاری بەڵای ئەم دونیایە لەوەدایە هەتا ئێستا لە بواری سیاسەت و جڤاتدا پیاو سەردەستە:

«ڕیشاڵی پیاوانە هێزێکی ڕووخێنەرە، توندە، خۆپەرست و پەلهاوێژە. شەڕخوازە، دڕە، داگیرگەرە. هەم لە دونیای ماددی و هەم لە دونیای ئاکارەکیدا ناتەبایی، ناڕێکی، نەخۆشی و مەرگی لێ دەزێتەوە. ئەوەی لەم دونیایەدا پێویستە بریتی نییە لە ناوچە، زێرکان (کانیی زێڕ)، ئاسنەڕێ و زڕەی پارە بەڵکوو بەرزەپەیامی نوێی ژنانەیە کە پاکی، ئاکار، دینی دروست بەرز دەنرخێنێ و پیاو بڵند دەکاتەوە ڕووەو دونیای بەرزی بیر و کردەوە».

لە بەرەی سۆسیالیست و کۆمیونیست Friedrich Engels و August Bebel (سەرۆک پارتی سۆسیال دێمۆکراتی ئەڵمانیا هەتا شەڕی جیهانی یەکەم) و Alexandra Kollontay ی شۆڕشگێری ڕووس بە نووسەری هەرە لەپێش دادەنرێن. هاوبەش لای ئەمانە لەوەدایە دەڵێ پێگەی وەپشت خراوی ژنان زادەی سەرمایەدارەتییە، شۆڕشی سۆسیالیستانە دەرفەت بۆ ژنان دەڕەخسێنێ بەشداری بەرهەم هێنان بن و بەوەش بنەمای ئابووریيان دەبێ بۆ هاوشانیی تەواو. ئەنگیلز پەرە دەدا بە بیرۆکەی هەڵوەشانی خێزانی نەریتەکی و دەڵێ، کاتێک جڤات بەرپرسایەتیی بارهێنان و خوێندنی منداڵ بگرێتە ئەستۆ ئیدی خێزان هەڵدەوەشێتەوە، بەڵام نەک بە مانای ئەوەی مارەبڕین نامێنێ، بەڵکوو ئەو دەمە دەبێتە یەک گرتنێکی خۆخواستانەی وەها بنەماکەی تەنها خۆشەویستی بێ.

Simone de Beauvoir یش بە نووسەرێکی ئەم نەریتە دەناسرێ، بەرهەمەکەی Le deuxième sexe (1949) بە یەکێک لە بەرهەمە بنەڕەتییەکانی فێمینیزمی مۆدێرن دادەنرێ.

پاشان فێمینیزم لە کۆتای 1960 ـەکاندا سەری هەڵدا، ئەمیان پەیوەندی هەبوو بە بیروڕای شۆڕشگێڕانەی خوێندکاران و چەپی نوێوە. لە 1970 کاندا فێمینیزم خرایە قاڵبی وێنەیەکی تاڕادەیەک تایبەتی ڕادیکالیزمی نوێوە. بەرهەمی فێمینیستانە وێنەیەکی تەواو نایەکگرتوو دەدات بە دەستەوە. وێڕای ئەوەش ئێستا دەشێ فێمینیزم ڕادیکال بە ئایدیۆلۆژییەکی سیاسی تەواو دابنرێ. تیۆری داڕشتن هەوڵی دامەزراندنی سازمانی سیاسی بە دوادا هات. لە ئەمەریکا بە پلەی یەکەم بووە خەبات لە پێناوی

*Equal Rights Amendment*، که وەک پاشکۆیەک دەربارەی هاوشانی بخرێتە سەر شادەستووری ئەمەریکا. لەوە دەچێ ئەم هەوڵە هەتا ئێستا بێبەر بووبێ. ساڵی 1983 بزاڤی ژنانی ئەورووپا لە بواری سیاسەتی پارتیایەتیدا سەرکەوتنێکی وەدەست هێنا. لە ئایسلاند لیستی ژنان Kvennalistinn، یەکەم منداتی خۆی لە پەرلەمان Alltinget دا گرت. ئەمەش یەکەم جار بوو پارتێکی تەواو ژنانە بێتە نێو کاری پەرلەمانییەوە. ئەم پارتە لەو دەمەوە جێی خۆی لە سیاسەتی ئایسلاندیدا پاراستووە و توند کردووە. لە دانماک و سوێدیش نەمامی پارتی ژنانەی لەو بابەتەی ئایسلاند هەیە. بەڵام پارتی ژنانی ڕووسی، کە لە هەڵبژاردنی 1993 دا منداتی لە دومان (پەرلەمان) ی وەڵاتدا گرت، پارتێکی فێمینیستانە نییە. ئەمیان لە پارتی کۆمیونیستی ڕیفۆرمکراوەوە نێزیکە و داوای نۆرەیەکی خێزانبەندی نەرێتەکی بۆ ژنان دەکات.

بیروڕای ڕادیکالی فێمینیستانە جێگەیەکی بەهێزی لە نێو بزاڤی کەسکی ئێکۆلۆژیستانەدا گرتووە. ئەم دیاردەیە لە ئەڵمانیا تەواو ئاشکرایە، Die Grünen لە چەندین هەرێم تەنها ناودێری ژن لە لیستیاندا هەبووە.

لەم بەشەدا ڕاگواستەی چەند نووسەرێکی هەرە ناوداری ڕادیکالی فێمینیست دەهێنینەوە:

Kate Millett, *Sexual Politics* (1977)
لەم بەرهەمەدا نووسەر تیۆریی باوکسالاری دارشت.
Germaine Greer, *The Female Eunuch* (1970)
Shulamith Firestone, *The Dialectic of Sex* (1970)
Juliet Mitchell نووسەری کتێبێکە دەربارەی شیکاریی دەروونناسی و فێمینیزم (1974).[61]

لێرەدا دوو بەرهەمی لیستی ژنانی ئایسلاندی دەکەینە نموونەی سیاسەتاندنی فێمینیزم. درەنگەکەیان هی کاتی هەڵبژاردنی 1991 ـە. پارتی ئایسلاندی، بۆ ڕاستاندنی بیری فێمینیستانەی خۆی، ڕێبازی ڕیفۆرمیستانە و پەرلەمانەتی گرتە بەر.

[61] لەم بەشەدا بەتایبەتی سوود لە دوو تۆژینەوە وەرگیراوە:
John Charvet: *Feminism*, London 1982.
Valerie Bryson: *Feminist Political Theories*, London 1992.

شانرخاندن

داخوازیی ئازادبوون و یەکسانی بناخەی فێمینیزمن. لەلاشەوە بۆچوونێک هەیە دەڵێ لەبەر ئەوەی ژنان خاوەنی خەسڵەتی تایبەت بە خۆیانن دەبێ وەک گرووپ سەیر بکرێن. لەبەر ئەوەش پێویست ناکات باس لەوە بکەین ئایە ڕیشەی ئەم خەسڵەتانە دەگەڕێنەوە بۆ جینی زگماگ (واتە سروشت) یان بۆ دەوروبەر (واتە: بارهێنان، فێرکاری). لە نێو فێمینیستانە ڕای باو دەڵێ دەوروبەرە سەرچاوەی نۆرەی زایەندەکی (واتە بارهێنان و فێرکارییە پیاو پێش دەخات و ژن وەلا دەنێت). وێڕای ئەوەش خەسڵەتگەلی بایۆلۆژییانەی ژنانە بە گرنگ دادەنرێن. ئەمانەن دەبنە بناخەی هەم ڕەخنە لە جڤاکی پیاوسالار و هەم داخوازیی گۆڕانکاری. لێرەدا وێکچوونی ئاشکرا هەیە لەگەڵ بۆچوونەکانی Elizabeth Cady Stantonی کۆتای سەدەی نۆزدەیەم.

لە تیۆریی فێمینیستانەدا، بەتایبەتی لە ئەمەریکا، باس لە «ڕێنیسانسی دایکایەتی» دەکرێ. «ئێکۆفێمینیزم» دەڵێ هەڕەشەی هەژەندی ئێکۆلۆژیانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەستیی نرخاندنی پیاوانە. ئەمانە دەڵێن دایکایەتی و منداڵ بارهێنان نرخاندنی ژنانەی تایبەتیان لێ دەزێ دژ بە خۆپەرستی، ڕکابەری و شەڕخوازیی پیاو. Andree Collard ی ئێکۆفێمینیست دەڵێ: «لەبەر ئەوەیە خەباتی دژ بە چەوساندنەوەی ژن دەبێتە خەباتیش دژ بە چەوساندنەوەی سروشت،».

پارتی ژنانی ئایسلاندی شابیری خۆی ناوناوە «ئازادیی ژنان»، مەبەستیش لێی ئەوەیە «ژن مافی هەبێ لە دەراوی هەلومەرجی خۆیەوە و بە هاوشانیی پیاو بنرخێنرێ» لە پرۆگرامی پارتەکەدا هاتووە «ئەزموون و فەرهەنگی هاوکۆی هەموو ژنان، کە دارشتەی سەدان ساڵە و ڕەنگدانەوەی بە نموونە نۆرەی بایۆلۆژیان و ناسنامەیانە» دەبێتە بنەمای ئامانجی پارتەکە.

«ئێمە ئەو ڕامانە ڕەت دەکەینەوە کە دەربارەی هاوشانییە و دەڵێ ژن مافی هەیە وەک پیاو بێت. نۆرەی منداڵ خستنەوە و بەخێو کردنیان مۆرکێکی ژنانە. ئێمە خۆمان بە جۆرێکی دیکەی کارەوە خەریک دەکەین و بووینەتە خاوەن شارەزاییەکی جودا لەوەی پیاو هەیەتی. شارەزاییەکی ژنان دید و نرخاندنی سەر بە ژیانی وەهای لێ دەزێتەوە جودا لەوەی لە دونیای پیاواندا زاڵە».

لیستی ژنان نرخاندنی ژنانەی خۆی دەکاتە پێشنیازی دیایکراو، بەتایبەتی بۆ بواری ژینگە و ئابووری. ئەم بۆچوونە دەڵێ ژن لە پیاو ئاشتیخوازترە، پتر پەرۆشداری خەڵکی دیکەیە، پتر ئامادەی هاوکارییە و لەبەر ئەوەش، لەچاو پیاودا، کەمتر شەڕانی و کەمتر دەسەڵاتخوازە. مەبەستیش ئەوەیە ئەم خەسڵەتانە جڤات و سیاسەتی ئایەندە ڕەنگڕێژ بکەن.

مرۆڤنۆڕی

لە دێڕەکانی سەرەوەدا ئاشکرا بوو کە نۆڕینی فێمینیستانەی ڕادیکال بەرانبەر مرۆڤ دوو لایەنە. بناخەی دابەشینەکەش زایەندە. پیاو بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، لە بواری سیاسەت، ئابووری و ژیانی کەسەکیشدا زاڵ بوون بەسەر ژندا. Kate Millett لە 1970 کاندا ئەم شیرازەیەی ناو نا باوکسالاری *Patriarchate*. ئەم چەمکە لەو دەمەوە لە تیۆریی فێمینیستی ڕادیکالدا بەگشتی سەلمێنراوە. باوکسالاری دەچێتەوە سەر وێکچوونی هەرە کۆنی نێوان خێزان و دەوڵەت. دەسەڵاتی پاشا لە دەوڵەتدا ڕیشەی دەبرایەوە سەر دەسەڵاتی باوکی، پاتریاکی، نێو خێزان و هەر بەویش بەروارد دەکرا.

ئەم وێکچوونە کۆنە بۆ تیۆریی باوکسالاریی فێمینیستانە تەواو لەبار بوو چونکە ئەمیش ئاماژەی بۆ جووتە پەیوەندیی دەسەڵاتی دەوڵەت - جڤات و خێزان دەکرد.

بەشێکی تیۆریستان دەڵێن باوکسالاری بنەمای قووڵی دەگەڕێتەوە سەر دڕی و بەتایبەتی پەلاماردانی زایەندەکی. لە باسی چۆنیەتیی پاراستنی باوکسالاریدا ئاماژە بە چەند ساختارێکی شاراوە و نافەرمیی دەسەڵات دەکرێ: زمان و چەمکەکانی ئامرازی دەسەڵاتن و لە خزمەت باوکسالاریدان. زمان سەردەستیی پیاو هەم دەچەسپێنی و هەم دەشارێتەوە. ئینگلیزی و فرانسی بۆ «مرۆڤ» و «پیاو» یەک وشەیان هەیە. لە زماندا پیاو و پیاوانە پێوەری نەدرکێنراون. هەر زووش لە شیکاریی Simone de

Beauvoir دا ئەمیان بووە شاخاڵ. ئەوەی پیاوانەیە پێوەرە، ئەوەی ژنانەیە ڕیزپەڕە، «ئەوەی دیکەیە».

هەر وەک چەپی نوێ، ئەمانیش دەڵێن جڤاتاندن Socialisation ئامرازێکە بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ستەمی دامەزراو. بە دیدی Millett پێوەری باوکسالاری لە ڕێی جڤاتاندنی نێو خێزان دەگوێزرێتەوە بۆ منداڵ. پاشان لەلایەن فێرگە، ئەدەب و دینەوە دێنە ڕاهێزان هەتا لە پیاو و ژنیشدا «دەروونچێن» Internalization دەکرێن. سیستەمی پێوەرەکە دەبێتە بەشێک لە کەسایەتی، بەشێکی ئاشکرا بەڵام ئاگابەدەر. ئەوەی ڕوو دەدات «داگیر کردنی نێوەکی» ـیە. دەگاتە ئەوەی ژنان فرەوودەستی Inferiority ی خۆیان بە «سروشتەکی» بزانن. لەبەر ئەوەیە کە گفتوگۆی «هوشیار کردنەوە» بووەتە دەستاوێژێکی گرنگ لە نێو گرووپانی فێمینیستی ژناندا.

گرنگترین یەکەی جڤات

بە دیدی Kate Millett باوکسالاری دوو شاپرنسیپی هەیە. «پیاو دەبێ زاڵ بێ بەسەر ژندا» و «پیاوی تەمەندار دەبێ زاڵ بێ بەسەر پیاوی لاودا» هەڵبەتە فێمینیستان لە خەمی پرنسیپی یەکەمدان.

نایەکسانیی نێو باوکسالاری هێندە مەزنە کە بە دیدی Millett دابەشینی زایەندەکی بووەتە گرنگترین دابەشینی چینایەتیی جڤات. نیشانەی فێمینیزمیش هەر لەوەدایە ژن بە چینی چەوساوە دادەنێ. هەموو دابەشینێکی دیکەی چینایەتی بە لاوەکی دادەنرێ. ئەمەیشە سنووری نێوان فێمینیزمی ڕادیکال و فێمینیزمی سۆسیالیستانە (ی سەربە مارکسیزم).

ئەم شیکارییە دەگات بەوەی لە هەنگاوی دووەمدا دەڵێ، ژنان لە دیدی فێمینیزمی ڕادیکاڵدا یەکەیەک پێک دێنن هاوسەنگی چینێکی جڤاکی بێ. چینێک لە نموونەی

پرۆلیتاریای نێو تیۆریی مارکسیستانە. کەواتە وا باشە ژنان بە کۆڕێکی وەها دابنرێن خاوەن بەرژەوەندی هاوکۆ. ئەمەش خاڵێکی دابڕە لە ستراتیژی سیاسیی فێمینیزمدا.

شیکاریی پارتی ژنانی ئایسلاندیش هەر لەو بابەتەیە بەڵام ئاماژەش دەکات بۆ ئەوەی ژنان لە نێو خۆشیاندا خاوەن هەلومەرج و ئەزموونی یەکجار جۆراوجۆرن. لیستی ژنان لە پرۆگرامەکەیدا دەڵێ ڕێزگرتن لەم فرەڕەنگییە سەرەتایەکی بنەڕەتییە بۆ بزاڤی ئازادیی ژنان.

خێزانی نێوەکی وەک یەکەیەکی جڤاکی دەکەوێتە بەر هێرشی هەرە توندی فێمینیزمی ڕادیکاڵ و بە شائامرازی ستەمی جڤاتی باوکسالار دادەنرێ. خێزانە نۆرەی جڤاکی و نۆرەی زایەندەکی لە منداڵدا دەچێنێ. لە خێزاندا جودا کردنەوەی ئەرکی ژن و پیاو دەست پێ دەکات و دەپارێزرێ.

کەواتە خێزان، پاش زایەند، یەکەی هەرە گرنگە لە تیۆریی فێمینیستانەدا و بە سەنگەری دەسەڵاتی باوکسالاری دادەنرێ. هەڵوەشانی خێزانی ناوەکی بووەتە مەرج بۆ ئازاد کردنی ژنان. یەکێک لە دەستاوێژەکانی ئەم ئازاد کردنە ئەوەیە بارهێنانی منداڵ بدرێتە دەست لایەنی فەرمی. ئەمەش وەک باسمان کرد بیرۆکەیەک بوو زوو لای ئەنگیلز Friedrich Engels سەری هەڵدا.

گەورەخێزان کە بریتییە لە چەندین نەوە، جێگری خێزانی نێوەکییە و بە گەشتر دادەنرێ. زۆر کەسیش، بە نموونە Germaine Greer بە شێوازێکی هەمواری دەبینن بۆ گوزەرانی خێزانی ئایەندە. بەڵگەش لێرەدا ئەوەیە دەڵێ لە چێوەی گەورەخێزاندا دەکرێ هاوبەندیی ژنانە و «خوشکایەتی» ی یاریدەرانە بێتە فراژووتن.

میتودی گۆڕانکاریی جڤات

وشەی «شۆڕش» لە نووسینی فێمینیستانەدا دەگمەن نییە. لای ئەو فێمینیستانەی سەربە سۆسیالیزمی شۆڕشگێڕ یان چەپی نوێ بوون وشەی «شۆڕش» مانایەکی کۆنکریت، مانایەکی سیاسی هەبوو. شۆڕشی سۆسیالیستانە هەر خۆی شۆڕشی فێمینیستانەیش بوو. ئەمەی دووەمیان بە پرۆسەیەکی هاوتەریب، یان وەک Juliet Mitchell دەڵێ، بە شۆڕشێکی فەرهەنگی دادەنرێ. ئەم چەمکەیان تەواو گرێدراوی تیۆریی شۆڕشی چەپی نوێیە. هەڵبەتە گریمانەیەکی گرنگ لەم تیۆرییەدا ئەوەیە بیر (واتە دونیای ئایدیۆلۆژی) ئۆتۆنۆمییەکی ڕێژەکی هەیە و لەبەر ئەوە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی پەیوەستی ئابووری نییە. لەبەر ئەوە شۆڕشی ئابووری دەبێ شۆڕشی ئایدیۆلۆژی بەدوادا بێت. Mitchell پێی وابوو، چۆن کرێکاران و خوێندکاران دەبا ڕێبەرایەتی شۆڕشی سۆسیالیستانە بکەن هەروەها ژنانیش دەبا ڕێبەرایەتی شۆڕشی فەرهەنگی بکەن.

جگە لەوە ستراتیژێکی تەواو جوداخوازانەش هەیە بە ئاشکرا بەرتاوی ئەنارکیزمە. ئەمیان دەڵێ ژنان دەبێ تەواو خۆیان دابڕن لەو جڤاتەی پیاو تێیدا سەردەستە، لە دامودەزگە و سازمانگەلی ئەو جڤاتە. ئەم ستراتیژە فێمینیستە ڕادیکالە دابڕانی هەموو پەیوەندییەکی هێترۆسێکسوەل Heterosexual یش دەگرێتەوە. ژنان دەبێ ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە و پشتیوانیی تایبەت بە خۆیان هەڵبەستن. دەبێ فەرهەنگێگی نوێی ژنانە پێک بێنن، بە بنگە،کۆمپانیا و سازمانگەلی خۆیانەوە، ئەمیش دەبێتە هۆی دروستبوونی دونیایەکی جێگری ژنانەی وەها هێزێک بێت هێندە ڕووخێنەر و شۆڕگێڕانە، باوکسالاری هەڵتەکێنی و برمێنێ.

شۆڕش لای فێمینیستی دیکە دەکاتە گۆڕینی ڕادیکالانەی ساختاری دەسەڵاتی دامەزراو، واتە پرۆسەیەکی وەها زۆر چاک دەشێ پلەدار بێ و میتودی ڕیفۆرمیستانەش بگرێت یان نەگرێتە بەر. لای Kate Millett ئامانج بریتیە لە ڕمانی ئایدیۆلۆژییەکی داوای باڵادەستیی پیاوان بکات و ڕمانی ئەو دەستاوێژەیش کە لە نێوان وەچەکاندا ئەم ئایدیۆلۆژییە دەگوێزێتەوە، واتە خێزان. کەواتە شۆڕش بە پلەی یەکەم گۆڕانکارییەکی ئایدیۆلۆژییە، گۆڕانکارییەکە لە ئاگای مرۆڤایەتیدا. لە تیۆریی باوکسالاریدا وردەکاریی وەها هەیە دەرفەت دەدات ڕێگە بۆ ستراتیژێکی ڕادیکالی

ڕیفۆرمیستانە خۆش بکرێ. پێویست ناکات دەسەڵاتی دامەزراوی دەوڵەت بە دەستاویژێکی چەسپیو و نەگۆڕی ستەم دابنرێ. Valerie Bryson ی سیاسەتناس دەڵێ دەشێ دەوڵەت بە »مەیدانێکی وەهای ناکۆکی دابنرێ کە شێوەیەکی سیستەمبەندی لایەنگرە دژ بە ژن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ سەرکەوتنی سیاسی تێدا وەدەست بهێنرێ». گەر دەوڵەت بەم شێوە پڕ وردەکارییە سەیر نەکرێ جوداخوازی دەبێتە چارەیەکی لۆژیکانە[62].

فێمینیستی ڕادیکال بە توندی دژ بە سیاسەتی هاوسەنگاندنی فەرمیی ڕۆژاوان. شارەخنەیەک لە سیاسەتی هاوسەنگاندن بگیرێ ئەوەیە دەڵێ سیاسەتێکە پێوەری پیاوانەی کردووەتە دەراو. پارتی ژنانی ئایسلاندی دەڵێ، ژنان ناچار دەکرێن «بە مەرجی پیاوان» هاوشان بن. بەڵگەی دووەم دەڵێ سیاسەتی هاوسەنگاندن، ژنان وەک تاکەکەس دەسەلمێنێ، بەڵام نایسەلمێنێ وەک کۆیەک مامەڵەتیان لەگەڵ بکرێ.

پارتی ژنانی ئایسلاندی، کە هەڵگری ڕێبازی ڕیفۆرمیستانەیە، بە مێتودی سیاسیی نەریتەکی داکۆکی لە پرۆگرامی خۆی دەکات. پارتە سیاسییە ئاساییەکان لە ئاست دۆزی ژناندا پەیمانشکێن بوون. «بۆ ئەوەی گۆڕانێک لەمەدا بکرێ تەنها یەک چارە هەیە ئەویش لەوەدایە ئەو ژنانەی لە نێو خۆیاندا کۆکن خۆیان ناودێری پەرلەمان بکەن و لە یەک گرووپیشدا خۆیان بگرنەوە».

ئامانجی خەباتی سیاسی لە پرۆگرامە ئایسلاندییەکەدا بە پیتی گەورە چاپکراوە بۆ ئەوەی هێزی پتر بێ: «شۆڕشێکی هزریمان دەوێ». تا ڕادەیەکیش هەر ئەو ئامانجەیە Kate Millett باسی لێ دەکات. دەبێ بشلێین ئەم شۆڕشی هزرە هەموو ڕووکارێکی گوزەرانی جڤاکی دەگرێتەوە. لە پرۆگرامی پارتی ژنانی ئایسلاندیدا هاتووە: «گشت دۆزێک دۆزی ژنانەیە. ئێمە دەمانەوێ دونیا لە ڕوانگەی هەلومەرجی خۆمانەوە تێبگەین و بناسێنین».

---

[62] چارەیەکی دیکە، چارەی ئەنارکیستانە، کە داوای ڕمانی دەوڵەت دەکات. ڕێبازێک هەیە لە نێو بزاڤی ژنانی ئەمریکاییدا بە خۆیان دەڵێن «ئەنارکا-فێمینیزم»، ئەمانە پێڕەوی ئەم بۆچوونە دەکەن: «ڕووخاندنی دەوڵەت دەکاتەوە ڕووخاندنی باوکسالاری، واتە زاڵبوونی پیاوان بەسەر ژناندا لە ڕێی لەشەکی و بنکەبەندی Institutionalization سەلماندنی باڵادەستیی پیاوانە». بڕوانە *Reinventing Anarchy*, London 1979.

تیۆریی باوکسالاری بەهێزترین لایەنە لەو شیکارییەی فێمینیزم دەیکات دەربارەی پەیوەندیی دەسەڵات لە جڤاتدا. پەیوەستگەلی نێوان ژن و پیاو بە پەیوەستگەلی دەسەڵات دەناسرێن. لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا تیۆرییەکی ڕوون دەربارەی شێوازی حوکومڕانیی سیاسی ئایەندە لە ئارادا نییە. هەوڵدانی سەرەتایی جۆراوجۆر هەیە کە تارادەیەکی بەرز خەتوخاڵی وەک یەکیان هەیە.

بە بۆچوونی تیۆریی باوکسالاری دەسەڵاتی دەوڵەت بەرهەمێکی پیاوکردە، دەربڕینێکە لە سەردەستی و دەسەڵاتخوازیی پیاوانە. فێمینیستان هەوڵیان داوە پێشانی بدەن کە شێوەی سازمانیش دیسان زایەندبەندە. دەبێ شێوەگەلی سازمانی تایبەت بە ژنان پەیدا بێ. بەگشتی وەک جوداوازیی نێوان «سازمانی هەرەمی» و «تۆڕ» باسیان لێ دەکرێ. تەنانەت پارتی ژنانی ئایسلاندی پێی وایە سازمانەکەی خۆی «بە شێوەی سیستەمی دەسەڵاتی پیاوانەی نەریتی» نا، لەسەر «گریمانەی ژنانە» هەڵبەستوە. ئەمیان دەکاتەوە دابەشینی دەسەڵات و بەرپرسایەتی بەسەر زۆر کەساندا.

فێمینیزمی نوێ ڕیشەی لە شۆڕشی دژەسالارپەرستی Antiauthoritarian ی 1960 ـەکاندا هەیە. لەبەر ئەوەیشە لایەنی هاوکۆ زۆرە لە نێوان فێمینیزمی ڕادیکال و چەپی نوێ و هەروەها بزاڤی ئێکۆلۆژیستانەدا. فێمینیستانی ڕادیکال یەکەی بچووکی خۆفەرمان دەسەلمێنن دژ بە سەنترالیزم Centralism، بیرۆکراتی و نیشانەکانی دیکەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مۆدێرن.

پارتی ژنان لە ئایسلاند لەلای خۆیەوە داوای کەم کردنەوەی تەواوی فەرمانڕەوایی سەنتەراڵ دەکات و بەوەش دژ دەوەستێ بەرانبەر ئەوەی سیاسەتی حیزبایەتی لە لایەنە هەمەجۆرەکانی جڤاتدا فەرمانڕەوا بێ. لە هەموو بنگەکانی دەوڵەتدا کۆڕ و کۆمیتەی سەربە سیاسەتی حیزبی زاڵە «کەچی فەرمانبەران. بەکارهێنەران، خۆزیار (کلایەنت) Client ـان لە بڕیاری گرنگدا دەستیان ناڕوا». لێرەدا ئەو بیرە ڕەپێش دەخرێ کە دەڵێ ئۆرگانی سەربە سیاسەتی حیزبایەتی نابنە نوێنەری خواستی گەل لەبەر ئەوە خۆزیاران و بەکارهێنەران خۆیان، لە تەک فەرمانبەراندا، دەبێ ببنە خاوەن بڕیار. لە بواری فێرکاری، فەرهەنگ، ساخڵەمی و هەروەها سیاسەتی جڤاکیدا

وەها باشە «یەکەی بچووکی خۆفەرمان». بێتە هەڵبەستن بۆ ئەوەی «هەر هەموو دەرفەتیان هەبێ دەسترۆ بن» لە بڕیارداندا.

لە کۆڕی سیاسەتدا، فێمینیستان بەشی تەرخان (تەرخان بە خانمان) بە تەکنیکێکی ئاسایی دەزانن بۆ هاوسەنگاندنی پەیوەستگەلی دەسەڵات. فێمینیستانی نێو پارتی Die Grünen ی ئەڵمانی تەکنیکێکی تازەیان لە بواری بەشی تەرخاندا دۆزیوەتەوە: ژنان لە لیستی کەسانی ناودێردا هەموو ژمارە «تاک» ـەکان بگرن. واتە یەکەم جێ هەردەم دەبێ بۆ ژن تەرخان بێ. لە بەرهەمی نووسراوی فێمینیستانە ڕادیکالی 1970 کاندا تیۆریی دایکسالاری Matriarchy (واتە ژنسالاری) نۆرەیەکی گرنگی هەیە. ئەم بۆچوونە دەڵێ دایکسالاری دۆخی سەرەتا بووە، باوکسالاری جێی گرتووە. کەواتە کاری لۆژیکانە ئەوەیە دامەزراندنەوەی دایکسالاری بکرێتە ئامانجێکی سیاسی، بەو ڕەنگەی مارکسیزم، لە دیکتارتۆریەتیی پرۆلیتاریادا، پرۆلیتاریا سەر دەخات بەرەو چینێکی فەرمانڕەوا.

ئەم بۆچوونە لای هیچ تیۆریستێکی فێمینیستی ئەمریکایی ناودار بەدیار نییە، بەڵام لەلایەن فێمینیستانی ڕادیکالی ئەڵمانییەوە هاتۆتە ئاراوە. Per Gahrton ی ئایدیولۆژیستی کەسکەکانی سوێد هەمان بۆچوون بەم ڕستەیە دەدرکێنێ: «لەوانەیە نەکرێ هاوسەنگیی جڤاکی و ئێکۆلۆژیانە دابین بکەین بێ ئەوەی بۆ ماوەیەک ژن ببێتە تاکە دیکتاتۆر وەک پارسەنگێگ بۆ ئەو هەزاران ساڵەی دیکتاتۆریی پیاو».

سازمانی ئابووری

لە بورای ئابووریشدا فێمینیزمی ڕادیکال تاڕادەیەک نێزیکی چەپی نوێ و ئێکۆلۆژیزم دەبێتەوە. Shulamith Firestone کە لە نێو فێمینیستانی 1970 کاندا لە هەموان وێنادارتر بوو، لە جڤاتێک دەدوا سۆسیالیستانە بێ. تەکنیکی نوێ تێیدا مۆرکی فێمینیزمی پێوە بێ و مرۆڤ لە کار کردن ڕزگار بکات. لە جڤاتی وەهادا گەورەخێزان و خێزانی کۆگەرا نۆرەیەکی گرنگیان هەیە.

ڕاوێژی سەربە ئابووری خەریکی شرۆڤەی باری ژنانە لە جڤاتدا. Valerie Bryson ی سیاسەتناس لە ڕاپۆرتێکی وەڵاتە یەکگرتووەکان UN ئەم ڕاگواستەیە دەهێنێتەوە:

«ژنان نیوەی دانیشتوانی جیهان پێک دێنن. نێزیکەی دوو لە سێ بەشی کاتی کار لای ئەوانە. یەک لە دە بەشی داهاتی جیهانیان بەر دەکەوێ و کەمتر لە یەک لە سەد بەشی سامانی جیهان موڵکی ژنانە».

کاری بێمزەی نێوماڵ لایەکی گەورەی ئەو دوو لە سێ بەشەی کاتی کار دەگرێتەوە کە ڕاپۆرتەکەی UN باسی دەکات. فێمینیستانی فرانسی لەسەر ئەم بناخەیە دەڵێن کاری نێوماڵ بنەمای ئابووریی ڕاستینەی باوکسالارییە. پارتی ژنانی ئایسلاندی ئاماژە دەکات بەوەی بەشێکی گەورەی بەرهەمی دەستی ژنان لە ئاماری ئابوورییدا دیار نییە.

پارتی ژنانی ئایسلاندی لە هەموان ڕوونتر دژایەتی پیشەسازیی مەزن دەکات. لای ئەمان کۆمپانیای بچووک و بەتایبەتی کۆمپانیای هەرەوەزی Cooperative جێگرە بۆ پیشەسازیی مەزن.

بەڵگەی ئێکۆلۆژیستانە نۆرەی گەورەیان هەیە. لێرەدا مەبەست گەییشتنە بە هاوسەنگیی نێوان مرۆڤ و سروشت، بەتایبەت لە بواری ماسیستان (دونیای ماسی)، ڕووەک،گەرمیی زەوی و تاڤگە. ڕیشاڵی بنەڕەتی لە پرۆگرامی ئابووریی فێمینیستانەدا بریتییە لە «پرنسیپی کەیبانووی ماڵداریزان» کە دەکاتەوە ئەوەی هەتا دەشێ خۆتەیار و خۆبژێو بێت (بە بەرهەمی خۆی بژی) و کەسی نێزیک لە پێشتر بێت وەک لە دوور. خەرجی و داهات دەبێ هاوسەنگ بن. کاتێک پارتی ژنان دەڵێ میللەتی ئایسلاند دەبێ هەتا دەکرێ بە بەرهەمی خۆیان بژین مەبەستیان خۆتەیار کردنی میللییە. ئەم داخوازییە لای ئێکۆلۆژیستانی کەسکیش هەیە.

ئوتوپیا

له سەرەتای سەدەی بیستەمدا Elizabeth Cady Stanton ی سوفراگێت دەیگوت هەم دونیا و هەم پیاویش، تەواو چاکتر دەبن گەر پێوەری ئاکارەکیی بەرزی ژنان له سیاسەتدا ڕەنگ بداتەوە. هەمان بڕوا له ئوتوپیستانی فێمینیستی ئەم سەردەمەشدا هەیە.

Beatrice Halsaa ی تیۆریستی نۆرویژی دەنووسێ ئوتوپیای فێمینیستانه دەبێ تەرازووی نرخاندنی ژنانه بکاته بناخەی خۆی. وێنای ئایەندەی ئەم دەست دەدەن بنه کۆ کردنەوەیەکی بیرۆکەکانی فێمینیستی ڕادیکال:

«سکوزا و بارهێنانی منداڵ، خۆ ئاماده کردن له ئاست زان و مەرگدا، بونیات نانی ژیان له دەوروبەری پرۆسەی کۆنکریتی ژیان، بناخەی ئەم تەرازووی نرخاندنەن. نرخاندنێکی له جوداوازیی نێوان ژن و پیاودا هەیە بۆته بناخەی ئەم تەرازووە... له جێی ئەوەی تەرازووی نرخاندنی پیاوانه بۆ ژنان "ئاواڵه" بێ، که ستراتیژی سیاسەتی هاوسەنگاندنه، فێمینیزم باس لەوە دەکات پێشەمی بدرێ به تەرازووی نرخاندنی ژنانه و به ڕووی پیاواندا ئاواڵه بێ».

*A Feminist Utopia, SPS 1988*

Halsaa جگه لەوەی بڕوای به نرخاندنی تایبەتی ژنانه هەیه بڕوای به شێوه بیر کرنەوەیەکی ژنانەش هەیە.ئەم خەون به دونیایەکەوه دەبینێ «نه تەنها ئاوەز بەڵکوو سۆسه Intuition یش وەک بنەمایەک بۆ زانین و ڕەفتاری کردەکی بسەلمێنرێ».

Halsaa دەڵێ یەکەم خاڵی تەرازووی فێمینیستانه بریتییه له «بەرهەم هێنانەوە» Reproduction وەک پرنسیپێکی نوێی ئاکارەکی. ئەمیان له بورای ئابووریدا دەکاتەوه «جڤاتێکی پارێزەر»، که تێیدا بەرهەم هێنانەوه پێش بەرهەم هێنان دەکەوێتەوە. له بورای جڤاکیدا دەکاتەوه ئەوەی پێداویستیی منداڵ دەبێته ڕێبەر، ئەمیش به دیدی Halsaa دونیای کار، کاری نێوماڵ و بارهێنانی منداڵ، دەگۆڕێ. Halsaa دەیەوێت هۆشەکیەتیی سوودخوازانەی پیاوانه، که سوود و ژمێرکاری

کردووەتە بنەما، بگۆڕێت بە هۆشەکیەتیی پەرۆشدارانە، کە هەستی سۆسەکرد Intuitive و پەرۆشداریی ئاکارەکی و خۆشەویستی کردووەتە بنەما.

ڕەهەندی سێیەم لە ئوتوپیای Halsaa ڕەهەندی جوانیناسییە. ئەم دەیەوێ چەمکی ئێستای کات بگۆڕێ بە کاتژمێرێکی «سروشتەکی» کە لە سەر بناخەی وەرزەکانی ساڵ و تەمەن هەڵنرابێ. دەیەوێ دەرفەت بڕەخسێنێ بۆ بەخۆدا چوونەوە و ئافراندن بەوەی کە دوو ڕۆژی هەفتە لە تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و «و تەنانەت لە ڕۆژنامەش» دوور بکەوینەوە. هەر نەبێ یەک ڕۆژیش ئۆتۆمۆبێلی کەسەکی تێیدا نەگەڕێ. هەر نەبێ دوو ڕۆژ لە مانگێکدا کارەبا خامۆش بێت بۆ ئەوەی چاومان لە ئەستێرە بێ و لە دەوری ئاگر کۆ ببینەوە. «دوور نییە ئەو دەمە هەستی ونبووی داستانخوێنی لامان زیندوو ببێتەوە».

لە ئوتوپیای Shulamith Firestone دا نرخاندنێکی تەواو جودا هەیە دەربارەی ئەوەی تەکنیک هێزی پێشکەوتن بێ. ئەمیان خەونێکە بەوەی لە ڕێی تەکنیکەوە بتوانین مرۆڤ و بەتایبەتی ژنان ڕزگار بکەین. تەکنیکی «لوولەی ئەزموونگە» ژنان هەم لە سکوزا و هەم لەو کار دابەشینە لەشبەندەی نێوان ژن و پیاو ڕزگار دەکات. «ئەو دەمە دەکرێ نۆرەی سکوزا و بارهێنانی منداڵ دابەشی سەرلەبەری جڤات بێ، هەم ژن و هەم پیاو».

لە ئوتوپیای دیکەی فێمینیستانەدا دەگوترێ سڕینەوەی باوکسالاری، هاوئاهەنگیی جڤاکیی نێوان ژن و پیاوی لێ دەزێتەوە، ئەمیش دەبێتە مایەی ڕزگاربوونی ژن و پیاو.

بۆچوونێکیش هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ Marcuse، دەڵێ ڕەهەندی ئێرۆتیکانە لە ژیاندا جۆش دەدرێ و خۆشەویستیش بەڕاستی ئازاد دەبێت. نووسەری فێمینیست هەیە دەڵێن مرۆڤ لە ڕووی دەروونییەوە، پاش ئەوەی لە چنگ نۆرەی زایەندەکی ڕزگار دەبێ، دەبێتە دووزایەند، «نێرامێ» Androgyne.

# 14- ئیسلامیزم

لایەنی کەم ئێستا [1990 ـەکان] هەشت سەد ملیۆن موسڵمان لە جیهاندا هەیە و ژمارەشیان تیژڕەوانە زیاد دەکات. موژدەکاری Mission ی ئیسلام بەتایبەتی لە ئەفریقا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە و نێزیکەی نیوەی دانیشتوانی موسوڵمانن. لە ئەورووپاش، لە ڕێی کۆچەوە، ئیسلام بڵاوبۆتەوە و ئێستا دووەم گەورە دینی ئەورووپایە.

ئیسلامیش وەک مەسیحایەتی دەشێ بە مەبەستی سیاسیی جۆراوجۆر ڕوون بکرێتەوە و بەکار بهێنرێ. لە میسر ناسیۆنالیزمی عارەبی، لەسەر دەستی جەمال عەبدولناسر، بووە ئایدیۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕ و داوای دەوڵەتی سێکولار، سۆسیالیزمی دەوڵەتی، سیستەمی تاکپارتایەتی و هاوچەرخاندنی دەکرد. سەرەڕای ئەوەش ناسر لافی ئەوەی لێ دەدا گۆیا ئایدیۆلۆژیکەی خۆی ئیسلام دەڕاستێنێ. بە کردەوە دین خرایە ژێر کۆنترۆڵی حکوومەتی شۆڕشگێڕەوە. لە عێراق و سووریاش هەر هەمان باسە. ئەم دوو دەوڵەتەش لەمێژە لەلایەن حیزبی سۆسیالستی – عارەبی (حیزبی بەعس) دەبرێن بەڕێوە [1990 ـەکان].

موعممەر ئەلقەززافی لە «کتێبی کەسک» دا (کەسک ڕەنگێکی پیرۆزە لای ئیسلام) وێنەیەکی تەواو تایبەتی لە ئایدیۆلۆژیی ئیسلامی هێناوەتە پێش. قەززافی پێی وایە ئیسلامێک دەڕاستێنێ کە پەیامێکی نوێیە بۆ گشت مرۆڤایەتی. شابیری ئەم لەوەدایە کە «ئاپۆرە» لە ڕێی کۆمیتەی شۆڕشگێڕەوە ڕاستەوخۆ بازاڕی دەوڵەتێنراو ببات بەڕێوە. قەززافی لە «کتێبی کەسک» دا تێزێکی هەیە دەڵێ زەویوزار نابێ ببێتە موڵکی کەسەکی. ئەم تێزە بووە هۆی ناکۆکی لە تەک ڕێبەرانی دیندا. بەڵام قەززافی لەو دەمەوە «شەریعەت» ی لە لیبیا سەپاند. مەبەست لە «شەریعەت» شیرازەیەکی دادپەروەرییە سەرچاوە لە قورئانەوە دەگرێ.

ئیسلامیزمی شۆڕشگێڕ دیاردەیەکی تەواو جودایە. ئەمیان بزاڤێکی سیاسی و شۆڕشگێڕە لەسەر بناخەی لێکدانەوەیەکی تایبەتی قورئان هەڵنراوە. ئامانجیشی دامەزراندنی دەوڵەتێکە بناخەکەی تەواو ئیسلامی بێ. 1979 شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران بە یەکەم ئامانج گەییشت. ئەمیش شێوازێکی حوکومڕانیی نوێی دینسالاری Theocratic پێکهێنا. بە تیۆری خودا، لە ڕێی نوێنەرانییەوە کە «ڕێبەر»ی دینەکی و فەقیهانن، حوکومڕانە.

له سەرەتادا بەم ئایدیۆلۆژییە نوێیە دەگوترا «بنەماگەری Fundamentalism ی ئیسلامی» لەبەر ئەوەی دەگەڕایەوە بۆ لێکدانەوەیەکی پیتەکیی (حەرفی Literal) ئەوەی قورئان دەیڵێ دەربارەی حوکومڕانیی دەوڵەت. بەڵام لەوەتەی ئایدیۆلۆژییەکە جگە لە ئێران لە وەڵاتانی دیکەش بڵاوبۆتەوە ناوی «ئیسلامیزم Islamism» ی لێ نراوە.

خورساد ئەحمەد Khursad Ahmad ی جڤانتاس و ئیسلامیستی پاکستانی بووژانەوەی سیاسیی ئیسلامیستانەی وەڵاتان بەم جۆرە لێک دەداتەوە: بەر لە هەر شتێک بەرتەکە بەرانبەر ئەو فەرهەنگە سێکولارەی ڕۆژاوا کە وەڵاتانی موسڵمانی گرتۆتەوە، تەنانەت ئەو وەڵاتانەش کە ڕژێمی مۆدێرنیان پەنا دەباتە بەر ئیسلام.

بواری فێرکاریی سێکولار جڤاتی دوو لەت کردووە: سەرتەڵی مۆدێرنی ڕۆژاوایانە لە لایەک و سەرتەڵی نەرێتپارێزی دینی لە لایەک. مۆدێلی جڤاتی ڕۆژاوایانە بەر لە هەر شتێک سەختانگێکی قووڵی ئاکارەکی لە وەڵاتانی موسوڵماندا بەرپا کردووە. کاتێک نرخاندنی دینی نەرێتپارێز وەلا دەنرێن، دارِزانی سیاسی، خۆجەختاندن Self-assertion و دادۆشینی بێبەزەییانە دەبێتە بەشێک لە گوزەران. بزاڤی ئیسلامی لە بنەڕەتدا بووژانەوەیەکی دینییە دژ بە فەرهەنگی سێکولار و مەتێریالیستانەی ڕۆژاوا[63].

لەم بەشەدا باس لە ئیسلامیزمی شۆڕشگێڕی ئێران دەکەین، بەتایبەتی لەو شێوەیەی ڕێبەری بێ ڕکابەری شۆڕشەکە، ئایەتوڵا خومەینی، دەری دەبڕی. لە نێو بزاڤەکانی دیکەی ئیسلامدا دەبێ ناوی «الاخوان المسلمین» ی میسر بێنین کە سازمانێکی نهێنیی دینەکی – سیاسییە. لە میسر ئیسلامیستەکان، بە چالاکیی نهێنی و تەکی تێرۆر، دژایەتی ڕژێم دەکەن. لە پاکستان، کە لەم ساڵانەی دواییەدا چەندین هەنگاوی ڕووەو ئیسلامیزم هەڵناوە، «جەماعەتی ئیسلامی» وەک پارتێکی سیاسی ئیسلامی کار دەکات.

لە جەزائیر چەند جارێک نێزیک بوو ئیسلامیستان حوکوم بگرنە دەست. لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادی ناوچەییدا ئیسلامیستان زۆرینەیان هێنا. نێزیک بوو لە

---

[63] بڕوانە: Voice of Resurgent Islam, New York & Oxford, 1983

هەڵبژاردنی پەرلەمانی 1992 دا ئیسلامیستان سەر بکەون، بەڵام کودەتایەک ڕێی لە حوکومڕانیی چاوەڕوانکراوی ئەوان گرت. لەو دەمەوە ئیسلامیستان لە بەرەی ڕزگاریخوازی ئیسلامی FIS دا خەباتی چەکدارییان بەرانبەر ڕژێم بەرپا کردووە.

هەروەها لە تورکیای سێکولاریشدا ئیسلامیستان لە هەڵبژاردندا سەرکەوتنیان وەدەست هێنا. لە ئەندەنووسیا، کە بە ژمارەی دانیشتوان گەورەترین دەوڵەتی موسڵمانە، پارتی مەسجومی Masjumi و جێگرانی گرێدراوی ئیسلامیزمن.

بەشێک لە تایبەتمەندیی شۆڕشی ئێران بەندە بەوەی ڕێبازی شیعەگەری لە ئێراندا زاڵە. لە وەڵاتی دیکە ڕێبازی سوننەگەری زاڵە. لە شیعەگەریدا «عولەما» مەلایانی فەقیهـ پلەیان بەرزترە.

شانرخاندن

گشت شارەزایان جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی ناشێ ئیسلام بە مانای ڕۆژاوایانەی «دین» تێبگەین. واتە دینێک بێ بە پلەی یەکەم بەند بێ بە ژیانی کەسەکی و ئاکارەکی تاکەوە. ئیسلام باوەڕێکە هەمەپۆشە، چەند لە تاک دەدوێ ئەوەندەش لە سازمانی جڤاکی، دادپەروەری و سەرلەبەری شێوەژیانی مرۆڤ دەدوێ. ئەم خاڵەش لە لایەن ئیسلامیستەکانی ئێرانەوە بەردەوام ڕەپێش دەخرێن. ئامانجیشیان ئەوەیە سەرلەبەر جڤات: شیرازەی داد، شێوازی حوکومڕانی، گوزەرانی ئابووری، گوزەرانی خێزان، بارهێنان و فەرهەنگ بگۆڕدرێ بە شێوەیەک تەواو لەگەڵ فەرمانی نێو قورئانی خودا بگونجێ.

دۆزی ئەوەی ئیسلام هەمەپۆشە و لە گشت سەروکارێکی گوزەرانی مرۆڤدا، لە جڤات و دەوڵەتدا، بڕیاردەرە، دۆزێکە خومەینی هەر زوو لە یەکەم بەرهەمی سیاسی – دینەکیی خۆیدا، 1944، بە بەڵگە دەیهێنێتەوە. خومەینی هێرش دەکاتە سەر سیاسەتی سێکولاری ئەو دەمەی شای ئێران:

«ئەوەی دەستووری ڕێنوێنە لە هەموو بوارێکدا، لە بچووکترین گرفتی گشت وەڵاتانەوە هەتا وردەکاریی نێو گوزەرانی خێزان، لە گوزەرانی جڤاکیی سەرلەبەری مرۆڤایەتییەوە هەتا ژیانی کەسەکیی ئەو مرۆڤەی بە تەنیا لە ئەشکەوتێکدا دەژی، لە دەمی بەر لە پەیدابوونی مرۆڤ لە پزدان (ڕەحم) دا هەتا پاش ناشتنی لە گۆڕدا — تەنها دەستووری خودایە، ئیسلامە. ئێمە بەڵگەی گومانبەدەر دەهێنینەوە کە دەستووری ئیسلام لە حوکومڕانیی دەوڵەتدا بێ کەموکووڕییە. باج گرتن، قانوونی مەدەنی و قانوونی سزا و هەموو سەروکارێکی حوکومڕانیی دەوڵەت، لە ئەرتەشسازییەوە هەتا دیاری کردنی وەزیران بەسەر دەکاتەوە»[64].

کەواتە ئیسلامیزم نموونەیەکی ڕوون و زیندووە لە نرخاندنی ئۆبژەکتیڤانە. ویستی خودایە بەو شێوەیەی لە شیرازەی جیهانیدا، لە دەستوورگەلی سروشتەکیدا، لە ویستی خویا (ئاشکرا) ی خودادا و لە دەستووری خوداکرددا دێتە دەربڕین، ڕێبەرە. لەو باس کردنە سالارخوازانەی خومەینی دەربارەی پرنسیپەکانی شێوازی حوکومڕانیی ئیسلامی جێی هیچ ڕیزپەڕییەکی سۆبژەکتیڤانە نابێتەوە:

«حوکومڕانیی ئیسلامی ناکرێ حوکومڕانییەکی گشتگیر (تۆتالیتار) و تاکفەرمان بێ بەڵکوو دەبێ دەستوورەکی و دێمۆکرات بێ. بەڵام لەم دێمۆکراتییەدا قانوون بە گوێرەی ویستی گەل دانانرێن بەڵکوو تەنها بە گوێرەی قورئان و سوننەتی پەیامبەری ئیسلامە. دەراوی شادەستوور، قانوونی مەدەنی و سزا تەنها دەستووری ئیسلامییە کە لە قورئاندا هەن و پەیامبەری ئیسلام پێشانی داون. حوکومڕانیی ئیسلامی ڕەنگدانەوەی میهرەبانی و دەستوورەکانی خودایە. نە دێنە گۆڕین، نە دەستکاری دەکرێن و نە دەکەونە بەر گومان».

*Sayings of the Ayatollah Khomeini*, 1980

لە شادەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی 1980 دا هاتووە کە مەبەستی ئیسلام هەمەکی Universal یە و لە ئایەندەدا هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە. «میللەت ئێستا سەرگەرمی دامەزراندنی جڤاتێکی نموونەیە بە گوێرەی پرنسیپەکانی ئیسلام. لەسەر بنەمای ئەم پرنسیپانە ئامانجی شادەستوور دەبێتە ڕوون کردنەوەی بناخەی

[64] ڕاگواستەیە لە: Religion and Politics in Iran, New Haven & London, 1983

ئایدیۆلۆژیی بزاڤەکان و دروست کردنی ئەو هەلومەرجانەی تێیدا مرۆڤایەتی لە ڕێی نرخاندنی بەرز و هەمەکیی ئیسلامەوە دێتە فراژووتن» ئەوپەڕی ئاواتیش دامەزراندنی «هاوبەندییەکی جیهانپۆشی یەکگرتووە».

مرۆڤنۆڕی

ئەگەرچی هەموو ئادەمیزاد بە شێوەیەکی ئەبستراکت لەبەر دەست خودادا یەکسانن، وشەی «یەکسانی» لە نووسراوەی ئیسلامیستانی ئێرانیدا بەکار ناهێنرێ.

لە ڕووی سیاسییەوە جوداوازییەکی توند هەیە لە نێوان فەقیهان، کە سەرتەڵی ئایدیۆلۆژی پێک دەهێنن، لە لایەک و موسڵمانانی دیکە لە لایەک. هەڵبەت ئەمەش تەواو ڕێک دێت لەگەڵ ئەو ڕامانەی دەڵێ شائەرک بریتییە لە سەپاندنی ویستی خودا، بەو شێوەیەی لە قورئان وسوننەتی کردەوەکانی پەیامبەری ئیسلام داوای دەکەن. کەواتە ئەرکی لێک دانەوەی فەرمانەکانی خودا دەبێ بخرێتە ئەستۆی شارەزاکانی قورئان و ئەو دەستوورەی سەرچاوەی لە قورئانەوە گرتووە.

دەستووری شۆڕشی ئێران بە ڕاشکاوی دەڵێ: حوکومڕانی دەبێ بدرێتە دەست «ئەوانەی پاکژ و کارامەن». «چاودێرییەکی ورد و قووڵ لە لایەن شارەزایانی ئیسلامەوە» هەم پێویستە و هەم بەسوودە. ئایەتوڵا خومەینی هەروا بە ڕاشکاوی دەربارەی توانای سیاسیی گەل و ڕێبەران دەنووسێ:

«لە دۆزی کارکرد و پێگەدا هیچ جیاوازییەک نییە لە نێوان گەورەی منداڵ و گەورەی سەرلەبەری گەل. ڕێبەرایەتیی دەوڵەت، یان بەگشتی، هەر پێگەیەکی فەرمی بۆ ئیمام و ئەوانەی ئیمام ناودێریان دەکات وەک ئەوەیە بەرپرسایەتیی منداڵ بگرێتە ئەستۆ».

ڕێبازی ئیسلامی هەن داوا دەکەن نۆرەی چاودێر بدرێتە عولەما، فەقیهان. بەڵام شادەستووری ئێرانی چەند هەنگاوێک لەوەشی تێپەڕاندووە و دەڵێ یەکێک لە

ئەندامانی «عولەمای دروست» دەبێتە تاکە ڕێبەر و چاودێری باڵا. ئەو کەسە لە زۆر شوێنی شادەستووردا بە «ڕێبەر» ناو دەبرێ. هەڵبەتە لە سەرەتادا ئایەتوڵا خومەینی هەر خۆی ڕێبەر بوو. پاش مردنی ساڵی 1989، عەلی خامەنەئی کرایە جێگری وی، بەڵام ئەم کارە بێ ململانێی نێوخۆ نەبوو.

ئاشکرایە کە ئایدیۆلۆژیی شۆڕشی ئێران سەرتەڵایەتی پێوە دیارە. ئەمیش وەک ئایدیۆلۆژیی دیکەی دیکتاتۆر - مرۆڤپەرستییەک لە دەوری مرۆڤ دەنەخشێنێت.

لایەنێکی دیکەی زۆر باسکراوی مرۆڤنۆڕیی ئیسلامی دۆزی ژنە. بە گوێرەی دیدی ئاشکرای شەرعی ئیسلام کە قورئان بناخەیەتی، لە مارە بڕیندا ژن پلەی لە ژێر پلەی پیاوەوە دێ. تەڵاق تەنها بە دەستپێشخەری پیاو دەبێ. لە میراتدا پیاو بەشێکی بەردەکەوێ ژن نیوبەش. ئەم بڕیارانە لە هەموو دەستوورێکدا، قورئان بناخەی بێ، دەبێ کارا بن.

هەموو دەزانین شۆڕشی ئێران بەرانبەر سەرفرازیی ژنان - بەو مانایەی ڕۆژاوا باسی لێ دەکات — توند وەستا. بەردەوام جەخت دەکرێ لەسەر ئەوەی شائەرکی ژن لە نێو خێزاندایە. «بە دامەزراندنەوەی ئەرکی بەرز و ڕێزداری دایکایەتی، کە بارهێنانی پیاوی خاوەن باوەڕە، ژن دەچێتە ڕیزی پێشەوە و بەڕاستی دەبێتە هەڤاڵی پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیانی چالاکدا. بەوەش ژنان بەرپرسایەتییەکی گەورەتریان بەر دەکەوێ و لە ڕوانگەی ئیسلامییەوە ڕێزێکی بەرزیان دەبێ».

## گرنگترین یەکەی جڤات

شۆڕشی ئیسلامی بە ڕاشکاوی چین و خەباتی چینایەتی، وەک بناخەیەک بۆ دابەشینی جڤات، ڕەت دەکاتەوە. تەنانەت میللەتیش یەکەیەکی لەپێش نییە لای ئیسلامیزمی ئێران. کاتێک وشەی «میللەت» بەکار دێت مەبەست لێی موسڵمانانی هاوبڕوایە. وەک باسمان کرد دامەزراندنی کۆماری ئێرانی بە هەنگاوێک دادەنرێ ڕووەو هاوبەندییەکی فرەوانتری جیهانپۆش. لایەنی دژەتەوەر و دژەهێز بریتین لە پەیڕەوانی شەیتان و ئامرازەکانیان. لە پێش هەموانەوە ئیمپێریالیزمە، بەڵام کۆمیونیزمیش هەر یەکێکە لەوان و هەروەها چەندین حکوومەتی بەناو ئیسلامیش.

لە ئاستی ژێرەوە خێزان بە «یەکەی بنەڕەتیی جڤاکی و یەکەم بنگەی فراژووتن و گەشەندی مرۆڤایەتی» دادەنرێ. جگە لەوەش ئامانج ئەوەیە خێزان «ببێتە بناخەی ڕووەو کەماڵی ڕێی مرۆڤایەتی». ئاشکرایە کە مەبەست لە نموونادن Idealization ی خێزان بەرز کردنەوە و دنەدانی ئادیدیۆلۆژیانەی پلەی دوورەپەرێزانەی ژنانە لە جڤاتدا.

## مێتودی گۆڕینی جڤات

لە خوداناسیی ئیسلامیدا شەڕی پیرۆز: «جیهاد»، پێگەی تایبەتی هەیە. ئەوەی خەباتی چەکداری لە پێناوی فرەواندنی باوەڕدا بکات دەمودەست جێگەیەک بۆ خۆی لە بەهەشتدا دەگرێ. ئەم جیهادە بووەتە بناخەیەکی ئایدیۆلۆژی بۆ شۆڕشی ئێران، کە شۆڕش و خەباتی چەکداری دژ بە هێزگەلی شەیتان بە یەکەم دەستاوێژی گۆڕینی جڤات دادەنێ. ئەم مەبەستە هەڵمەتکارە تاڕادەیەک بە ڕوونی دیارە لەوەدا کە شادەستوور باس لە ئەرکی ئەرتەش و ئەنجومەنی شۆڕش دەکات. ئەرکی ئەمانە هەر ئەوە نییە سنووری وەڵات بپارێزن بەڵکوو خاوەن پەیامێکی ئایدیۆلۆژییشن،کە دەکاتەوە جیهاد لە پێناوی خودادا «و خەبات کردن بۆ فرەواندنی ڕێگەی سەرەوەریی گوتەی خودا بەسەر گشت جیهاندا».

ئایەتولڵا خومەینی هەر زوو بەر لەوەی حوکوم بگریتە دەست بەیانی کردووە کە جیهاد دەکاتەوە: «گرتنی هەموو ناوچەیەکی نائیسلامی». ئەم جەنگە کاتێک هەڵدەگیرسێ «فەرمانڕەواییەکی ئیسلامیی وەها کە شایانی ئەم ناوە بێت بە فەرمانی ئیمام و لە ژێر سایەی ویدا دامەزرێت». دوا ئامانجیش ئەوەیە دەستووری قورئان «لەم سەری دونیاوە هەتا ئەوسەری دونیا» سەروەر بێ.

لەگەڵ ئەوەشدا خومەینی ڕوونی دەکاتەوە کە داگیر کردنەکانی ئەمجارەی ئیسلامیزم لە هەموو داگیر کردنەکانی دیکە پێشووتر جودا دەبێ، ئەوان «نارەوا و ستەمکارانە بوون و ڕێزیان لە پرنسیپیە ئاکارەکی و ژیارییەکانی ئیسلام نەدەگرت».

## شێوازی حوکومڕانی سیاسی

بەر لە هاتنە سەر حوکوم ئایەتولڵا خومەینی شێوازی حوکومڕانیی دینسالاری بەیان کرد:

«دەیسا فەقیهان فەرمانڕەوایانی دروستن و لەبەر ئەوە کاری ڕەوا لەوەدایە فەرمانڕەوایی بدرێ بە مرۆڤی فەقیە نەک بەوانەی لەبەر ئەوەی شارەزای دەستوور نین دەبێ پەیڕەوی ڕێزانیی فەقیە بکەن». خومەینی لە کتێبی ویلایەتی فەقیە کە دەربارەی دەوڵەتی ئیسلامییە، دەنووسێ: فەقیهان (عولەما) دەبێ «سەرلەبەری کاری حکوومەت، دۆزی بەڕێوەبەرایەتی و پلان دانان، بخەنە ژێر چاودێرییەوە».

خومەینی بە وشەی «چاودێری» پرنسیپی سەرەکی دەردەبڕێ. ئێران دەستەیەکی تەواوی لە بنگە سیاسییەکان هەیە: پەرلەمان، حکوومەت بە سەرەکوەزیران و سەرکۆمارەوە کە سەرۆکی دەوڵەتە. بەڵام لە ژوور ئەوانەوە چەند ئۆرگانێکی بەهێزی چاودێری باڵایان کێشاوە و لە ژوور ئەمانیشەوە ڕێبەر هەیە. هەر ڕێبەریشە ئەندامانی ئۆرگانی چاودێری دەستنیشان دەکات. ئۆرگانی چاودێری هەرە لە پێش پێی دەگوترێ ئەنجومەنی پاسداران. ئەرکی سەرەکی ئەمیان چاودێریی پەرلەمانە نەکا بڕیارێک دەرکات دژ بە پرنسیپەکانی ئیسلام و شادەستوور. ئەم ئەنجومەنە

بریتییە لە شەش مەلا و شەش قانووناس. ئەنجومەنی پاسداران دەبێ یەکەیەکەی بڕیارەکانی پەرلەمان پەسەند بکات دەنا پەرلەمان هیچ دەسەڵاتێکی دەستوور دانانی نامێنێ.

ڕێبەر تەواو دەسترۆیە. ئەم نەک تەنها ئەندامانی ئەنجومەنی پاسداران بەڵکوو دادوەر (قازی) ی باڵا، سوپاسالار و سەرۆکایەتیی سیاسیی جەنگیش دەست نیشان دەکات. ڕێبەر بۆی هەیە فەرمانی هەڵگیرسانی شەڕ بدات. سەلماندن و لابردنی سەرکۆماریش هەر بە دەست ئەمە.

پرۆسەی دیاری کردنی ڕێبەری نوێ زۆر سەرنج ڕاکێشە. بە پلەی یەکەم «نموونە و ڕێبەر» دەبێ هەر خۆڕسک هەڵ بکەوێت و لێی بسەلمێنرێ. دەنا ئەنجومەنی شارەزایان کۆ دەبنەوە، ئەمانیش بە گوێرەی ڕێساگەلێکی تایبەت دیاری دەکرێن و ڕێبەری کارا دوا بڕیاریان دەدا. ئەم ئەنجومەنی شارەزایانە کاری ئەوەیە لە خەسڵەتەکانی ئەو کەسانە وردبێتەوە کە دەشێ بۆ ڕێبەرایەتی دەست بدەن. «هەر ئەوەندەی ناودێرێک بدۆزنەوە خاوەن خەسڵەتی بەرزی ڕێبەرایەتی بێ دەبێ بە ڕێبەری گەلی دابنێن. دەنا سێ تا پێنج ناودێر کە مەرجی ڕێبەرایەتییان تێدابێ دەکرێنە ئەندامی ئەنجومەنی ڕێبەران و لای گەل ئاشکرا دەکرێن».

ئەم بڕیارانە پێشانی دەدەن کە ئیسلامیستانی ئێران مەبەستیانە ڕێبەرایەتییەکی خاوەن کاریزما Charismatic دروست بکەن. لە نێو کۆڕی فەقیهاندا لە کاتی پێویستدا دەبێ کەسایەتییەکی ڕێبەرانەی ئاشکرا بێتە پێش و ببێتە ڕێبەر. ئەگەر ئەو ڕێبەرە ئاشکرایە پەیدا نەبوو، پرۆسەی ئەنجومەنی شارەزایان دەبێتە چارەی ناچاری، بەمەش ئاشکرا دەبێ کە نە گەل نە پەرلەمان پشکیان لە دیاری کردنی ڕێبەردا نییە.

شادەستووری ئێرانی مافگەلی وەڵاتی بەرفرەوان بۆ دانیشتوان دەستەبەر دەکات، بەڵام بە لێ داشکانێکی وەها کە ناوەڕۆکی ئەو مافگەلە تەواو دەخاتە گومانەوە. بە نموونە ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە «بە گوێرەی پرنسیپەکانی ئیسلام» بۆ ماسمێدیا Mass media دەستەبەر کراوە. لە سەرەتای شادەستوورەکەدا ئەم پرنسیپانە ڕوون دەکرێنەوە. ماسمێدیا بەکار دەهێنرێ بۆ گەشە کردن و لەویشەوە بۆ «یاریدەی شۆڕشی ئیسلامییە لەو ڕێگەیەی گرتوویەتی ڕووەو بێگەردی». پارتی و

سازمان ڕێیان پێ دەدرێ بەو مەرجەی دژ نەوەستن بەرانبەر «پرنسیپەکانی ئیسلام و کۆماری ئیسلامی».

بەر لە شۆڕش خومەینی لە نووسینەکانیدا نەیاریی خۆی بەرانبەر دەزگەی بیرۆکراتییانە دەربڕیوە. تەنانەت لە شادەستووریشدا «سیستەمی بیرۆکراتی» ڕەت دەکرێتەوە بە بیانووی ئەوەی «ئافەریدەی هێزی بەدە». لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا باس لەوە نەکراوە دەزگەی کارگێڕیی ئیسلامی دەبێ چۆن هەڵبەسترێ.

سازمانی ئابووری

پرۆگرامی ئابووری شۆڕشی ئێران ڕەنگی نەرێتپارێزی پێوە دیارە. لە زۆر ڕووەوە لەو ڕێبازانە دەکات کە لە وەڵاتانی ناپیشەسازدا هەیە. سەنگی هەرە گەورە دەدرێ بەوەی وەڵاتەکە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ بێ. ئابووری دەبێ، بە شێوەیەکی کە تەواو ورد نەکراوەتەوە، لەلایەن دەوڵەتەوە پلانڕێژ بکرێ. نەفرەت لە هەردوو سیستەمی سەرمایەدارانە و کۆمیونیستانە دەکرێ. سیستەمی ئابووریی ئێران دەبێ ڕێگە بگرێ لەوەی سامان لای تاک یان دەستە چڕ بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەت نابێ بکرێتە «کاربەخش Employer یێکی مۆنۆپۆڵدار».. سامانی سروشت، بانک و دەزگەی دانوستان Communication دەبێ موڵکی دەوڵەت بن. شێوە موڵکایەتیی پەسەند شێوەی هەرەوەزیی بەرهەم هێنەرانە. هەم لە شار و هەم لە گوند «بە گوێرەی پرنسیپەکانی ئیسلام» دەبێ ڕێ بۆ ئەم شێوەی موڵکایەتییە خۆش بکرێ، لابەشی کەسەکی لەوە دەچێ بە بچووکترین لابەش و بە تەواوکەری لابەشی چالاکیی دەوڵەتی و هەرەوەزانە دابنرێ.

ڕژێمی ئێران هەتا ئێستا فورموڵ Formula یێکی نەدۆزیوەتەوە بۆ ڕەش کردنەوەی فائیزی پارە لە سیستەمی ئابووریدا. قورئان فائیز، یان بەپێی لێکدانەوەی دیکە: سەرانەی قەدەغە کردووە. شاخاڵێکی ئیسلامیستی دیکە ڕاستاندنی ئەم فەرمانەی قورئانە. ڕێساکانی میرات لە شەرعدا بە هۆکارێکی ڕێکخستنی سامان دادەنرێن. مافی میرات دەبێتە هۆی دابەشبوونی سامانی مەزن بەسەر چەندین کەسدا.

زەکات ئامرازێکی سێیەمی تایبەت بە ئیسلامە، ئەمیان باجێکی خێرخوازانەیە لە قورئاندا فەرمانی هاتووە و دەبێ بۆ دەستکورت و هەژاران بخرێتە کار. زەکات دەچێ بۆ کۆڕی موسڵمانان نەک بۆ دەوڵەت زۆر جار دەگوترێ گۆیا زەکات مێتودی ئیسلامە بۆ چارە کردنی گرفتی جڤاکی. بڕی ئەم زەکاتە چەندە لە قورئاندا نەنووسراوە بەڵام ڕژێمی ئیسلامیستی پاکستان بە لە سەدا دوو و نیو هەتا پێنجی داهاتی داناوە.

ئوتوپیا

بێگەردی، وەک باسکرا چەمکێکی ئاساییە لە باسی ئەو ئامانجەی شۆڕشی ئێرانی ڕەچاوی گرتوون بۆ ئەو «جڤاتە نموونە» یەی دەبێ بونیات بنرێ. هەڵبەت ئەوپەڕی بێگەردی لەوەدایە کە ئەو شیرازەیەی خودا فەرمانی داوە و ئەو شێوە گوزەرانەی خودا پێشانی داوە زۆر بە وردی پەیڕەوی بکرێ. ئەم بۆچوونە دەڵێ بە ڕاستاندنی وردەوردەی شیرازەی خوداکرد هەر جڤاتی بێچینی لێ دەزێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی ڕێبازی شیعەگەری، کە دینی فەرمیی ئێرانە، بێگەردیی دروست تەنها ئەو دەمە پەیدا دەبێ کە ئەلمەهدی، ڕێبەری بێگەردی دینەکی، دەگەڕێتەوە سەر زەوی. ئەم ڕێبەرە دەبێ زادەی نەوەی دروستی پێغەمبەر بێ. ئەلمەهدی بە گوێرەی خوداناسیی شیعەگەری ژیانێکی دونیابەدەر «لە دونیای شاراوەدا» دەباتە سەر، بەڵام ڕۆژێک دێت دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی خودا لەسەر زەوی دابمەزرێنێ. لە شادەستووری ئێراندا هاتووە کە ئەم شیرازەیەی ئێستا تەنها چاوەڕوانییە لەو چرکە مەزنەی «صاحب الزمان» تێیدا دەردەکەوێ. لە کۆپڵەی پێنجەمی شادەستووردا نزا (دۆعا) یەک بەرز دەبێتەوە دەڵێ: «خودایە پەلە لە گەڕانەوەی بکە».

# 15- ناسیۆنالیزم

به ڕمانی کۆمیونیزم له سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژهەڵات بۆشاییەکی ئایدیۆلۆژی پەیدا بوو. سەرەتا به لیبەڕالیزمێکی هاوردەی ڕۆژاوا پڕ کرایەوە، دوو خاڵی مەبەست بوو: ئازادیی سیاسی و ئابووریی بازاڕ. بەڵام ناسیۆنالیزم به هێزێکی زۆرترەوە خۆی ڕەپێش خست، ئەم ناسیۆنالیزمه له زۆربەی وەڵاتان له نێوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمەوە وەک ئایدیۆلۆژییەکی داڕێژراو هەبوو.

داوای میللی که دەیان ساڵ بوو خەفێنرابوو، له پشتارەوە [هێڵی پشتەوە] دەرپەڕییە پێشار [هێڵی پێشەوە]. یەکیەتیی سۆڤیەتی فرەنەتەوە بەسەر پازده دەوڵەتی نوێدا دابەش کرا. چەکوسلۆڤاکیا بوو به چەکستان و سلۆڤاکیا. یوگۆسلاڤیا شەڕێکی نێوخۆی تێدا هەڵگیرسا کۆتای دیار نییە. هەر نەبێ شەش نەتەوەی گەورە، که سنووری نێوچەیی نێوانیان تەواو دیار نییە، تەمایان وایە دەوڵەتی خۆیان دروست بکەن. «پاکتاوی ڕەگەزی» بووە دەربڕینێکی سەرپەڕانه له پرنسیپی ناسیۆنالیستانە. دەر کردنی «گەلی بیانی» کرایە پاساو بۆ فرەواندنی ناوچەی خۆ، ناوچەی «ڕەچەڵەک خاوێن». ئەم سیاسەتەی سەرب و کروات دەگەڕێتەوە بۆ بیرگەلی «سەربیای مەزن» و «کرواتیای مەزن» ی سەدەی نۆزدەیەم[65].

له جێیەکی ئابووریی بازار دووچاری سەختیی بوو بێت ناسیۆنالیزم لەوێ بووەتە هێزێکی سیاسیی دژەلیبەڕال. ناسیۆنالیزم خرایە خزمەت حکوومەتی سالارپەرستی نوێ و دژ به ئایدیۆلۆژیی ئابووریی بازاڕ. ناسیۆنالیزم بووە چەک، له دەرەوە دژ به دەوڵەتانی دەراوسێ، له نێوخۆدا دژ به کەمینەی میللی ڕیزپەڕ.

هەڵوەشانی دوا ئیمپراتۆریی مەزن، یەکیەتیی سۆڤیەت، به خۆی و دەوڵەتانی سەتەلایت Satellite State ژێر چەتری خۆییەوە – واته دەوڵەتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات –نەدەبا لای کەس ڕووداوێکی سەیر بێ. ئیمپراتۆرییەکانی دیکەش له سەدەی بیستەمدا وەهایان بەسەر هات. پاش شەڕی جیهانیی یەکەم ئیمپراتۆریی عوسمانی - تورکی و ئیمپراتۆریی نەمسا (ئوتریش) – هەنگاریا پارچەپارچە کران و

---

[65] بڕوانە W. D. Behschnitt, Nationalismus bei Serben und Kroatien 1830-1914, München 1980. هەم له بەرەی سەربیای مەزن و هەم له بەرەی کرواتیای مەزن موسڵمانانی بۆسنە به خاینی میللی دادەنران، لەبەر ئەوەی ئەمانە چوونەتە سەر دینی داگیرکەری عوسمانی (تورکی).

چەندین دەوڵەتی ناسیۆنالیان لێ زا. پاش شەڕی جیهانیی دووەم ئیمپراتۆریی بریتانی و فرانسی هەڵوەشێنرانەوە. دەشێ بڵێین ناسیۆنالیزم لە دوو سەدەی ڕابوردوودا بەهێزترین وزەی سیاسی بووە لە جیهاندا.

ناسیۆنالیزم وەک بزاڤ و ئایدیۆلۆژیی سیاسی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم، لە ئەورووپادا زا. ئەوجا خزمایەتیشی هەبوو لەگەڵ شۆڕشی فرانسی و بیروڕاکانی شۆڕشەکە دەربارەی سەروەریی گەل لە دۆزی بڕیار دانی شێوازی حوکمڕانیی خۆی. فەیلەسووفی شۆڕشەکە ژان ژاک ڕوسو Jean-Jacques Rousseau پێشنیازی هەبوو دەربارەی دروست کردنی دەوڵەتێکی میللی (ناسیۆنال) لە پۆلۆنیا (لەهستان) ی لەتلەتکراو، بەوەش بووە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەم باسە. لە ڕێی بارهێنان، دروشم و هێماگەلی ورووژێنەری میللییەوە دەبا گەل بەرەو هاوهۆگری و یەکبوون و هەستی میللییەوە ببرێ. دیدی ڕوسو بەرانبەر دێمۆکراتیش دیدێک بوو زۆر چاک لە تەک ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستانە دەگونجا. ڕوسو پێی وەها بوو سەرلەبەری وەڵاتیان لە دۆزە گرنگەکانی جڤاتدا هاوبەرژەوەندن. بەم بەرژەوەندەی دەگوت «ویستی گشتی». لەبەر ئەوە یەک گرتن و سەرلەبەربوون لای ڕوسو باری نموونە بوو. فرەبەرەکی، لەتلەتبوون و پارتیگەلی سیاسی لای ئەم نیشانەی داڕووخان و ڕمانی دەوڵەتە. ئەگەر ویستی گشتی بە ویستی هاوکۆی ناسیۆنەکە دیاری بکرێ دەبێتە هۆی داخوازیی کۆبوونەوە لە دەوری ئامانجی میللی.

ڕووداوی هەرە گرنگ لە مێژووی ناسیۆنالیزمدا ئەوەیە هەر یەک لە ئەڵمانیا و ئیتالیا دەوڵەتی میللی (ناسیۆنال) ی خۆیان پێک هێنا و بوونە زلهێزی ئەورووپی. یەکگرتنی ئیتالیا ساڵی 1861 بەیان کرا. پاش دە ساڵ، 1871، قەیسەرنشینیی ئەڵمانیا جاڕی درا. بیری ناسیۆنالیستانە لە خەباتی دروست کردنی ئەم دوو دەوڵەتەدا زان. بیریارە گرنگەکانی ناسیۆنالیزم لەم چەند لاپەڕەیەدا باس دەکرێن. Johann Gottfried von Herder ی فەیلەسووفی ئەڵمانیی پێشەنگ یەکێک بوو لە کەسایەتییە مەزنەکانی ڕۆمانتیک (مردەی ساڵی 1803). چەمکی سەربە ناسیۆنالیزم دەگەڕێنەوە بۆ ئەم. شێوەی سیاسییانەی ناسیۆنالیزمی زووی ئەورووپی لەلایەن ئەڵمانییەک و ئیتالیاییەکەوە داڕێژراوە. فیختە Johann Gottlieb Fichte ی فەیلەسووف (مردەی ساڵی 1814) و ماتزینی Giuseppe Mazzini (ساڵی 1872) ی شۆڕشگێڕ بوون. بیروڕاکانیان ناونراون «بووژانەوەی میللی» Risorgimento-Nationalism.

مەبەستی ئەم بۆچوونانە دامەزراندنی دەوڵەتی ناسیۆناڵە. «بووژانەوە« Risorgimento ناوی بزاڤی یەکگرتنەوەی ئیتالیا بوو[66]

ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ

بناخەی دەوڵەت دەبێ میللەت (ناسیۆن) بێ. ئەمە لە گشت دیدێکی ناسیۆنالیستانەدا شابیرە. لەبەر ئەوە پێوانەی دابڕ بۆ ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستانە لەوەدایە میللەت (ناسیۆن) بە یەکەیەکی سیاسیی بنەڕەتی و بە بەها هەرە بەرز و ڕەها دابنێ.

ناسیۆنالیزم هەم زادەی ڕۆمانتیکی سیاسییە، لێرەدا ژان ژاک ڕوسو سەرچاوەیە، و هەم زادەی فەلسەفەی مێژووی ئایدیالیستانەی ئەڵمانییە. مێژوو بە دیدی ئایدیالیزم ڕاستاندنی پلانێکە هێزی باڵا دایناوە بە مەبەستی گەیشتن بە دۆخێکی بێگەرد لە جیهاندا. نموونەیەکی ناودار لێرەدا خشتە ئایدیالیستانەکەی هێگل Hegel ـە دەربارەی ئەوەی چۆن لە مێژوودا «گیانی جیهان» (خودا) پلەدار لە ڕێی پەیامی گەلە جۆراوجۆرەکانەوە پلانی خۆی دەڕاستێنێ. ناسیۆنالیزمی ڕۆمانتیک و گەلێر مۆرکی دینەکی تەواو پێوە دیارە و بۆ خۆیشی تاڕادەیەک وەک دینێکی نوێ خۆی ڕەپێش دەخات.

میللەت (نەتەوە) بە یەکەیەکی کۆگەرای باڵا دادەنرێ. میللەت بە تاکەکەسێکی مێژووکردی خاوەن خەسڵەتی ناسیۆنالانەی تایبەت بە خۆ دادەنرێ[67]. ئەم خەسڵەتە «گیانی گەل» ـە. بە بۆچوونی Herder ی فەیلەسووف ئەو خەسڵەتە لە «گەل» دا، لە زمان و ئەدەبدا، لە فەرهەنگی سەرەتایی گەلدا دێتە دەربڕین. هەر ئەمیشە هۆی

[66] بڕوانە Otto Vossler, Mazzinis politisches Denken und Wollen (München-Berlin 1927).

[67] پێشەنگی ئەم بوارە Giambattista Vico ی ئیتالییە بەو باسەی 1725 نووسی دەربارەی «سروشتی هاوکۆی گەلان».

ئەو بایەخە بەرزەی ڕابوونی ناسیۆنالانەی سەدەی نۆزدەیەم دەیدا بە تۆژینەوەی زمان و ئەدەبی گەلان[68].

کەواتە لای هێردەر Herder و پەیڕەوانی وی گەل هەڵگری خەسڵەتگەلی ناسیۆنالانەیە. لەبەر ئەوەی خەسڵەتگەلی ناسیۆنالانە هەمەجۆرن دەبێ هەر میللەتێک دەوڵەتی خۆی دروست بکات. دەوڵەتی میللی خەسڵەت و پەیامی ئەو میللەتە لە مێژوودا بەرجەستە دەکات.

هێردەر، فیختە و ماتزینی لە خاڵێکی دابڕدا لە ناسیۆنالیستانی سالارپەرستی درەنگتردا جودا دەکرێنەوە. ڕاستە میللەتی خۆیان بە گوتەی هەرە شکۆمەند پەسن دەدەن، ئەڵمانیا لای فیختە و ئیتالیا لای ماتزینی ڕێبەری مرۆڤایەتین ڕووەو دۆخی بێگەرد. بەڵام ئەمە مانای وا نییە میللەتی دیکەیان بە نزم دانابێ. هەموو میللەتێک دەبێ سەرگەرمی فراژووتنی میللی خۆی بێ. هەر گەلێک خەڵاتێکی تایبەتی هەیە بیبەخشێ بە مرۆڤایەتی. هەموو گەلێک مافی دروست کردنی دەوڵەتی خۆی هەیە.

بە نموونە هێردەر بە شێوەیەک باس لە گەلانی سلاڤیی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی کردووە بووەتە مایەی نارەزاییەکی توند لای ئەڵمانەکانی هاوزەمانی خۆی. بە بۆچوونی هێردەر ئەڵمان سەدان ساڵ گەلانی سلاڤییان چەوساندۆتەوە و ڕێی فراژووتنی لێ بەستوون، گەلانی سلاڤی دەبا خۆیان لە ژێردەستیی ئەڵمان ڕزگار بکەن. مێژوونووسان دەڵێن گوتەکانی هێردەر بوونە «پەیام» لای چەندین ناسیۆنالیستی سلاڤیی سەدەی نۆزدەیەم.

ناسیۆنالیزم ئایدیۆلۆژییەکی شۆڕشگێڕ بووە. دوژمنی هەم دەرەکی و هەم نێوەکیی هەبوو خەباتیان دژ بکات. فیختە بە گوتەی ئاگرین داوای یەکیەتیی میللی و خەباتی دەکرد دژ بە لەشکری ناپولیۆن Napoleon ی داگیرکەر[69]. ماتزینی نەمسا

[68] لە سکاندیناڤیا دوو نموونەی گەش هەیە. لە نۆرویژ، لە کۆی چەند زاراوەیەکەوە زمانی «ڕەسەن» ی نۆرویژیی نوێ دارێژرا. لە فینلاند داستانی گەلێری «Kalevala»، کە لەلایەن Lönnrot Elias کۆکرابۆوە، کرایە بەیان کردنێکی زمان و خەسڵەتی گەلێری فینلاندی.
[69] فیختە لە بەرلین 1808-1807 گوتارێکی ناوداری دا بە ناوی «گوتارێک بۆ میللەتی ئەڵمان». ئەو دەمە لەشکری فرانسی بەشێکی گەورەی ئەڵمانیای داگیر کردبوو. ئەم گوتارەی فیختە هەر زوو کرا بە کتێب و بووە یەکێک لە بەرهەمە کلاسیکەکانی ناسیۆنالیزم.

(ئوتریش) ی بە دوژمنی دەرەکی دادەنا، ئەو دەمە نەمسا باکووری ئیتالیای داگیر کردبوو. بەڵام گەورەترین کۆسپی ڕێگەی یەکگرتن، پاشا و میری خۆماڵی بوون. دروشمی دێمۆکراتییانە و شۆڕشگێڕانە ئاڕاستەی ئەوان دەکرا. لای ماتزینی جەنگی گەلێر، جەنگی پارتیزانی، لە خەباتی میللیدا یەکەم چەکە. هەم لای ماتزینی و هەم لای فیختە بۆچوونێک هەیە دەیگوت گەل لە ڕێی شەڕەوە، شەڕی ڕزگاریخوازیی میللییەوە، لە یەکیەتیی میللیدا جۆش دەبن.

فیختە و ماتزینی خۆیان بە پەیڕەوانی دێمۆکراتی دەزانی. ئەمەش بۆچوونێکی تەواو لۆژیکانە بوو چونکە بە دیدی ئەوان گەل هەڵگری نرخاندنی میللییە. ئازادیی میللی دەیکردەوە ئازادیی گەل. دەوڵەتی میللی دەبا دەوڵەتێکی دێمۆکرات بێ. هەم فیختە و هەم ماتزینی پەیڕەوی باوەڕی «سەروەریی گەل» – ی ڕوسو بوون، کە دەیگوت لە دەوڵەتدا گەل سەرچاوەی دەسەڵاتە. بەڵام ڕوسو باوەڕی بە دیدێکی کۆگەرایانە Collectivistic بوو دەربارەی دێمۆکراتی، ئەمان لەوەشدا هەر پەیڕەوی ڕوسو بوون. تاکەکەس نا بەڵکوو میللەت وەک کۆیەک، یەکەی لەپێشی جڤاکیی پێک دەهێنا. یەکەم ئەرکی وەڵاتیان لەوەدا بوو ببنە بەشێک لە کۆگەرای میللی و سەر فرووی بن. فیختە ئەم شیرازەیەی ناونابوو «ئازادیی ئایەتی». تاکەکەس تەنها بەوە «ئازاد» دەبێ کە خەریکی ئامانجی بەرز بێ: خزمەتی گەل و دەوڵەتی میللی بکات[70]. ماتزینی-یش لەسەر هەمان ڕێباز دەیگوت تاکەکەس لە دەرەوەی کۆگەرای میللی بوونێکی ڕێزداری نییە: تاکەکەس دەبێ لەلایەن «هێزێکی کۆگەراوە کە کردەی دەستی چەندین ملیۆن کەسی خاوەن یەک مەیل، نەریت و زمانن» پشتیوانی لێ بکرێ، دەنا تاکەکەس لە خۆویستی و خۆپەرستیدا دەخنکێ.

ئەم تێگەیشتنە لە دێمۆکراتی نەدەگونجا لەگەڵ دیدی تاکگەرا Individualistic ی لیبەڕالیزم لە دێمۆکراتی. مازینی دەیگوت: تاکگەرایی لیبەڕالانە کاتی بەسەر چووە، ئێستا سەردەمی هاوبەندیی «زیندەڵ» بەڕێوەیە. ماتزینی و فیختە هیچ پەیوەندییەکیان بە لیبەڕالیزمی ئابووریشەوە نەبوو. پتر دەشیا بە سۆسیالیستی

[70] بڕوانە:

H. S. Reiss, *The Political Thought of the German Romantics,* Oxford 1955

Zwi Batscha, *Gesellschaft und Staat in der Philosophie,* Europa¨ische Verlagsanstalt, Frankfurt.1970.

نامارکسیست وەسف بکرێن. دەوڵەتی میللی لای ئەوان دەبا چالاک و بەهێز بێ، دەبا بازاڕ هەڵسووڕێنێ و خەریکی دابەشینەوەی داهات بێ. فیختە داوای دەکرد دەوڵەت ببێتە دەستەبەری مافی کار و بەخێو کردنی وەلاتیان. دەوڵەت دەبا بڕیاری نرخی نێو بازاڕ بدات و ببێتە پارێزەر بەرانبەر ڕکابەریی، بەتایبەتی ڕکابەری بیانی. شاخاڵێکی ماتزینی لەوەدا بوو کە پیشەسازی نابێ پرۆلیتاریای لێ پەیدا ببێ. لەبەر ئەوە بەرهەم دەبا لەلایەن کۆمەڵەی هەرەوەزییەوە ببرێن بەڕێوە، ئەم کۆمەلانەش دەوڵەت پشتگیرییان دەکات و کرێکاران بۆ خۆیان دەیبەن بەڕێوە.

زمان و سنووری سروشتەکی

پرسیاری گرنگ ئەوە بوو «میللەتگەری» [سەر بە میللەت بوون] چۆن بناسێنرێ و دەوڵەتی ناسیۆنال چۆن سنووررێژ بکرێ. فیختە و ماتزینی دوو کێشانە بەکار دێنن: زمان و «سنووری سروشتەکی». مەبەستیش لە سنووری سروشتەکی سنووری جیۆگرافیی وەک ڕووبار، زەریا و زنجیرەچیایە. لەوەش بترازێت مەبەست سنووری خۆتەیار Self-Sufficiency ی ئابوورییە. لێرەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ پێوەر نادیار و لە تەک یەکیشدا ناکۆک بوون. مەیدانێکی فرەوانی بۆ لێکدانەوەی هەمەجۆر و لەویشەوە بۆ داوا کردنی ناوچەی دەوڵەتانی دیکە ئاوالە کرا. کاتێک هیچ چارەیەکی دیکە نەما ئەوا دەبێ بە جەنگ ناوچەی پێویست داگیر بکرێ.

ماتزینی پێی وەها بوو خودا بە زەریا و زنجیرەچیا سنووری سروشتەکیی ئیتالیای کێشاوە، بەڵام هاوکات دەشیگوت هەر جێیەک زمانی ئیتالی تێدا بەکار بێت ئەوە ئیتالیایە. لەبەر ئەوە ئیتالیای یەکگرتوو دەبێ کۆرسیکا و ناوچەی دیکەی باشووری فرانسە بگرێتەوە[71]. لەلایەکی دیکەوە دەکرا دۆزی زمان وەها لێک بدرێتەوە کەوا ناوچەی ئەڵمانیزمانی باشووری ئەلپەکان بخرێنە سەر ئوتریش (نەمسا) یان ئەڵمانیا. لە بری ئەوە ماتزینی داوای دەکرد دانیشتوانی ئەڵمانیزمان «بکرێنە ئیتالی». بەم

[71] بە هەمان شێوە، سالانی 1990، زمان کرایە بەڵگەی شەڕی پەلهاوێژی سەربستان: هەر جێیەک زمانی سەربی بەکار بهێنێ ئەوە سەربستانە».

شێوەیە پرنسیپی زمان: «یەک زمان – یەک دەوڵەت»، دەکرا بەرەواژ بکرێتەوە بۆ داخوازی «یەک دەوڵەت – یەک زمان». ئەوەی بە زمانی دەوڵەت نایەتە گۆ دەبێ بتوێنەوە و زمان بگۆڕن[72].

سەیر ئەوەیە فیختە خۆی لەم دۆزە بواردووە بەڵام بە ڕوونی پێشبینی ئەوەی کردووە کە داخوازیی سنووری سروشتەکی دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ، بەڵام شەڕێک کە بە بۆچوونی ئەو دەبووە دوا شەڕ. فیختە بەمەی نەدەگوت شەڕ بەڵکوو ناوی نابوو «داگیر کردن». چونکە دەوڵەتی نوێ هاوکات لەگەڵ ئەوەی گشت ناوچەی نێو سنووری سروشتەکیی خۆی «داگیر دەکات» ئاشکرایشی دەکات کە چی دی، هەتاهەتایە، نێزیکی شەڕ ناکەوێ. کاتێک گشت دەوڵەتان سنووری سروشتەکیی خۆیان دابین کرد شەڕ نامێنێ.

فیختە و ماتزینی پێیان وەها بوو پرنسیپی میللی دونیایەکی ئاشتەوا و هاوئاهەنگی لێ دەزێ. بەڵام ڕێگەیان بۆ ئەو مەبەستە تەواو لەیەک جودا بوو. فیختە دەیگوت دەوڵەتان دەبێ خۆیان تەواو لە یەکتر دابڕن. هەرچی ماتزینییە داوای شێوەیەکی بەرزی هاوکاری دەکرد لە نێوان دەوڵەتانی ناسیۆنالدا.

پێشنیازی فیختە ئەوە بوو دەوڵەتی خۆتەیار بەرانبەر وەڵاتانی دەرەوە پەرژینبەست بکرێ. سەفەر بۆ دەرەوەی وەڵات، بازرگانی و بەگشتی هەڵسوکەوت لەگەڵ بیانیدا نەک هەر ناپێویستە بگرە بەرانبەر خەسڵەتگەلی میللی زیانبەخشیشە[73]. فیختە

[72] دەکرێ لە سکاندیناڤیا نموونەی سنێلمان Johan Vilhelm Snellman بهێنینەوە کە داوای دەکرد تەنها زمانی فینلاندی لە فینلاند بکرێتە زمانی دەوڵەت. سنێلمان گرنگترین تیۆریستی ناسیۆنالیستە فینلاندخوازەکان «فێنۆمان Fennoman» بوو. چەمکێکی دیکەی ناسیۆنالیستانە چەمکی «فینلاندی مەزن Suur-Suomi» بوو کە لە 1850 کاندا پەیدا بوو. مەبەستیش لێی ئەوە بوو، بە پلەی یەکەم لە ڕووی فەرهەنگییەوە و پاشان لە ڕووی سیاسیشەوە، هەموو وەڵاتانی فینلاندیزمان (وەک کارێلێن Karelen و هەرێمانی فینلایزمانی سوێد و نۆروێژ) لە «فینلاندی مەزن» دا کۆ بکاتەوە. باوەڕی فینلاندی مەزن لە سەدەی بیستەمدا لەلایەن ناسیۆنالیستە پەڕگیرەکانی نێو بزاڤی Lappo و IKL پەیڕەوی دەکرا. سوێد بە سیاسەتی سوێداندنی ناوچەی Tornedalen بەرەنگاری ئەو مەبەستە بۆوە.

[73] فیختە لێرەدا، زانستکار و هونەرکاران لە سەفەربەستی دەبوورێ بۆ ئەوەی دەرفەتیان هەبێ ئاشنای بیرگەلی نوێ بن.

دەنووسێ، لە نێو چێوەی هاوبەندیی میللی سنووربەستدا، کە ئەندامانی تەنها لەگەڵ یەک دەژین و یەکجار بە دەگمەن تووشی بیانی دێن: «زۆر زوو شکۆی میللی و خەسڵەتی تایبەتی میللی دروست دەبێ». نە تەنها ئەڵمانیا دەبێ خۆی لە دونیای دەرەوە جودا بکاتەوە، بەڵکوو گشت میللەتان دەبا پەرە بە ڕیشاڵی میللی خۆیان بدەن، ئاشتی و هاوئاهەنگی لە جیهاندا بەوە دێتە دی کە گشت دەوڵەتان خۆتەیار و دوورەپەرێز بن، لە نێو چێوەی سنووری سروشتەکیی خۆیاندا بژین[74].

ماتزینی بڕوای بە ناسیۆنالیزمی دوورەپەرێزانەی فیختە نەبوو. دەوڵەتانی میللیی ئازاد دەبا، لەسەر ئاستێکی بەرز کە ناوی نابوو «ئاستی مرۆڤایەتی»، هاوکاری یەک بن (بەڵام نەک یەک بگرن). بە پلەی یەکەم کاری بۆ ئەورووپایەکی نوێ دەکرد، کە دەبا بریتیی بێت لە دەوڵەتان میلليی دیمۆکراتی هاوکار. «وەک چۆن بڕوامان بە ئازادی و یەکسانی، برایەتی و هاوکاری هەیە بۆ تاکەکەسانی نێو دەوڵەت، هەر وەهایش بڕوامان هەیە بە ئازادی و یەکسانی، برایەتی و هاوکاریی میللەتان». ماتزینی خەونی بەوەشەوە دەبینی کە ڕۆم ببێتە بارەگای ئەنجومەنی جیهانیی دەوڵەتانی میللی.

## ناسیۆنالیزمی پاش 1848

ساڵی 1848 ی شۆڕشگرتوو ساڵی شکستێکی مەزن بوو بۆ ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ. هەوڵدان بۆ یەکگرتنی ئەڵمانیا لە ڕێی شۆڕشەوە هەرەسی هێنا. لە هەنگاریا بە یاریدەی لەشکری ڕووس ڕاپەڕینی ناسیۆنالیستانەی Lajos Kossuth شکێنرا. پاش ئەو دەمە هێزی سیاسیی دیکە جڵەویان گرتە دەست. لە ئەڵمانیا و لە ئیتالیا پرۆسەی یەکبوون ڕێگەی فیختە و ماتزینی – یان نەگرتە بەر. یەکگرتن لەم دوو دەوڵەتەدا «لە سەرەوە»، بە دەستاوێژی دیپلۆماسی و ئەرتەشی، جێبەجێ کرا. لە

[74] فیختە پێی وەها بوو لە ئایەندەیەکی دوورەدەستدا دەوڵەتی میللی (ناسیۆنال) دەبێتە دیاردەیەکی ناپێویست. ئەو دەمە سەرلەبەری مرۆڤایەتی لە دەوڵەتێکی هۆشیارانەی مەسیحیدا کۆ دەبنەوە.

ئەڵمانیا بیسمارک Bismarck ی دەوڵەتسازی کۆنەوار و لە ئیتالیا Cavour دەوڵەتسازی لیبەڕاڵ لە پشت پرۆسەی یەکگرتن بوون.

لە سەدەی بیستەمدا ئەوجا وێنەی نوێ لە ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕ سەری هەڵدا. بزاڤی زایۆنیزم (سەهیۆنی) نموونەیەکی ساڵانی زووی ئەم سەدەیە و مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی میللی (ناسیۆنال) بوو بۆ جوو. تیۆدۆر هێرزل Theodor Herzl بە کتێبی *Der Judenstaat,* 1896 بووە تیۆریستی زایۆنیزم.

بزاڤی ناسیۆنالیستانەی ئیرلاندی نموونەیەکی دیکەیە. نموونەی سێیەم هەموو بزاڤی ڕزگاریخوازی میللی پاش 1945 ی سەرلەبەری جیهان دەگرێتەوە کە دەکرێ بە بەردەوامبوونێکی ناسیۆنالیزمی شۆڕشگێڕی ئەورووپی دابنرێ. ئەوەی لەمەدا نوێکاری بوو سیستەمی تاکپارتایەتیی جیهانی سێیەم بوو. بزاڤی ڕزگاریخوازی جیهانی سێیەم، پاش سەرکەوتن، خۆیان کردە شاپارتی یەکبوون. سیستەمی تاکپارتایەتی کرایە دەربڕینێک لە «ویستی گەل» لەم تازەدەوڵەتانەدا[75].

دەمەو سەرەتای سەدەی بیستەم لە زۆر جێ پارتی نەرێتپارێز پرنسیپی میللی تێهەڵکێشی ئایدیۆلۆژیی خۆی کرد. داخوازیی سەروەریی میللی بووە داوایەکی لیبەڕاڵ، کۆنەوار و سۆسیالیستەکان. ئیدی جێیێ بۆ پارتی تایبەتی ناسیۆنالیست نەمایەوە. نۆرویژ، فینلاند و ئایسلاند نموونەی نێزیکی سکاندیناڤین. بەڵام لە ئەڵمانیا، فرانسە و ڕووسیا لە سەرپەڕی سیاسیی ڕاستڕەوانە، بزاڤی ناسیۆنالیستانەی بەهێز و ئایدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستانەی سالارپەرستی نوێ پەیدا بوون.

---

[75] ناسیۆنالیزمی Boer ی باشووری ئەفەریقا شاخێکی تایبەتە لە بیروڕاکانی فیختە دەربارەی دوورەپەرێزی ناسیۆنالیستانە. لە ساڵانی 1930 دا باوەڕی ئەپارتیاید، Apartheid، واتە جودا کردنەوەی نەتەوەی جیاواز لە یەکدی، شێوەرێژ کرا. ئێستا، پاش چەندین ساڵ لە سیاسەتی ئەپارتیاید، پارتی ناسیۆنالیست سەلماندی کە باشووری ئەفەریقا فرەنەتەوە Multi-National بێ. لەوەی پێی دەگوترێ فیختەیەتیی نوێ تەنها ئەوە ماوە کە ناسیۆنالیستانی پەڕگیر داوای «دەوڵەتێکی گەلێر» ی تایبەت دەکەن بۆ Boer ـەکان.

ناسیۆنالیزمی سالارپەرست

یەکێک لە نیشانەکانی ناسیۆنالیزمی نوێی سالارپەرست دژوەستان بوو بەرانبەر دیمۆکراتی و لیبەڕالیزم. لەبەر ئەوەیشە کاڵایەکی فیکریی زۆری لە کۆنەوارەتیی سالارپەرستی سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم وەرگرتووە، بۆ نموونە ئەو ڕامانەی دەڵێ دەوڵەت هەڵگری پەیامێکی مێژووکردە، نموونەیەکی دیکە ئەوەیە دەوڵەت بە زیندەڵ ڕادەنوێنێ، پاشا تێیدا نوێنەری ویستی دەوڵەتە. لە بەرهەمی زانستکارانەدا ناوی «ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی» و «ناسیۆنالیزمی تێهەڵکێش» Integral ی لێ نراوە، لێرەشدا Integral بە واتای ئەوەی تاکەکەس و گرووپ دەبێ تەواو سەر فرووی بەرژەوەندی میللی بن. ئەم بەرژەوەندەش لەلایەن گەلەوە نایەتە دەربڕین وەک فیختە و ماتزینی دەیانگوت، بەڵکوو دەوڵەت دەبێتە نوێنەری پەیامی مێژووکردی میللەت. دەوڵەت دەبێ ڕووەو ناخ حوکومڕانییەکی بەهێز و سالارپەرست بێ، ڕووەو دەر دەبێ بەهێز، دەسەڵاتدار و پەلهاوێژ بێ. لە پەرەسەندندا ئیمپیریالیزمی لێ دەزێ. ئەمیان ناسیۆنالیزمێکە هیچ سنوورێک بۆ پەلهاویشتنی دەوڵەتی خۆی ناسەلمێنێ.

ناسیۆنالیزمی سالارپەرست، لە دەمەو سەرەتای سەدەی بیستەمدا، لە ئەڵمانیا، فرانسە و ڕووسیا دارێژرا. تیۆریستانی پێشەنگ لە ئەڵمانیا بریتی بوون لە: Heinrich von Treitschke ی مێژوونووس (مردەی ساڵی 1936)، Oswald Spengler ی فەیلەسووف (مردەی ساڵی 1936) و Carl Schmitt ی سیاسەتناس (مردەی ساڵی 1985). لە فرانسە نووسەران: Maurice Barres (مردەی ساڵی 1924) و Maurras Charles (مردەی ساڵی 1953) ناسیۆنالیزمی نوێیان دامەزراند. Maurras ڕێبەری بیرکاری بزاڤی شاخوازانەی Action francaise [76] بوو.

ناسیۆنالیزم دژی دیمۆکراتی و پەرلەمانەتی بوو چونکە ئەم سیستەمە لەسەر فرەبەرەکی، ڕێک نەکەوتن و دژایەتیی حیزبایەتی هەڵنرابوو. ئەمەش دەبووە کۆسپ

---

[76] لە بەرهەمەکانی H. Tingsten و لە کتێبی: *The Historical Evolution of Modern Nationalism* ی Carlton Hayes (نیویۆرک 1931) دا باسی Barres ,Treitschke و Maurras شی دەکەنەوە. باسی بیری ناسیۆنالیستانەی سالارپەرستی ئەڵمانیا لەم کتێبەدا هاتووە: K. Sontheimer, *Antidemokratisches Denken in der Weimarer Republik*. München 1962

له ڕێی دەربڕینی ویستی بەرزی میللیدا. ڕامانی «جڤاتی زیندەڵ» کرایە پارسەنگی یەکسانیی سیاسیی نێو سیستەمی دێمۆکراتی. جڤات بە هەرمێکی سروشتکرد دادەنرا کە بریتییە لە گرووپی ژێروژوور. بەرژەوەندی دەوڵەت دەبێ لەلایەن پاشایەک – یان Barres و Carl Schmitt گوتەنی: ڕێبەرێکی هەڵبژاردەی گەل – ی بێلایەن نوێنەرایەتی بکات. پەرلەمان دەبا لایەنێک بێ تەنها ئامۆژگار.

Treitschke بیرۆکەی «دەوڵەتی دەسەڵات» ی دارِشت کە دەڵێ ماکی ئەم دەوڵەتە لەوەدایە لە ناوەوە بەهێز و سەربەخۆ بێ و لە دەرەوە دەسەڵاتدار بێ. جەنگ و ئەرتەش دەربڕینێکن لە ماکی دەسەڵات. Treitschke پێی وەهابوو تەنها دەوڵەتی مەزن، دەسەڵاتی مەزن، ماکی ژیانیان پێوەیە. دروست کردنی دەسەڵاتی کۆلۆنیال دەربڕینێک بوو لەم هێزە. جگە لەوەش دەربڕینێک بوو لە سەردەستیی گەلانی سپیپێست بەسەر گەلانی دیکەدا.

جوو تاکە ڕیزپەڕی نێو گەلانی سپیپێست بوون. Treitschke دەیگوت جوو لە ئازایەتی، زێدپەرستی و بەهرەی سیاسی بێبەشن، جوونەیاری (ئەنتیسەمیتیزم Antisemitism) لەگەڵ بەسووک دانانی «بیانی» ی ڕەچەڵەک جودا، جووت دەهاتن. ناسیۆنالیزمی فرانسی لە ناوەوە دژ بە «بیانی» دەوەستا کە جووشی دەگرتەوە، لە دەرەوە دژ بە ئەڵمانیای کۆنەدوژمن بوو.

ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی سالارپەرست، هەم لە فرانسەی نێوان دوو شەڕی جیهانی و هەم لە کۆماری Weimar ی ئەڵمانی بزاڤێکی سیاسیی جودا بوون، ناشێ لەگەڵ ناسیۆنالیزم و فاشیزمدا تێکەڵ بکرێن. ویڕای هەڵوێستی جوونەیاریی ئاشکرایان ناسیۆنالیزمەکەیان لەسەر تیۆرییەکی سەربە ڕەگەز دانەمەزرابوون. پەیڕەوانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی داوای دەسەڵاتێکی دەوڵەتیی بەهێز و سالارپەرستیان دەکرد. بەڵام داوای نەدەکرد دەوڵەتێک دامەزرێ تۆتالیتار و دیکتاتۆرانە بێت و «ڕێبەر» ێک بیبات بەڕێوە. بیرۆکەیەکی گرنگ هەم لە فرانسە و هەم لە ئەڵمانیا ئەوە بوو دەیگوت دەسەڵاتی سەنتەراڵی دەوڵەت دەبێ تەنها لە سنووری کارکردی دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. لایەنەکانی دیکە بۆ هەرێمی خۆفەرمان و سازمانی هاوئەرک (کۆرپۆراسیۆن) دەمێننەوە.

له فرانسه، حکوومەتی مارشاڵفەرمانی Petain ی سالارپەرست، له ڕۆژگاری شەڕی جیهانیدا، دۆزی پاشایەتی لێ دەرچێ، بەشێکی فرەوان له ئیدیالی ناسیۆنالیستی فرانسی ڕاستێنرا. ناسیۆنالیستانی ئەڵمانایا له پشت Hindenburg ی سەرکۆمار کۆبوونەوە. ئەمانە ساڵی 1933 به هاوپەیمانیی نازیستەکان حکوومەتیان دامەزراند و بەوەش ڕێی دەسەڵاتیان بۆ هیتلەر خۆش کرد و ئەمەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی گشت سازمانەکانیان.

## ناسیۆنالیزم له ڕووسیای تسارنشیندا

هاوکات لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ئەورووپا، ڕووسیاش ئاشنای بیری ناسیۆنالیستانه بوو. شەڕی 1812 ی دژ به ناپولیۆن دنەی بەهێزی بەدەمەوە بوو. هەر زوو دوو شارێباز له ڕاوێژی جڤاکیی ڕووسیدا سەریان هەڵدا و هەتا ئێستایش هەر ماون. یەکیان سلاڤۆفیل Slavophile (سلاڤپەرست) و ئەوەی دیکه Zapadniki ی ڕۆژاواخواز. دیدی ڕۆژاواخواز له ڕووی سیاسییەوە لیبەڕاڵ بوون و دەیانویست گۆڕینی ڕووسیا جێپێی ئەورووپای ڕۆژاوا هەڵگرێتەوە. سلاڤۆفیلان بڕوایان به پەیامی مێژووکردی تایبەت و جودای ڕووسیا هەبوو. ڕووسیا دەبا مرۆڤایەتی بخاتە سەر ڕێگەیەکی فراژووتنی جودا لەوەی ڕۆژاوا[77].

له نێو سلاڤۆفیلاندا هەم ڕێبازی شۆڕشگێڕانە و هەم ڕێبازی پاراستنی نرخاندنی نەریتپارێزی «ڕووسیای پیرۆز» هەبوون. شۆڕشگێڕان خۆیان ناونابوو »نارۆدنیک Narodnics»، سۆسیالیستانی گەلێر. بەرنامەی ئەمان دەیگوت ڕووسیا، لەبەر

---

[77] ئەم دوو کتێبەی خوارەوە باسێکی سەرانسەری و بەنرخ دەربارەی ناسیۆنالیزمی کۆن و نوێی ڕووسیا پێشکەش دەکەن:

Thomas Parland, *The Rejection in Russia of Totalitarian Socialism and Liberal Democracy,* 1993. بڵاوکراوەی کۆڕی زانستیی فینلاند، هێلسنکی.

A. Kappeler, *Die Russen. Ihr National Bewusstsein in Geschichte und Gegenwart*. Koln 1990.

تایبەتمەندی و دواکەوتوویی خۆی، دەتوانێ شێوەیەکی خۆماڵی لە سۆسیالیزم داڕێژی. ئەمانە بۆچوونیان وەها بوو کە سیستەمی موڵکایەتیی هاوکۆی زەوی لە جڤاتی کشتوکاڵی ڕووسیا بۆتە هۆی دروست بوونی مەیلێکی «غەریزەکرد» ڕووەو کۆگەرایی و سۆسیالیستی لای گەلی ڕووس[78]. تەنانەت کارل مارکس – یش بڕوای وا بوو ڕووسیا دەبا ڕێگەیەکی تایبەت بگرێتە بەر.

## سلاڤۆفیلانی ناشۆڕشگێڕ

لە بەرەی ناشۆڕگێڕدا ناوی وەک Aleksej Chomjakov و Konstantin Aksakov دێنە پێش. لە نووسەرانی گەورەی ڕووسیاش دۆستۆیەڤیسکی Dostojevskij یان لەگەڵە. ئەمانە تایبەتمەندیی ڕووسیایان لە ڕۆشنایی تیشکێکی دیکەدا دەدی. گرنگ لایان ئەوە بوو ژیاری ئەورووپای ڕۆژاوا دزە بۆ نێو ڕووسیا نەکات. جڤاتی ڕۆژاوا لە ژێر ڕکێفی هۆشەکی، بێخودایی Atheism، تاکگەرایی و خۆپەرستی Egoism دایە. ئانارکی جڤاکیی تێدا بڵاوە. سلاڤۆفیل ئاماژە بە لایەنی ترسێنەری ڕۆژاوا دەکەن: موڵکایەتی کەسەکی، لیبەڕالیزمی ئابووری، پرۆلیتاریای پیشەسازی، ناکۆکیی جڤاکی، فرەبەرکیی حیزبایەتی و پەرلەمانەتی. وەک پارسەنگێکی ئەم لایەنانە، سلاڤۆفیل سێ کۆچکەی هاوئاهەنگی ڕووسییان دەهێنایەوە کە بریتی بوون لە: مەسیحایەتیی ئۆرتۆدۆکس، ئۆتۆکراتی (تاکفەرمانی) Autocracy و خەسڵەتی گەلێری تایبەتی ڕووس.

سلاڤۆفیلانی سەرەتا، بەرانبەر تساری ئەو زەمانە، نۆکەرێکی ناسەربەخۆی ئایدیۆلۆژی نەبوون. بەڵکوو دەگەڕانەوە بۆ ڕووسیای «کۆن» ی بەر لە سەردەمی ڕیفۆرمی ڕۆژاواخوازانەی پێتەری مەزن، ئەو سەردەمەیان کردبۆوە سەرچاوەی بیری خۆیان. ئەو دەمە کڵێسەی ئۆرتۆدۆکسیش بەرانبەر دەوڵەت سەروەریی خۆی هەبووە، پەرلەمانێکی ئامۆژگاریش هەبوو: *Zemskij sobor*. بە گوێرەی تیۆریی سلاڤۆفیلان، گەل لە ڕێی پەرلەمانەوە خۆویستانە دەسەڵاتی بۆ قەیسەر بەجێ هێشتبوو. کەواتە

---

[78] بڕوانە باکونین Bakunin ی بەشی هەفتەمی ئەم کتێبە: ئەنارکیزم و سەندیکالیزم.

گوتەی «پاشا خەڵاتی خودایە» نەدەسەلمێنرا. کڵێسە و دین دەبا ببنە لایەنێکی ئامۆژگار و چاودێر بەسەر قەیسەرەوە. سلاڤۆفیلان داوایان دەکرد پەرلەمانی ئامۆژگار بێتەوە دامەزراندن و تەواو دوژمنی جڤاتی ڕەشەجووتیار Villain بوون.

سلاڤۆفیل، هاوکات لەگەڵ ڕەت کردنەوەی ئازادیی سیاسیی ڕۆژاوا، داوای ئازادیی «دەروونی» و «گیانەکی» یان دەکرد. مەبەستیشیان ئەوە بوو ئازادیی چاپەمەنی هەبێ و لە پەرلەمانی ئامۆژگار *Zemskij sobor* دا دۆزگەلی جڤاکی بخرێنە بەر باس. ئەمەیش بووەتە هۆی شینبوونی چەمکێکی ناسیۆنالیستانەی ڕووسی: «گیانی هاوبەندی» سۆبۆرنۆست *Sobornost*. ئەوەی پێی دەگوترا تایبەتمەندیی ناوازی نێو خەسڵەتی گەلێری ڕووس دەبا لە پەرلەماندا ببێتە هۆی دروست بوونی بڕیاری هەمووسەلمێن لە نێوان فەرمانڕەوا و گەلدا.

ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی فەرمی

دەمەو کۆتای سەدەی نۆزدەیەم ناسیۆنالیزمێکی دەوڵەتیی پتر فەرمی هاتە دارِشتن. ئەمیان شێوەیەکی یەکجار درشتی تیۆریی سلاڤۆفیلان بوو. Konstantin Leontiev ئایدیۆلۆژیستی ڕێبەر بوو. لەمیاندا تاکفەرمانی و تاکسەروەریی قەیسەرانەی خەڵاتی خودا پەسن [مەدح] دەکرا. بەرانبەر «پاشانشینی» ی دیمۆکراتی ئەورووپای ڕۆژاوا هەرەمی نەریتەکیی جڤاکیی ڕووسی ڕاست کرایەوە. پانسلاڤیزم Panslavism، واتە یەکگرتنی گەلانی سلاڤی لە ژێر سەروەریی ڕووسدا، بووە دەستاویژێک بۆ فرەواندن ڕووەو ڕۆژاوای وەڵات[79]. ئەوجا بە توندی جەخت دەکرا لەسەر ئەوەی ئەو ئیمپراتۆرییە وەڵاتی ڕووسە. سیاسەتی ڕووساندنی هەموو گەلانی ناڕووس خرایە گەڕ. هەتا دەهات جوونەیاری ئاشکراتر دەبوو. دۆکیومێنتی هەرە ناوداری جوونەیارانە: «پرۆتۆکۆلی زانایانی سەهیۆن»، ساختەنامەیەک بوو پۆلیسی نهێنیی ڕووس

[79] Nikolaj Danilevskij ئایدیۆلۆژیستی پانسلاڤیزم بوو. ئەم دەیگوت ڕووسیا سەر بە ئەورووپا نییە بەڵکوو دەبێ ئیمپراتۆریی سلاڤی دامەزرێنێ، کۆستەنتینە داگیر بکاتەوە و بیکاتە «ڕۆمای سێیەم».

دایرشتبوو. گۆیا ئەم پرۆتۆکۆلە پیلانی ماسۆنی و جوو بۆ داگیر کردنی دونیا، دەخاتە ڕوو.

پاش شۆڕشی 1905 ی ڕووسیا یەکەم پەرلەمانی دەوڵەتی: «دوما» دامەزرا. هەتا شۆڕشی دووەم، 1917، دوو پارتی بەهێزی ناسیۆنالیست لە دومادا هەبوون. سەرپەرەکەیان سەرگەرمی تێرۆر بوو دژ بە شۆڕشگێڕان و جوو، لای ئەمانە ئەو دوو لایەنە یەک شت بوون. ئەم پارتە دومای بە پەرلەمان نەدەناسی. داوایان دەکرد دوما داشکێنرێ بۆ Zemskij sobor یکی ئامۆژگار.

پارتە ناسیۆنالیستە میانڕەو Moderate ەکەیان پانسلاڤیزمی ڕەت دەکردەوە و دژ بە تێرۆر بوو. ئەمانە داوایان دەکرد ڕێ ببەسترێ لەوەی «بیانی» ی ناڕووس و خەڵکی دەرەوەی وەڵات ببنە خاوەن کۆمپانیا لە وەڵاتەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەم ناسیۆنالیستە میانڕەوانەدا نیشانەی فراژووتنی دێمۆکراتانە هەبوو. تەنانەت لە ڕیفۆرمی وەهادا هاوکارییان دەکرد کە دەبوونە مایەی هەرەشە لە دەزگەی «ڕووسیی ڕەسەن». بۆ نموونە ئەمانە ڕیفۆرمی زەویی سەرەکوەزیرانیان Stolypin یان سەلماند کە مەبەست لێی دروست کردنی چینێکی جووتیاری زەویدار بوو لە ڕووسیا. بەوەش دەبا کۆمیونی جووتیارانی کۆن ڕەش بکرێنەوە.

ئەم جوداوازییەی نێوان بزاڤە ناسیۆنالیستەکانی ڕووسیا لە ڕمانی یەکیەتیی سۆڤیەتیشدا دیسان سەری هەڵدایەوە. لە نێوەڕاستی 1980 کانەوە باڵێکی ناسیۆنالیستی پەڕگیر سەرلەنوێ پەیدا بۆوە، لە نێو ئەمانەدا گرووپی وەها هەبوون لە سنووری فاشیزمەوە نێزیک دەبوونەوە. جگە لەوان، لە ڕووسیا، ناسیۆنالیزمی وەهایش پەیدا بوو لە ڕووی بیرکارییەوە گەشە کردوو، هەوڵی داوە بیرگەلی سلاڤۆفیل لەگەڵ ڕووسیایەکی پۆست – سۆڤیەتانە بگونجێنێ. ئەلیکساندەر سۆلژەنیتسین Alexander Solzjenitsyn ی نووسەر یەکێک بوو لە هەرە ناودارەکانی ئەم ڕێبازە. سۆلژنیتسین ساڵی 1994، پاش ساڵانێکی دوورودرێژ لە هەندەران، گەڕایەوە ڕووسیا.

ناسیۆنالیزم لە ڕووسیای نوێ

گرووپی سیاسی و ڕێبازی ئایدیۆلۆژیانە هەتا ئێستاش یەکجار بەرگۆڕ و شلە. هەم لە ڕووسیا وەهایە و هەم لە دەوڵەتە تازەکانی وەک ئوکراینا. بەردەوام گرووپ و پارتی نوێ دروست دەبن و هەر زووش بەشبەش دەبن و هاوپەیمانی نوێ بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. پارتی «لیبەڕال دیمۆکرات» ی ژرینۆڤسکی Zjirinovskij نموونەیەکی ئەم بارەیە. ئەم پارتە بە گوێرەی پرۆگرامی خۆی دەیەوێ دەوڵەتێکی قانوون دامەزرێنێ دیمۆکرات بێ و سیستەمی فرەپارتیایەتی هەبێ. بەڵام هاوکات سەرۆکی پارتەکە خەڵکی هان دەدات بۆ کودەتا و دیکتاتۆری لە پێناوی پاراستنی کۆنە ئیمپراتۆریی سۆڤیەت. جاری وەها هەیە داوای فرەواندنی سنوور دەکات هەتا دەگاتەوە کۆنە ئیمپراتۆریی قەیسەری، کە پۆڵۆنیا و فینلاندیشی دەگرتەوە.

بەگشتی لەم باسە سەرانسەرییەدا مەودای باس بەرتەسک دەکەینەوە و تەنها دوو شادەستەی بیرکاری پەندیار بەسەر دەکەینەوە، سۆلژەنیتسین دەبێتە نوێنەری ناسیۆنالیزمی میانڕەو، کە نەریتی بیری سلاڤۆفیل دەکاتە بناخە. چەندین ئادگاریشی لە کۆنەوارەتیی فەرهەنگییەوە وەرگرتووە. دەستەی دووەم دەستەی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی سالارپەرستە. ئەمیان بە ئاشکرا خزمایەتی هەیە هەم لەگەڵ ئەو ناسیۆنالیزمە دەوڵەتییە فەرمییەی ڕووسیای سەرەتای سەدەی بیستەم و هەم لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سالارپەرستی ئەڵمانیا و فرانسە.

کەسانی سەربە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی زۆر جار خۆیان ناودەنێن «نیشتیمانپەروەری میللی». بەشێکیان خۆیان بە پەیڕەوی ئەو ڕێبازە دادەنێن کە پێی دەگوترێ بۆلشەڤیزمی میللی. ئەمیان مەیلێکە لە سەرەتای 1980 کانەوە پەیدا بووە[80]. بۆلشەڤیزمی میللی بۆ داکۆکی لە ئیمپراتۆری و لە دەوڵەتی بەهێزی سالارپەرست ناچێ پەنا بەرێتە بەر بەڵگەی مارکسیستانەی – لێنینستانە، بگرە دژایەتی دەکات وەک چۆن دژایەتی ڕۆژاواش دەکات و بە دەربڕینی دەزانێ لە نەریتی میللی ڕووس.

[80] بەشێکی زۆری پەیڕەوانی بۆلشەڤیزمی میللی نووسەرانێکن پەسنی گوزەرانی گوند و جووتیارەتی دەکەن.

شانرخاندن

ساڵی 1973، هێشتا ڕمانی سیستەمی سۆڤیەت دوورەدەست بوو، سۆلژەنیتسین مانیفێستێکی ئاڕاستەی ڕێبەرانی وەڵات کرد. تێیدا پەنای بردە بەر وەڵاتپارێزی و ڕەچەڵەکپارێزیی ڕووسانەیان، «باب، باوەگەورە، باپیران و بە نیشتیمان». ئەم نووسەرە ناوادارە دەنووسێ: سیاسەتی ڕووسیا دەبی لە خزمەتی بەرژەوەندی گەلانی ڕووسیا و ئوکرایینادا بێت نەک ژێردەستەی ڕوانگەی ئایدیۆلۆژیی نامۆ. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ڕێبەرایەتیی وەڵاتێکی وەک ڕووسیا بکات «دەبێ ڕێچکەیەکی میللی هەبێت و بەردەوام سەرلەبەری ئەو هەزار و سەد ساڵەی مێژووی ڕووسیا ڕەچاو بگرێ نەک تەنها پەنجا و پێنج ساڵ، کە دەکاتەوە پێنج لە سەدی ئەو مێژووە».

ڕێبەرانی سۆڤیەت گوێبیستی سۆلژەنیتسین نەبوون و ساڵی 1974 وەڵاتبەدەریان کرد. ساڵی 1990 گەڕایەوە و دەربارەی چۆنیەتیی دروست کردنەوەی ڕووسیا خاوەن بیروڕا بوو[81]. ئەمجارەشیان «بەرژەوەندی میللی» لە تەک کڵێسەی ئۆرتۆدۆکسدا بوونە بناخەی پاک کرنەوەی گیانەکی. ڕامانی تایبەتمەندیی ڕووسیاش هاتەوە پێش: «ئێمە دەبێ بۆ ڕێگەیەک بگەڕێین تایبەت بێ بە خۆمان».

ئەم بۆچوونە لە لایەن ناسیۆنالیستی مەسیحی Viktor Aksiutjits یشەوە پەرەی پێ درا. ئەم سەرلەنوێ ململانێی نێوان سلاڤۆفیل و ڕۆژاواخوازان دەهێنێتەوە بەر باس. Aksiutjits ڕێگەی ڕۆژاواخوازان ناسەلمێنێ: «ڕێگەی ڕووەو باپیران»، «ڕێگەی بونیاتنانەوەی فەرهەنگی ئۆرتۆدۆکسی و لەسەر بناخەی ئەو فەرهەنگەش بونیاتنانی ئاگایەکی جڤاکی، سیستەمێکی ئابووری و دەوڵەتێکی زیندەڵ لە تەک ئەم فەرهەنگە هەزار ساڵەیە»، «ڕێگەیەکی ڕووەو پاش نییە، ڕووەو پێشە»[82].

---

[81] دەربارەی نامەکەی 1973 ی سۆڵژەنیتسین بڕوانە:
*Letter to the Soviet Leaders*, New York 1975.
دەربارەی دروست کردنەوەی ڕووسیا بڕوانە:
*Kak nam obustroit Rossiju?* (Paris 1990)
ئەمیان تەرجەمەی ئینگلیزی هەیە بە ناوی:.*Rebuilding Russia*, London, 1991.

[82] *Westerners and Nativists Today*. Russian Studies in Philosophy, 1993.

ناسیۆنالیستانی میانڕەو پێیان وایە ڕووسیا، بۆ دروست کردنەوەی ئەوەی لە سەردەمی کۆمیونیزمدا بە زیان چوو دەبێ ڕوو لە «ناخ» بکاتەوە. ئەمانە بیری ئیمپراتۆری و وێنای نوێ لێی، کە دەکاتەوە خەونی بوون بە زلهێز، ڕەت دەکەنەوە. بەڵام لای پەیڕەوانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی پاراستنی ئیمپراتۆرییەکە شامەبەستە. ئەمان یەکیەتیی سۆڤیەتیش هەر بە نەریتی میللی ڕووسی دەژمێرن. ئەمان لە مانیفێستێکی ناسیۆنالیستانەدا خەڵک هان دەدەن بۆ خەبات و شۆڕش لە پێناوی پاراستنی «یەکیەتی و نەبەشیی نیشتیمان». دوازدە ناسیۆنالیستی ناوداری هاوڕێباز لە پشت ئەم مانیفێستە بوون، لەمانە نووسەرانی وەک Valentin Rasputin و Alexander Prokhanov. لەبەر ئەوەی پرۆچانۆڤ ڕۆمانسییانە باس لە شەڕ دەکات، ڕەخنەگران ناویان ناوە «بولبولەکەی سوپاسالار».

لیمۆنۆڤ Eduard Limonov لە هەموان ڕوونتر و یەکنەوازتر نوێنەرایەتی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی دەکات. ئەمیان نووسەری «مانیفێستی ناسیۆنالیزمی ڕووسانە»یە کە ساڵی 1992 بڵاوکرایەوە و سەرنجێکی زۆری ڕاکێشاوە[83]. لیمۆنۆڤ دەنووسێ، مەبەستی مرۆڤی ناسیۆنالیستی ڕووس ئەوەیە: «دەوڵەتێکی بەهێزی یەکگرتوو لە چێوەی ژیاری ڕووسیدا» بێتە دامەزراندن. بە دیدی ئەم ڕووسیا و یەکیەتیی سۆڤیەت دەوڵەتی کۆلۆنیالیست نەبوون. ئەم ئیمپراتۆرییە لە ڕێی شەڕەوە پێک نەهێنراوە بەڵکوو بەرهەمی «ژیاری ڕووسی» یە. لیمۆنۆڤ بەم شێوەیەی خوارەوە باوەڕی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی دەدەربڕێ:

«هەرچی بۆ دەوڵەتەکەم باش بێ بۆ منیش باشە. هەرچی هەیە لە نێو دەوڵەتدا هەیە، هیچ شتێک لە دەرەوەی دەوڵەت نییە».

لیمۆنۆڤ دەڵێ سنووری ئێستای ڕووسیا لە تەک «سنووری سروشتەکی» ی ژیاری ڕووسی یەک ناگرنەوە. لەبەر ئەوە، سنوورە کۆمیونیستانە کۆنەکان دەبێ «دەستبەجێ دەستکاری بکرێن». تەنانەت سۆلژەنیتسین – یش دەڵێ ئەو هەرێمانەی زۆرینەیەکی زۆری ڕووسییان هەیە دەبێ بخرێنە سەر ڕووسیا. بەڵام ئەم کارە دەبێ لە ئەنجامی گەلپرسی و ڕێککەوتنی دەوڵەتانی بەرباس بێ.

[83] ئەم مانیفێستە لە Sovetskaja Rossija 27.7.1991, 12.6.1992 بڵاوکرایەوە. ئەم گۆڤارە جاران ئۆرگانی کۆمیونیستانی ڕووس بوو بەڵام ئێستا خۆی بە «میللیی گەلێر» دەزانێ.

گرنگترین یەکەی جڤات

لای سلاڤۆفیلی میانڕەو، دەوڵەت نا، میللەتی ڕووس گرنگترین یەکەیە. دەیسا میللەتی ڕووس چی دەگرێتەوە؟ سۆلژەنیتسین دەڵێ ڕووس، ئوکراینی و ڕووسی سپی دەگرێتەوە. ئەمانە هاوبەندییەکی مێژووکرد و زمانەکی پێک دێنن. گشت کۆمارە جوداکانی دیکە، هەر لە بالتیکەوە هەتا قەفقاس و نێوەندی ئاسیا، تەنانەت ئەگەر بۆخۆیشیان دوودڵ بن، دەبێ دەستبەجێ ئازاد بکرێن [«جودا بکرێنەوە»]. لەوەش بترازێ ئەگەر ئوکراینا و ڕووسیای سپیش، پێ لەسەر سەرخۆبوون داگرن، بێ گفتوگۆ دەبێ لێیان بسەلمێنرێ.

کەواتە ڕووسیا یەک لایەنانە دەبا «جودا بێتەوە». تەنانەت لەو کۆمارانەش کە لەوانەیە بیانەوێ لە یەکیەتییەکەدا بمێننەوە. ڕووسیا دەسەڵاتی ئابووری و گیانەکیی زیادەی نییە بۆ وەڵاتانی دەراوسێی خەرج بکات. دەوڵەتکارێکی سەرەتای سەدەی بیستەم گوتبوی ئیمپراتۆریەکە «ناخی میللی ڕووس سیس دەکات». هاودەنگ لەگەڵ ئەمدا سۆلژەنیتسین دەڵێ: «ئێمە دەروەستی ئیمپراتۆری نادێین». کەواتە بەڵگەی ناسیۆنالیستانە هەیە دژ بە بیری ئیمپراتۆری. کە باس هاتە سەر داخوازیی سیاسی ئەم بۆچوونە دەڵێ ڕووسیا، بۆ بەرژەوەندی خۆی، دەبێ لە یەکیەتیی سۆڤیەت دەرچێ.

یەکەی بنەڕەتیی دووەم خێزانە. سۆلژەنیتسین دەڵێ خێزان «ئاڵقەی هەرە گرنگە بۆ ڕزگار کردنی ئایەندەمان»، لە ڕووسیادا خێزانی «ئاسایی» تاڕادەیەک ڕوو لە نەمانە. سۆلژەنیتسین وەک کۆنەوارێکی خاس دەڵێ ژن دەبێ دەرفەتی بۆ برەخسێ لە ماڵ دانیشێ بۆ منداڵ بەخێو کردن. وەها نەبێ خێزانی ژێر دروست نابێ.

پەیرەوانی ئیمپراتۆری ناچارن میللەت بە شێوەیەکی جودا لەوەی سۆلژەنیتسین سەیر بکەن. ئەمان جەخت لەسەر لایەنی فرەمیللی وەڵاتەکە دەکەن نەک لەسەر لایەنی ڕووسیی ڕەسەن، گەلی ئەم دەوڵەتە بە «ڕووسیایی» ناو دەبەن نەک «ڕووس». (بەراوردی بکە بە «فینلاندی» و «فینی»).

ئیمپراتۆریخوازان پەنا دەبەنە بەر کڵێسەی ئۆرتۆدۆکس، هاوکات هانا بۆ «موسڵمان، بودایی و پرۆتێستانت» ی وەڵاتیش دەبەن. ئەمان نایانەوێ ڕووسیا بە وەڵاتێکی

ئەورووپی دابنێن. هەر وەک لیمۆنمۆڤ، ئەمانیش دەڵێن ڕووسیا وەڵاتێکی «یوراسیا Eurasia» یە و بەرژەوەندی میللی ڕووسیا پتر لە ئاسیا جێی دەبێتەوە. ئەم باوەڕە هێندە بەربڵاوە چەمکی «یوراسیزم Eurasism» ی جێ خستووە. ئەمە وێنەیەکە لە ناسیۆنالیزمی دەوڵەتیی سەرەتای سەدەی بیستەم. تایبەتمەندیی ڕووسیا، تاکفەرمانی (ئۆتۆکراتی) و پەیامی مێژووکردی ڕووسیا دەبێ لە ئیمپراتۆرییەکی «یوراسیایی» دا بڕاستێنرێ و بەرانبەر «ئیمپراتۆری ئەتلانتی» ی ئەمەریکا بوەستێ.

کەواتە دوژمن لە «ڕۆژاوا»یە. ڕۆژاوایە خەریکە وەڵاتەکە لە ڕووی ئابووری و فەرهەنگییەوە دەکاتە کۆیلە. ڕۆژاوایە دەیەوێ ئیمپراتۆرییە کۆنەکە لەتلەت بکات بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت. تاوانکاری و فەرهەنگی نزمی گەلێر زادەی بازاڕی ئازادە کە هاوردەی ڕۆژاوایە.

گەر دوژمن لە ڕۆژاوا بێ ئەدی دۆست لە کوێیە؟ پشتیوانیی ناسیۆنالیستانی ڕووس لە سەربیا بیری کۆنی پانسلاڤیزمی بووژانەوە. سەربە هەم سلاڤی و هەم ئۆرتۆدۆکسن. لیمۆنۆڤ هێڵێکی دیکە دادەڕێژێ: ڕووسیا دەبێ لەگەڵ جیهانی موسڵماندا هاوپەیمان بێ. (خۆ پەڕاندنەوە لە شەڕی نێوان سەرب و موسڵمانانی بۆسنە، بۆ لیمۆنۆڤ کۆسپێکی گەورەیە). دەبێ لە ئاسیا، «لە زێدی دێرینمان»، بۆ دۆست بگەڕێنن. «ئەوا هەزار ساڵە» هەم کڵێسەی ئۆرتۆدۆکس و هەم ئیسلام دووچاری پەلاماردانی ڕۆژاوان. لەبەر ئەوە وەڵاتانی موسڵمان هاوپەیمانی سروشتەکیی ڕووسیان. تومەز لیمۆنۆڤ بڕوای بەو گوتە کۆنە هەیە کە دەڵێ: «دوژمنی دوژمنم دۆستمە».

جوونەیاریی ئاشکرا و شەڕانی پتر لە نێو چەندین وردەدەستەی ناسیۆنالیستی پەڕگیردا گەشە دەکات. «پرۆتۆکۆلی زانایانی سەهیۆن» سەرلەنوێ بۆ هاندان ڕەپێش دەخرێ. لە نێو بێژەرانی بیرکاردا پتر بە شێوەیەکی تیان پەلاماری جوو دەدرێ. تاوانی درندەکاریی ڕژێمی کۆمیونیستانە دەخرێتە ئەستۆی هەموو ئەو ڕێبەرە جووانەی بۆلشەڤیک. مەبەستیش گەردەن ئازاد کردنی ڕووسە لەو تاوانانە. تاوانی سیاسەتی «هەرەس هێنان بە وەڵات» دەخرێتە ئەستۆی خەڵکی بیرکار و «دێمۆکرات». مەبەستیش لەمانە هەر ئەو هەموو نووسەر و سیاسەتمەدارەیە کە بە ڕیشە جوون.

هەڵبەت ئەرتەش جێگەیەکی تایبەتی هەیە لەو جڤاتەی لە وێنای ناسیۆنالیستاندا هەیە. پرۆچانۆف لە پەسنی ئەرتەشدا دەڵێ: «دوا ساختارێکی سەنتەراڵیە کە مابێتەوە بۆ پاراستنی ئیدیالی میللی». لیمۆنۆف دەڵێ: «ئامرازێکی شکۆمەندە، یەکەم پێوانەی ژیارمەندیی میللەتە». هەڵبەتە خەیاڵ هەر لای زلێهێزیی ڕووسیایە. جگە لەوە ئەرتەش دەستاوێژێکە بۆ «پاراستنی» هەموو ئەو چەندین ملیۆن ڕووسەی گۆیا لە تازەدەوڵەتانی دەراوسێ دەکەونە بەر هەڵاوێردن - مامەڵەتجودابیان لەگەڵ دەکرێ.

مرۆڤنۆڕی

سۆلژەنیتسین دەڵێ، جڤات ڕێک بەوە دەژی کە جوداوازیی تێدایە. یەکسانیی تەواو کە بەرپرسایەتیی کەسەکی تێدا نامێنێ سەر دەنێ بە ئێنترۆپی Entropy – ی جڤاتەوە، واتە بە «کوژانەوەی وزە» ی جڤاتەوە. (سۆلژەنیتسین ئەم چەمکە جڤاتناسییە بەکار دەهێنێ بۆ کە دەکاتەوە داوەستان Stagnation ی جڤات لەبەر کزیی وزەی گۆڕانکاری).

ڕێچکەکانی ئەم بیرە سەر دەنێن بە وێنەیەکی مۆدێرن و تاڕادەیەک نەرمتری جڤاتی بەرەداری «زیندەڵ» ی ناسیۆنالیزمی سالارپەرست. ئەو سەرتەڵەی سۆلژەنیتسین ئاماژەی بۆ دەکات بریتییە لە کەسانی هەرە بلیمەتی دەستە هەمەجۆرەکانی کار و پیشە. تەنانەت زاراوەی «بەرە» زیندوو دەکاتەوە بۆ دەستەی هەمەجۆری پیشە Profession و جڤات. لە نێو هەموو دەستەیەکدا، ئەوانەی لە هەموان پتر توانا، کارامە و ڕێزدارن دەبێ لە جڤاتدا پێگەی تایبەتیان خەڵات بێ. سۆلژەنیتسین داوا دەکات لە پەرلەماندا «خانەی سێیەم» یان بۆ تەرخان بکرێ و نۆرەیەکی ئامۆژگارانەیان بدرێتێ. کەواتە مەبەست نوێنەرایەتییەکی هاوئەرکانەیە. نوێنەرایەتیی پیشە (و کارزانی) دەبێتە تەواوکەر بۆ نوێنەرایەتیی سیاسیی ئاسایی. سۆلژەنیتسین بە دڵگەرمییەوە ڕاگواستە لە سلاڤۆفیلێکی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەهێنێتەوە: «پێکهاتەی جڤات هەتا باشتر لەسەر دەستەی جڤاکی بونیات نرابێت، هێزی ئافراندن تێیدا ڕوونتر خۆی ڕەپێش دەخات».

لە مانیفێستی ئێدوارد لیمۆنۆڤدا یەک وشەی کورتی تێدایە: «هاوئەرکەتی Corporatism». دیارە سازمانگەلی هاوبەرژەوەند و جڤاتی هاوپیشە دەبێ نۆرەیەکی بڕیاردەرانەیان بدرێتێ. لەوە زیاتر هیچ ڕوون ناکاتەوە بەڵام ڕێچکەی بیرەکەی ئاشکرایە و لە تەک ناسیۆنالیزمی سالاپەرستی وەڵاتانی دیکەدا تەواو هاوڕایە.

میتودی گۆڕینی جڤات

سۆلژەنیتسین لە بەرهەمی *Gulag Archipelago* دا سەرنجی دونیای بۆ کۆتێرۆری سیستەمی تۆتالیتاری سۆڤیەت ڕاکێشا. کاتێک دەکەوێتە شرۆڤەی چۆنیەتیی پەیدا بوونی ئەم سیستەمە، هەستە قووڵەکانی ئەم کۆنە زیندانییەی ئۆردوگا ئاشکرا دەبن. هەر زوو، ئەو دەمەی سیستەمی سۆڤیەت توند و تۆڵ دیار بوو، سۆلژەنیتسین دژی ئەوە بوو، لە خەباتی دژ بەم سیستەمە، میتودی شۆڕشگێڕانە بەکار بهێنرێ. مێژوو فێری کردبوو دژ ڕاوەستێ بەرانبەر «گشت شۆڕش و گۆڕانکاریی چەکدارانە، تەنانەت ئەوانەی لە داهاتووشدا ڕوو دەدەن». ڕژێمی کۆمیونیست بەردەوام بێ، بەڵام نەرمتر، لای باشتر بوو نەک هەمدیس شۆڕشێکی دیکە. لەسەر ئەم بۆچوونەی چەندین ڕەخنەی لێ گیرا لەلایەن بزاڤی بەرهەڵستی لیبەڕالەوە.

سۆلژەنیتسین پێشنیازی پلەدارەتی Gradualism ی یەکنەواز دەکات بۆ ڕووسیا، گۆڕانکاری تێیدا پلەدار — هەنگاو بە هەنگاو - بێت. دەیەوێ دیمۆکراتی لە ژێرەوە بونیات بنرێ و بە هەنگاوی وردورد لە ماوەی چەندین ساڵدا ئەنجام بدرێ. ڕووسیا دەبێ بە کردەوە خۆی فێری پرۆسەی دیمۆکراتانە بکات. دەبێ لەسەر ئاستی کۆمیون و هەرێم دەست پێ بکات. هەتا ماوەیەکیش دەبێ هەڵبژاردن لەو ئاستانەدا تیان (ناڕاستەوخۆ) بێ.

لە بواری دیکەدا سۆلژەنیتسین هەوڵی داوە بیسەلمێنێ کە هەموو ڕژێمانی گشتگیر زادەی دیمۆکراتین نەک زادەی ڕژێمی سالاپەرستی پێش خۆیان. (ئەم تیۆرییە لە سەرەتادا مێژووناسی ئیسرائیلی J. L. Talmon دایڕشت). ئەوجا سۆلژەنیتسین ترسی

لەوە هەیە دیکتاتۆرییەکی نوێ لەم بارە ئاژاوڵەی ڕووسیادا شین ببێ. ئەم بارەی ناوناوە «ئاپۆرەسالاری» (ئۆکلۆکراتی) Ochlocracy، ئەم چەمکەشی لە ئەریستۆی فیلەسووفی یۆنانستانەوە خواستووە، مەبەستیش لێی «ئاپۆرەفەرمانییەکە ڕووی لە ستەمکاری بێت». کەواتە بە بۆچوونی سۆلژەنیتسین، دێمۆکراتی لە ماوەی شۆڕش و نائارامیدا ئەوپەڕی مەترسی شینبوونی دیکتاتۆری بەدەمەوەیە. بە دیدی ئەم، باری ئێستای ڕووسیا لە زۆر ڕووەوە لە باری ڕۆژگاری پاش شۆڕشی فێبریوەری (شوبات) ی 1917 دەکات. ڕێک نۆ مانگ پاش فێبریوەری 1917، کودەتاکەی بۆلشەڤیک ڕووی دا و پاشان شەڕی نێوخۆ بەرپا بوو. بزاڤی سەربە سیۆسیالیزمی دەوڵەتی هەتا ئێستا دوو جار لە هەوڵی کودەتادا تێوە گلاوە. لە مانیفێستێکیاندا هاتووە: «لە نێو ڕووسیاییدا دەوڵەتکار هەن ئامادەن وەڵاتەکە بەرەو سەروەری بەرن، دوور لە سەرشۆڕی»، «بیریار و مرۆڤی داهێنەریش هەن پەی بە ئیدیالێک بەرن سەرلەبەر میللی بێ».

بیگومان ئێدوارد لیمۆنۆڤ خۆی بە یەکێک لەو بیریارانە دەزانێ. خەڵکی هان دەدا بۆ شۆڕشی میللی. گۆڕانکارییەکانی سەردەمی گۆرباچۆڤ Gorbachev و یەلتسین Jeltsin ی سەرکۆمار لای ئەم «کودەتان لە سەرەوە» و ڕەوایەتیی دێمۆکراتیانەیان نییە. ئەم بە پلەی یەکەم داوای هەڵبژاردنێکی نوێ دەکات کە ناسیۆنالیستان بگەیەنێتە دەسەڵات. بەڵام بێگومان مەبەستی دروستی ئەم کودەتا و تەکی شۆڕشگێڕانەیە بۆ دامەزراندنی ڕژێمێکی ناسیۆنالیستانە. نەک هەر مرۆڤی «دێمۆکرات» ی دزێنراو، بگرە کۆنە ئەندامانی زنجیرەناوی Nomenclature ی کۆمیونیستی کۆن کە پاش هەڵگەڕانەوەکەش هەر مان، دەبێ لە دەسەڵات دوور بخرێنەوە. «چینێکی بێبەهرە و بێتوانا جێ چۆڵ دەکات بۆ ڕێبەری ڕاستەقینەی گەلێر و میللی ڕووس».

لەوە دەچێ سۆلژەنیتسین لە 1973 دا کە نامەکەی پێشکەش بە ڕێبەرانی سۆڤیەت کرد هیشتا لە نێوان دێمۆکراتی لە لایەک و نەریتی سالارپەرستی ڕووسی لە لایەک ڕاڕا بووبێ. لەو دەمەدا ئاماژە دەکات بەوەی ڕووسیاش نەریتی دێمۆکراتانەی هەبووە. لە شار و کۆمیونی جووتیارانی سەردەمی ناڤین Medieval دا ئەو نەریتە هەبووە. لە لایەکی دیکەوە سیستەمی سالارپەرستی میراتی سەدان ساڵە. سۆلژەنیتسین دەنووسێ: «دەڵێی دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە ڕووسیا لە ماوەی هەزار ساڵدا لە ژێر سیستەمی سالارپەرستیدا بووە و گەل تێیدا بە ڕادەیەکی بەرز وزەی لەشەکی و بیرکارانەی خۆی هەتا سەدەی بیستەم پاشەکەوت کردووە». سۆلژەنیتسین خۆی بەوە ئارام دەکاتەوە کە سیستەمی سالارپەرست، تەنانەت گەر بە ڕێبەرایەتیی کۆمیونیستانەش بێت، بسەلمێنرێ. مەرجیشی لێرەدا ئەوە بوو: دابەشینی دەسەڵات دەستوورەکی بێت، فەرمانڕەوایی قانوونبەند بێت، ئازادیی دەربڕین و تاڕادەیەکیش ئازادیی چاپەمەنی و هەروەها نوێنەرایەتییەکی گەلێری ئامۆژگارانە ڕێی ئازاد بێ.

بەرهەڵستکارانی دێمۆکرات لە سۆڤیەت ئەم بۆچوونانەی سۆلژەنیتسین – یان دایە بەر ڕەخنەی توند. ناودارترینیان ئەندرێ ساخارۆڤ Andrej Sacharov ی هەڵگری خەڵاتی ئاشتییە. ئەم بەوە ڕازی نەدەبوو فەرمانڕەوایی سالارپەرستی تەنها خاو بکرێتەوە. ئەو ڕەخنانەی سۆلژەنیتسین لە دێمۆکراتیی ڕۆژاوای دەگرت، ئەم ڕەتی دەکردنەوە. سۆلژەنیتسین هەراسان بوو لە «ئۆرژیا Orgy ی بەرەڵای نێو دێمۆکراتی» ی تایبەت بە دەمی هەڵبژاردن کە سیاسەتمەداران تێیدا پێشبڕکێیانە لەسەر ئەوەی «کێ پتر سەربە بەرەی ئاپۆرەیە». هەراسان بوو لەوەی چارەنووسی میللەتان دەکەوێتە دەست زۆرینەی کاتییەوە. هەراسان بوو لە دەستەپەرستی، نزمیی ئاستی گیانی قوربانی لە پێناو میللەتدا و نزمیی ئاستی سالاریی دەوڵەت.

کاتێک ڕمانی کۆمیونیزم نێزیک بۆوە سۆلژەنیتسین بە تەواوی لایەنی هەم دێمۆکراتی و هەم نەریتی دێمۆکراتیانەی ڕووسی گرت. بەڵام چەندین خاڵی نەسەلمێنراوی سەرنج ڕاکێشی هێشتەوە. لە نێو بنگە دێمۆکراتییەکاندا لە هەموان پتر حیزبایەتیی دەدزێنێ. «بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەوێتە ژێر سێبەری بەرژەوەندی حیزبەوە». «ڕکابەریی حیزبایەتی ویستی میللی دەشێوێنێ». بێگومان سۆلژەنیتسین

ئیدیالی ڕووسی دەربارەی سۆبۆرنۆست Sobornost، بڕیاری هاوڕایی بێ دەنگ دان، دەکاتە پارسەنگی دیمۆکراتیی حیزبی بە خۆی و فرەبەرەکییەکی تێیدایە.

سۆلژەنیتسین لە دیمۆکراتییەکی ڕووسانە دەگەڕا. ئەمەش دیمۆکراتییەکە تاڕادەیەک بێ حیزب و بێ کەمپێنی هەڵبژاردن. حیزب با هەبێ بەڵام تەنها هەڵبژاردنی تاکەکەسان ڕێی پێ بدرێ. لە ئەنجومەنی هەڵبژاردەدا نابێ ڕێ بدرێ گەلەکۆمەکی حیزبی دروست بێ. سەرکۆماری هەڵبژاردە ئەندامانی حکوومەت لە نێو خەڵکی پیشەوەر (پرۆفیشیونال – کارزان Professional) دا دەست نیشان دەکات نەک لە ئەندامانی پەرلەمان.

وەک باسمان کرد سۆلژەنیتسین دەیەوێ دیمۆکراتیی ڕووسی وردەوردە و لە ژێرڕا هەڵچنێ. دەیەوێ «دیمۆکراتی نێوچەی بچووک» دامەزرێنێ. ئەوەیشی سەرنج ڕاکێشە کە داوای دیمۆکراتیی ناوچەیی ڕاستەوخۆ دەکات، لە نموونەی سویسرا. تەنانەت لەسەر ئاستی میللییش داوای گەلپرسی و دەستپێشخەریی گەلێر دەکات. ئەمەش مانای وایە ژمارەیەکی دیاریکراوی وەڵاتیان بتوانن گەلپرسی بسەپێنن. وا پێ دەچێ دیمۆکراتیی ڕاستەوخۆ لای سۆلژەنیتسین پارسەنگێک بێ بەرانبەر حیزبفەرمانی.

وێڕای ئەمەش ئەو ئەنجومەنی پیشەوەرانەی لەمەوبەر باسکرا دەبێ هەبێ و ناو بنرێ «دومای ئامۆژگار». ئەرکی ئەمیان بیروڕا دەربڕین و ئامۆژگارییە، بەڵام سۆلژەنیتسین دەیەوێ مافی ڤیتۆشی بداتێ بەرانبەر بە قانوونێکی بێتە پێشنیاز کردن بەو مەرجەی دومای ئامۆژگار تەواو یەکڕا بێ.

پەیڕەوانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی لە دۆزی شێوازی حوکومڕانیدا زۆر لێڵترن. لە نێو خۆیاندا ناتەبان. هەن شاپەروەرن بەڵام گەڕانەوەی خێزانی کۆنە قەیسەری ڕۆمانۆڤ Romanov ناسەلمێنن (گۆیا مانەوەی درێژخایەنیان لە ڕۆژاوا «تێکی داون»). ئەوەی پەیڕەوانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی کۆ دەکاتەوە ڕەخنەیەکی توندی پڕ ڕکە لە سیستەمی سیاسیی یەلتسین Jeltsin ی سەرکۆمار. ئیدوارد لیمۆنۆڤ دەڵێ: «ڕۆژاوا» بە چەکی بیروڕای دیمۆکراتی و مافگەلی مرۆڤایەتی پەلاماری ڕووسیای داوە، ئەم چەکە لە بۆمبای ئەتۆم ترسناکتر. لیمۆنۆڤ دەنووسێ: ڕێی گەڕانەوە ڕووەو کۆمیونیزم و سیستەمە تاکپارتییەکەی، کە دەکاتەوە پارتیۆکراتی، بەستراوە. دەڵێ

سیستەمی فرەپارتایەتی، هەڵبژاردن، دادپرسیی سەربەخۆ و چاپەمەنی ئازاد دەسەلمێنم. بەڵام ئەوەشی دەخاتە سەر کە ناسیۆنالیستی ڕووس داوا دەکات: «گشت ئەو پرنسیپانە دەبێ سەر فروو بن لە ئاست پرنسیپی هەرە بەرز: بەرژەوەندی میللیی ڕووس». ئەمەش هەر دەکاتەوە ڕێ گرتن لە هەر بزاڤێک یان بۆچوونێک ناسیۆنالیستان بەدڵیان نەبێ.

پاش پارتیۆکراتیی کۆمیونیستانە و «دیمۆکراتاندنی زۆرەملێ» ی ڕۆژاوا، ڕووسیا دەبێ «سیستەمێکی میللی» هەڵچنێ. دەربارەی ئەمەشیان لیمۆنۆڤ هەر ئەوەندە دەڵێ کە دەبێ لەسەر بناخەی «ئامانجی کۆگەرایانەی گەلی ڕووسیایی» و بناخەی نەریتی کۆڕی زەویداران، واتە کۆمیونی جووتیاران، دامەزرێ. کەواتە بڕیاری یەکڕایی، ڕێککەوتنی بێ دەنگ دان، دەبێ بە شێوەیەک تێهەڵکێشی ئەم سیستەمە بکرێ.

سازمانی ئابووری

سلاڤۆفیلان لە سەدەی نۆزدەیەمەوە گوتویانە سەرمایەدارەتی و پیشەسازەتیی ڕۆژاوا لەگەڵ خەسڵەتی گەلێری ڕووسی یەک ناگرنەوە. لەبری ئەوە دوو شێوەی بەرهەم هێنانی تایبەت بە ڕووسیایان کردۆتە پارسەنگ و هەردوو شێوەکەش کۆگەران. پیشەسازی دەبێ لە چێوەی هەرەوەزیدا بێت و کشتوکاڵیش لە کۆڕی زەویداراندا. کاتێک باس دێتە سەر ئایەندەی ئابووریی ڕووسیا سەرلەنوێ تایبەتمەندیی ڕووسیی وەها ڕەپێش دەخرێن. سلاڤۆفیلی هاوچەرخ پێیان وایە خەسڵەتی گەلێری کۆن لای ڕووس، لە ئاگای ون Subconscious یاندا، پارێزراوە و ئەو بیر کردنەوە بازارپەروەرەی ڕۆژاوا خەڵکی دووچاری هەراسانی Frustration و نامۆیی کردووە.

سلاڤۆفیل یەکسەر دەچنەوە سەر ڕووسیای سەدەی نۆزدەیەم. باس لەوە ناکەن تا چ ڕادەیەک پیشەسازیی دەوڵەتی و کۆلخۆزەکانی سەردەمی سۆڤیەتیش دەربڕینێک

بوون له خەسڵەتی گەلێری کۆگەرای میللی[84]. بەڵام له نێو بەرەی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی، باڵی بۆلشەڤیکی ناسیۆنالیست ئەم خاڵە دەکەنە بەڵگەیەکی بەهێز. بەرهەڵستانی ڕیفۆرم ماوەیەکی درێژخایەن ڕێیان بەست له دەرچوونی قانوونێک ڕێ دەدا بە تاکەکەسان ببنە خاوەن زەوی.

سولژەنیتسین یەکێکە لەوانەی تەواو یەکنەوازانە جڤاتی مۆدێرنی پیشەسازی، چ شێوەی ڕۆژاوای و چ شێوەی سۆڤیەتی، ڕەت دەکاتەوە. ڕەخنەی ئەم لە جڤاتی پیشەساز نێزیکە لەوەی ئێکۆلۆژیزمی ئەم سەردەمە دەیهێننە بەر باس. هەر زوو لە نامەکەی ساڵی 1973 دا بۆ ڕێبەرانی سۆڤیەت، سولژەنیتسین، سەرلەبەری ڕامانی گەشەندی ئابووری ڕەت دەکاتەوە و لەبری ئەوە داوای «ئابوورییەکی مەند» ی دەکرد گەشەندی تێدا نەبێت.

«گەشەندی ئابووری نەک هەر ناپێویستە، بگرە داڕزێنە». بەرنامەکەی ئەوسای سولژەنیتسین خاڵی ڕادیکالی تێدا بوو وەک ئەوەی: ڕوو لە کشتوکاڵ بێ، بەرهەم هێنان لە ئەندازەی بەرتەسکدا بمێنێتەوە، پیشەی دەستی دەرفەتی خۆش بێ، شاری مەزن دروست نەکرێ، باڵەخانە نەبێ، بەرهەم هێنی ژینگەکوژ ڕێی لێ ببەسترێ، ئۆتۆمۆبیلی کەسەکی ڕێی لێ ببەسترێ. لە ڕۆژاوای سیبیریای کەممرۆڤ، جڤاتی وەها بونیات بنرێ.

سولژەنیتسین پاش ئەوەیش کە ڕێبەرانی سۆڤیەت دەسەڵاتیان نەما دیدی بنەڕەتیی خۆی بەرانبەر ئابووری هەر پاراست. (بەڵام پرۆژەی شکۆمەندی سیبیریا چی دی ناوی نەما). بە نموونە داوا دەکات یارمەتی دەوڵەتی تەرخان بێ بۆ شێوەی نەریتیی بەرهەم هێنانی پیشەی دەستی. دەیسا هەڵوێستی سولژەنیتسین لە دۆزی گرگرتووی موڵکایەتیی کەسەکیی زەوی چۆنە؟

بە دیدی سولژەنیتسین کۆلخۆز نابێتە شێوەیەکی مۆدێرن لە کۆمیونی جووتیاران. ئەم دەڵێ کۆگەراندن Collectivization نە تەنها چینی جووتیارانی کۆنی ڕمان بگرە تاڕادەیەک سەرلەبەری کشتوکاڵی ڕووسیای وێران کرد. کەواتە سولژەنیتسین

---

[84] بۆ نموونە بڕوانە:
P. I. Smirnov, *Russia's Movement toward a Market Civilization and the Russian National Character.* Russian Studies in Philosophy, 1993.

دوودڵی ناکات لە پیادە کردنی موڵکایەتیی کەسەکیی زەوی. بەوەیش ڕێگەیەک دەگرێتە بەر Stolypin ی سەرەکوەزیرانی 1914 گرتیە بەر و تارادەیەکیش بەو سنوورانەی ئەو دەمە. ڕووبەری ئەو زەوییەی دەبێتە موڵکی جووتیار دەبێ سنووردار بێ. زەویداریی مەزن نابێ ڕێگەی پێ بدرێ. تەنها تاکەکەس بۆی هەیە خاوەن زەوی بێت، کۆمپانیا و خەڵکی بیانی بۆیان نییە. سولژەنیتسین پێشنیازێکی سەرنج ڕاکێشی هەیە دەڵێ زەوی بە خۆڕایی دابەش بکرێت بەسەر کەسانی شارنشین گەر بیانەوێت پشتەو شار ڕوو لە گوند بکەن. دیدێکی کۆنەوار و وەرزێرانە هەیە دەڵێ: «لاوازبوونی زەویخوازی مەترسییەکی گەورەیە لەسەر خەسڵەتی گەلێر»، سولژەنیتسین تەواو لایەنگری ئەم دیدەیە.

بیانی نابێ ڕێی هەبێ ببێتە خاوەن زەوی، خاوەن سامانی سروشتەکی و بەتایبەتیش دارستان. سامانی میللی نابێ بفرۆشرێن بە سەرمایەداری بیانی. سولژەنیتسین دەڵێ ئەمە وەک ئەوەیە ڕووسیا بکەینە کوڵۆنی. فرۆشتن بە دەرەوە مانای ئەوەیە ڕووسیا بە وەڵاتانی دیکە بڵێ: «وەرن بینە سەروەری ئێمە». ئەمە نابێ ڕوو بدات.

لیمۆنۆڤی ناسیۆنالیستی دەوڵەتی بەرنامەی هەیە بۆ «شۆڕشێکی ئابووریی میللی» تێیدا «ئابوورییەکی تێکەڵی ژیرانە» و «دادی جڤاکی» دەکاتە هاوکێشە. خاڵەکانی نێو بەرنامەکەی لێڵن، لەوەش دەچێ بەمەبەست وەهای لێ کرابێ. وێرای ئەوەش دەکرێ چەند خاڵێکی کۆنکرێتی تێدا جودا جودا بکرێتەوە. کۆمپانیای گەورە دەبێ بە «خۆفەرمانیی کرێکاران» ببرێ بەڕێوە، نموونە لە یوگۆسلاڤیای کۆن یان هەر مۆدێلێکی هاوئەرکانەی دیکە، وەربگیرێ. بەوەش دەوڵەت نا، بەڵکوو کارمەندان، یان سازمانەکانیان، کاری خاوەن کۆمپانیای گەورە دەگێڕن. پیشەسازیی سەربە ئەرتەش دەبێ لە دەست دەوڵەتدا بمێنێ. لە بواری پیشەسازیی بچووکدا، وردەکۆمپانیا بۆی هەیە بەدەست تاکەکەسانەوە بن. کۆلخۆزەکان، لە بواری کشتوکاڵدا، نابێ بەزۆر بکرێنە موڵکی کەسەکی بەڵام دەبێ دەرفەت خۆش بکرێ، موڵکایەتیی هەم تاکگەرا و هەم کۆگەرا، شانبەشانی یەک هەبن. بەم شێوەیە لیمۆنۆڤ لە پەیڕەوانی دیکەی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی پتر بە پیر کشتوکاڵی کەسەکییەوە دەچێت. ئەوانەی دیکە لە باشترین باردا مەگەر ڕێ بدەن تاکە جووتیار زەوی لە کۆلخۆزەکان بە کرێ بگرێ.

هەڵبەت پێویست ناکات بڵێین پەیڕەوانی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و هەروەها بۆلشەڤیکانی میللی دژن بەرانبەر مۆدێلی بازاڕی ئازادی ڕۆژاوا. باشترین بەڵگە ڕاگواستەیەکە لە مانیفێستێکی ناسیۆنالیستانە، لەوێدا هاتووە کە بازاڕی ئازاد ڕووسیای بۆ «تاریکستانی سەردەمی ناڤین» ڕاپێچ کردۆتەوە. ئەوەتا پەرستنی «پارە، دەسەڵات، توندوتیژی و ئارەزووی لەشەکی» پیادە بووە. کەواتە هەڵچوونێکی ئاکارەکی بە ئادگاری پیوریتانیزمی ئاکارەکییەوە، لە پشت ئەم ڕەخنانەیە کە ناسیۆنالیستان لە بازاڕی ئازادی دەگرن.

لیمۆنۆڤ دەڵێ ماوەیەک لە «دیکتاتۆریی ئابووری» وەک شۆک تێراپی Shock Therapy [چارەسەر کردن بە شۆک «صدمە»] پێویستە بۆ لەناوبردنی جێ دەستی بازاڕی ئازاد. کۆنترۆڵێکی دژوار Rigorous ی نرخ دەبێ بسەپێنرێ. «کەساندن Privatization ی زۆرەملێ» ی پیشەسازی و کشتوکاڵ دەبێ بوەستێنرێ. لیمۆنۆڤ داوای «دەست تێوەردان Intervention ی دیکتاتۆریانە» دەکات لە ئابووریدا، ڕێسابەستی سەنتەراڵ، لە ڕێی نوێنەرانێکی خاوەن دەسەڵاتەوە.

ئوتوپیا

دەبێ ئەم شۆڕشە میللییەی ناسیۆنالیستی سەرپەڕ و بۆلشەڤیکی میللی پلانڕێژی دەکەن چ وێنایەکی لە پشت بێ؟ لیمۆنۆڤ دەڵێ، ئەم شۆڕشە دەبێ ببێتە مایەی دروست بوونی «سیاسەتێکی میللیی ڕووسانە، هەم نێوەکی و هەم دەرەکی، و ئابوورییەکی میللیی وەها بەرژەوەندی گشت گرووپانی گەل بپارێزێت» و «ڕێبەری میللیی نوێ» بە وەڵات ببەخشێ. ئامانجی هەرە ڕوون ئەوەیە دەسەڵات و سەروەریی دەوڵەت دابمەزرێتەوە. لە ڕێی خەسڵەتی ئایدیۆلۆژیی نوێوە دەبێ دەوڵەتی ڕووسی ئەو دەسەڵاتە پەیدا بکاتەوە کە جاران یەکیەتیی سۆڤیەت هەیبوو.

سولژەنیتسین لافی داڕشتنی ئیدایالێکی بێگەرد لێ نادات. بەپێچەوانە، جەخت لەسەر لایەنی نابێگەرد و ناتەواوی کارەکەی خۆی دەکات. ئافراندنی حوکومڕانییەکی

«هۆشیارانە و دادپەروەرانە» کارێکی یەکجار سەختە. مەگەر تەنها لە ڕێی هەوڵدان و نێزیکاندن Approximation، وردەوردە بڕاستێنرێ. تەنانەت جڤاتە شادەکانی ڕۆژاوایش یەکجار دوورن لە بێگەردی. مرۆڤ دەبێ «بە چاوی تەواو کراوەوە، نەک بە شەیدابوونەوە» لەم جڤاتانە بڕوانێ.

وێنای سولژەنیتسین دەربارەی ڕووسیایەکی نوێ هێزێکی ئوتوپیاکردی تێدایە. بەڵام ئوتوپیاکەی پتر ڕووی لە ڕابوردووە، لە وێنەیەکی ئیدیالی ڕووسیای کۆنە. جڤاتێکە دوور لە گەشەندی ماددی و لە مەتێریالیزم. نە کەڵەڕێژی تێدایە و نە دەستکورتی. خەڵکی تێیدا سەرلەنوێ گەڕاونەتەوە ژینی ناخەکی خۆیان. سیاسەت پلەی هەرە بەرزی نابێ. پلەی هەرە بەرز دەدرێ بەو ڕەهەندە «گیانەکی» یەی هەردەم لە هزری ڕووسیادا پتەو بووە.

## سوپاسگوزاری

ئەم هاوکارانەم ئامۆژگاریی نرخداریان پێشکێش کردووم، سوپاسیان دەکەم:

Terry Carlbom, Chen Fengzhao, Karin Dahmström, Maud Eduards
Sverker Gustavsson.

هەروەها سوپاسی Lena Jonsson ی ئەندامی پەیمانگەی سیاسەی دەرەوە دەکەم. سوپاسی گەرمم بۆ کتێبخانەی Carolina Rediviva و کتێبخانەی پەیمانگەی دۆزکاریی ئەورووپای ڕۆژهەڵات لە شاری ئوپسالا. سوپاسی ئەو شاگردانە دەکەم کە دەربارەی لایەنی فێرکارانەی کتێبەکە ڕای خۆیان دەربڕیوە.

* * *

## ئەم تەرجەمەیە

لە تەرجەمەی ئەم کتێبەدا سوودی زۆرم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- زاراوەسازی پێوانە، مەسعوود محەمەد، بەغدا، 1988 – بەغدا.
- گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، 1976 – بەغدا. بەشی زاراوە زانستییەکان.

* * *

16- پێڕستی ناوی کەسان

Adorno, Theodor 164
Ahmad, Khursad 213
Aksakov, Konstantin 236
Aksiutjits, Viktor 241
Allison, Lincoln 52, 54
d, Annunzio, Gabriele 136
ab Aquino, Thomas 147
Arrow, Kenneth 179
Bakunin, Michail 121 122, 236
Barres, Maurice 234
de Beauvoir, Simone 197, 201
Bebel, August 197
Bentham, Jeremy 28, 40
Bernstein, Eduard 85, 106-107, 110, 113
von Bismarck, Otto 156, 232
Bryson, Valerie 198. 204, 207
Burke, Edmund 48-59
di Cavour, Camillo 232
Chomjakov, Aleksej 236
Cohn-Bendit, Gabriel 162, 167, 169
Cohn-Bendit, Gabriel 162, 167, 169
Cole, G. D. H 127
Collard, Andree 199
de Condorcet, Antoine 45
Crossman, Richard 107, 111
Danilevskij, Nikolaj 238
Darwin, Charles 121
Deng Xiaoping 82, 101
Disraeli, Benjamin 59
Dostojevskij, Fjodor 236
Dubček, Alexander 78
Durkheim, Emile 190
Dworkin, Ronald 32, 35
Engels, Friedich 77-78, 89, 98, 02, 106, 197, 203
Fichte, Johann Gotlieb 225-233
Firestone, Shulamith 198, 207, 209
Flach, Karl-Hermann 32, 44-45
Freud, Sigmund 163, 170
Friedman, Milton 172, 176, 178, 180, 182
Fukuyama, Francis 11-12, 16
Gahrton, Per 187-188, 190, 207

Gandhi, Mohanddas 125, 191
Gentile, Giovanni 134, 136, 142
Goldwater, Barry 55
Gorbachev, Mikhail 83, 88, 92, 98, 247
Gortz, Andre 95
Greer, Germaine 198, 203
Habermas, Jürgen 45, 164
Halsaa, Beatrice 208-209
Hayek, Friedrich 41-42, 63
Heckscher, Gunnar 56, 63
Hedenius, Ingemar 31
Hegel, Georg Wilhelm Friedrich 49-50, 70, 163-164, 226
von Herder, Johann Gottfried 226-227
Herzl, Theodor 232
von Hindenburg, Paul 235
Hitler, Adolf 134-140, 43, 235
Hogg, Quintin 48, 53, 60
Jeltsin, Boris 247, 249
Jiang Zein 86, 88, 101
Johannes Paulus II 146, 157-160, 102
Johannes XXIII 154, 156
Kaltenbrunner, Gerd-Klaus 65
Kant, Immanuel 107
Kautsky, Karl 112
Keynes, John Maynard 15, 43, 114, 172
al-Khadaffi, Muammar 192
Khamenei, Ali 212
Khomeini, Ayatollah 217
Kirk, Russell 51-52, 61,63, 235
Kjellén, Rudolf 141
Kollontay, Alexandera 197
Kossuth, Lajos 232
Kovac, Bogomir 100
Kristol, Irving 52, 57
Kropotkin, Peter 121
Khrushchev, Nikita 92
Lenin, Vladimir Iljitj 72-102, 112, 122-123, 162
Leo XIII 150, 155-158
Leontiev, Konstantin 238
Lepage, Henri 173-178, 182-183
Li Lanqing  90

Limonov, Eduard 242-253
Lin Piao 92
Lindman, Arvid 60
Lloyd George, David 15
Locke, John 33, 174
Lonnrot, Elias 227
Malthus,Thomas 29
Mao Zedong (Mao Tse-tung) 72, 82-101
Marcuse, Herbert 162, 210
Maritain, Jacques 147-156
Martinet, Gilles 109, 117
Marx, Karl 68-80, 89-93, 102, 163, 236
Maurras, Charls 234
Mazzini, Giuseppe 225-226
Michels, Robert 137
Mill, John Stuart 29, 32-35, 39-41, 196
Millett, Kate 180-186
Mitchell, Juliet 198, 203
Muhlenfeld, Hans 65
Mussolini, Benito 132-136, 139, 142
Naess, Arne 186-194
Napoleon 227, 235
Nasser,Gamal Abdel 212
Nisbet, Robert 57
Niskanen, William 180
Nozick, Robert 173-176, 183
Nyerere, Julius 106-109, 112
Occhetto, Achille 89-95 102
Ohlin, Bertil 44
Pareto, Vilfredo 137
Paulus VI 153-154
Petain, Philippe 235
Pius XI 155, 158
Pius XII 155
Plechanov, Georgij 77
Popper, Karl Raimund 37, 58, 111
Prokhanov, Alexander 141
Proudhon, Pierre-Joseph 121, 124, 128-129
Quisling, Vidkun 133
Rasputin, Valentin 241
Rawls, John 32-35

Ricardo, David 29
Rocco, Alfredo 135
Rousseau, Jean-Jacques 225-228
Russell, Bertrand 116
Sacharov, Andrej 248
Schmitt, Carl 233-234
Scruton, Roger 52, 62
Smith, Adam 28-30, 51, 174
Snellman, Johan Vilhelm 230
Solzjenitsyn, Alexander 239-249
Sorel, George 135
Spengler, Oswald 233
Stalin, Josef 82, 86, 92-97
Stanton, Elizabeth Cady 197, 199, 208
Stolypin, Pjotr 238, 252
Talmon, J. L. 246
Tingsten, Herbert 11, 12, 33, 42, 234
Tito, Josip Broz 82, 84, 127
Tolstoj, Leo 125
von Treitschke 233-234
Webb, Sidney 15
Weber, Max 6
Vico, Giambattista 226
Viereck, Peter 52, 61
Wigforss, Ernst 111, 114
Wojtyla, Karol 146
Wollstonecraft, Mary 196
Zjirinovskij, Vladimir 239

## 17- لیستی زاراوە کوردییەکان

1 ئابوورایەتی Economism
2 ئابوورەکی Economic
3 ئابووری Economy
4 ئاژاوڵە Chaos
5 ئاشکرا Explicit و نائاشکرا، ناوتوێژانە Implicit
6 ئافراندن: خوڵقاندن. ئافراندە: خالق، ئافەریدە: مەخلوق
7 ئاکارناسی Ethics
8 ئاکارەتی Moralism
9 ئاگا Consciousness
10 ئاگای ون Subconscious
11 ئامانجناسی: تێلیۆلۆژی Teleology
12 ئامراز Instrument
13 ئامرازەکی Instrumental
14 ئامرازەکیزم Instrumentalism
15 ئاوسان Inflation
16 ئایدیالیزم Idealism
17 ئایەتی Positive- بڕوانە نایەتی.
18 ئەتۆمایەتی Atomism
19 ئەزموونگەرانە Empirical
20 ئەزموونگەری Empiricism
21 ئەنارکیزم Anarchism
22 ئەندازەناسیGeometry
23 ئۆبژەکتیڤ - بابەتەکی- Objective
24 ئیمپێریالیزم Imperialism
25 ئێسکاتۆلۆژی، بنەتاناسی Eschatology
26 بابەت Objest
27 بارگۆزاندن Transformation
28 بان- دەوڵەت: لە دەوڵەت بەرزتر.
29 بان- ئایدیۆلۆژی: لە ئایدیۆلۆژی بەرزتر.
30 بان- تاکگەرا: لە تاکگەرا بەرزتر.

31 بژارخواز Revisionist

32 بژارەتی Revisionism

33 بەرهەمبەر Consumer

34 بەرهەمهێنان Production

35 بەرریفۆرم: دەشێ ریفۆرم بکرێت Reformable

36 بەگزادە Noble

37 بنکەبەندی Institutionalization

38 بوونی هێزەکی Potential

39 بیرکارەتی Intellectualism

40 بیرکاری Intellectual

41 بیرۆکراتاندن Bureaucratization

42 پاراستنایەتی Protectionism پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی بە سەپاندنی گومرگی بەرز بەسەر بەرهەمی هاوردەدا.

43 پارەکاری Finance

44 پاکژی (فضیلە) Virtue

45 پەرلەمانەتی Parliamentarism

46 پەلەی ژیان Struggle for existence

47 پەڕگیرایەتی Extremism

48 پەڕگیرایەتیی ڕاستڕەو Right wing extremism

49 پەیمانی جڤاکی Social contract

50 پلەدارەتی Gradualism

51 پۆزەتیڤ: مافی پۆزەتیڤ Positive right

52 پیشە Profession

53 پیشەوەر Professional

54 پیوریتان Puritan پەیڕەوانی پیوریتانیزم

55 پیوریتانیزم Puritanism

56 پێشڕەو Avant- garde

57 پێشینەخواز Nostalgic

58 پێوەر Norm

59 پێوەرەکی Normative

60 تاکگەرا Individual
61 تاکگەرایانە Individualistic
62 تاکگەرایی Individualism
63 تەژەند Prosperity
64 تەوجیل: کۆکراوەی تەورات و ئینجیلە Bible
65 تۆتالیتار – گشتگیر – Totalitarian
66 تیۆری Theory
67 تیۆریست Theorist
68 تیۆرییانە Theoretic
69 جڤات – کۆمەڵگە - Society
70 جڤاکی Social
71 جۆرایەتی Quality
72 جیهانگەرایەتی Cosmopolitanism
73 چارەنووس، قەزاوقەدەر Predestination
74 چەندایەتی Quantity
75 خوداناسی Theology
76 خۆئاگا Self-consciousness
77 دابەش کردن Distribution
78 دارماڵ کردن: ڕێک کردن
79 داروینایەتی، داروینیزم Darwinism
80 داروینایەتی جڤاکی، داروینیزمی جڤاکی Social Darwinism
81 داواگر: محامی، پارێزەر.
82 داوەستان Stagnation
83 دروستاندن: تەبریر، پاساو هێنانەوە
84 دژەبیرکارەتی Anit-Intellectualism
85 دژەتاکگەرایی Anti-Individualism
86 دژەسامی (دژەجوولەکە) Anti-Semitic
87 دژەشۆڕش Contra revolution
88 دژەهۆشگەرایی Anti-Rationalism
89 دژواتا Contrary

90 دژوەستان Contradiction

91 دەروێشایەتی Mystic

92 دەروونچێن Internalization

93 دەستبژێر: ئەلیت، سەرتەڵ

94 دەستبژێرەتی: ئەلیتیزم Elitism

95 دەوڵەتکار Statesman

96 دەوڵەتی خۆشگوزەرانی Welfare State

97 دوانەتی Dualism

98 دۆخگۆڕکێ Metamorphose

99 دیالەکتیک Dialectic

100 دیتەدەر: کەسێک ئەودیوی بەربەست و دیوار ببینێ

101 دیسەنتراڵاندن Decentralization

102 دیسەنتراڵیزم Decentralism

103 دێرین: سەردەمی دێرین Antiquity

104 دێمۆکراتاندن Democratization

105 دێمۆکراتیی نوێنەرەکی Representative Government

106 ڕادیکالیزم Radicalism

107 ڕاهێزان: بەهێزبوون، پێچەوانەی داهێزان.

108 ڕسکان Evolution

109 ڕەشەجووتیار Serf Villain

110 ڕەگەزپەرستایەتی Racism

111 ڕەمەک (غەریزە) ی خۆپارێزی Instinct of self-preservation

112 ڕەهایەتی Absolutism

113 ڕەواپەروەر Legitimist

114 ڕەوایەتی Legitimism

115 ڕووکار Aspect

116 ڕۆشنگەری: سەردەمی ڕۆشنگەری Enlightenment

117 ڕیفۆرم Reform

118 ڕیفۆرمکار Reformer

119 ڕیفۆرمکاری Reformation

120 ڕیفۆرمیزم Reformism

121 ڕیفۆرمیست Reformist

122 ڕێژەگەرایی Relativism

123 سەرتەڵ، دەستبژێر، ئەلیت

124 سەلمێنە Axiom

125 سەنتراڵ Central

126 سەنتراڵیزمی دیمۆکراتیانە Democratic centralism

127 سەندیکا: نقابە.

128 سوودخوازەتی Utilitarianism

129 سۆبژە: زات Subject

130 سۆبژەکتیڤ Subjective

131 سۆسە Intuition

132 سۆسەکرد Intuitive

133 سۆسیالیزم Socialism

134 سۆسیالیزمی میللیی National Socialism

135 سینیزم Cynicism

136 شارەدەوڵەت: Polis مەبەست دەوڵەتەکانی یۆنانی دێرینە کە بریتی بوون لە یەک شار و ناوچەکانی دەوروبەری شارەکە.

137 شەبەنگ: گازی شەبەنگی Nebulous

138 شۆڤینیزمی جڤاکی Social Chauvinism

139 فاشیزم Fascism

140 فراژووتن Development

141 فەلسەفەی تێکبەستە Synthetic Philosophy

142 فرەمیللی International

143 فرەنەتەوەیی Multinational

144 فیزیۆکراتیزم Physiocratism

145 فیودالەتی Feudalism

146 فێمینیزم Feminism

147 کارەکی: عملی

148 کەساندن Privatization

149 کەینزایەتی Keynesianism

150 کڵێسەدەوڵەت: دەوڵەتێک کڵێسە هەڵیسووڕێنێت.

151 کۆبەرهەم Mass Production

152 کۆچەرخ: Machinery

153 کۆدۆز: کۆمەڵێک دۆز و کێشە.

154 کۆرپۆراتی Corporative

155 کۆمیون (ناوچە) Commune

156 کۆمیونخوازەتی Communalism

157 کۆمیونیزم Communism

158 کۆنەپەرستی Reaction

159 کۆنەوار Conservative

160 کۆنەوارەتی Conservatism

161 کۆنەوارەتیی جڤاکی Social Conservatism

162 کۆنەوارەتیی سەرپەڕ Ultra Conservatism

163 کۆیەکی Collective

164 گلادیاتۆر Gladiator بەو کۆیلە و دیلانە دەگوترا کە بۆ ڕابواردنی خەڵکی ڕۆما، هەتا مەرگ زۆرانبازییان پێ دەکرا.

165 گەشەندی ئابووری Economic Growth

166 گومانەتی Scepticism

167 لاشەڕ Nonviolence

168 لیبەڕالیزم Liberalism

169 لیبەڕالیزمی جڤاکی Social liberalism

170 لێککاری Interaction

171 لێنینیزم Leninism

172 مارکسیزم – لێنینیزم Marxism-Leninism

173 مارکسیزم Marxism

174 مانەوەی هەرە لەبار Survival of the fittest

175 مرۆڤبین Personalistic

176 مرۆڤایەتی Humanism

177 مرۆڤی ئابوورەکی Homo economicus

178 مەتێریالیزم Materialism

179 مەتێریالیزمی مێژووکرد Historical materialism

180 مەرکانتیلیزم Mercantilism

181 مەزنەدەوڵەت: دەوڵەتی یەکجار فرەوانی وەک ئیمپراتۆریی ڕۆمان.

182 مەنیتاریزم Monetarism

183 مەنیتاریست Monetarist

184 میکانیزم Mechanism

185 میللی National

186 نابووتایەتی Pauperism

187 ناچارەتی Determinism

188 نازیزم Nazism

189 ناسیۆنالیزم Nationalism - ئینتەرناسیۆنالیزم Internationalism

190 نامۆبوون Alienation

191 ناهۆشگەرایی Irrationalism

192 ناهۆشەکی Irrational

193 ناوتوێژ Implication

194 ناڤین: سەردەمی ناڤین Middle ages

195 نایەتی Negative

196 نایەکرەو Inconsistent

197 نموونادن Idealization

198 نموونەدەوڵەت: دەوڵەتی نموونەیی.

199 نەبەش: شتێک دابەش نەکرێت.

200 نەرێت Tradition

201 نەریتپارێز Traditionalist

202 نەریتپارێزی Traditionalism

203 نەریتپارێزیی ئەریستۆکراتانە Aristocratic traditionalism

204 نەریتەکی Traditional

205 نەزموو: تەجرەبەنەکراو، پێچەوانەی ئەزموو.

206 نوێکۆنەوارەتی Neoconservatism

207 نوێنەرەکی Representative

208 نۆره Role

209 نێزیکاندن Approximation

210 نێو - سۆبژەکتیف ,Intersubjective

211 هاوردن Import

212 هەبووناسی: ئۆنتۆلۆژی Ontology

213 هەژارانە: پارەیەکە بە یارمەتی دەدرێ بە هەژاران.

214 هەژەند: کارەسات Catastrophe

215 هەمەکی Universal

216 هەمەکیەتی Universalism

217 هەمەڕەگەز Heterogeneous

218 هەناردن Export

219 هەڵاوێردن Distinction

220 هۆشگەرایی Rationalism

221 هۆشەکی Rational

222 هۆشەکیخواز Rationalist

223 هۆشی ڕوون Common

224 هۆیەکی Causal

225 هێمنکار Moderate

226 وەڵاتی: هاوزێد، هاونیشتمان، هاووەڵاتی

227 یەکڕەنگاندن Standardization

228 یوجینیک Eugenic

229 یورۆکۆمیونیزم Eurocommunism

«...»